چاپی
دووەم



• PISTACHIO THEORY
• FAHD AMIR AL AHMADI
• BOOK 02

# تیۆری فستق 02

کتێبێکە، بەردەوام دەبێت لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەسەر شتەکان..


نووسینی
فهد عامر الأحمدي

لە عەرەبییەوە
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

# تیۆری فستق2

کتێبێکە ، بەردەوام دەبێت لە گۆڕینی شێوازی
بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەسەر شتەکان..

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

عنوان العربي
نظرية الفستق2 كتاب سيستمر في تغيير طريقة تفكيرك وحكمك على الأشياء
تأليف: فهد عامر الأحمدي
دار الحضارة للنشر والتوزيع Published 2016 by
ISBN: 978-6038-299-28-9

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.
چاپی دووەم - 2022

تیۆری فستق٢
کتێبێکە، بەردەوام دەبێت لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەسەر شتەکان..

نووسینی
فهد عامر الأحمدي

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

پێوانە
13.5*21سم (370) لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (550)ی ساڵی 2019ی پێ دراوە.

# تیۆری فستق2

کتێبێکە، بەردەوام دەبێت لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەسەر شتەکان..

نووسینی

فهد عامر الأحمدي

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

پێشکەشە بە:
هەموو ئەوانەی بەرگی یەکەمی «تیۆری فستق» یان خوێندووەتـەوە.

❊ ❊ ❊

# ناوەڕۆک


پێشەکیی وەرگێڕ........................................ 8
پێشەکیی نووسەر........................................ 11
بەبەختترین کەسی دونیا........................................ 15
تۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە خۆت دەتەوێ........................................ 22
"مەحاڵ" وشەیەکە، تایبەت نییە بە تۆ!........................................ 29
ئەزموونیان لەگەڵ شکست........................................ 36
بۆچی خەڵکی خۆشیان دەوێت یان ڕقیان لێتە؟........................................ 42
چی لە خەڵکی وەردەگری؟........................................ 49
بۆچی لە ڕاجیایی فێر دەبین؟........................................ 55
چۆن بڕیارت لەسەر دەدەن؟........................................ 61
دزینی هەستەکان........................................ 67
کەسانێك، کە ئامۆژگاریت دەکەم لێیان دوور بکەویتەوە........................................ 73
ئەوەی بە بچووکت دەزانێ!........................................ 79
بەشێك لە گومانەکان گەمژەیین!........................................ 85
کۆتا ڕەفتاری ساویلکە........................................ 91
بۆچی نابیت بە گەمژە؟!........................................ 98
ئەوەی ناترسێ، هێشتا لەدایك نەبووە!........................................ 104
ئەوەی نەتکوژێ، بەهێزت دەکا........................................ 110
بڕیارەکانت بەو ئەندازەیە ئازاد نین وەك خۆت بیریان لێ دەکەیتەوە!........................................ 116
چۆن بڕیاری گونجاو دەدەی؟........................................ 123
سەرەتا بیر لە هۆکارە ماددییەکان بکەوە........................................ 130

زمانی جەستە........................................ 137
دەنگ، پەیامی ڕۆحە ........................................ 144
بێدەنگی زمانێکە، هەموو کەس نایزانێ........................................ 151
ئەمانەش پێنج زمانن، کە هەموو کەس نایانزانێ........................................ 158
سەرەتا داوای بیرکردنەوەی لێ بکە ........................................ 164
خراپترین ئامۆژگاری کە لە سەردەمی منداڵیدا گوێت لێ بووبێ........................................ 170
کەس وەك منداڵەکەت چاودێریت ناکات ........................................ 177
ئەوەی پێویستە کچان لەبارەی پیاوانەوە بیزانن........................................ 184
ئەو فرتوفێڵانەی خەڵك ئەنجامیان دەدەن........................................ 191
ئەو فێڵەی تۆ لەگەڵ خودی خۆتدا ئەنجامی دەدەی ........................................ 197
بە گەشبینییەوە بڕوانن، بە ئاواتەکانتان دەگەن........................................ 203
سەرقاڵبوون، بە واتای بەرهەمداری نییە ........................................ 210
ژیانت چۆن دابین دەکەی؟........................................ 218
زۆر بە ڕوونی و سادەیی ........................................ 224
یاسای زیادکردنێکی سادە........................................ 231
چۆن لە هەر کارێکدا سەرکەوتوو دەبیت؟........................................ 237
یاساکانی "هێل" بۆ سەرکەوتن........................................ 244
بە تەنها خوێندنەوە بەس نییە ........................................ 251
پێویستیت بە نەریتێکی ڕۆژانە هەیە........................................ 258
هەروەها پێویستیت بە ڕکابەر هەیە........................................ 265
عینادی، هەموو کات کارێکی خراپ نییە........................................ 272
"جان دارك" وەك نموونە........................................ 278
چۆن ژیرانە داوای لێبوردن دەکەی؟........................................ 285
فێربە چۆن لەبیر دەکەیت، فێربە چۆن دەسڕیتەوە ........................................ 294

با ڕکابەرەکەت کەسێکی شیاو بێ.................................... 301

سەرکەوتن بە هەموو نرخێ، سەرکەوتن نییە!.......................... 308

بۆچی لە بڕیارەکانتدا لایەنگیری دەکەیت؟........................... 315

بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانت وەك بەردیان لێ نەیەیت.................... 322

پرسی بەختەوەری، بەشێوەیەکی کاتی لە بیر بکە!...................... 330

ئەگەر تەنها نیوساڵ لە ژیانتدا مابێ!............................... 337

ئەو جانتایەی دەیخەیە سەر پشتت..................................... 344

لە کام ئەشکەوت دەژیت؟!............................................ 352

گرنگترین ئامۆژگاری لە کتێبەکەدا.................................... 359

لیستی کتێبەکانی دەزگای فام (2019)................................ 367

لیستی کتێبەکانی دەزگای فام (2020)................................ 368




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن "گەزەنگ مام بابۆ"**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچوون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## پێشەکیی وەرگێڕ

تەنها بە ناوی ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، زانایە بەوەی هەبووە و بەوەی هەیە و بەوەی دەبێ، تەنانەت بەوانەش کە نین، بەڵام ئەگەر هەبوان چۆن دەبوون..

دوای ئەوەی لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی پێشوازییەکی گەرم لە بەرگی یەکەمی کتێبی «تیۆری فستق» کرا و چەندین جار چاپ کرایەوە، دوای وەرگێڕانیشی بۆ سەر زمانی کوردی لە ماوەیەکی کەمدا چاپی یەکەمی بە کۆتا هات..

ئەمە وای کرد نووسەر بیر لە ئامادەکردن و نووسینی بەرگی دووەمیش بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڕاپرسییەك دەخاتە بەردەم خوێنەرانی و دەپرسێ: ئایا بە باشی دەزانیت بەرگی دووەمی تیۆری فستق دەربچێ، ئایا ئەگەر دەربچێ ئامادەی بیخوێنیتەوە؟

لە (٧٨٪) ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردبوو بریتی بوون لەوانەی کە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیان خوێندبووەوە، زۆربەیان بیرۆکەی نووسینی بەرگی دووەم بە باش دەزانن و بەڵێنی خوێندنەوەی دەدەن.

بەمەش نووسەر بە گڕوتینێکی زیاترەوە دەست دەکات

بـە نووسـینی بابەتـەکان، بەڵێنیـش دەدات، کـە بابەتەکانـی ئـەم بەرگـە ئەگـەر لـە بەرگـی یەکـەم باشتر نەبـن، ئـەوا لانـی کـەم دەبـێ وەك ئـەو بـن.

دوای یـازدە مانـگ لـە خۆتەرخانکردنـی، نووسـەر بـۆ بابەتـەکان توانـی بەرگـی دووەم تـەواو بـکات، بـە تەنهـا لـە دوو مانگـی سـەرەتای چاپکردنـی دووجـار چاپکرایـەوە.

ئێمـەش دوای خوێندنـەوە و سـەیرکردنی بابەتـەکان، هەروەها چەندیـن داواکاری لەلایـەن ئـەو کەسـانەی کـە بەرگـی یەکەمی کتێبەکەیـان خوێندبـووەوە، بـە پێویستمان زانـی کـە کار لەسـەر وەرگێڕانـی ئـەم بەرگـەش بکەیـن.

بـە هەمـان شـێوەی بەرگـی یەکـەم، هەوڵمـان داوە کـە بـە زمانێکـی سـادە و ڕەوان بابەتـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی وەربگێڕیـن، هەروەهـا مەبەسـتی پەیامەکانـی نووسـەر وەك خۆیـان بگەیەنیـن.

کتێبەکـە درێژەپێـدەری بەرگـی یەکەمـە، بەڵێنـی ئـەوە بـە خوێنـەر دەدات کـە بـەردەوام بێـت لـە گۆڕینـی ڕێگـەی بیرکردنـەوەی و بڕیاردانـی لەسـەر شـتەکان.

ئـەم بەرگـە لـە (٥٢) وتـاری بەپێـز پێکهاتـووە، کـە زیاتـر پەیوەسـتن بـە گەشـەپێدانی مرۆیـی و بیرکردنـەوە هەڵـەکان و چۆنییەتـی بڕیـاردان، نووسـەر هـاوکات لەگـەڵ باسـکردنی ئـەو بابەتانـە چەندیـن چیـرۆك و ئەزموونـی ژیانـی تایبەتـی خـۆی تێکـەڵ بـە بابەتـەکان دەکات.

هاوشـێوەی بەرگـی یەکەمیـش، کار لـە سـەر دوانـدن و

بەشداریپێکردنی خوێنەر دەکات، بەوپێیەی لە زۆرێك لە پرسەکاندا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشی و پرسیاری ئاڕاستە دەکات و تێکەڵی ناو بابەتەکانی دەکات.

وەرگێڕ

## پێشەکیی نووسەر

پـەروەردگار هەموومانـی وەك یـەك دروسـت نەکـردووە، بـەڵام دەرفەتـی گەشـەپێدانی بـە هەمـوان بەخشـیوە.

هەموومانـی نەخستووەتە نێـو قالـب و بۆتەیەکـی دیاریکـراو، بەڵکـو -لـە سـەرجەم دروستکراوەکانی تر جیـای کردووینەتەوە- دەرفەتـی گۆڕانـکاری و شـکاندنی بەربەسـتەکانی پـێ بەخشـیووین.

پێش دەیـان هـەزار سـاڵ، مرۆڤـەکان لـە ئەشـکەوتدا ژیانیـان بەسـەر دەبـرد، ئەوسـا مێروولـە خانۆچکـەی زۆر ئاڵـۆزی بـۆ خـۆی دروسـت دەکـرد، بە هـەرەوەز و بـە کۆمـەڵ کارەکانیـان ڕادەپەڕانـد. بـەڵام ئەمـڕۆ دەبینیـن مرۆڤـەکان زۆر گـۆڕاون و گەیشـتوونەتە ئاسـتێکی زۆر بـەرزی بەرەوپێشـچوون و گەشـەپێدان، بـەڵام مێروولـە لەسـەر هەمـان ڕێچکـەی ژیانـی خـۆی بەردەوامـە...

ئـا ئەمـە جیـاوازی ڕاسـتەقینەی نێـوان ئێمـە و گیاندارانـی تـرە؛ لـە قالبێکـدا دروسـت نەکراویـن، هێـزی گۆڕانـکاری و گەشـەپێدانمان هەیـە، سـەربانێك لەسـەر سـەرمانەوە نییـە، لـە بەردەمیشـمان هێڵـی کۆتایـی بوونـی نییـە، ئـەوەی خەیاڵـی بـۆ دەکەیـن، دەتوانیـن پێـی بگەیـن و بـەدی بهێنیـن.

ئەگەرچـی زۆرێـك لـە ئێمـەش مانـەوە و جێگیربـوون لـەو

شوێنە هەڵدەبژێرێ کە تیایدا ئاسوودەیە، هەروەها باوەڕی وایە ئەوەی دەیزانێ بەسیەتی، جیاوازییش لە نێوان جێگیربوون و پێشکەوتن وەك جیاوازیی نێوان ئەو دوو کەسەیە کە خاوەنی هەمان ژیری و زیرەکین، ئەوەی یەکەمیان بە قەناعەتە و گۆڕانکاری ڕەت دەکاتەوە، بەڵام دووەمیان لە ئەزموونکردن بێ باکە و هەوڵی گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر دەدا..

بەوپێیەی کە تۆ لە جۆری دووەمی (ئەوەش بەوە دەزانم، چونکە جۆری یەکەم کتێب ناخوێننەوە) هەر زوو درك بەوە دەکەیت کە تەنها بڕیاردانت بۆ گۆڕانکاری، هەنگاوێکە بۆ گۆڕانکاری و چوون بەرەو ڕێگەی ڕاست.. تەنها ئەوە دڵخۆشم ناکات، بەڵکو دەرفەتی دووەمیش بە من دەبەخشێ تا لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە لەگەڵمدا بەشدار بیت.

کاتێ ساڵی (2016) بەرگی یەکەمم تەواوکرد، هەستم کرد کە زۆر شت ماوە باسیان لێوە بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوسا بیرم لە بەرگی دووەم نەدەکردەوە (سەرەڕای پێداگریی زۆری دەزگای چاپ).

ئەگەرچی بەرگی یەکەم پێشوازییەکی گەورەی لێ کرا و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵاوبووەوە (ئێستاشی لەگەڵبێ لە لیستی پڕ فرۆشترین کتێبەکاندایە)، دوای بڵاوبوونەوە چەندین نامەی ئەلیکترۆنیم پێگەیشتووە کە پرسیاری بەرگی دووەمیان دەکرد، یانیش کتێبێك کە باس لەو جۆرە پرسانە بکات!؟

ماوەیەکی زۆر دوودڵ بووم، تا بڕیارم دا ئەو کارە

لـە ڕێـی ڕاپرســییەکی تویتـەر یەکلایـی بکەمـەوە، ئەنجامـی ڕاپرسییەکە (78%)ی ئـەو کەسـانە بـوون کـە بەرگـی یەکەمیان خوێندبـووەوە، هەروەهـا بیرۆکـەی بەرگـی دووەمیشـیان بـە بـاش دەزانـی و ئامادەیـی خۆشـیان بـۆ خوێندنـەوەی دەربڕیبـوو.

بـەم جـۆرە منیـش پڕۆژەکانـی تـرم ڕاگرتـن، لـە سـەرەتای سـاڵی (2019) دەسـتم بـە کارکـردن لـە بەرگـی دووەم کـرد، بـەو هـزر و بیرکردنـەوەی کـە لـە بەرگـی یەکـەم سـەرکەوتووتر بـێ، بەڵێنـم بـە خـۆم دا ئەگـەر بێتـوو لـە بەرگـی یەکەمیـش باشـتر نەبـێ، ئـەوا دەبـێ لانـی کـەم لـە ڕووی نـاوەڕۆك و ئاسـت، وەك ئـەو بـێ.. دوای یـازدە مانـگ کارکـردن، لـە نووسـینی بابەتەکانـی تـەواو بـووم، بابەتەکانیـش زیاتـر بـاس لـە ڕێگاکانـی بیرکردنـەوە، هەڵەکانـی مامەڵەکـردن، پاڵنەرەکانـی ڕەفتـار، پەیوەندییمـان بـە خەڵـك و کۆمەڵگـەوە... دەکـەن.

ئـەم کتێبـە وەك درێژەپێـدەری بەرگـی یەکەمـە، بەڵێنـی ئەوەشـت پـێ دەدات کـە بـەردەوام بێـت لـە گۆڕینـی ڕێگـەی بیرکردنـەوەت و بڕیاردانـت لەسـەر شـتەکان..

بـە هـۆکاری هەمەجـۆری بابەتـەکان، کتێبەکـە بەسـەر بـەش و تـەوەرە دابـەش نەکـراوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی بابەتـەکان پەیوەندییەکـی پتەویـان بەیەکـەوە هەیـە و ئامانجێکـی گەورەیـان لـە دواوەیـە، ئەگەرچـی هەوڵـم داوە لـە داڕشـتنی بابەتەکانـدا ڕەچـاوی سـەرجەم تەمەنـەکان بکـەم، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دان بـەوە دەنێـم کـە داڕشـتنەکانم بـە تایبەتیـش لـە بابەتەکانـی سـەرەتا زیاتـر لەگـەڵ گەنجانـدا دەگونجێـن...

ماوەتـەوە ئامـاژە بـەوە بـدەم کـە ئـەم کتێبـە زیاتـر لەسـەر

ئەو ژینگەیە دەدوێ کە تاکەکان تیایدا گەشە دەکەن، ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا گەورە دەبن، ئەو بارودۆخەی کە پێیدا تێپەر دەبن..

ڕەنگە ئەمە جوانترین کتێب نەبێ کە لە ژیانتدا دەیخوێنیتەوە، بەڵام بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم کە دەبێتە هۆکارێك بۆ کرانەوەی مێشکت و سەرنجت بەلای زۆر دید و بۆچوونی نوێ دەکاتەوە، ئەوسا دڵنیا دەبم لەوەی کە یەکێك دەبێ لە کتێبە هەرە کاریگەرەکانی ژیانت، بەڵام دەخوازم تا نەگەیتە کۆتایی کتێبەکە هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدەیت.

هەموو کات بیرت بێ، مێرووڵە هەر بە مێرووڵەیی دەمێنێتەوە، چونکە توانای خوێندنەوە و گەشەدان بە خودی نییە.

نووسەر

## بەبەختترین کەسی دونیا

زۆر شتم لایە دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە بە تۆیان بڵێم، بەڵام بەختێکی باش یەکێك نییە لەو شتانە!

پێش ئەوەی ئەو شتە جوانانەی دەیانزانم پێتی بڵێم، سەرەتا با ئەو شتە جوانانەی تۆ هەتن بیانزانین..

با شتە جیاوازەکانی ژیانت بیر بخەمەوە، کە بە واقیعی پێش گشت هیواکانت دەکەونەوە..

با سەرەتا باس لەوە بکەین کە تۆ چەندە بەختەوەری لەم دونیایە و چۆن گەیشتوویەتیە ئەمڕۆ..

تۆ براوەی یەکەمی نێو (650.000.000) دڵۆپە ئاوی، کە پێشبڕکێیان کردووە بۆ پیتاندنی هێلکەیەك..

ئەو هێلکەیەی تۆی لێ دروست بووە هاوشێوەی ئەو (11) هێلکەی کە لە سووڕی مانگانە دەکەون، بە هەدەر نەچووە..

تۆ دووچاری لەبارچوونی سروشتی نەبوویت، لە نێوانی ئەو (15) ملیۆن منداڵەش نەبوویت کە ساڵانە بە مردوویی لە دایك دەبن..

تۆ تەمەنی شیرەخۆرییت تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا هەزاران منداڵ بە هۆکاری جیاجیا ئەو قۆناغە نابڕن و دەمرن...

تۆ دوو چاو و زمانێك و دوو لێوت هەن، دەتوانی دایك

Tanya Haji

و بـاوك و منداڵەكانـت ببينـی، دەتوانـی سروشـتی دەوروبـەرت ببينـی و چێـژی لـێ وەربگـری، لـە كاتێكـدا (120) مليـۆن نابينـا لـەم جيهانـەدا بێبەشـن لـەم هەسـتە..

تـۆ سـاغ و تەندروسـتی، دووچـاری ئيفليجـی نەبوويـت، هيـچ كەموكورتييـەك لـە لـەش و لارت نييـە، دەتوانـی جووڵـە بكەيـت، دەتوانـی پێداويسـتييەكان بـۆ خـۆت دابيـن بكەيـت..

تـۆ هەناسـە دەدەيـت، دڵـت ترپـە دەكات و لـێ دەدات، جگـەرت كار دەكات، بەبـێ ويسـت و ئـاگای خـۆت جەسـتەت بەرگـری دەكات و خـۆی لـە ميكرۆبـەكان دەپارێـزێ..

هەمـوو بەيانييـەك لـە خـەو هەڵدەسـتی، چێـژ لـە هەمـوو ئـەو شـتانە دەبينـی كـە لـە ڕۆژێكـی نوێـدا بوونيـان هەيـە، لـە بەخشـينی هەمـوو سـەروەت و سامانيشـت دوودڵ نابـی ئەگـەر ڕۆژێـك لـە تەمەنـت بـۆ زيـاد بكـرێ!

❊❊❊

بـەر لـەوەی هيـچ شـتێك دەربـارەی بەختـی خـۆت بڵێـی، بيرتبـێ ئـەو ناونيشـانەی سـەرەوە پەيوەنـدی بـە تـۆوە هەيـە و مەبەسـتەكەی تۆيـە!

بەڵێ، تۆ بە بەختترين كەسی دونيايت..

تۆ لەسەر ئاستی جيهان كەسێكی جياوازی..

زۆربـەی ئـەو كەسـانەی ئـەم كتێبـە دەكـڕن (لـە نێوانيشـيان تـۆ) كەسـانێكن كـە لـە ژيانێكـی پـڕ لـە بەخشـش و نيعمەتـدا دەژيـن..

ئـەوان توانـای ئەوەيـان هەيـە ئـارەزووی كتێـب كڕينيـان

بەرجەستە بکەن، لە هەمان کاتدا نیعمەتی هەبوونی کاتییان هەیە و دەتوانن کتێبەکان بخوێننەوە، لە کاتێکدا ملیۆنان کەسی ئەم سەر زەوییە لە بەرەبەیانەوە تاکو ئاوابوونی خۆر کار دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن وەك پێویستی قووت و بژێوی ئەو ڕۆژەیان دابین بکەن، لە بەرامبەردا، تۆ، ئەگەرچی پاشەکەوتەکەشت کەمە، بەڵام ژیانت لە (700) ملیۆنی کەسی ئەم جیهانە باشترە، کە داهاتی ڕۆژانەیان لە پێنج دۆلار کەمترە..

تەنانەت ئەگەر لە نێو ئەو هاوکێشانەدا باس لە مێژووش بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ بۆ ماوەی چەندین سەدە لە ئەشکەوت و دارستانەکاندا ژیانی بەسەر بردووە، هاوکات بێ بەرگی و برسییەتی.. ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە تەنها بە لەدایکبوونت لەم سەردەم و چەرخەدا خۆی لە خۆیدا بەخششێکی ناوازە و دانسقەیە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی.. تۆ دەخوێنیتەوە، دەنووسی، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەبیتە خاوەنی چەندەها زانست و زانیاری، کە ڕەنگە زۆرێك لە مرۆڤەکانی پێشوو لێی بێبەش بووبن..

باری ئابووریت هەر چۆنێك بێ، بیرتبێ کە تۆ سوود لە تەکنەلۆژیا و ئامێرە سەردەمییەکان وەردەگری، کارەبا، ئۆتۆمبێل، تەلەفون، ئینتەرنێت..کە نە فیرعەون و نە قاروون و نە هیچ دەسەڵاتدارێکی سەدەکانی ڕابردوو هیچ کام لەمانەیان نەبووە..

بە تەنها هەبوونی خانوویەکی ڕاخراو و ڕووناك (کە بەبێ هیچ ماندووبوونێك ئاو لە دیوارەکانی دێتە دەرەوە)،

هەموو تاكێك ئازادە لە هەڵبژاردنی بەربەستەكانی تایبەت بە خۆی، بەڵام هەموو كات ئەو بەخششانەت لەبیر بن كە لە سەرەتای ئەم بابەتە خستمە نێو هەژماری هەمووتان.. هەر كات ئەو ڕاستییەت لێ ونبوو، ئەوا بۆ ماوەی نیو خولەك هەناسەكانت ڕابگرە، تا بەهای هەر چركەیەكی ژیانت بزانی.. هەر كاتێكیش دەستت كردەوە بە هەناسەدان، ئەوا بزانە هەژمارەكەت تا ئێستاش پڕە لە بەخششی خودا، چاوەڕێی تۆن كە دان بەو ڕاستییەدا بنێی..

ئێستا، دوای ئەوەی كە بەختە سەرەكییەكانی تۆمان لە ژیان زانی، دەشێ بچینە سەر باسەكانی تری ئەم كتێبە..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ئـەو دەمـەی بەخششـەکان دەبنـە شـتی ئاسـایی، گرنگـی بـەو ئامانجانـە دەدەیـن کـە نـە لـە ڕووی گرنگـیـنـەلـەڕوویبەهـاوەناگـەنبـەبەخششـەکان.
- ئەو دەمـەی بیرۆکـەی هەبوونـی هـۆکاری دەرەکـی بـۆ بەختـەوەری هەڵدەبژێریـن، ئـەوا بـەرەو ڕێگـەی بێهیوایـی و دڵەڕاوکـێ هەنـگاو دەنێیـن.
- ئەگـەر تـۆ بـاوەڕت وایـە کـە بەشـێکی بچووکـی لـەم جیهانـەدا، ئـەوا بیرتبـێ کـە دەرکەوتنـی تـۆ لـەم جیهانـەدا ڕووداوێکـی کەموێنـە و دەگمەنـە!

***

## تۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە خۆت دەتەوێ

(گەشـەپێدانی خـود) هەوڵێکـی هۆشـیارانەیە بـۆ گۆڕینـی خۆمـان بـەرەو باشـتر..

بـەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنجە ئێمـە هەمیشـە خـودی خۆمـان فەرامـۆش دەکەیـن و هەوڵـی گۆڕیـن و چاککردنـی بەرامبـەر دەدەیـن..

هەموومـان داوای گۆڕانـکاری دەکەیـن، بـەڵام زۆربەشـمان تەنانـەت لـە گۆڕینـی خـودی خۆیـدا دەستاوەسـتان و هیـچ پێنەکـراوە، چەنـد جـار گوێـت لـێ بـووە کـە فـڵان دەڵـێ: "ئەگـەر مـن وەزیـر یـان بەرپـرس بوومایـە وام دەکـرد و وام دەکـرد.."، بـەڵام فەقیـرەی تەنانـەت دەسـەڵاتی گۆڕانـکاری بەسـەر مـاڵ و خێـزان و منداڵەکانـی خۆشـیدا نییـە.

بـە دیاریکـراوی لـە کۆمەڵگـەی خۆمانـدا زۆر گوێبیسـتی ئـەو ڕستەیە دەبیـن (خـوای گـەورە گۆڕانکاریمـان بـۆ نـاکات)، بـێ ئـاگا لـەوەی کـە خـۆ ئامادەکـردن بـۆ گۆڕانـکاری و قبوولکردنـی گۆڕانـکاری یەکەمیـن هەنـگاوە بـۆ بەرەوپێشـچوون و ئایندەیەکـی گـەش.

هیـچ نەنگـی و عەیبـە نییـە ئەگـەر تـۆ بیرکردنەوەکانـت بگـۆڕی، چەمکـەکان پێچەوانـە بکەیتـەوە، ببیـت بـە مرۆڤێکـی جیـاواز، چونکـە ((لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ

مِنْ أَمْرِ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ۗ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ ۚ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ)) [الرعد: ١١].

واتە: ((...بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلییەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانییەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن...)).

بەڵێ، نە نەنگی و نە عەیبە کە ڕاشکاوانە دان بە گۆڕینی بیروبۆچوونەکانتدا بنێی، چونکە کەسە گەمژەکان هەرگیز بۆچوونەکانی خۆیان ناگۆڕن، هۆگرانی میراتیش هەمیشە وابەستەی پێگە و شوێنیانن، مێژووش ئەو کەسانە دەهێڵێتەوە کە باوەڕیان بە گۆڕین و گۆڕانکاری هەیە.

سەرنج بدە، من لێرە باس لە گۆڕانکاری دەکەم، نەوەك پێشکەوتن، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوانەدا هەیە:

پێشکەوتن: بریتییە لەوەی تۆ هەنگاوێك لەو ڕێگەیە ببڕی کە پێشتر بوونی هەبووە، هەموان دەیزانن، هەموانیش بەوە ڕازین، هەموانیش ئەوەت لێ قبووڵ دەکەن..

بەڵام گۆڕان: بریتییە لە بڕیاردانێکی بوێرانە، گۆڕینی ڕێگەیەکە بۆ ڕێگەیەکی تر (جیاواز، یان داهێنراو) هەموو کەس ئەم ڕێگەیە ناگرێتەبەر، ڕەنگە هەموانیش ئەو گۆڕانکارییەت لێ قبووڵ نەکەن و پێی ڕازی نەبن.

بەڵێ، گۆڕان نەوەك پێشکەوتن، بریتییە لە بنەمای داهێنان و جیاکاری، چونکە گۆڕان پێویستی بە ڕێگەی نوێیە، هەر بۆیەش سروشتی و ئاساییە ئەگەر هەموان ئەو ڕێگە نوێیە

قبـوولّ نه‌كـه‌ن و بـه‌ په‌سـه‌ندی نه‌زانـن، به‌مـه‌ش هه‌ركه‌سـێ ڕێگـه‌ و ڕێبازێكـی نـوێ دابهێنـێ ده‌بێتـه‌ زانـا و سه‌رمه‌شـقی سـه‌رده‌می خـۆی، چونكـه‌ ئـه‌و بـه‌و داهێنانـه‌ی لـه‌ عورفـی كۆمه‌ڵگـه‌ ده‌رده‌چـێ و بـه‌ره‌و داهاتووێكـی نادیـار ده‌چـێ.

تـه‌واوی مێـژوو پێكـه‌وه‌ بریتییه‌ لـه‌ كۆمه‌ڵـه‌ گۆڕانكارییـه‌ك، سه‌رمه‌شـقه‌كان دروسـتی ده‌كـه‌ن و ڕووداوه‌كان ده‌گـۆڕن...

كاتیـش لـه‌ خـودی خۆیـدا هه‌سـتێكی نادیـار و وه‌همییـه‌ (لـه‌ ڕووی فیزیاوییـه‌وه‌ بوونـی نییـه‌)، ئـه‌و ده‌مه‌ی ئێمـه‌ گۆڕانكارییه‌ك ئه‌نجـام ده‌ده‌یـن، ئـه‌وا جووڵه‌یـه‌ك بـۆ كات دروسـت ده‌كه‌ین.

بـۆ نموونـه‌: كات بـه‌ لای هاوه‌ڵانـی ئه‌شـكه‌وت شـتێكی چه‌قبه‌سـتوو و وه‌سـتاو بـوو، چونكـه‌ بـه‌ درێژایـی سێسـه‌دونۆ سـاڵ هیـچ شـتێكی لـه‌ ژیانـی ئـه‌وان نه‌گـۆڕی، ژیانـی ئێمـه‌ش بـه‌و جۆره‌یـه‌، وه‌سـتاو و چه‌قبه‌سـتووه‌، ئه‌گـه‌ر بێتـوو هیـچ گۆڕانكارییه‌كـی ئیجابـی تێدا ئه‌نجـام نه‌ده‌یـن كـه‌ شـیاوی بـاس بـێ.

هه‌روه‌ك پێشه‌وا شافیعی ده‌ڵێ:

قد ماتَ قومٌ وما ماتَت مكْارِمُهم وعاشَ قومٌ وهُم في الناسِ أمواتُ

بـه‌م شـێوه‌یه‌، چـۆن گۆڕانـكاری بـۆ تاكێـك گرنـگ و پـڕ به‌هایـه‌، بـه‌ هه‌مـان شـێوه‌ بـۆ كۆمه‌ڵگـه‌ش گرنـگ و پـڕ بایه‌خـه‌.

ڕاسـته‌ ئازاربه‌خشـه‌ و بـه‌ ئاسانی بـه‌ ده‌سـت نایـه‌ت، بـه‌ڵام لـه‌ به‌رامبـه‌ردا مانـه‌وه‌ لـه‌ یـه‌ك دۆخـدا (به‌بـێ جووڵـه‌) ئازاربه‌خشـتره‌ و سـه‌رئه‌نجامی كاره‌ساتباره‌، چونكـه‌ وه‌سـتان و جووڵه‌نه‌كـردن،

واتـه گەڕانـەوە و نەزانیـن و دووبارەبوونـەوەی هەمـان گرفتـە کۆنـەکان.. ڕێـك دەتوانیـن بڵێیـن هەمـان دۆخـی هاوەڵانـی ئەشـکەوت بەسـەر ئوممەتـی عەرەبیـدا دووبـارە بووەتـەوە، کـە وەك بێهۆشـێك کەوتـە دەستی حوکمـی عوسمانی و بـۆ ماوەی سێسـەد سـاڵ لـەو دۆخـەدا مایـەوە، لـەو ماوەیەشـدا ئەوروپـا گەیشـتە ئەوپـەڕی گۆڕانـکاری و ئەوپـەڕی هێـزی پیشەسـازی..

ئێستاشـی لەگەڵبـێ بەشـێك لـە خەڵکـی باوەڕیـان وایـە کـە جیـاوازی نێـوان وڵاتـە پێشـکەوتوو و دواکەوتـووەکان تەنهـا لـە ڕووی پیشەسـازی و ئابـووری و زانسـتییەوەیە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا جیاوازیـی ڕاسـتەقینەی نێـوان ئـەو دوانـە بریتییـە لـە جیاوازیـی هـزر و بیروباوەڕبوونـە بـە گۆڕانکاریـی.. لـە خـۆت بپرسـە: چ شـتێك ئـەو جیاوازییـە گـەورەی لـە نێـوان کۆریـای باکـوور و کۆریـای باشـووردا دروسـت کـردووە؟

لـە نێـوان چینـی مارکسـی -پێـش هەشـتاکان- و چینـی سـەرمایەداری ئـەم ڕۆژگارە؟ لـە نێـوان ئـەو ئەوروپایـەی کـە خـۆی لـە دەسـەڵاتی کەنیسـە دابـڕی و لەگـەڵ خورافاتـی سـەردەمی ناوەڕاسـت چ جیاوازییـەك هەیـە..

وەڵامەکـە تەنهـا لـە دوو وشـەدایە، ئەویـش (ئیـرادە و گۆڕانـکاری).

نەبوونـی گۆڕانـکاری واتـە مانـەوە و دواکەوتـن، ڕابـردووت هـەر جۆرێـك بووبـێ ئەگـەر ئێسـتا نەتوانـی گۆڕانـکاری بکەیت، ئـەوا لـە کاروان دادەبڕێـی و دوا دەکەویـت، مێـژووی ڕابردووت هـەر چۆنێـك بووبـێ هیـچ لـە بابەتەکـە ناگـۆڕێ، سـەیری ئێسـتا دەکـرێ.. لـە بەرامبـەردا گۆڕانـکاری واتـە هەبوونـی ئیـرادە و

هێـز و بوێـری، بریتییـە لـە ئـارەزووی جێهێشـتنی ڕابـردوو و هەنگاونـان بـەرەو داهاتـوو و ڕکابەریکردنـی کاروانـەکان و دانەبـڕان لـە گەشەسـەندن..

بـە پێچەوانـەی ئـەو کۆمەڵگەیانـەی کـە پێویسـتیان بـە چەندیـن نـەوەو و وەچـە هەیـە بـۆ گۆڕانـکاری، تـۆ لـە میانـی شـەو و ڕۆژێکـدا دەتوانـی گۆڕانـکاری گـەورە ئەنجـام بدەیـت، تەنهـا ئـەوە بەسـە کـە تـۆ گـوێ لـە دەنگـی عەقڵـی نـاوەوەت بگـری (کـە سـاڵانێکە گوێگرتـن لێـی ڕەت دەکەیتـەوە)، هەروەهـا بڕیارێکـی یەکلاییکـەرەوە بدەیـت و گۆڕانـکاری لـە بیرکردنەوەکانتـدا بکەیـت، لـە ڕەفتـار و بۆچوونەکانـت، تەنانەت لـە پەیوەندییەکانـت لەگـەڵ خەڵکیـدا..

گرنـگ ئەوەیـە ئـەو گۆڕانکارییـە بە ئاڕاسـتەیەکی دروسـتبێ، ئەنجامێکـی ئاسـوودەبەخش بـە دەسـتەوە بـدات، بـۆ ئـەوەی بـەم جـۆرەش بـێ، پێویسـتە ئـەو هەڵوەسـتەیەی لەگەڵ خـودی خۆتدا ئەنجامـی دەدەیـت ڕاسـتگۆیانە بـێ و دووربـێ لـە خۆفریـودان، پێویسـتە بڕیارەکـە بوێریـی پێـوە دیاربـێ، دۆخـی ئێسـتا و سـاڵی داهاتـوو و چەندیـن سـاڵی تریـش لەبەرچـاو بگریـت، ئەگـەر ژیانیشـت بـەو جـۆرە نەبـوو، هیـچ گۆڕانکارییەکـی تێـدا ئەنجـام نـەدرا، ئـەوا بێگومـان بـە لـەوەی کـە سـەرجەم دیـد و بۆچوونـەکان بـەرەو دواوە دەگەڕێنـەوە، لەبـەر پیـری و زۆری تەمـەن نـا، بەڵکـو لەبـەر چەقبەسـتووی و قەتیسـبوونیان لـە یـەك دۆخـدا.

سـا بـۆ ئـەوەی هەوڵەکانـت پەرشـوبڵاو نەبـن، پێـش ئـەوەی هەوڵـی گۆڕینـی کۆمەڵگـە بدەیـت، سـەرەتا هەوڵبـدە خـۆت

بگۆڕێت، هەر کات هەموو تاکەکان هەوڵی گۆڕینی خۆیان دا، ئەوا ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە لە ڕیشەوە دەگۆڕێ.

کەواتە، تۆ خۆت ئەو گۆڕانکارییە بە کە دەتەوێ ئەنجامی بدەیت، ئەو گۆڕانکارییە بە کە دەتەوێ جیهان بەو جۆرە ببینی، هەروەك غاندی دەڵێ.

بەو جۆرەبە کە «ئیبن ڕۆمی» دەیلێ: دوێنێ من زیرەك بووم هەوڵی گۆڕینی جیهانم دەدا، بەڵام ئەمڕۆ کەسێکی دانام، هەوڵی گۆڕینی خۆم دەدەم.

* * *

## پوختەی تیۆرەکە

- بۆ گۆڕینی جیهان، سەرەتا پێویستە خۆت بگۆڕیت.
- گۆڕانکاری هەم بۆ تاك هەمیش بۆ کۆمەڵگە ئازاربەخشە، بەڵام مانەوەش لە دۆخێکدا بە واتای دواکەوتوویی و دووبارەبوونەوەی هەمان کێشە کۆنەکان دێت.
- گۆڕانکاری تاکەکەسی دەشێ لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو بدات، بەڵام گۆڕانکاریی بە کۆمەڵ پێویستی بە هاوڕایی بە کۆمەڵ هەیە، ئەمەش پێویستی بە چەندین نەوە و وەچە هەیە.

❊❊❊

## "مەحاڵ" وشەیەکە، تایبەت نییە بە تۆ!

دەگێڕنەوە دەسەڵاتدارێك شەو خەونێك دەبینێ، لە خەونەکەیدا سەرجەم ددانەکانی هەڵدەوەرن، جگە لە ددانێك.. بۆ ئەوەی واتای خەونەکەی بزانێ، بانگهێشتی سەرجەم خەونزانەکانی ناوچەکەی دەکات، سەرجەم خەونزانەکان خەونەکەیان بەو جۆرە لێکدایەوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا سەرجەم تاکەکانی خانەوادەکەی دەمرن، تەنها یەکێکیان دەمێنێتەوە. بەڵام دەسەڵاتدارەکە ئەو جۆرە لێکدانەوەی بە دڵ نەبوو، بۆیە هەر خەونزانێك بەو جۆرە خەونەکەی لێکدابایەوە سەری دەپەڕاند و دەیکوشت، بەم جۆرە سەری چەندین خەونزانی بڕی، تا خەونزانێك هات و بە جۆرێکی تر خەونەکەی بۆ لێکدایەوە، بە دەسەڵاتدارەکەی گوت:

ئەوە خەونێکی زۆر جوانە گەورەم، چونکە بەگوێرەی ئەو خەونە تۆ تەمەنت لە هەموو تاکەکانی خانەوادەکەت درێژتر دەبێ!

دەسەڵاتدارەکە پێکەنی و زۆر دڵی خۆشبوو، چەندین دیاری و خەڵاتی بە خەونزانەکە بەخشی، بە خەونزانی کۆشکیش لە کۆشکی تایبەتی خۆی دایمەزراند.

لە ڕاستیدا چیرۆکەکە خەیاڵییە، بەڵام جیاوازیی نێوان بەکارهێنانی دەستەواژەی باش و دەستەواژەی خراپ

دەردەخات، چونکە دەستەواژە و وشەی خراپ و سلبی جگە لە دڵەڕاوکێ و خەم و خەفەت هیچی تر بەرهەم ناهێنێ، لە بەرامبەردا وشە باش و ئیجابییەکان لایەنی دەروونی کەسەکان بەرز دەکەنەوە و هیوا و گەشبینی دەبەخشن (ئەوە لە کاتێدا کە خەونزانەکەی کۆتاییش هەمان لێکدانەوەی بۆ خەونەکەی کابرای دەسەڵاتدار کرد، بەڵام بە گوزارشتێکی تر).

وشەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەست و ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەمان هەیە، ئێمە بۆ وەسفکردن و ستایشکردنی شتەکان بەکاریان دەهێنین، دەڵێین فلانە شت (جوانە، نەرمونیانە، ئاسانە..)، ئەوی تریان (ناشیرین، ڕەق، مەحاڵە..)، لە بەرامبەردا، ئەو دەمەی گوێبیستی وشەگەلێکی هاوشێوە دەبین، کاریگەر دەبین، دڵخۆش دەبین و دڵتەنگ...

ئەو فێڵەی کە لەم کتێبەدا بەکاری دەهێنین (بە دیاریکراویش لەو لاپەڕەیەدا) ئەوەیە کە هەرگیز باوەڕ بەو وشانە نەکەین کە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دروست دەکەن، مرۆڤەکان لە میانی وشەکان بیر لە شتەکان دەکەنەوە، ئەوەی دەیدرکێنن و گوێبیستی دەبن پێی کاریگەر دەبن، بە تەنها گوێبیستبوونی وشەیەك، واتە بیرکردنەوە لێی، بیرکردنەوە لە واتاکەی، هەوڵدان بۆ زانینی ڕاستی و دروستییەکەی.

لەگەڵ مندا بە بیری خۆت بهێنەوە، چەند جار دەستەواژە و وشەی خراپت بەرامبەر بە خودی خۆت بەکارهێناوە، وەك: "کەوتمە ناو بەڵا و موسیبەت" و "دووچاری کێشەیەك بووم" یان "دووچاری کارەسات بووم".. لەبری ئەوە هاوڕێکەت

بێت و بە چەند وشە و ڕستەیەك دڵت بداتەوە و حاڵەتەکەت لەسەر سووك بکات، وەك: " حاڵەتەکە ئاسایی و سادەیە" یان "ئاسایی وەریبگرە" یان "وابزانە تاقیکردنەوەیەکە" و... دەتوانی خۆت بە گۆڕینی چەند وشەیەك هەر لە سەرەتاوە دۆخەکە لە خۆت گەورەتر نەکەیت، بۆ نموونە لە بری "کارەسات" دەتوانی وشەی "حاڵەت" بەکاربهێنی، لەبری "کێشە" دەتوانی وشەی "هەڵوێست" بەکاربهێنی، لە بری "کارەسات" وشەی "تاقیکردنەوە"...

باشترین نموونەش بۆ ئەو حاڵە فەرمایشتی پێغەمبەری خودایە (ص) کە فەرموویەتی: ((إذا دخلتم على المريض فنفسوا له في أجله ، فإن ذلك لا يرد شيئا، ويطيب بنفسه)).

واتە: ئەگەر چوونە لای نەخۆش ئەوا دڵی خۆش بکەن و ئومێدی بدەنێ، هیوای تەمەندرێژی بۆ بخوازن، هەرچەندە ئەوە هیچ لە قەدەر ناگۆڕێ، بەڵام دڵنەوایی نەخۆشەکە دەکات و زیاتر ئارامی پێ دەبەخشێت.

دڵنیابە هەمان حاڵەت و هەستیش بەسەر دەروونی تۆدا دێ، ئەو دەمەی وشە قورس و ڕەق توند و بێهیواکان بە وشەی هاندەر و گەشبین و هیوابەخش دەگۆڕیت، ئەو دەمەی وشە بێهیواکان لە فەرهەنگی خۆت دەسڕیتەوە، هیچ شتێك ناتوانێ دووچاری دڵەڕاوکێت بکات و مەحاڵت لا دروست بکات، هەر کات ئەوەت کرد، ئەوا ئەو شتانە کە خەڵکی لە ڕۆژگارێکدا بە مەحاڵیان زانیوە، ئەوا تۆ دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بە ئاساییان دەبینی و هیچ مەحاڵێکیان لێ بەدی ناکەیت، سا ئەو دەمەی لای خەڵکی دەبنە شتێکی ئاسایی،

تۆ سەرقاڵی چنینی بەرهەمەکەی.

جا لەسەر ئەو بنەمایە، هەرگیز ئامۆژگاری ئەوەت ناکەم کە تەنانەت بۆ بارودۆخە قورس و دژوارەکانیش وشەی سلبی و ڕەشبینانە بەکاربهێنی.. هەمیشە لە وشەکانتدا کەسێکی ئیجابی بە، لە پێشبینییەکانیشتدا گەشبین.. بۆ هەتا هەتا ئەو وشانە لە فەرهەنگت بسڕەوە کە دەتخەنە بچووکترین دۆخی بێهیوایی، ئەوانەی دەبنە هۆکاری سستی و لاوازیت..

پێویستە لەوەشدا واقیعی بین، سەرەتا پێویستە لەوە تێبگەین کە خەڵکی پێی دەڵێن "مەحاڵ"، تا لایەنە لاواز و بەهێزەکانی بزانین، چونکە هەر کات ئەوەمان زانی سەرکەوتن بەسەریدا زۆر ئاسان دەبێ. تۆ سەرنج بدە، ئەگەر دوو هاوڕێت هەبێ، یەکێکیان لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەزانی، بەڵام هیچ خاڵێك لەبارەی ئەوەی دووەم نازانی، هاوڕێی یەکەم چونکە لایەنە لاوازەکانی دەزانی، زۆر بە ئاسانی دەتوانی بەسەریدا زاڵبیت و لە ڕکابەرییەکاندا بەسەریدا سەربکەوی.

ئەو دەمەی بۆ ئەنجامدانی کارێك باوەڕ بە تواناکانت دەکەیت، هەزار ڕێگا بۆ ئەنجامدانی دەدۆزیتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو دەمەی تواناکانت بە لاوازی دەبینی، هەزار بیانوو بۆ گەڕانەوە و خۆدزینەوە دەدۆزیتەوە.

ئەو دەمەی ژیانی کەسە مەزنەکان دەخوێنیتەوە، دەبینی ئەوان هەرگیز باوەڕیان بە وشەی (مەحاڵ) نەبووە، باوەڕیان وابووە کە هەموو کارێك دەرچەیەکی هەیە بۆ ئەنجامدانی، بۆ نموونە ئەو دەمەی "محەمەد فاتیح" ویستی قوستەنتینییە ڕزگار بکات، یان ئەو دەمەی "شا عەبدولعەزیز" ویستی

دوورگـەی عەرەبـی یەکبخـا، زۆرێـك لـە خەڵکـی ئـەو بیرکردنـەوەی ئەوانیـان بـە خـەون و مەحـاڵ گوزارشـت دەکـرد، هەرگیـز لـەو بـاوەڕەدا نەبـوون هیـچ کامیـان بتوانـن ئـەو کارە ئەنجـام بـدەن..

بیرمـە جارێکیـان بابەتێکـم سـەبارەت بـە گەورەتریـن سـەرکەوتنەکان لـە مێـژوو نووسـی، تیایـدا جەختـم لـەوە کردووەتـەوە کـە گەورەیـی سـەرکەوتنەکان ئـەو دەمـە بـەدی دێـن، ئەگـەر هاتـوو سـەرکردە و سەرمەشقی کردارەکـە باوەڕی بـە وشـەی (مەحـاڵ) نەبـێ، لەوێـدا نموونـەم بـە جەنگەکـەی ساڵی (1973) هێناوەتـەوە، کاتێـك سـوپای میسـر توانیـان هێڵـی بارلیفـی ئیسـرائیلی ببـڕن، ئـەو کارەیـان لـە ڕێگـەی تانـك و تـۆپ و دەبابـە نەبـوو، بەڵکـو لـە ڕێگـەی سـۆندە و بـۆڕی ئـاوەوە بـوو، بیرۆکەکـەی لـە لایـەن ئەفسـەرێکەوە بـوو کـە بـاوەڕی بـە وشـەی (مەحـاڵ) نەبـوو.

هەروەهـا سـەرکردەی عوسـمانی "محەمـەد فاتیـح" کـە توانـی قوسـتەنتینییە فەتـح بـکات و یەکێـك لـە پێشـهاتەکانی پێغەمبـەری خـودا (ص) بـەدی بهێنـێ کـە فەرموویەتـی: ((قوسـتەنتینییە فەتـح دەکـرێ، باشـترین سـەرکردە سـەرکردەی ئـەو سـوپایەیە کـە فەتحی دەکات، باشـترین سـوپاش هـەر ئـەو سـوپایەیە..))، محمـد فاتـح وای لێهاتبـوو لـە زۆری بیرکردنـەوە لـە ئازادکردنـی قوسـتەنتینییە نەدەخـەوت، تـا توانـی هەمـوو خاڵـە لاواز و بەهێزەکانـی بدۆزێتـەوە، هێـزی بـۆ ئامـادە کـرد و ئەوەی لای خەڵـك مەحـاڵ بـوو فەتحکردنـی ئـەوێ بـوو، بـەڵام ئـەو بـاوەڕی بـەو مەحاڵـە نەبـوو، بۆیـەش لـە کۆتاییـدا پێشـهاتەکەی

پێغەمبەری سەروەری بەدی هێنا و قوستەنتینییەی فەتح کرد.

بەداخەوەم، کە ڕووبەری باسەکە دەرفەتی ئەوە نادات باس لە چەند سەرکەوتنێکی تری مێژوویی بکەین، بەڵام دەتوانم ئەوەتان پێ بڵێم کە سەرجەم نموونەکان دیارخەری سێ خاڵی سەرەکین، ئەوانیش، یەکەم: نابێ باوەڕت بە وشەی (مەحاڵ) هەبێ. دووەم: پێویستە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت دیراسەی سەرجەم لایەن و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکەیت. سێیەم: پێویستە متمانەت بە خۆت هەبێ و بەردەوامیش ئەو متمانەیەت زیاتر بکەیت، هەرگیز بە وتەی خەڵکی بەرەو دواوە نەگەڕێیتەوە و نەکەویتە ژێر کاریگەریی ئەو وشەی پێی دەڵێن: (مەحاڵ).

## خۆشەویستی دڵەکەم:

لە ناونیشانەکەدا ئەوەم پێ گوتی کە مەحاڵ وشەیەکە تایبەت نییە بە تۆ، لە کۆتایی بابەتەکەش دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە بڕیار بدەیت وشەی (مەحاڵ) لە ماڵ و شوێنی کارتدا قەدەغە بکەیت.

*** 

## پوختەی تیۆرەکە

- هیچ شتێك مەحاڵ نییە، ئەوەی هەیە خاڵی لاوازە کە تا ئێستا نەتدۆزیوەتەوە.
- تا چەند بە شێوازێکی ئیجابی بیربکەیتەوە، ئەوا زیاتر قەبارەی ئەو کارانەت لا بچووکتر دەبێتەوە کە تۆ دەتەوێ ئەنجامیان بدەیت، لە کاتێکدا خەڵکی وەك شاخێك دەیانبینن.
- ئەگەر من سەرپشك بکەن لە سڕینەوەی وشەیەك لە فەرهەنگەکانی زمان، ئەوا بێ دوو دڵی وشەی "مەحاڵ" هەڵدەبژێرم.

***

## ئەزموونیان لەگەڵ شکست

سەرەڕای بەهێزی و تواناکانمان، سەرەڕای سووربوونمان لەسەر سەرکەوتن، شکست وەك ئەگەرێکی بەردەوام دەمێنێتەوە..

ئەگەرچی لە فەرهەنگی مندا شکست بە واتای ملکەچبوون و گەڕانەوە نایەت، بەڵکو بە واتای هەوڵ و فێربوون و ئەزموونی سەرکەوتن... دێت، ئەوەی خەڵك بە شکستی دەبینێ، من بە لێڕامان و شارەزابوون بە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی دەزانم، بە هەنگاوێکی بەرەو ئامانج لێی دەڕوانم..

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، پارەدار و سەرمایەدارەکان سەرەتا شکستیان هێناوە، بەڵام لە هەوڵەکانیان فێربوونە و بێهیوا نەبوونە، تا لە کۆتاییدا سەرجەم شکستەکانیان گۆڕیوە بە سەرکەوتن..

چەندین ساڵ پێش ئێستا وتارێکم بە ناونیشانی "ئەو پارەدارانەی نایانناسین" نووسی، سەرەتا باسم لە شکستەکانیان کردووە، دواتر کە بە هەڵەی خۆیان زانیوە و هەڵەکانیان کردووە بە خاڵی سەرکەوتن ناویان چووەتە لیستی بلیۆنێرەکان، لە نێویشیاندا (الراجحی، العلیان، ابن محفوظ, ابن لادن, صالح کامل..).

هەروەها بابەتێکی ترم سەبارەت بەو کەسایەتییە بەناوبانگانە نووسی کە یان لە سەرەتای ژیانیان دووچاری شکست بوونە، یانیش نەیانتوانیوە قۆناغی خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن.. «بێل گێتس»م وەك نموونەیەك هێناوەتەوە، کە نەیتوانی خوێندنەکەی لە زانکۆی هارڤارد تەواو بکات، بەڵام لە بەرامبەردا توانی کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت) دروست بکات و ببێت بە دەوڵەمەنترین پیاوی جیهان.

هەروەها «تۆماس ئەدیسۆن» یەکێکی ترە لە نموونەکانم، کە زیاتر لە هەزار پاکانەی داهێنانی بەدەست هێناوە، بە بیانووی ناشیاوی بۆ خوێندن لە قوتابخانە دەرکراوە.

لە مێژووی سینەماش هیچ دەرهێنەرێك ناتوانێ سەرکەوتنێکی هاوشێوەی سەرکەوتنی «ستیڤن سبیلبرج» تۆمار بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی گەنجیدا هیچ کام لەو کۆلێژانەی بەشی سینەمایان هەبوو، وەریان نەگرت.

لە میانی کارکردنم لە ڕۆژنامەی (ڕیاز) چەندین جار پەیام و نامەی ئەلیکترۆنیم بۆ دەهات و داوای ئامۆژگارییان لێ دەکردم بۆ چارەسەرکردنی پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، زۆربەیان گەنجانی بێکار بوون، دەیانپرسی: چۆن دەتوانین ببین بە کەسانی سەرکەوتوو و خاوەن سەرکەوتن؟ چۆن دەگەینە ئامانجەکانمان؟.. زۆر بەزەییم پێیاندا دەهاتەوە؛ چونکە خۆشم بە چەندین ئەزموونی شکستخواردوودا ڕۆیشتووم، تا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە شکست هەوڵێکە بۆ فێربوون و هەنگاوێکە بەرەو ئامانج.

بەڵێ، هەر ئەوەش نهێنی شکستە، کەسە سەرکەوتووەکان

زوو درکی پێ دەکەن و دەیکەنە خاڵی دەستپێك و پەیژەی سەرکەوتنەکانیان.

بۆیـان دەرکەوتـووە کـە لـە کاتـی گەیشـتن بـە ئەنجامـی دروسـت پێویسـتە لـە سـەرجەم ئەنجامـە هەڵـەکان بـە دوور بکەویتـەوە، ئـەو دەمـەی یەکێـك لـە ڕۆژنامەنووسـەکان پرسـیار لـە «تۆمـاس ئەدیسـۆن» دەکات: ئایـا ڕاسـتە تـۆ دە هـەزار جـار شکسـتت هێنـاوە لـە دروسـتکردنی گلۆپـی کارەبایـی؟ ئەدیسـۆن وەڵامـی دەداتـەوە و دەڵـێ: شکسـتم نەهێنـاوە، بەڵکـو دە هـەزار ڕێگـەم دۆزیوەتـەوە کـە بـە هیـچ لـەم ڕێگایەنـە ناگەیتـە مەبەسـت.

کتێبخانەکـەم نزیکـەی سێ هـەزار ناونیشـانی کتێبـی تێدایـە، لـە نێویانـدا کتێبێکـە کـە چەندیـن وتـە و وەڵامـی جوانـی تێدایـە، یەکێـك لـەو وەڵامانـەش وەڵامەکـەی پێشـووی ئەدیسـۆن بـوو، کتێبەکـە بـە نـاوی (motivational quotes for success) هـەزار وتـە و وەڵامـی جوانـی لـە خـۆ گرتـووە، بـە تایبەتیـش وتـەی ئـەو کەسـانەی هێنـاوە کـە چەندیـن جـار دووچـاری شکسـت هاتـوون و دواتـر چێـژی سـەرکەوتنیان کـردووە..

ئەمانـەی خـوارەوە بەشـێکن لـەو وتانـە، کـە بـەردەوام لـە هـزر و خەیاڵمـدان و گوزارشـت لـە هەڵوێسـتی خاوەنەکانیـان دەکات سـەبارەت بـە شکسـت:

- سـەرکەوتنی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە تـۆ دوای هەمـوو هەوڵێکـی شکسـتخواردوو هەڵبسـتیتەوە، بـێ ئـەوەی گۆڕانێکـی بچـووك بەسـەر سـووربوون و پێداگیریـت دابـێ. (چەرچـل)

* لام گرنـگ نییـه چەنـد شکسـتم هێنـاوە، بەڵکـو ئـەوە گرنگـە چەنـد جـار هەڵدەسـتیتەوە بـۆ تەواوکردنـی ڕێگاکـە. (لینکۆڵـن)
* گرنـگ نییـە چەنـد جـار دەکەویـت، گرنـگ ئەوەیـە بـە ئاڕاسـتەیەکی دروسـتدا بکەویـت. (دینـزل واشـتنتۆن)
* هیـچ نەرمونیانێـك نییـە هەڵنەخکلیسـکابێ، هیـچ حەکیـم و دانایەکیـش بـێ ئەزمـوون دروسـت نابـێ. (زانایەکـی موسـڵمان)
* تەنهـا یـەك شـت ڕێگـری لـە خەونەکانمـان دەکات ببـن بـە واقیـع، ئەویـش بریتییـە لـە ترسـان لـە شکسـت. (ڕۆمانـی کیمیاگـەر)
* هەرگیـز لـە گەیشـتن بـە کەمـاڵ و ئەوپـەڕی تەواوێتـی مەترسـە، چونکـە هەرگیـز پێـی ناگەیـت. (سـلڤادۆر دالـی)
* بـە ئەنـدازەی شکسـتەکانت پـێ دەگەیـت و بەرەوپێـش دەچیـت. (سـتانلی جـاد)
* شکسـت ئازارێکـی کاتییـە، بـەڵام ڕازیبـوون پێـی ئازارێکـی بـەردەوام و نەبڕاوەیـە. (تیـودۆر ڕۆزفێلـت)
* بەخـت مامۆسـتاییەکی شکسـتخواردووە، بـەڵام شکسـت مامۆسـتاییەکی سـەرکەوتووە، هەمیشـە وامـان لـێ دەکات هەسـت بـە بەهـای سـەرکەوتن بکەیـن. (شـاهـ خـان)
* ملکەچبوونـی شکسـت بریتییـە لـە شکسـتی ڕاسـتەقینە لـە ژیانـی مرۆڤـدا. (فـورد)
* گەورەیـی مـرۆڤ لـە شکسـتنەهێناندا نییـە، بەڵکـو

لـە ملکەچنەبـوون و خۆبەدەسـتەوە نـەدان دایـە. (کۆنفشـیوس)

* ئەوانـەی لـە هەوڵـدان دەوەسـتن، هەسـت بـەوە ناکـەن کـە چەنـدە نزیـك بـوون لـە هێڵـی کۆتایـی (تۆمـاس ئەدیسـون).

ئەمانـە هەمـووی وتـەی ئـەو کەسـایەتییانەن کـە لـە ئەنجامـی چەندیـن هەوڵـی شکسـتخواردوو گەیشـتوون بـە سـەرکەوتن، بـە چەندیـن ئەزموونـی ئازاربەخشـدا تێپەڕیـوون، چەندین کۆسـپ و ئاسـتەنگ هاتووەتـە بەردەمیـان، بـەڵام ئـەوەی لـە ژیانـی ئەوانـدا ماوەتـەوە ئەوەیـە کـە ئـەوان کۆتاییەکـی زۆر سـەرکەوتوویان هەیـە، وەك ئەوەیـە کـە لـە ژیانیانـدا شکسـتیان نەهێنابـێ.

هەمـوو ئەوانـەم بـۆ ئـەوە هێنـاون تـا تـۆش هەرگیـز شـەرم لـە شکسـتەکانت نەکەیـت..

تـا هەرگیـز بیـر لـەوە نەکەیتـەوە کـە سـەرکەوتنە نـاوازەکان بـە کاملـی و تـەواوی لـە دایـك دەبـن، یانیـش سـەرکەوتن بـە تاکـە هەنگاوێـك بـەدی دێ..

تـا تـەواوی کۆمەڵگـە تێگەیشـتنی بەرامبـەر بـە چەمکـی شکسـت ڕاسـت بکاتـەوە، تـا ئـەوەش بزانـن کـە کەسـە شکسـتخواردووە ڕاستەقینەکان، ئـەو کەسـانەن کـە پێـش ئـەوەی بگەنـە هێڵـی کۆتایـی، وەسـتان، یانیـش کەسـانێکن تەنانـەت بوێـری هەوڵدانیـش نایانگـرێ و دەستەوەسـتان وەسـتاون.

تـا هیـچ کـەس نەتوانـێ فریـوت بـدات، تەنهـا باسـی سـەرکەوتنی کەسـایەتییەکانت بـۆ بـکات، وەك ئـەوەی لـە ژیانیانـدا نەیانزانیبـێ شکسـت چییـە.

## پوختەی تیۆرەکە

- سەرکەوتن بریتییە لە کۆتایی هەوڵە شکستخواردووەکان، دەستپێکردنی زووش سەرکەوتنی زووی لێ لە دایک دەبێ.
- سەرکەوتن بریتییە لە لووتکەی چیایەکی شکستخواردوو، بۆیە هەرگیز ڕووخساری ئێستای کەسە سەرکەوتووەکان هەڵت نەخەڵەتێنێ.
- ئێستا کاتی ئەوەیە کە بە گوێرەی ژمارەی هەوڵە شکستخواردووەکانی ژیانمان ژیانی خۆمان بنووسینەوە.

❊❊❊

## بۆچی خەڵکی خۆشیان دەوێیت یان ڕقیان لێتە؟

لـە ژیانمانـدا کەسـانێکی زۆر بـاش هـەن، کـە ئەسـتەمە بتوانـی لـە دووری ئـەوان بـژی و دەسـتبەرداریان بیـت، بـە هەبوونیـان دڵخـۆش دەبـی، بـە دوانـدن و قسـە لەگەڵکردنیـان ئاسـوودە، لـە ناخـی دڵـەوە لەگـەڵ ئەوانـدا پێدەکەنـی.. زۆر ئەسـتەمە بتوانـی ڕکابەرێتیـان بکەیـت، یـان لێیـان دابڕێـی، یانیـش لێیـان تووڕەبـی، چونکـە ئـەوان لـە هەمـوو هەڵەیـەك جوانتـرن، لـە هەمـوو سەرزەنشـتێك گەورەتـرن، سەرنجڕاکێشیی ئـەوان لەخـۆڕا نەهاتـووە، بەڵکـو لـە تایبەتمەندییـە کەسـی و کۆمەڵایەتییەکانیانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، بەشـێك لـە تایبەتمەندییەکانیـان سروشـتییە و بەشـێکی وەرگیـراو، بـەڵام لـە کـۆی هەردووکیانـدا بوونەتـە کەسـایەتییەکی خـاوەن کلیلـی جادوویـی و کاریزمابـوون.

چاودێریکـردن و چێژوەرگرتـن لـە هەبوونیـان بـۆ تـۆ بەسـە، بـەڵام چاودێریکردنیـان و فێربـوون لێیانـەوە زۆر باشـترە.

ئەگـەر بـە وردی سـەرنجیان لـێ بدەیـت، بـۆت دەردەکـەوێ ئەوان:

- خاوەنـی ڕۆحێکـی نەرمونیانـن، هـەر ئەوەشـە وات لـێ دەکات تەنهـا بـە بینینیـان زەردەخەنـە بێتـە سـەر لێوانـت

و دڵخۆش بیت، تەنها بە گوێگرتن لێیان پێکەنی..

* ئەوانە کارەکانیان بە جددییەتێکی گەورە وەرناگرن، ئەو دەمەی لە حزووری ئەوانیشدا دادەنیشی، وا هەست دەکەیت کێشەکانی دونیا بە کۆتا هاتوون.
* لە کەس تووڕە نابن، دژایەتی کەس ناکەن، هەر کاتێك دەگەنە خەڵك، لاپەڕەیەکی نوێ دەکەنەوە..
* هەست دەکەیت ئەوان لەبەر خودی خۆت تۆیان خۆش دەوێ، لەبەر کەسایەتیت ڕێزت دەگرن، نەوەك لەبەر پۆست و پلەوپایە و پرپی دزدانەکەت..
* هەست دەکەیت ئەوان ڕێز لە هەموو کەس دەگرن، هەموو بۆچوونێك بە هەند وەردەگرن، لەگەڵ هەموو خەڵکیشدا بە هەمان ئاست مامەڵە دەکەن..
* خاوەنی ڕۆحێکی گەورەی دەستپێشخەرین، زۆربەی کات ئەوان بۆ گفتوگۆ و یەکترناسین و سڵاوکردن دێنە لات (تەنانەت ئەو کاتەی تۆ خۆشتیان لێ دەدزیتەوە).
* خاوەنی زیرەکییەکی بەرزی کۆمەڵایەتین، بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ تاکەکان دەکەن کە خۆی هیواخوازە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.
* ئەگەرچی قسە و باسیان زۆرە، بەڵام هەرگیز باس لە خۆیان ناکەن و ستایشی خۆیان ناکەن، هاوشێوەی ئێمە زۆر سکاڵا و گلەیی ناکەن..
* لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکن زۆر بێدەنگ و گوێڕایەڵن، بەتایبەت ئەو کاتانەی تۆ سکاڵای حاڵی خۆتیان بۆ

باس دەکەیت..

* لەگەڵ ئەوەی ئەوان خاوەن دید و بۆچوونی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام هەرگیز بۆچوونەکانیان بەسەر کەسدا ناسەپێنن، هەرگیزیش بە ئەندازەیەك بەرگری لەو بۆچوونەیان ناکەن کە بگاتە ئاستی دژایەتی و ڕکابەری..
* بە سروشتی خۆیان ڕەفتار دەکەن، هەرگیز هەوڵی شانازیکردن بە خۆیان نادەن، هەرگیزیش ڕواڵەتی ساختە بۆ خۆیان دروست ناکەن.
* لەگەڵ بارودۆخە قورسەکانیشیان هۆگری ژیانن، بە جۆرێك پێدەکەنن وەك بڵێی غەم و کێشە و ئازارێك میوانیان نەبووبێ.

ئەمانەی سەرەوە چەند سیفەتێکی جیاوازی ئەو کەسانەن کە خۆشت دەوێن، هەر یەك لەو سیفەتانە وات لێ دەکەن کە ببیت بە کەسێکی خۆشەویست و سەرنجڕاکێش، تۆش دەتوانی ببیت بە خاوەنی ئەو سیفاتانە، ئەمەش سەرەتا لە ڕێگەی سەرنجدانی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو جۆرە تایبەتمەندیانەن، دواتر کارپێکردنیان، پاشانیش هەوڵ بدەیت بیانکەیت بە تایبەتمەندیی ڕەسەن لە کەسایەتی خۆتدا.

لە بەرامبەریشدا:

پێچەوانەی ئەو ڕەفتار و تایبەتمەندییانەی سەرەوە ئەنجام بدە، تا خەڵکی لێت ڕابکەن و بە هەبوون و وجوودی تۆ لە هەر شوێنێك دڵتەنگ و نیگەران بن، تا هیچ کەس لە دەورت دانەنیشێ.. بە دڵنیاییەوە چۆن خۆشەویستی

هـۆکار و پاڵنـەری هەیـە، بـە هەمـان شـێوە ڕقلێبوونـەوەش چەندیـن پاڵنـەری هەیـە، کـە هەمـوو خەڵکـی لـە ڕقلێبوونەوەیـان یەکدەنـگ و هـاوڕان..

* بـۆ نموونـە خەڵکـی ڕقیـان لـە کەسـی خۆبەگـەورەزان و لووتبـەرزە، هەروەهـا ڕقیـان لـەو کەسـانەیە کـە زۆر باسـی خۆیـان دەکـەن.
* ڕقیـان لـەو کەسانەیە کـە خۆیـان بـە پۆسـت و پلەوپایـە هەڵدەکێشـن و خـوارووی خۆیـان بـە کـەم سـەیر دەکـەن.
* ڕقیـان لـەو کەسانەشـە کـە دەرفەتـی قسـەکردن بـە کـەس نـادەن، یانیـش گـوێ لـە کـەس ناگـرن.
* ڕقیـان لەوانەیـە کـە باسـی خەڵـك دەکـەن، کەموکورتیی خەڵـك بـە دیـار دەخـەن..
* ڕقیـان لـەو کەسەشـە کـە هەمیشـە بـە شـێوەیەکی سـلبی ڕەفتـار دەکات.
* ڕقیـان لـە کەسـی تونـد و تووڕەهاتـە، یـان ئەو کەسـانەی باوەڕیـان وایـە تووڕەیـی و گـرژی نیشـانەی شـکۆی پیـاوە.
* ڕقیـان لـەو کەسانەشـە کـە پـارەداری و عەشـیرەت و نـەژاد و هەژمـاری بانکـی دەکەنـە پێـوەر بـۆ بـەرزی و خۆشەویسـتی کەسـەکان.
* ڕقیـان لـەو کەسەشـە کـە بـەردەوام بـە هێرشـکردن قسـە دەکات، هەمـوو وشـەیەك بـە دژایەتـی لێـك دەداتـەوە.

کۆتـا خاڵیـش - کـە دواهەمینیـان نییـە- لـە هەمـوو کەسـێك ڕا دەکـەن کـە قسـە ڕەق و بێبەزەیـی بـێ، تەنانـەت ئەگـەر

پێغەمبەرێکی خواش بێت، پەروەردگار دەفەرمووێ:
((فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)) [آل عمران: ١٥٩].

واتە: ((کەوابوو (ئەی موحەممەد (ص) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر تووڕە و قسە ڕەق و بێبەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد....)).

ئەوانەی سەرەوە هەموویان چەند نموونەیەك بوون کە وامان لێ دەکەن ببین بە کەسانی خۆشەویست، یانیش بێزراو لە دیدی خەڵکدا، بە سەرنجدانی خەڵکی دەتوانی تایبەتمەندیی زیاتر لە هەر دوو ڕووەوە بدۆزیتەوە.

قەناعەتی تەواوت هەبێ بەوەی کە هەموو تاکێك توانایەکی ناوەکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە لای خەڵکی خۆشەویست بکات، لە هەمان کاتدا هەمان توانای هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خەڵکی ڕقیان لێ ببێتەوە و خۆشیان نەوێ، جا مرۆڤەکان خۆیان سەرپشکن لەوەی کام توانایەیان بەکار دەهێنن.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە خاوەنی چەندین هۆکار و پاڵنەرین بۆ ئەوەی جوان دەربکەوین و ببین بە کەسانی کاریزما، لە هەمان کاتدا هەمان توانامان هەیە بۆ ئەوەی ببینە کەسانێك کە هیچ کەس تەنانەت ئارەزووی ئەوەش نەکات بمانبینێ.. دڵنیام لەوەی هەموومان دەمانەوێ کاریزما بین و کەس ڕقی لێمان نەبێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش

سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی سەرەوە، پێویستە کەسێکی بوێر بیت لە دەرخستنی سیفاتە ئیجابیەکانت، بەردەوامیش بەئاگا و زاڵ بیت بەسەر سیفەتە سلبییەکانتدا، مامەڵەت لەگەڵ خەڵکیدا بەرز و ڕەوشتدارانە بێ، بەبێ زەردەخەنە ڕووبەڕووی هیچ کەسێ نەبیتەوە([1]).

دەخوازم ئێستا وەك تاقیکردنەوەیەك زەردەخەنەیەك بکەیت..

❊❊❊

---

(1) لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (ص) هاتووە (و خالق الناس بخلق حسن) بە خووڕەوشتێکی بەرز و باش مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکە، نەوەك بە ڕەوشتی گەل و قەوم و ئایین و تاکەکانی عەشیرەتەکەت..

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەو دەمەی دەزانین گەیشتن بە کامڵبوون ئەستەمە،زۆرلەتەواویتی(کمال)نزیك دەبینەوە.
- خۆشەویستی هۆکاری هەیە، وەك چۆن ڕقلێبوونەوەش هۆکاری هەیە، بەختەوەریش ئەو کەسەیە کە یەکەم هەڵدەبژێرێ و خۆی لە دووەم ڕزگار دەکات.
- پێش هەر شتێك تۆ مرۆڤی، بۆیە بە ڕەوشتێکی بەرزەوە ڕەفتار لەگەڵ هەموو خەلکیدا بکە.

***

## چی لە خەڵکی وەردەگری؟

پێش وەرگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی خەڵکی لە تۆدا خۆشیان دەوێ، سەرەتا هەوڵبدە سیفاتە ڕەسەنەکانی کەسایەتی خۆت بدۆزیتەوە، پرسیار لە کەس مەکە؛ چونکە دڵنیابە خەڵکی باسی ئەو سیفاتانەت بۆ ناکەن کە لە تۆ بە باش یان خراپی دەزانن.. تەنانەت خانەوادە و خزم و کەسە نزیکەکانیشت لەو بارەیەوە لەگەڵتدا ڕاشکاو نین.. ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کوڕەکەت سیفەتێکی ناشیرینی خۆتت پێ بڵێ؟ یانیش فەرمانبەر و کارگوزارەکەت هەرگیز پێت دەڵێ کە ڕەفتار و مامەڵەت لەگەڵ دەوروبەر چۆنە؟ یانیش یەکێک لە کەسە نزیکەکان بەیانی و ئێوارە لەسەر سیفەتێکت ستایشت بکات؟!

پێویستە هەموو ئەو شتانە خۆت سەرنجیان بدەیت، پێویستە هەموو سیفاتە سلبییەکانی خۆشت بزانی تا سەرەتا لەسەر خۆت جێبەجێیان بکەیت، بۆ ئەمەش پێویستە بە درێژایی تەمەنت لە حاڵەتی فێربوون بمێنیتەوە، سا بەڵکو بە سیفاتەکانت ببیت بە کەسێکی خۆشەویست و دڵگیر لە لای خەڵکی و لێتەوە سوودمەند بن.

بۆ نموونە من ناخی خۆم پڕ لە کەموکورتی و هەڵە دەبینم، لەوەش دەترسم ئەو کەسانەی گومانی چاکەم

پێ دەبەن ڕاستییەکەیان بۆ دەربکەوێ، ناخی خۆم وەك تابلۆیەکی زەیتی دێتە بەرچاو کە لە دوورەوە زۆر جوان خۆی نمایش دەکات، بەڵام تا چەند لێی نزیك بیتەوە عەیب و کەموکورتی زیاتری لێ بە دیار دەکەون، خۆم و ئەو کەسانەشی لە دەوروبەرم دەژین بە ئەزموونێکی مرۆییدا تێپەڕ دەبین، نەوەك بە ئەزموونێکی نموونەیی و خەیاڵیی بەرز، تاکە جیاوازییش ئەوەیە کە هەندێك کەس لە هەڵەکانیانەوە فێردەبن، هەندێکیشیان لەسەر هەمان دۆخی خۆیان دەمێننەوە.

هیچ مرۆڤێکی کامڵ لەم جیهانەدا بوونی نییە، بەڵام ئەو دەمەی هەست بە هەڵەکانمان دەکەین (بۆچی خەڵکی خۆشیان دەوێین و ڕقیان لێمانە) پانتایی و ڕووبەرێکی زۆر لە مرۆڤایەتی بەرەو پێش دەچین...

هیچ مرۆڤێکی کامڵ بوونی نییە، بەڵام لە هەموو مرۆڤێك تایبەتمەندییەکی بەرز هەیە، کە لە تەواوی مرۆڤەکانی تر جیای دەکاتەوە، دەکرێ لەو کەسەوە فێربین و لێی وەرگرین..

لانی کەم تایبەتمەندییەك لە کەسانی ترت جیا دەکاتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی..

ئەگەر تۆش کەسێکی ژیر و زیرەکیت ئەوا دەتوانی سەرنجی هەموو ئەو تایبەتمەندییە جیاوازانەی دەورت بدەیت و لێیان سوودمەند بیت، دەتوانی هەوڵ بدەیت لەگەڵ کەسایەتی خۆت تێکەڵیان بکەیت و بەمەش دەبیتە کەسێکی جوان و نزیك لە کەماڵ..

من وەك خۆم زۆر شت لە شۆفێرەکەمەوە فێربووم،

هەروەها لە خزمەتگوزارەکەی باوکم، ئەمە جگە لەو شتانەی کە لە کەسە بەرپرس و ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکانی دەوروبەرم فێربووم..

ڕاستە من لە وەرگرتنی هەموو ئەو ڕەفتار و سیفاتە باشانەی دەیانبینم سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام لانی کەم گرنگییەکەیم زانیوە و هەوڵم داوە لە کەسایەتیمدا بەرجەستەی بکەم..

- زەردەخەنەی بەردەوام لە کارگوزارەکەی باوکم فێربووم، بێ گوێدانە بارودۆخی کار و قورسیی غوربەت و دووری لە خزمان و بێبەزەیی ڕۆڵەکان..
- لە شۆفێرە تایبەتەکەی خۆشم ڕوحی دەستپێشخەری، کاری خۆبەخشی فێربووم (چونکە ئەو بەردەوام بە چەند کارێك من سەرسام دەکات، کە هیچ کام لە کارەکان کاری تایبەتیی ئەو نین، بۆ نموونە زۆرجار کە دەچێت بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵ، کیسێك فستقیش لەگەڵ خۆیدا بۆ من دەهێنێ).
- لە دەرگاوانی و پاسەوانی قوتابخانەش فێری ئەوە بووم کە هەرگیز خۆم نمایش نەکەم و غەمی دونیا لە ئەستۆ بگرم.
- لە خاڵیشم فێری دەستکراوەیی و بەخشین بووم، سەرەڕای داهاتە کەمەکەی (هەموو هەفتەیەك کاوڕێك سەردەبڕێ و بەسەر ئەو کەسانەیدا دابەش دەکات کە بەوێدا ڕەت دەبن، ناچێتە ژوورەوە تا بەشی هەرە زۆری لێ نەبەخشێ).
- ڕوحی لێبوردەییش لە خاڵی هاوسەرەکەشم (شێخ محەمەد) فێربووم، ئەو هەرگیز لە کاتی گفتوگۆدا

بە توندی قسە ناکات و دەنگی خۆی بەسەر کەسی بەرامبەردا بەرز ناکاتەوە، بۆ دەمێکیش زەردەخەنە لەسەر ڕووخساری ون نابێ.

- وەك چۆن لە هاوڕێکەم (عیسام بوخاری) فێری لەسەرخۆیی و ئەدەبی زۆر بووم، هەروەها هەر لەو فێری ئەتەکێتی قسەکردن بووم. (ئەگەرچی زۆر لەمێژە دەیناسم، بەڵام ئەو تا ئێستاشی لەگەڵبێ بە شێوازی کۆ لەگەڵ من دەدوێ، بۆ نموونە: بەڕێزتان، ئێوە، وەك هەواڵم پێدان..).
- هەروەها لە هاوڕێکەم (مەنسوور قەحتانی) فێری گفتوگۆی بێزەنتی بووم، هەروەها لەو فێربووم کە هەمیشە جەخت بخەمە سەر سەرکەوتنە ماددی و واقعییەکان.
- لە (مودنی)ی کوڕە مامیشم فێری گرنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بووم، هەروەها دەسپێشخەری بۆ ناسینی بەرپرسی نوێی ناوچەکە.

**بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا:**

دۆزینەوەی تایبەتمەندییە ئیجابی و باشەکان کارێکی قورس و ئەستەم دەبێت بۆت، ئەگەر بێتوو تۆ کەسێکی خۆبەگەورەزان و خۆپەرست و نێرگزی بیت، بۆیە بۆ ئەو هەوڵەت پێویستە سەرەتا کەسێکی خاکی و بێ فیز بیت، دواتر خۆت بخەیتە شوێنی فێرخوازێك، لە هەنگاوی سێیەمیشدا ئەوەی کە فێری دەبیت پێویستە جێبەجێی بکەیت..

- پێش ئەوەی بابەتەکە بە کۆتا بێت، هەمیشە گرنگیی ئەنجامدانی پێچەوانەکەت بیربێ:

سەرنجی ئەو ڕەفتارە سلبییانە بدە کە ڕقت لێیان دەبێتەوە، دوای ئەوە زۆر بە سادەیی لە هەموو ئەو ڕەفتارانە دووربکەوە و لە بەرامبەر هیچ کەسێکدا بەکاریان مەهێنە و ئەنجامیان مەدە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- مرۆڤی کامڵ لەم جیهانەدا بوونی نییە، بەڵام لە هەموو مرۆڤێکدا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی باش هەیە، هەوڵبدە لێی سوودمەند بیت.
- هەموومان وەك ئەو تابلۆ زەیتییە واین، کە تا لێی نزیك بینەوە زیاتر کەموکورتی و درز و پەڵەی لێ بە دیار دەکەون.
- هەوڵ بدە خۆت ڕەفتارە خراپەکانی خۆت بدۆزیتەوە، چونکە ئەگەر چاوەڕێ بیت کە خەڵکی ئەو کارەت بۆ ئەنجام بدەن، ئەوا لە چاوەڕوانییەکی بێ هودە دایت..

***

## بۆچی لە ڕاجیایی فێر دەبین؟

لەگـەڵ هاوڕێکانمـان و لەگـەڵ ئەوانەشـدا کـە هـاوڕا و هاوبۆچوونیـن، ئاسـوودەین، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە لـەو کەسانە فێردەبیـن کـە دژە بۆچوونمانـن و ڕایـان لـە ئێمـە جیـاوازە..

ئـەو دەمـەی ژیانـت لەگـەڵ هاوڕێکـەت یـان هاوبیـر و هاودیـدت بەسـەر دەبەیـت هیـچ شـتێکی نـوێ فێرنابیـت، چونکـە تـۆ جگـە لـە هاوڕایـی و پشـتیوانی ئـەو هیچـی تـر نابینـی، هەروەهـا جگـە لـەوەی کـە تـۆ دەتـەوێ هیچـی تـر لـەو نابیسـتی، بەمـەش بـە تێپەڕبوونـی کات بەردەوامـی و سـووربوونت لەسـەر بۆچوونەکانـت توندتـر دەبـێ، بـێ ئـەوەی بیـر لـە گریمانەیـەك بکەیتـەوە کـە ڕەنگـە ئـەو بۆچوونانـەت هـەر لـە سـەرەتاوە هەڵـە بووبـن..

بـەڵام لـە بەرامبـەردا، زۆر شـت لـەو کەسانەوە فێـر دەبیـت کـە ڕاجیـان لەگـەڵ تـۆدا، چونکـە ئـەوان یـان هەڵەکانـت بـۆ ڕاسـت دەکەنـەوە، یانیـش بیرکردنەوەکانـت دەخەنـە ژێـر پرسیار، یـان توندی بۆچوونەکانـت کەمتر دەکەنـەوە، هەندێـك جاریـش لـە میانـی گفتوگۆکـردن لەگەڵیانـدا بـۆت دەردەکـەوێ کـە تـۆ لەسـەر بۆچوونـی دروسـتیت و ئـەوان هەڵـەن..

مرۆڤـی دانـا، تەمـەن و پلـە و پێگـە و پایـەی هەرچەندێـك بـێ، ڕاوێژکـردن ڕەت ناکاتـەوە و لـەو کەسانەش تـووڕە نابـێ

کـە وەك ئـەو بیـر ناکەنـەوە، شـتەکان بـە دیدێکـی کەسـی وەرناگـرێ و باوەڕیشـی وایـە کـە مـرۆڤ لـە هـەر پێگـە و پلەیەکـدا بـێ پێویسـتە ڕاوێـژ و ڕاوەرگرتـن ڕەت نەکاتـەوە..

"ناپلیـۆن پۆناپـارت"ی سـەرکردەی فەڕەنسـی، چەندیـن ژەنەڕاڵـی مەزنـی لـە دەور بـوون، بـەڵام هەموویـان لـە بۆچوونەکانـدا هەمـان بۆچوونـی ناپلیۆنیان بە دروست دەزانـی، جگـە لـە ژەنەڕاڵێـك کـە نـاوی " شـارڵ جۆدیـن" بـوو، ئـەو لـە زۆربـەی شـتەکاندا بۆچوونـی لەگـەڵ ناپلیـۆن جیابـوو، هـەر کات ویسـتبای بۆچوونەکـەی خـۆی بگەیەنـێ زۆر بوێرانـە دەیدرکانـد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرگیـز زمانـی زبـر و تونـدی بەکارنەدەهێنـا، هـەر بۆیـەش لـە بەرامبـەردا ناپلیـۆن زۆر ڕێـزی لـێ دەگـرت و خۆشـی دەویسـت، بە ئەندازەیـەك کاتێك ئـەو ژەنەڕاڵـە لـە جەنگـی ڕووسـیادا کـوژرا، ناپلیـۆن فەرمانـی کـرد کـە دڵەکـەی دەربهێنـن و لـە پاریـس بینێـژن.

**لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە پرسیارم لە تۆ کرد:**

چـی دەبـێ ئەگـەر بۆچوونـی ئـەو کەسانەی خۆشـت دەوێـن و لەگەڵیانـدا ئاسـوودەی هەڵـە بـێ؟! بۆچوونـی ئەوانـەش کـە خۆشـت ناوێـن و ڕاجیـای لەگەڵیانـدا دروسـت و ڕاسـت بـێ؟!

چـی دەبـێ ئەگـەر بۆچوونـی ئـەو کەسـانەی متمانـە بـە زانسـتەکەیان دەکەیـت هەڵـە بـێ (لانـی کـەم تەنهـا ئـەم جـارە)؟ ئەوانەشـی گومانـت لـە زانسـت و زانیارییەکەیـان هەیـە بۆچوونەکەیـان دروسـت بـێ (لانـی کـەم تەنهـا ئـەم جـارە)؟

چەنـد سـاڵێك پێـش ئێسـتا بانگهێشـتنامەیەکم پـێ گەیشـت بـۆ ئامادەبوونـم لـە بەرنامەیەکـی تەلەڤیزیۆنـی لـە کەناڵێکـی

ئاسمانی ناسراو، کاتێك چوومە نێو کەناڵەکە و کەمێك بە ناو بەشەکانیدا گەڕام و سووڕام، یەکێك لە بەرپرسی بەشەکان داوای لێ کردم کە ئەگەر بیرۆکە و پێشنیارێکیان هەبێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێ.. منیش پێشنیاری ئەوەم بۆ کردن کە بەرنامەیەك دابنێن تایبەتی بکەن بەو بیرمەند و کەسایەتییانەی کە بیرکردنەوەکانیان جیاوازە لە دید و بۆچوونی زۆرینەی خەڵك، گرفتیش نابێ ئەگەر لە سەرەتای بەرنامەکەدا ئاماژە بەوە بدەن کە ئەم بەرنامانە تەنها تایبەتن بە کەسانی پێگەیشتوو..

بەرنامەی لەو جۆرە بە تەنها سەرنجی بینەر بە لای خۆیدا ڕاناکێشێ، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانیان بۆ ساغ بێتەوە (ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێ: هەرکات بۆچوونە نادروستەکانت زانین، حەق و ڕاستیت بۆ بەدەر دەکەوێ).

بە پێشنیارەکەم سەرسام بوون! بەڵام لە هەمان کاتدا لەوەش دەترسان کە بەرنامەیەکی لەو جۆرە ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو بینەرانەی کە زۆر پابەندن بە بۆچوونەکانیان، بەڵام لە ڕاستیدا بۆچوونە پابەندەکانیان دوای چەند ساڵێك خۆیان وازیان لە سەیرکردنی ئەو کەناڵە هێنا (لەبەر ئەوە نا کە ئەوان وازیان لە بۆچوونەکانی خۆیان هێنابێ)، بەڵکو لەبەر دووبارەیی و هاوڕایی بابەتەکانی ئەو کەناڵە دووچاری بێزاری و وەرسی بوون، چونکە هەمان ئەو شتانەیان دەبیست کە خۆیان دەیانزانی و باوەڕیان پێیان هەبوو..

ئەوەش حاڵی ئێمەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە جیاواز لە

ئێمە بیر دەکەنەوە.. لە منداڵی بەردەوام بە دوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕام کە قەدەغە کرابوون، بە نهێنی دەمخوێندنەوە.. ڕۆژێکیان کتێبێکم بە ناونیشانی (ئەو کتێبانەی زانایان هۆشداریيان لەسەر داوە) واتە قەدەغەیان کردوون، بینیم زۆربەیان ئەو کتێبانەن کە بیر و هزری مرۆڤ دەکەنەوە و ئاسۆی بینیی فراوان دەکەن.

ئێستاشی لەگەڵبێ، من لەو بۆچوونە جیاوازانە فێردەبم کە لە دوو توێی کتێبێکدا هەن، تەنانەت لەسەر کەناڵەکانی یوتیوب.. دەتوانم بڵێم ئێستا جۆرێك لە بەرگریم لە دژی سەرجەم تەوژم و لایەنەکان پەیدا کردووە، توانای ئەوەشم هەیە کە زۆرینەی بۆچوونە واقعییەکان بەبێ لایەنگیری بۆ هیچ کەس و لایەنێك لە یەکتری جیا بکەمەوە.

فێربووم وابەستەبوون بە دید و بۆچوونێك لە بەهرە و بەخششی بەراوردکاری لە نێوان ڕاستی و ناڕاستی بێبەشت دەکەن.. وات لێ دەکات بۆ هەمیشە لە نێو زیندانێکدا ژیان بەسەر ببەیت کە کەسانێکی تر دروستیان کردووە..

بەڵێ، ئەو دەمەی تەنها ئەو بابەتانە دەخوێنیتەوە کە لەگەڵ دید و بۆچوون و ئارەزووەکانی تۆدا دەگونجێن، ئاستی مەعریفی و زانیارییەکانت سنووردار دەبن، لەبەر کەمیی سەرچاوە نا، بەڵکو لەبەر وێکچوویی و دووبارەبوونەوەی هەمان زانیاری لە کتێب و سەرچاوەکاندا، بەمەش دەبێ تۆ بەردەوام لە دەوری بازنەیەکی بەتاڵدا بخولێیتەوە..

بەڵام لە بەرامبەردا، ئەو دەمەی کتێبەکانت هەمەجۆر و هەمە دید دەبن، بواری ئەوە بە خۆت دەدەیت کە

بۆچوونەکان لە بێژینگ بدەیت و ئەو بۆچوونانە هەڵبژێری کە باوەڕت وایە دروستن و لەگەڵ کەسایەتی تۆدا دەگونجێن، هەر لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کردارەدا دەتوانی بۆچوونی سەربەخۆی خۆشت هەبێ..

لەبەر ئەم هۆکارە؛ لەسەر هەموومان پێویستە کە پەنجەرەکانمان بە ڕووی دید و بۆچوون و ئاڕاستە جیاوازەکانیشدا بکەینەوە، پێویستمان بەوە زیاترە و لێبوردەتر بین..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەرگیز لەو کەسە توورەمەبە کە هەڵەیەکت دەست نیشان دەکات، هەرگیزیش باوەڕ بەو ڕاوێژکارە مەکە کە تەنها گوێت بۆ دەگرێ.
- ڕەنگە لەگەڵ ئەو کەسانەی هاودید و هاوڕامانن ئاسوودەبین، بەڵام بەدڵنیاییەوە زیاتر لەوانە فێردەبین کە ڕایان لە ڕای ئێمە جیاوازە.
- کێشە لە دید و بۆچوونی هەمەجۆردا نییە، بەڵکو لە سووربوونی مرۆڤەکانە کە هەر یەکەیان باوەڕی وایە ئەو لەسەر بۆچوونی ڕاست و دروستە.

❊❊❊

## چۆن بڕیارت لەسەر دەدەن؟

خەڵـك، کەسـانی بێگانــە تەنهـا لـە میانـی دە چرکـەی سـەرەتای بینینـدا هەڵدەسـەنگێنن..

ئێسـتا سـەرنجی کاتژمێرەکـەت بـدە، خەیاڵـی ئـەوە بکـە تـۆ لـە پێش ماڵەکـەی خـۆت وەسـتاویت و کەسێکی بێگانـە دێـت و لێـت نزیـك دەبێتـەوە، تەنهـا لـە مـاوەی دە چرکـە، تـۆ بـە پشتبەسـتن بـە شـێوازی ڕۆیشـتنی و ڕەنـگ و ڕووخسـار و ئۆتۆمبێلەکـەی و شـێوازی قسـەکردنی.. بڕیـاری لەسـەر دەدەی، بـەو شـێوەیە تـا دەگاتـە لای تـۆ، تـۆ بـە گوێـرەی پێوەرەکانـی هەڵسـەنگاندنی خـۆت شـێوەیەکی تـرت بـۆ ئەو کەسـە دروسـت کـردووە، هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەو شـێوەیەش تـۆ مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکەیـت.

چونکـە تـۆ لـە منداڵییـەوە نایناسیت، هەروەها لەبـەر ئـەوەی دوێنێـش نەتبینیـوە، ئـەوەی لەبـەر دەسـتی تۆدایـە ئەوەیـە کـە لەسـەر شـێواز و ڕواڵـەت و ڕووکەشـی کەسـەکە و شـێوازی ڕۆیشـتن و قسـەکردنی بڕیـار لەسـەر کەسـایەتییەکەی بدەیـت.

بڕیاردانـی لـەو جـۆرە و بـەو ڕێگەیـە (ڕواڵەتـی و خێـرا) سروشـتێکی ڕەسـەنی مرۆڤەکانـە، هـەر لـە سـەردەمی ئەرسـتۆ، بـاوەڕی بـاوی ئەوسـا وابـووە کـە هـەر نیشـانەیەکی سـەر ڕووخسـاری مـرۆڤ ڕەنگدانـەوەی تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتێکی

ناوەکـی مرۆڤـە. لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆشـدا "دیـان بـری" (مامۆسـتای زانسـتی دەروونناسـی لـە زانکـۆی دالاس) ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە و دەڵـێ: ئێمـە ئێستاشـی لەگەڵبێ پشـت بـە نیشـانە و جووڵەکانـی ڕووخسـار و ڕواڵەتـی دەرەوە دەبەسـتین بۆ پۆلێنکردنـی کەسـەکان و بڕیـاردان لەسـەریان بـە خێراییەکـی زۆر.. ئـەم ڕاسـتییەش بـە پشتبەسـتن بـە چەندیـن ئەزمـوون چەسـپێنراوە، بەوپێیـەی زۆربـەی کەسـەکان باوەڕیـان وایـە کـە توانـای ئەوەیـان هەیـە لـە ڕێگـەی ڕووخسـارەوە کەسـە تاوانبـار و بێتاوانـەکان لـە یەکتـری جیـا بکەنـەوە، ئەمـەش تەنهـا بـە سـەیرکردنیان لـە ڕێگـەی (وێنـەی فۆتۆگرافـی).

دەرهێنەرانـی سینەماش درکیـان بـەو ڕاسـتییە کـردووە، هـەر بۆیـە هـەوڵ دەدەن ڕۆڵـە باشـەکان بـە کەسـی بـاش بـدەن، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پەنـا بـۆ میکیاژکردنیـان دەبـەن، تـا بـە ئێمـە بڵێن ئـەوە کەسـێکی باشـە، ئـەوەی تریـان خـراپ و ئـەوەی تریشیان قوربانییـە.. بـۆ نموونـە: کەسـی تاوانبـار لـە فیلمـە کابۆییەکانـدا هەمیشـە کەسـێکی قێزەونـە و پیسـە، بـەڵام پاڵەوانـی فیلمەکـە، خاوەنـی لەشـولارێکی ڕێـك و پـاك و خاوێنـە، زۆر جاریـش ڕەنگـی قـژی خەنەییـە.

بـە بۆچوونـی خاکیانـەی خـۆم، ئێمـە خاوەنـی عەقڵێکـی بەردینیـن لـەوەی پەیوەسـتە بـە بڕیاردانـی خەڵـك، چونکـە ئێمـە لـە یەکـەم بینیـن کەسایەتییەك بـۆ کەسـەکان دروسـت دەکەیـن کـە زۆر ئەسـتەمە بگـۆڕێ، تەنانـەت ئەگـەر دەیـان جـاری تریـش ببینیتـەوە و لەگەڵیـدا دابنیشـی، ئـەوا تـۆ هـەر هەمـان ئـەو بیرکردنەوەیـەت بـۆی هەیـە کـە لـە جـاری یەکـەم بـۆت

هەبوو، بۆ نموونە: ئەگەر بە بیری خۆمان گوتمان ئەو کەسە (ترسنۆکە) بەڵام دواتر، دوای دانیشتن و قسە لەگەڵ کردن بۆمان دەرکەوت کە (ئازا و بوێرە) ئەوا سیفەتە ڕاستەقینەکەی خۆی بە نمایش و بانگەشە دەزانین.

خۆ ئەگەر لەسەرەتا بینینەوە بڕیار لەسەر کەسەکە بدەین کە ئەوە کەسێکی باش و دڵسۆز و ڕێکوپێکە لە کارەکەیدا، بەڵام دواتر بینیمان کە کەسێکی کەمتەرخەم و بێ موبالاتە، ئەوا دەیان بیانووی بۆ دەدۆزینەوە (بارودۆخی تەواو نییە).

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بیانوانە پێویستە سەرەتا ئاڕاستەی خۆمان بکرێن، پێش ئەوەی ئاڕاستەی هەر کەسێکی تر بکرێن، دانانیشمان (بە شێوازە نوێیەکە) ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەڵەمان کردووە لە بڕیاردانەکە.

هەروەها، سەرنج بدە، ئێمە زۆر جار لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە بڕیار لەسەر کەسەکان دەدەین، ئەو جۆرە بڕیارەش بڕیارێکی ئامادەکراوە! چونکە ئەو کەسەی هەواڵێکت لە کەسێکەوە بۆ دەگوازێتەوە، ئەو پێشتر بڕیاری خۆی لەسەر داوە و بەو شێوەیەش بۆت باس دەکات کە تۆش هەمان بڕیاری لەسەر بدەیت! بەڵام ڕەنگە کەسی سێیەم هەواڵەکە وەك خۆی نەگەیەنێ، یانیش لە باسکردنی کەسەکە ڕاستگۆ نەبێ، ڕەنگە زۆر جاران تەنها بۆچوونە خراپەکانمان بۆ بگوازێتەوە.. جا بۆچوونی کەسی سێیەم ڕاست بێ یاخود نا، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بۆچوونی ئێمەش دروست دەکات، ئەمەش ڕێك ئەو کارەیە کە پەروەردگاری مەزن ئێمەی لێ ئاگادار کردووەتەوە و دەفەرمووێ:

((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)) [الحجرات : 6].

واتـه: ((ئـهى ئهوانـهى باوهڕتـان هێنـاون ئهگـهر كهسێكى متمانهپێنهكـراو ههواڵێكـى گرنگـى بـۆ هێنـان، خێـرا بـڕواى پـێ مهكـهن، بهڵكـو سـهرنج بـدهن، لێـى بكۆڵنـهوه تـا بۆتـان ڕوون دهبێتـهوه، نهوهكـو ئـازار و ناخۆشـى و گیروگرفـت بـۆ خهڵكـى دروسـت بكـهن بـه نهزانـى، جـا دوايـى پهشـيمان ببنـهوه لـهو كارهى كـه پێـى ههسـتاون)).

بۆيـه ئهوانـهت بـۆ بـاس دهكـهم تـا ئـاگادارى ئـهوه بيـت كـه ئێمـه چۆن بـه ڕواڵـهت و ڕووكهشـى بڕيـار لهسـهر كهسـهكان دهدهين.

تـا ترسناكى ئـهو جـۆره بڕيارانـهت بيـر بخهمـهوه و ههرگيـز بـه بينينێـك، يـان لـه ڕێگـهى كهسـى سـێيهمهوه بڕيـار لهسـهر كهسايهتى هيـچ كـهس نهدهيـت.

بـۆ ئـهوه بـۆت بـاس دهكـهم تـا لـه ڕێگـهى بۆچـوون و بڕيارێكـى ئامـاده و بـه ميـرات هاتـووهوه بڕيـار لـه دژى هيـچ لايهنێـك نهدهيـت (چونكـه كۆمهڵگـهكان چهنديـن بۆچوونـى ئامادهيـان سـهبارهت بـه گـهل و كۆمهڵگهكانى ديكـه بـه ميرات بـۆ نهوهكانيـان بهجـێ هێشـتووه).

**- كهواتـه، چـۆن بـه ڕێگهيهكـى دروسـت بڕيـار لهسـهر كهسـهكان بدهيـن؟**

پێـش ئـهوهى وهڵامـى ئـهو پرسـيارهت بدهمـهوه، سـهرهتا ڕێگـهم بـده مـن پرسـيارێكت ئاڕاسـته بكـهم:

ئهسڵهن بۆچى دهتهوێ بڕيار لهسهر خهڵك بدهيت؟

تۆ کێی تا دروستکراوەکانی خودا لە نێوان چەندین دەستە و پۆل و قالبدا پۆلێن بکەیت؟

ئایا یەکێك لە ڕەفتارە باشەکانی کەسی موسڵمان بریتی نییە لە وازهێنان لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە ئەوە نییە؟

ئایا باشتر و پەسەندتر نییە کە سەرەتا خۆمان بە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی خۆمانەوە سەرقاڵ بکەین؟

خەلیفە «هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك» نامەیەکی بۆ زانا و فەقیهـ «ئەعمەش» نارد، تیایدا داوای لێ کردبوو کە چاکە و جوامێرییەکانی «عوسمانی کوڕی عەففان» و خراپییەکانی « عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب» بۆ بنووسێ و بۆی بنێرێ.

ئەعمەشیش وەڵامی دەداتەوە و بۆی دەنووسێ: ئەگەر عوسمان بە ئەندازەی هەموو زەوی چاکە و جوامێری هەبێ، ئەوا هیچ سوودێك بە تۆ ناگەیەنێ، خۆ ئەگەر عەلیش بە ئەندازەی هەموو زەوی خراپەی هەبێ، ئەوا هیچ زیانێك بە تۆ ناگا، بۆیە وا باشتر لە خۆت ورد ببیتەوە.

بەڵام کە تۆ سووریت لەسەر هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر کەسێك (دەخوازم کە بۆ مەبەستی باشە بێت) سەرەتا لە تەندروستی و سەلامەتی سینەی خۆت دڵنیاببەوە، بە شێوەیەك هیچ کاریگەرییەك لەسەر بڕیارەکەت نەبێ، پاشان بۆچوونی سەربەخۆی خۆت هەبێ، ئەویش لەسەر بنەمای مەعریفەی کەسی و ئەزموونێکی قووڵ و ماوەیەکی درێژ خایەن..

## پوختەی تیۆرەکە

- بە چەند چرکەیەك بڕیار لەسەر دەوروبەرمان دەدەین، بە درێژایی تەمەنیشمان دەست بە بۆچوونی یەکەممانەوە دەگرین، دواتریش ناو لەوە دەنێین (زانستی ڕووخسارناسی).
- زۆربەی ئەو بۆچوونانەی باوەڕمان وایە بۆچوونی تایبەت بە خۆمانن، یان بە ئامادەکراوی بە میرات بۆ مان ماونەتەوە، یانیش لە کەسانی تر وەرمان گرتوون.
- خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە سەرقاڵی کەموکورتییەکانی خۆیەتی و وازی لە خەڵك هێناوە، تیاچوونیش بۆ ئەو کەسەی کە کەموکورتی خۆی لە بیر دەکات و بە شوێنکەوتنی عەیب و کەموکورتی خەڵکەوە سەرقاڵە (ئیبنولقەیم).

❊❊❊

## دزینی هەستەکان

ئەو خەڵکەی لە دەوروبەرت هەیە، یان وزەیەکی ئیجابییە و شتی جوانت بۆ زیاد دەکەن، یانیش وزەیەکی سلبین و لێت وەردەگرن.

هاندەربن یان هیوابڕ، گەشبینبن یان ڕەشبین، لایەنگربن یان دژ و بەرهەڵستکار؛ هیچ کام لەمانە بەبێ کاریگەری بەسەر تۆدا تێناپەڕن، چونکە لە کۆتاییدا هەموومان دروستکراوێکی کۆمەڵایەتین، بە هەموومان هەستەکانمان بڵاودەکەینەوە و کاریگەر دەبین و وەردەگرین و دەبەخشین.. بە دەوروبەرمان کاریگەر دەبین و خاڵی ئیجابی و سلبییان لێ وەردەگرین، دواتر هەمان ئەو شتانەی وەرمانگرتوون ئێمە بە خەڵکیان دەدەینەوە (دوای ئەوەی شتێکی خۆمانی لەگەڵ ئاوێتە دەکەین، هەروەك چۆن نامە ئەلیکترۆنییەکان دەستکاری دەکەین و دەیانگۆڕین).

چەند ساڵێك پێش ئێستا پارچە ڤیدیۆییەکی پیاوێکی دانای هیندیم بینی، کە بە (بریم ڕوات) ناسراوە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەوەی ئێمە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەین دەبێتە بەشێکی دیار لە کەسایەتیمان، بۆ نموونە کاتێك تۆ دڵەڕاوکێ و تووڕەیی مومارەسە بکەیت، ئەوا دەبیتە شارەزا لە بەکارهێنانیان، تا وای لێ دێ دەبێتە شتێکی سروشتی لە

کەسایەتیدا، ئەوسا بەوپێیەی کە زۆر دووبارەی دەکەیتەوە دەبیتە لێزانی ئەو بوارە، زۆر هەستیار دەبیت بەرامبەری، زۆر خێراش پێی کاریگەر دەبیت..

ئەو کاتەی بە بەردەوامی مومارەسەی دڵەڕاوکێی دەکەیت، ئەوا تیایدا دەبیت بە شارەزا، بە جۆرێك لەسەر زۆر شتی سادە و بێنرخیش دڵەڕاوکێ دەتگرێ، کە ڕەنگە ئەو شتانە تەنانەت بە خەیاڵی زۆربەی مرۆڤەکاندا نەیەن (وەك: دڵەڕاوکێت بۆ مردنت، پێش ئەوەی سەردانی ئەورووپا بکەیت).

هەروەها ئەو کاتەی تووڕەیی دەکەیتە ئامرازی هەموو کارێکت و زۆر دووبارەی دەکەیتەوە، ئەوا تیایدا دەبیت بە لێزان، تەنانەت بەو شتانەش تووڕە دەبیت کە خەڵك ئاوڕیشی لێ نادەنەوە (وەك: تووڕەبوونت لە نەکوژاندنەوەی گڵۆپی چێشتخانە لە لایەن هاوسەرەکەت).

هەروەها کاتێك گلەیی دەربڕین و بێزاری خۆت دەکەیتە عادەتێك و بەردەوام دووبارەی دەکەیتەوە، ئەوا لەو بوارەدا دەبیتە کەسێکی شارەزا، بە ئەندازەیەك لە هیچ شتێك ڕازی نابیت، هیچ شتێك سەرنجت ڕاناکێشێ، هەموو شتەکانی دەوروبەرت دەبنە شتی هەڵە و لە دیدی تۆ جێگەی ڕەخنەن..

ئەمە سەبارەت بەو شتانەی بە ئیجابی و سلبی پەخشیان دەکەین و بڵاویان دەکەینەوە.

بەڵام سەبارەت بەو شتانەی کە وەریان دەگرین، بە هەمان شێوە کاریگەریی ئیجابی و سلبییان لەسەر کەسایەتیمان

هەیە.

ڕاستە سۆزنواندنت بۆ دەوروبەرت شتێکی جوانە، بەڵام بێ ئەوەی خۆت هەستی پێ بکەیت، زۆر جاران پێچەوانە دەبێتەوە و غەمەکانیشیان هەڵدەگری، بۆیە پێویستە پێوەرێك بۆ سۆزنواندن و هەماهەنگیت لەگەڵ دەوروبەر دابنێی، من هەرگیز داوات لێ ناکەم کەسێکی توند و ڕەق بیت، بەڵام مادام ناتوانی کێشەی هەموو گەردوون چارەسەر بکەیت (لانی کەم ئەو کەسانەی لە دەوروبەرتن) بۆچی دەروونی خۆت لە ناو دەبەیت و قوربانییەکی نوێ بۆ جیهان زیاد دەکەیت؟

لە ساڵانی سەرەتای هاوسەرەگیریم، هاوسەرە پزیشکەکەم لە بەشی فریاکەوتن کاری دەکرد، ڕۆژانە هەواڵی ئەو منداڵانەی بۆ باس دەکردم کە دووچاری توندوتیژیی خێزانی دەبوونەوە، یان لەلایەن باوکیانەوە دووچاری سزا و لێدان بووبوون، یانیش هەڕەشەی کەسە نزیکەکانیان.. زۆر پەرۆش بووم بۆ حاڵیان، تا ڕۆژێك زۆر بە جددی و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: مادام نەتوانین هیچیان بۆ بکەین، چیتر ئەو چیرۆکانە بۆ من باس مەکە.

ئەویش لەو ڕۆژەوە هیچی تری بۆ باس نەکردم، بەڵام لە هەمان کاتدا منیش پەشیمان بوومەوە کە ئەو قسەیەم کرد، بۆیە بڕیارم دا نووسراوێکی فەرمی بە لایەنی پەیوەندار بنووسم، ئەویش هەر ئەو کات داوای لە من کرد کە ئەو پزیشکانەی بۆ کۆ بکەمەوە کە پەیوەندارن بە منداڵان، تا لە نزیکەوە لە دۆخیان ئاگادار بێت و خۆی چیرۆکەکانیان

گوێ لێ بێ.. لەمیانی ئەو کۆبوونەوەیەدا فەرمانی کرد بە پێکهێنانی لیژنەیەکی بەردەوام بۆ چاودێریکردنی منداڵان و پاراستنیان لە هەر توندوتیژییەکی خێزانی.

بەم ڕێگەیە من دەربازم بوو لە گوێگرتنی ئەو چیرۆکانەی کە دڵ دەکوشن و سینەت تەسك دەکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە شێوازێکی زۆر زانستی کارێکی باشم ئەنجام دا، کە هیچ کام لە پزیشك و ڕاوێژکارەکان ئەنجامیان نەدابوو، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە سێ ساڵ بوو بەشی فریاکەوتن لەو شوێنە هەبوو.

تۆش بە هەمان شێوە، مادام ناتوانی یارمەتی کەسانێك بدەیت، یانیش واقیعەکە بگۆڕی، ناچار نیت کە دونیایەك غەم و ئازار لە خۆت کۆ بکەیتەوە.. ئەگەر تۆ بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسانە دێی و دەچی کە هەمیشە سکاڵا و گلەیین، ئەوا دڵنیابە تۆش ئەو هەستانەیان لێ هەڵدەمژی و لێیان وەردەگری.. ئەو هاوڕێیەی بەردەوام سکاڵا دەکات و لە هیچ شتێك ڕازی نییە، ئەوە ئەو کەسە هاوڕێی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هەڵمژی هەستەکانە (لەسەر وەزنی هەڵمژینی خوێن)، هەستی تۆ دەدزێ، بۆ ئەوەی شکستی خۆی بشارێتەوە.. هەموو ئەوانەی کە دەتخەنە حاڵەتی بێهیوایی و ترس و دڵەڕاوکێ، دڵنیابە کە وزەیەکی سلبیت پێ دەبەخشن.

بۆیە ئەوەت پێ دەڵێم، تا بزانی ئێمە لە هەستەکانمان ئازاد نین، بەڵکو ئێمە بەردەوام کار لەسەر وەرگرتن و پەخشکردنی هەستەکان دەکەین.. چونکە هیچ دەرچە و

ڕێگەیەك نییە بۆ دەربازبوون لە کاریگەرییەکانیان، تەنها بە تێگەیشتن لە حاڵەتەکانی وەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکان لە نێوان یەکتری نەبێ.

بەوپێیەی تاك بە هاوڕێ و کۆمەڵەکەی کاریگەر دەبێ، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم کە لەمڕۆوە هاوڕێی گەشبین و بە هیوا و هاندەر بۆ خۆت هەڵبژێری، لە بەرامبەریشدا لەو کەس و کۆمەڵانە دووربکەویتەوە کە بەردەوام بێهیوایی و دڵەڕاوکێ و ترس بڵاو دەکەنەوە و هەستەکانمان دەدزن، پێغەمبەری خودا (ص) دەفەرمووێ: ((إذا قال الرجل هلك الناس، فهو أهلكهم)).

واتە: ((ئەگەر کەسێک گوتی خەڵک تیاچوون (بە هیلاک چوون) ئەوە ئەو کەسە لە هەموویان زیاتر تێدا چووە)).

*** 

## پوختەی تیۆرەکە

- لـە هەسـتەکانمان ئـازاد نیـن، زۆربەشـمان بـە بەردەوامـی کار بـۆ پێشـوازیکردن لـە هەسـتەکان و پەخشـکردنەوەیان بـۆ کەسـانی تـر دەکەیـن.
- ئـەوەی بـەردەوام کاری لەسـەر دەکەیـت، تیایـدا دەبیتـە شـارەزا.. لـە نێویشـیاندا کارکردنـت بـۆ بڵاوکردنـەوەی دڵەڕاوکـێ و تـرس و هەسـتی خـراپ..
- کارەکانـت ئاوێنـەی بیرکردنەوەکانتـن، ئـەوەی تەنهـا بیـر لـە ناشـیرینی بکاتـەوە، هەرگیـز جوانـی نابینـێ.

❋❋❋

## کەسانێک، کە ئامۆژگاریت دەکەم لێیان دوور بکەویتەوە

بە تەنها هەستدزەکان.. بەڵکو کەسانی شکستخواردوو، قسەهێن و قسەبەر، ڕەشبین، درۆزن، ڕەخنەگری بەردەوام و ڕووخێنەر، حەسوود... هەموو ئەو جۆرە کەسایەتییانە، ئامۆژگاریت دەکەم لێیان دوور بکەویتەوە...

ئامۆژگاریت دەکەم لە کەسی شکستخواردوو دووربکەویتەوە، چونکە شکست لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوزارێتەوە!

لەو کەسانەش دوور بکەوە کە قسە دەهێن و دەبەن، چونکە ئەگەر قسە بۆ تۆ بهێنن، قسەی تۆش دەبەن!

لە درۆزنیش بە دووربە، چونکە هەرگیز لەگەڵ تۆشدا ڕاستگۆ نابێ.

ئامۆژگاریشت دەکەم لە کەسی ڕەخنەگر و زار بە گلەیی دوور بکەویتەوە، چونکە کەسێکی دادوەر نییە و تەنها کەموکورتییەکان دەبینێ.

لەو کەسەش بە دووربە کە بۆچوونی خەڵك بە سووك سەیر دەکات و خۆی بە دادوەری ڕاستی و هەڵەی بۆچوونەکان دەزانێ، چونکە دڵنیابە تۆ لە لیستێکی هەڵاویرکراو و جیاوازی ئەودا نیت.

ڕەنگە بڵێی: بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەو سیفەتانەیان تێدا هەیە، خۆ ناشکرێ لە هەموو کەس بە دوور بکەوینەوە!!

ئەوەش ڕاستە، بەڵام ئێمە باس لە سیفەتە سلبییە زاڵەکانی هەندێ لە کەسەکان دەکەین، چونکە کەسانێك هەن ئەو سیفەتانەیان تیایدا بووە بە خاڵی دیاری کەسایەتییان (بۆ نموونە دەڵێن: درۆزنەکە هات، دووڕووەکە ڕۆیشت...).

بۆیە ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەنجامی بدەیت ئەوەیە، کە تۆ بە خێرایی ئەو جۆرە کەسانە لە یەکتری جیا بکەیتەوە، تا تۆ نەبیتە یەکەم قوربانی ئەو کەسانە.. هەر کەس تۆی جیا کردەوە بۆ ئەوەی بە جیا قسەت سەبارەت بە کەسێك لەگەڵدا بکات، ئەوا بزانە سیفەتی قسەهێنان و غەیبەتکردنی بەسەردا زاڵبووە.. بەڵام ئەو کاتەی لە بەرامبەر خەڵکدا ئامۆژگاریت دەکات و عەیبەکانت دەردەخات، ئەوا بزانە ئەو کەسە دەیەوێ بتشکێنێ و کەموکورتییەکەت بە ئامادەبوان بگەیەنێ، بۆیە لێی دوور بکەوە.. کەسی دادپەروەر و خاوەن کەسایەتی تەندروست هیچ کام لەو ڕەفتارانە ئەنجام نادات...

زۆرێك لە خەڵکی هەوڵ دەدەن لایەنێکی دیار بەسەر هەڵوێستەکانیاندا دیار نەبێ، بەڵکو هەمیشە دوو سیفەت لە هەڵوێستەکانیدا هەیە، بۆ نموونە لە هەڵوێستێکیاندا ڕاستگۆیی و زێدەڕۆیی کۆ دەکەنەوە، یان هاندان و ڕەشبینی، جیاوازی و پشتگیری، بێ ئەوەی هیچ سیفەتێکی سلبی پێوە دیاربێ، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ژەهراویکردنی بیرکردنەوەکانت و یاریکردن بە هەستەکانت و دزینی هەستەکانت.. ڕەنگە شتێکی سروشتی بێ ئەگەر هاوڕێکەت دوو سیفەتی دژیەکی

لەو جۆرەی تێدا هەبێ، بەڵام ئەو کاتەی سیفەتێکی سلبی دەخاتە نێو پەیوەندییەکەی لەگەڵ تۆدا، ئا لەوێوە پێویستە ڕاستەوخۆ لێی دووربکەویتەوە.

لە بابەتی "چی لە خەڵك وەردەگریت؟" ئەوەم پێ گوتی کە جوانترین و دیارترینی سیفەتی ئەو کەسانە وەربگرە کە لە دەوروبەرتدا دەژین، بەڵام ئێستا داوات لێ دەکەم ڕێك پێچەوانەکەی ئەنجام بدەیت، داوات لێ دەکەم لە هەموو مرۆڤێك دووبکەویتەوە کە هەڵگری سیفەتێکی سلبییە و تیایدا بووە بە سروشتێك، چونکە سیفەتە خراپەکانی ئەوان کاریگەری لەسەر کەسایەتی تۆش دەبێ، تا بێ ئاگاداری خۆت وەك ئەوانت لێ دێ.

من وەك خۆم، باوەڕم وایە کە هەموو مرۆڤێك سروشتی وەك ئەو کۆمەڵەیە لێ دێت کە بەردەوام لەگەڵیاندا دادەنیشێ و هاونشینیان دەکات، سەرنج بدە، هەر کۆمەڵە برادەرێك بەردەوام پێکەوە کۆ بنەوە (لە قاوەخانە، یان هەر شوێنێکی تر)، دەبینی لە زۆر سیفەتدا هاوبەشن، کە زۆر بە ئاسانی هەستیان پێ دەکرێ.. بوون بە هاوڕێ، تەنها لەبەر ئەوە نا کە لە تەمەن و پیشەدا لە یەکترییەوە نزیکن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە چەندین بۆچوون و بیرکردنەوە و هەڵوێستیشدا لە یەکترییەوە نزیکن.. خۆ ئەگەر لە بنەڕەتیشدا لە بۆچوون و دیدگاکانییەوە لە یەکترەوە نزیك نەبن و لە یەك نەچن، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات سیفەت و تەنانەت خووی یەکتریش هەڵدەگرن، تا لە کۆتاییدا لە زۆر شت هاوشێوەی یەکیان لێ دێ، بە بڕوای منیش شتێکی خراپ نییە، بە مەرجێ

لەو شتانەدا هەوڵی هاوبەشی بدەن کە ئیجابین و ڕەفتاری پەسەند و باشن.

ئەو کاتەی لە تەمەنی هەرزەکاری بووم، باوکم بەردەوام ئاگاداری دەکردمەوە هاوڕێیەتی کوڕێك نەکەم کە لە باڵەخانەیەکی نزیکمانەوە دەژیان (لە بابەتی داهاتوو دەیناسن)، لەبەر ئەوە نا کوڕێکی شەڕانگێز و خراپ بێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کەسێکی شکستخواردوو بوو و وازی لە خوێندن هێنابوو، باوکیشم لەوە دەترسا کە منیش وەك ئەوم لێ بێت. ڕاستی، من پەیوەندیم بەو کوڕەوە نەپچڕاند، چونکە کوڕێکی ڕێك و قسە خۆش بوو، چونکە لانی کەم ڕۆژانە پێنج جار منی دەخستە پێکەنین.. لە کۆتا ساڵی قۆناغی ناوەندیم (دوای ئەوەی شەوێکم لە بەندیخانەی پۆلیس بەسەربرد) بیرم کردەوە کە من چوار جار بە هۆکاری ئەو کەوتوومەتە ئەو شوێنە، هەروەها پێنج جاریش کەوتوومەتە بەشی هاتوچۆ، چەند جارێکیش بە پارە بووم بە کەفیلی، هەندێ جار لە کۆتایی هەفتەدا لەگەڵ ئەودا (200) کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل دەڕۆیشتین.. بیرم کردەوە، لە ناخی خۆمدا گوتم من بە هۆی هاوڕێیەتی ئەو کوڕە جوان و قسەخۆشە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەمرم، یان بۆ هەتا هەتا دەخرێمە زیندان.. گوتەی باوکم بیرهاتەوە، کە هەموو جار پێی دەگوتم: کوڕەکەم شکست وەك نەخۆشی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە، ئەوسا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە لەو خولەکەوە پەیوەندیی هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو کوڕەدا بپچڕێنم، یانیش پەیوەندی و کاتەکانم لەگەڵ ئەودا

زۆر کەم بکەمەوە.. ئەوەشم کرد.

**ئێستا:**

لەگەڵ مندا بیر بکەوە، بزانە چ کەسێکیش لە ژیانی تۆدا هەیە کە پێویستە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵدا بپچڕێنی (تەنانەت ئەگەر خۆشیشت بوێ)، بیربکەوە، ڕەنگە کەسەکە باشیش بێ، بەڵام یان بەردەوام خراپە بۆ کەسایەتیت دروست دەکات، یان یاری بە هەستەکانت دەکات، یانیش بیرکردنەوەکانت بەرەو خراپە دەبات (هاوڕێ بێ یان کەسی نزیک)..

ئێستا کتێبەکە دابخە و بیر بکەوە، لە سەرەتای خوێندنەوەی ئەم بابەتە کێ هاتە بیرت؟ کام هاوڕێ، کام خزم؟

## پوختەی تیۆرەکە

- لەو کەسانەش دوور بکەوە کە قسە دەهێنن و دەبەن، چونکە ئەگەر قسە بۆ تۆ بهێنن، قسەی تۆش دەبەن!
- کەسایەتییە خراپەکان وەك جگەرە و فشاری خوێن وان، (ڕاستەوخۆ ناتکوژن)، بەڵکو بە درێژایی تەمەنت ژیانت ژەهراوی دەکەن.
- پەیوەندیی تۆ بە دەوروبەرت وەك داری جوانیی وایە، ماوە ماوە پێویستە ئەو لایانەی بیڕی کە دێنە دەرەوە و جوانییەکەیان تێك دەدات.

***

## ئەوەی بە بچووکت دەزانیٚ!

یەکێك لە باشییەکانی پیشەی نووسەریم ئەوەیە کە لە زۆر شوێنی چاوەڕواننەکراو چاوم بە کەسانێك دەکەویٚ کە لێم دێنە پێش و خۆیان دەناسێنن.. ڕاستەوخۆ هەست بە خۆشەویستی و ڕێزیان دەکەم..

ڕۆژێك من لە یەکێك لە بازاڕەکانی مەدینە بووم، گەنجێکی زۆر بەڕێز و ڕۆشنبیر هاتە بەرامبەرم و پێی گوتم کە ئەو زۆر بە کتێب و وتارەکانم سەرسامە.. وەك ئەستێرەیەکی (ڕۆك) مامەڵەی لەگەڵ مندا دەکرد، وشەکانی ئەو وایان لیٚ کردم هەست بە غروری بکەم، سەرم گەیشتبووە پەڵە هەورەکان! لە کاتێکدا من گوێم لە وشەکانی ئەو ڕاگرتبوو، ئەویش لەگەڵ قسەکانیدا موبایلەکەی دەرهێنا تا سێلفییەکم لەگەڵدا بگرێت، من زۆر بە متمانەوە بۆ سێلفییەکە وەستابووم، لە ناکاو شەقە زللەیەك لە پشتی ملم درا و کەسێك بە دەنگێکی زۆر بەرز گوتی: (چۆنی کوڕی جوان!!).

بینیم هاوڕێیەکی ئیزعاج و بێزارکەری سەردەمی کۆلانە، زۆر باش من دەناسیٚ، هیچ ڕۆژێکیش دانی بەوە نەناوە کە من نووسەرێکم بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بابەت دەنووسم.. بۆ چەند ساتێك بێدەنگ لە نێوان دوو کەسەکەدا وەستام، یەکێکیان بەو شێوازە بەرزە لێم دەڕوانیٚ و لە دوورەوە من

دەناسێ و وێنای کەسایەتیی منی لە بیر و زیهنی خۆیدا بە کەسایەتییەکی نموونەیی و جوان کێشاوە، بەلام ئەوەی دووەم هاورێییەکەمە و لە سەردەمی منداڵییەوە من دەناسێ، تەنها وەك هاورێیەکی کۆن سەیرم دەکات و وەك هەمان کەسی ئەوساش ڕەفتارم لەگەڵدا دەکات و زللەم لێ دەدات، بیر لەوە ناکاتەوە ئەمڕۆ چۆنم!

ئەو زللەیەی ئەو پەندێکی پێشینانی بیرخستمەوە کە دەڵێ: (ئەوەی بە بچووکی بتناسێ، بە گەورەیی بە کەم سەیرت دەکا).

ئەو پەندە ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە تا ئاستی نزیکیی کەسەکان لەیەکتری نزیکتر بێتەوە، ئەوا ڕێژەی زماندرێژی و بە کەم سەیرکردنی یەکتریان لە نێواندا زیاتر بەرز دەبێتەوە.. هاورێیەتی سەردەمی منداڵیمان لەگەڵ کەسێکدا وامان لێ دەکات هەمیشە بە کەم سەیری بۆچوون و بیرکردنەوە و سەرکەوتنەکانی بکەین، چونکە عەقڵی ناوەکی ئێمە دان بە سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی ئەو نانێ، چونکە دانهێنانمان بەو ڕاستییانە، ڕاستەوخۆ دانهێنانە بە دواکەوتنی خۆمان لەو ڕێچکەیە، ئەمەش قبووڵ نەکراوە، چونکە هاوتەمەن و هاوپۆلی یەکتر بووینە و بە یەکەوە لەسەر یەك هێڵ دەستمان پێ کردووە!

ئێمە خۆمان بە بێگانەکان بەراورد ناکەین (وەك دەوڵەمەندەکانی گۆڤاری فۆربس) یان بەو کەسانەی کە لە نزیکەوە نایانناسین (وەك ئەستێرەکانی سینەما و گۆرانیبێژەکان)، بەڵکو ئێمە خۆمان لەگەڵ هاورێکانمان بەراورد دەکەین،

هەروەها خۆمان بە کوڕە ئامۆزاکانمان بەراورد دەکەین، کە سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە و بوونەتە خاوەن پارەیەکی زۆر! بەڵام تۆش هەر لە شوێنی خۆت ماوی..! بۆمان گرنگ نییە ئەگەر هەرزەکارێکی فەڕەنسی پلەی دکتۆرا بەدەست بهێنی، یان منداڵێکی چینی دە زمان بزانێ، یان پشیلەیەکی ئەمەریکی نەوەد ملیۆن دۆلاری بە میرات بۆ مابێتەوە.. گرنگ ئەوەیە کەسە نزیکەکەی تۆ (یان ئەو هاوڕێیەی کە هەمیشە باوکت وەسفی دەکرد)، کە لەگەڵ ئەودا پەروەردە کراویت و گەورە بوویت بە هیچ کام لەو شتانە نەگات و بەدەستیان نەهێنی..

ئەمە تەنانەت لەسەر ئاستی وڵاتان و کۆمەڵگە و کەسایەتییە گەورەکانیش ڕوو دەدات، لە ژیانی کەسە گەورە و بلیمەتەکان ڕابمێنە، بۆت دەردەکەوێ کە زۆربەیان لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیانەوە زیاتر ڕێزیان لێ گیراوە و بە گەورە سەیرکراون بەراورد بە ئەو کۆمەڵگەیەی تیادا لە دایک بوون، بۆ نموونە: بوخاری، ئیبن سینا، ڕازی، موتەننەبی، داڤینشی و.. دەبینی زۆرێکیان ژیانیان لە هەڵاتنی بەردەوام دابووە، بەڵام لە وڵاتانی تر و کۆمەڵگەی غەیری کۆمەڵگەکەی خۆیان ڕێزی زۆریان لێ گیراوە. هەمان دیاردە بەرامبەر بە پێغەمبەرانیش ئەنجام دراوە، سەرنج بدە زۆربەی پێغەمبەران لە نێو نیشتیمان و گەلی خۆیاندا قبووڵ نەکراون و ئەشکەنجە دراون و دەرکراون..، یەکەم کەسیش کە بە پێغەمبەری ئازیزمانی گوت (مردن و تیاچوون بۆ تۆ ئەی موحەممەد) ئەبو لەهەب بوو، ئەوانەی لە مەککەش

دەریـان كـرد هـەر بریتـی بـوون لـە كەسـانی نزیكـی خـۆی، ئەوەشـی كـە بـە فەخـر و شـانازییەوە پێشـوازی لـێ كـرد وماڵەكانـی خۆیـان لەگەڵدا بـەش كـرد بێگانەكانـی مەدینـە بوون!

ئـەوەی سـەیرە، ئـەم دیاردەیـە تەنانـەت لـە نێوان تاكەكانـی نێـو یـەك خێزانیشـدا ڕوو دەدات، دەبینـی كـە شـێخێك، یـان زانایـەك، یـان بیرمەندێـك.. كاریگـەری گـەورەی لەسـەر هـەزاران كـەس هەیـە، بـەڵام ناتوانـێ كاریگـەری لەسـەر ئـەو كـوڕ و كچانـە دروسـت بـكات كـە هەمـوو ڕۆژێ دەیانبینـێ و دەیاندوێنـێ (بەڵكـو هەنـدێ جار ڕەنگـە بـە پیاوێـك گوزارشـتی بكـەن كـە ڕۆژگاری ئـەو تێپەڕیـووە).

هەڵوێسـت و دیـاردەی لـەو جـۆرە، ڕەنگـە بەسـەر تـۆش دابێـت، تەنانـەت لەگـەڵ نزیكتریـن كەسـت.. چونكـە ئـەوەی ڕوو دەدات (بـە نییەتپاكـی) لـە لایـەن كەسـە نزیـك و هـاوڕێ و دۆسـت و تاكەكانـی خێزانەكەتەوەیـە، ئـەوان چونكـە زۆر بـاش تـۆ دەناسـن، بۆیـەش ڕەنگـە زۆر جـار هـەر بـەو چـاوە سـەیرت بكـەن كـە لـە ڕابـردوودا هەبوویـت، بیـری منداڵییـان بەسـەردا زاڵـە، بـە ئەندازەیـەك كـە هەرگیـز ناتوانـن خەیاڵـی ئـەوە بكـەن كـە تـۆ ئێسـتا كەسـێكی تـری..

❊❊❊

## بۆچی ئەوەت پێ ڕادەگەیەنم؟

❊ تـا لـە چوارچێـوە و بازنـەی كۆمەڵایەتـی تەسـكی خۆتدا بـە دوای ڕێـز و ستایشـكردندا نەگەڕێیت.

* تا هەرگیز دوچاری بێهیوایی و شەرم لە خۆ کردنەوە نەبیت، ئەو کاتەی لەلایەن کەسێکی نزیکەوە، یان هاوڕێ، یان تاکێکی خانەوادەکەتەوە شەقە زللەیەك لە پشتی ملت دەدرێت.
* تا غەمی ڕەخنەکانیان هەڵنەگری و وانەزانی لە هەموو شوێنێك بەهای تۆ بەو جۆرەیە.
* تا بە سینەیەکی فراوان و بە ڕوحێکی وەرزشی هەموو زیادەڕۆییەکانیان لێ قبووڵ بکەیت.
* تا تۆش نەکەویتە هەمان هەڵەوە، پەیوەندییە کەسی و سەرکەوتنە تاکییەکانی هاوڕێکانت لەگەڵ یەکتری تێکەڵ نەکەیت.

لە کۆتاییشدا، بۆ ئەوەی دووچاری خۆپەرستی و نێرگزییەت نەبیت و ئەو باوەڕەت لا دروست نەبێ کە تۆ لە پێشەوا (ئەبو حەنیفە) باشتری، کە دایکی ئاگاداری فەتواکانی نەبوو، ڕێگەیەکی زۆری دەبڕی تا بچێ پرسیار لە شەرعزانێك بکات کە پێیان دەگوت (زرعة القاص) دوای ئەوەی تەواو گوێی بۆ دەگرت، شەرعزانەکە بە ڕووخساری دایکی ئەبو حەنیفە پێدەکەنی و دەیگوت (قسە هەر ئەوەیە کە ئەبو حەنیفە دەیڵێ).

***

## پوختەی تیۆرەکە

- کەسە نزیکەکانی خۆت خۆش بوێ، بەڵام ڕێگە بدە با بێگانەکان سەرکەوتنەکانت هەڵبسەنگێنن.
- تا کەمتر کەسەکان بناسین، زیاتر ڕێزیان لێ دەگرین و لە قەبارەی خۆیان زیاتر گەورەیان دەکەین.
- شەقە زللەی خۆشەویستان بە ڕوحێکی وەرزشی قبووڵ بکە، چونکە ئەوەی بە بچووکیی دەتناسێ، مەرج نییە هەموو کات لە گەورەییدا بە بچووکی بتبینێ.

***

## بەشێک لە گومانەکان گەمژەیین!

پێش ئەوەی پێت بڵێم کە بۆچی (بەشێك لە گومانەکان گەمژەیین) سێ چیرۆکی جوانت بۆ دەگێڕمەوە:

چیرۆکی یەکەم: ئەم چیرۆکە لە سالانی خوێندنم لە زانکۆی "مینیسوتا"ی ئەمەریکی لە کۆتایی هەشتاکان بەسەر خۆم هاتووە.

لە ڕۆژی یەکەمەوە بە شێوەیەکی بەردەوام خواردنی خۆم لە (بۆفیەی تایبەت بە قوتابیانی زانکۆ) دەخوارد، چێشتلێنەر و شاگردەکانیش هەموو دەم لە دواوەی مەنجەڵ و کەلوپەلەکان دەوەستان، تاوەکو قوتابییەکان هەرچییەکیان بوێ یارمەتییان بدەن، ئەوسا کچەقوتابییەکی یەهوودی سەرنجی منی ڕاکێشابوو، کە هەر لەو چێشتخانەیەش کاری دەکرد، وام هەست دەکرد زۆر لەسەر ئایینەکەی توندە (من لە میانی جلوبەرگییەوە لێیم دەخوێندەوە).. بیرم دێ من لە بەرامبەریدا ترسم لێ نیشتبوو، هەر لەگەڵ یەکەم بینینیشەوە ڕقم لێ بوویەوە، گریمانەی ئەوەشم لە مێشکی خۆم دانابوو کە ئەویش بە هەمان شێوە ڕقی لە منە.. هەر جارێك خواردنەکانم هەڵگرتبا و ئەویش کەوتبایە بەرامبەرم، ئەوا بە مۆڕەیەك نیگامان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە، بێ ئەوەی هیچ کەس بەو ڕەفتارەمان بزانێ..

کۆتا جار، زۆر بە تووڕەیی سەیرم کرد، قسەیەکیشم کرد کە جگە لەو هیچ کەسی تر گوێی لێ نەبوو.. ئەویش زۆر تووڕەبوو، لە دواوەی تەشت و مەنجەڵەکان سووڕایەوە و هاتە دیوی ئێمە، کارەکەی بەجێ هیشت و دەستەوانەکانی لە دەستی کردنەوە، زۆر بە توندی و تووڕەیی یەخەی کراسەکەی گرتم و گوتی: ئایا تۆ موسڵمانی؟ بوێری و ئازایی ئەو بۆ یەکەمین جار متمانەی لێ سەندم و بە ترسەوە گوتم: (بەڵێ، لەوانە، بۆچی؟) گوتی: ((چونکە تۆ بەردەوام لە گۆشتی بەراز دەبەیت و لە هۆکاری مۆڕە و سەیرکردنەکانی من تێ ناگەیت))!!

ئەم هەڵوێستە زۆر شەرمەزاری کردم، بەڵێ، ئەمە ڕێك دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەشێك لە گومانەکان تاوانن، هەروەها ئەوەش دەردەخەن کە بڕیاری پێشوەختە مێشکمان دادەخات و بەرەو ئاقارێکی تەسك و تەنگی دەبات..

دوای ماوەیەکی کورت لەو هەڵوێستە، بۆ یەکەمین جار سەردانی ئیتاڵیام کرد، بیرمە کتێبێکی ڕێبەریم خوێندەوە، کە ڕێنیشاندەرێکی گەشتیاریی زۆر باش بوو بۆ هەر یەك لە شارەکانی (ڕۆما و فلۆرەنسا و ڤینیسیا و تەواوی شوێنە گرنگ و دیارەکان..)، ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا سەرجەم کتێبەکان ئاگاداری گەشتیارانیان کردبووەوە کە لەو ناوچەیە دانەنیشن کە کەوتووەتە دەوروبەری وێستگەی سەرەکی لە ڕۆما (کە ناوی تیرمینی بوو) ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە دز و جەردە و قۆڵبڕی زۆری لێیە..

ڕۆژێکیان بە دیاریکراوی دەبوو ڕێك چووبام بۆ نزیکی

ئـەو شـوێنە، بـۆ ڕاسـتاندنی (تصدیـق) پلیتـی شـەمەندەفەری ئەورووپی، هـەر کـە لـە تەکسی دابەزیـم گەنجێکی باڵا نارێك هاتـە بەرامبـەرم، شـێوەی زۆر سـەیر بـوو، بـە زمانێـك بانگـی منی دەکـرد تێـی نەدەگەیشتم، لـە ناخـی خۆمـدا گوتـم ئـەو ڕێك ئـەو کەسـەیە کـە لـە کتێبـە گەشتیارییەکاندا باسـی لێوە کرابـوو، منیش خـۆم لـێ دزییـەوە، بەخێرایـی بـەرەو وێستگەکە هەنـگاوم دەنـا.. بـەڵام ئەویـش بـە دوامـدا هـات و وەك مـن خێرا دەڕۆیشـت، بـە دەنگێکـی بـەرز بەسـەرمدا هـاواری کـرد، منیش خێرایـی خـۆم زیاتـر کـرد، ئەویـش خـۆی خێراتـر هـات، لـە مـن خێراتـر، تـا گەیشـتە مـن، بـە ناچـاری وەسـتام و سـەیرم کـرد، هـەر کـە سـەیرم کـرد زۆر بـە تووڕەیـی دەسـتی بـە قسەکردن کـرد، بـە دەنگێکـی بـەرز! (وەك ئـەوەی کـە لەسـەر فەرامۆشـکردنی سەرزەنشـتم بـکات!) ئاخـۆ چـی بـوێ؟!!

ئـەو هاتبـوو دزدانەکـەم بداتـەوە، کـە لـە کاتـی دابەزینـم لـە تەکسـییەکە لێـم کەوتبـوو، ئەگەرچـی هـەر لـەوێ پێـی گوتبـووم، بـەڵام مـن لـە زمانەکـەی تێنەگەیشـتبووم..

بۆ جارێکـی تـر زانیـم کە بەشـێك لـە گومانـەکان گەمژەیین، هـەر گومانێکـی لـەو جۆرەشـم کردبـێ، ئـەوا مێشـکمی بـە ئاڕاسـتەی تەسـکی و تەنگـی و هەڵـەدا بـردووە.

بـەڵام چیرۆکـی سـێیەمم لـە گۆڤـاری (ڕێـدەر دایجیسـت) خوێنـدەوە، کـە بـاس لـە دیبلۆماتکارێکـی ئەمەریکـی دەکات، لـە ڕۆژانـی جەنگـی سارد بانگهێشتێکی پێگەیشتووە بـۆ ئـەوەی لـە مۆسـکۆ ئامادەبـێ، پێـش ئـەوەی بچـێ بـۆ فڕۆکەخانـەی نیویـۆرك ئاگاداریـان کردبـووەوە کـە ڕووسـەکان جاسووسـیی

لەسەر دەکەن، هەروەها دەیخەنە هوتێلێکەوە کە تایبەتە بە کەسانی بێگانە و پڕە لە ئامێری هەواڵگری.. بەم جۆرە هەر کە دەگاتە هوتێلەکە دەست دەکات بە گەڕان بە دوای ئامێر و مایکرۆفۆنی دەنگهەڵگر (لە نێو تابلۆ و لەمپا و کورسی، تەنانەت لە ناو سەماعەی تەلەفیزیۆن..) زۆر گەڕا، تا بێئومێد بوو لە دۆزینەوە ئامێرەکان.. لە ناکاو دوو وایەری لێکبەستراوی بینی، کە لە سەرەوەی ژووورە تەختەییەکە لێك ئاڵێندرابوون، دڵی خۆش بوو، دڵنیابوو لەوەی کە ئەوەی ئەو بە دوایدا دەگەڕا دۆزیەوە، دواتر داوای تێلبڕێکی بەهێزی کرد و بۆیان هێنا، پاشان دەستی کرد بە بڕینی وایەرەکان، تا بە تەواوی پچڕاندنی و لێکی کردنەوە، ئەوسا چووە سەر قەرەوێلەکەی بۆ ئەوەی بخەوێ.. هێندەی نەبرد دەنگی فیکەی کارمەندی فریاگوزاری بەرزبوویەوە، هەروەها دەنگە دەنگ کەوتە نێو تەواوی هۆتێلەکە، دەنگی سەماعەکە بەرز بوویەوە، ئینجا ئەو دیبلۆماتکارە پرسی: ئەوە چی ڕوو دەدات؟ فەرمانبەری نووسینگەی پێشوازی وەڵامی دایەوە و گوتی: ( نیگەران مەبە گەورەم، ئەو چرایەی بە ژوورەکەی تۆ هەڵواسرابوو کەوتە خوارەوە و کەوتە سەر سەری نوێنەرە بەلجیکییەکە).

- ئێستا:

دەزانی بۆچی ئەو چیرۆکانەم بۆ گێڕایەوە؟

* یەکەم: بۆ ئەوەی گومانی پێشوەختە بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە سەرمەشقیت نەکات و بەرەو بڕیاری هەڵەت نەبات.

* دووەم: بۆ ئەوەی هیچ گریمانەیەکی خراپ بەسەرتدا زاڵ نەبێ و لە ئاست بۆچوون و بیرکردنەوەکانی تر کوێرت نەکەن.
* سێیەم: تا هەست بەوە بکەیت کە پاشخانی بیرکردنەوەکانمان، بڕیارە پێشوەختەکانمان، ئەو چیرۆکانەی لەسەریان پەروەردە بووین، ڕەنگە مێشکمان بە ئاڕاستە هەڵەدا بەن و دووچاری ڕەفتارێکمان بکەن لێیان پەشیمان ببینەوە..

ئەگەر هەست بەو ڕاستییانە نەکەین، جگە لەوەی بەردەوام گومانی خراپ لە مێشکمدا گەڵاڵە دەکەین، هەروەها بیرکردنەوەیەکی کوێرانەش لە کەسانی تر وەردەگرین و هیچ گریمانەیەکی تر لە هزر و بیری خۆماندا دروست ناکەین..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- بەشێك لە گومانەکانت تاوانن، بەشەکەی تریش ڕێگریمان لێ دەکەن لەوەی بیر لە گریمانە ئیجابییەکان بکەینەوە.
- گومانەکانت هەر چەند خراپ بن، ئەوا هەمیشە ئامادەبە بۆ لە ئارادابوونی گریمانەیەکی ئیجابی، پێشبینینەکراو.
- بیرکردنەوە کەسییەکانی خۆت کۆمەڵە ڕاستییەکی پیرۆز نین، ئەو کاتەی هەردووکیان تێکەڵ دەکەیت، ئەوەی یەکەم دەبێ بە قوربانی.

❊❊❊

## کۆتا ڕەفتاری ساویلکە

هیچ پێناسەیەکی زانستی ورد بۆ ساویلکە و گەمژەیی و عەقڵسووکی نییە!

ڕاستە دەکرێ لە نێو خەڵکیدا تێبینی و بەرجەستەی بکەین، بەڵام تەنانەت کەسانی پسپۆڕ و شارەزاش لە پێناسە و پۆلێنکردنی کەسەکان ڕاجیاییان هەیە.

ساویلکەیی وەك ژیری و گەمژەیی (خەڵکانی دەوروبەر هەستی پێ دەکەن)، بەڵام زەحمەتە تۆ بتوانی پێوانەی بکەی و پێناسەیەکی زانستیی وردی بۆ دابڕێژی.

من وەك خۆم، باوەڕم بەو پێناسە فەرمییانە نییە کە بۆ ژیری و گەمژەیی و بلیمەتی.. کراون، پێناسەی من بۆ ئەوانە کاتییە و سیفەتی گۆڕانی تێدا هەیە، زۆر بەسادەییش پشت بەو ڕەفتارانە دەبەستێت کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین.. هەموو خەڵکی هەندێ جار بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە ڕەفتار دەکەن، هەندێ جاریش بەوپەڕی گەمژەیی، جار جارە بە شێوەیەکی ڕووکەشی و ڕواڵەتی ڕەفتار دەکەن.. هەر لەبەر ئەم هۆکارە باوەڕم بەوە نییە (شتێکی تەندروستیش نییە) کە لەسەر ڕەفتارێك سیفەتێکی بەردەوامی سلبی بەسەر هیچ مرۆڤێکدا بسەپێنرێ.. بۆ نموونە بەردەوام دووبارەکردنەوەی سیفەتی گەمژەیی یان ساویلکە بەسەر منداڵەکەتدا، دەبێتە

هـۆی لەدەسـتدانی متمانەبەخۆبـوون و بـە تێپەڕبوونـی کات ئـەو قەناعەتـەی لا دروسـت دەبـێ کـە ئـەو گەمژەیـە، یـان ساویلکەیە.. بۆیـە لـەو حاڵەتـەدا باشـترین شـت کـە ئەنجامـی بدەیـت ئەوەیـە کـە پێـی بڵێـی تـۆ کەسـێکی ژیـر و بلیمەتـی، بـەڵام ئەمجارەیـان (تەنهـا ئەمجارە) ڕەفتارەکـەت بـە شـێوازێکی نەگونجـاو و جیـاواز ئەنجـام دا، نابـێ دووبـارەی بکەیتـەوە.

سـەرەڕای ئـەوەی هەمووـمـان جـار جـار زۆر بـە سـاویلکەیی ڕەفتـار دەکەیـن - بـەڵام خـۆ ژیانمـان بـەو ڕەفتـارە بـە کۆتـا نایـەت- پێویستیش نـاکات کـە ئـەم ڕەفتـارە کاریگـەری بخاتـە سـەر ڕێزگرتـن لـە خـودی خۆمـان.. گرنـگ ئەوەیـە لـە هـەر ڕەفتارێکـی سـاویلکە، لـە هـەر هەڵەیـەك وانەیـەك فێربیـن و دووبـارەی نەکەینـەوە، بـۆ جـاری داهاتـوو هەڵەکەمـان بکەیـن بـە کردارێکـی جـوان و پەسـەند.. ئەگـەر جارێـك هەڵـەت کـرد، ئـەوە شـتێکی پێشـبینیکراوە، ئەگـەر ئـەو هەڵەیـەت دووبـارە کـردەوە، ئـەوا واتـای ئەوەیـە کـە تـۆ هیـچ وانەیەکـت لـە هەڵەکـەی پێشـووت وەرنەگرتـووە، بـەڵام ئەگـەر بـوو بـە سـێ جـار، ئـەوا بزانـە یـان ئەوەتـا تـۆ کەسـێکی سـادە و سـاویلکەی، یانیـش ئەنجامدانـی ئـەو جـۆرە ڕەفتارانـەت کـردووە بـە بژاردەی کەسـایەتیی خـۆت..

پرسـیارەکە بریتییـە لـەوەی: چـۆن بـە شـێوەیەکی پلەبەنـد ڕەفتـارە گەمـژە و سـاویلەکانە کانمان نەهێڵیـن؟!

وەڵام: لەمیانـی فێربـوون لـە ئەزموونەکانمـان و تێبینیکـردن و سـەرنجدان لـەو ڕەفتـارە سـادانەی کەسـانی دەوروبەرمـان ئەنجامـی دەدەن:

* بۆ نموونە ئێمە ئەو کاتانە بە سادەیی و ساویلکەیی ڕەفتار دەکەین کە متمانەیەکی کوێرانە بە دەوروبەرمان دەکەین، چونکە متمانە تەنها دوای مامەڵە و ئەزموون دروست دەبێ.. جا بۆ ئەوەی نەبیت بە کەسێکی ساویلکە، ئەوا هەرگیز متمانەی تەواو بەو کەسە مەبەخشە کە پێشتر مامەڵەت لەگەڵدا نەکردووە.
* هەروەها ئەو کاتەش ڕەفتاری ساویلکانە ئەنجام دەدەیت کە دەچیتە نێو ڕکابەرییەکی توند، یان مشتومڕێکی درێژ لەگەڵ کەسێکی نەفام، یان منداڵێکی بچووك، یان مرۆڤێکی زۆر ساویلکە... هەرگیز نەکەی ئەو ڕەفتارە ئەنجام بدەیت، ئەگەرنا خەڵکی چۆن سەیری ئەو دەکەن، بە هەمان شێوەش سەیری کەسایەتی تۆ دەکەن.
* ئەو کاتەش ڕەفتاری ساویلکانە ئەنجام دەدەیت کە زۆر بلێی دەکەیت و لە قسەکردن ناوەستی، یانیش دەتەوێ سەری مەجلیس و دانیشتنەکە لە کەسانێك وەربگریت کە بە تەمەن و پێگە لە تۆ بەرزترن، بەو باوەڕی کە تۆ بەو ڕەفتارەت بۆچوونی خۆت بەسەر هەموو ئامادەبواندا زاڵ دەکەیت و دەسەپێنی (دڵنیابە، ئا لەو کاتەدا خولەك بە خولەك بەڵگەیەك بۆ ساویلکەیی خۆت دەخەیتە ڕوو).
* ئەو کاتەش بە ساویلکەیی و نەزانی ڕەفتار دەکەیت کە باس لە نهێنییەکانی خۆت دەکەیت لە بەرامبەر کۆمەڵێ کەسدا، چونکە هەموو شتێ کە دەیزانی

شیاوی گوتن نییە، هەموو ئەوەشی کە دەیڵێی لە مەجلیسەکەدا ناوەستێ، تاکە کەسێکیش هەست بەوە ناکات، تەنها کەسی ساویلکەیە.

- هەروەها ئەو کاتەش بە سادەیی ڕەفتار دەکەیت کە هەست بە پێگەی کەسەکان نەکەیت، وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوڕێیانی خوێندنت دەکەیت بەو شێوەیەش بیت لەگەڵ خەڵکیدا.. بەڵکو پێویستە بە گوێرەی ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرمی و ئەکادیمی ڕەفتار لەگەڵ کەسەکاندا بکەیت، تا بتوانی ڕێز و خۆشەویستی هەموان بەدەست بهێنی.
- گومانیش لەوە دانییە، مرۆڤی ساویلکە باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات، هەموو قسەیەکیش دەگوازێتەوە، بە هەموو سەدایەك شایی دەکات.. هەرگیز بەو شێوەیە مەبە، بەڵکو بەردەوام بۆ قسە و ڕەفتارەکانت کۆمەڵێ فلتەر دابنێ، تا بەردەوام وەك پارێزبەندێك بن بۆ ڕەفتارەکانت و لە هەڵە بتپارێزن.
- بەڵێ، ساویلکەی ئەو کاتەی مشتومڕ دەکەیت، تەحەدا دەکەیت، لەسەر شتی زۆر سادە و لاوەکی ڕاجیایی دروست دەکەیت، چونکە بەشێك لە پرسەکان زۆر لەوە بچووکترن کە تۆ باسیان لێوە بکەیت و تیایاندا ڕۆبچیت، چونکە ڕۆچوونت لەو پرسە لاوەکی و سادانە وا لە خەڵك دەکەن کە کەسایەتی تۆش بەو سادەییە ببینن و لەو ئاستە سەیرت بکەن.
- بەڵام هیچ کام لەوانە بە واتای ئەوە نایەت کە

تۆ بە بێدەنگی بمێنیتەوە، یان بۆچوونت بشاریتەوە، یان ڕازی بیت لەسەر هەرچی دەگوترێ و ئەنجام دەدرێ، چونکە بەشدارینەکردنت (بە شێوەیەکی بەردەوام) بە واتای ئەوە دێ کە تۆ ناتوانی بگەیتە ئاستی دەوروبەرت.. بەڵکو ئەم پرسە پێویستی بە هاوسەنگییەکی ژیرانە هەیە، کە بزانی کەی قسە دەکەیت و کەی بێدەنگ دەبیت، کەینێش کەلوپەلەکانت کۆ دەکەیتەوە و دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکەت.

- کۆتا شتیش، ئەو کاتەی کە گوێ بۆ بۆچوونی کەسانی تر ناگریت و فەرامۆشیان دەکەیت و بیر لە وەڵامدانەوەیان دەکەیتەوە پێش ئەوەی لە قسەکانیان تەواو بن، ئەوا بزانە بە ساویلکەیی ڕەفتار دەکەیت.. (بابەتێکی تەواو بۆ گرنگیی گوێڕاگرتن تەرخان دەکەم.. هەڵبژاردنی بێدەنگی وەك هۆکارێك بۆ وەڵامدانەوە).
- هەموو ئەوانەی سەرەوە تەنها نموونە بوون بۆ شیکردنەوەی بیرۆکەکە و نزیك بوونەوە لە واتا..

ڕەفتارە سادەکان هیچ سنوورێکیان نییە، بەڵکو ڕۆژانە دەتوانی لە میانی سەرنجدانی ڕەفتارەکانی کەسانی دەوروبەرت شتی نوێ بدۆزیتەوە، گەمژەیی نوێ، کە پێشتر ئەنجام نەدراون بە چاوی خۆت ببینی..

گرنگ ئەوەیە تۆ کەسایەتی خۆت چەقبەستوو نەکەیت و لە ژیری و زیرەکیی خۆت کەم نەکەیتەوە و متمانەبەخۆبوونت لەدەست نەدەیت.. ڕەنگە پێویستیت بە

فێربوونی زیاتر نەبێ لە هەڵەکانی پێشووت، گرنگ ئەوەیە تۆ بەڵێنێک بە خۆت بدەیت کە جارێکی تر ئەو ڕەفتارە دووبارە نەکەیتەوە (کۆتا ڕەفتاری ساویلکە).

***

## پوختەی تیۆرەکە

- کەسایەتیت بە چەند هەڵوێستێکی شەرمهێن و ساویلکە کە پێیاندا تێدەپەڕیت، گەشە دەکات!
- ڕەفتارکردنی گەمژانە، کردارێکە لە هەموو کەسدا چاوەڕوانکراوە، بەڵام دووبارەکردنەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ دووچاری گەمژەیی مێشک بووی.
- ڕەفتارە ساویلکەکان سنوور و هێڵێکی کۆتاییان نییە، گرنگە ئەوەیە دووبارە نەکرێتەوە (کۆتا ڕەفتاری ساویلکە).

***

## بۆچی نابیت بە گەمژە؟!

ڕقم لەم قسەیەیە، بەڵام تا چەند مرۆڤ گەمژە و نەزانبێ، ئەوا زیاتر بێ کێشە و کەمتریش دووچاری ئازار دەبێتەوە!

ئەو کاتەی بە گەمژەیی لە دایك دەبیت، غەمی دونیا هەڵناگری، هەوڵی گۆڕینی گەردوون نادەیت، شتێکی وات نییە تا خەڵکی حەسوودیت پێ ببەن.. هیچ پۆستێك وەرناگری، هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیت نییە، قەناعەتت بەوە هەیە کە هەتە و داوای زیاتر ناکەیت.. هەموو شتێك تۆ ڕازی دەکات، بە هەموو بیانوێك باوەڕ دەکەیت، لە دونیا ساغ و بێ گرفت دەژی، لە ناخی دڵەوەش پێدەکەنی، تەنانەت بە نوکتەی زۆر بێ ماناش.

لە بەرامبەردا، لە حاڵ و دۆخی کەسە ژیر و زیرەك و ڕۆشنبیر و فەیلەسووفەکانی مێژوو ڕابمێنە، چۆن غەمی دونیایان لە کۆڵ ناوە، بەردەوام پەنجەی خۆیان گەزتووە لە بەرامبەر دەستەوەستانیان لە گۆڕینی گەردوون، بە دەست تێگەیشتنیان لە هەموو شتێکەوە دەناڵێنن، درك بە هەموو شتێك دەکەن، هەموو ئەو شتانەش دەبینن کە کەسانی تر ناتوانن بیانبینن.. زۆر بە جدیەتێکی گەورە بیر دەکەنەوە، بەردەوام هەوڵی چاککردنی کۆمەڵگە دەدەن، پەیامێکی گەورەیان هەڵگرتووە (هەرنا باوەڕیان بەو پەیامە هەیە) هیچ

شتێك ئەوان ڕازی ناكات و ناوەستن..

ویژەوانی ڕووسی "دوستویفسكی" دەڵێ: (زۆر هەستكردن نەخۆشییەكی ڕاستەقینەیە، مرۆڤی ئاسایی ئاستێكی ئاسایی لە هەستكردنی بەسە، تا ژیانێكی ئاسوودە بژیت).

نووسەری چیكی "فرانس كافكا" دەڵێ: (ترسناكتر لە مادده هۆشبەرەكان بریتییە لە زێدەڕۆیی لە تێگەیشتن و هەستكردن!).

فەیلەسووفی ڕۆمانی "ئیمیل سیوران" دەڵێ: (نەزانی نیشتیمانە، تێگەیشتنیش ئاوارەییە، هۆشیاریش نەفرینە، بۆیە هەست دەكەم من بێگانە و ئاوارە و نەفرینلێكراوم).

بەڵام موتەنەبی هەموو ئەوانە لە دێڕە شیعرێكدا پوخت دەكاتەوە و دەڵێ:

ذو العقلِ يَشْقَى في النَّعيمِ بِعقلِهِ … و أخو الجَهَالةِ في الشَّقاوَةِ يَنعَمُ

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە كردەیی ئەو پەیوەندییە پێچەوانەی نێوان ژیری و دڵەڕاوكێ دەبینرێ، دەبینی هەر كەسێ ئاستی ژیری زیاتربێ، ئەوا زیاتر دووچاری دڵەڕاوكێ دەبێ.. هەر خۆت سەرنج بدە، بزانە چۆن كەسە ژیرەكان دووچاری دڵەڕاوكێ و خەمۆكی بوونە لەوەی كە نەیانتوانیوە هەموو شتێك بگۆڕن..! گرنگ نییە لە ژێر كام تەوژم كار دەكەن، گرنگیش نییە سۆز و ئینتیمایان بۆ كام ئایدۆلۆژیا هەیە، بەڵام هەموویان لە هەڵگرتنی غەمی دونیا و دووچاربوونیان بە دڵەڕاوكێ یەكسانن.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە زۆربـەی ئـەو کەسـانەی لـە مێـژوودا دووچـاری زۆرتریـن غـەم و دڵەڕاوکـێ و خەفـەت بوونەتـەوە، بریتییـن لـەو کەسـانەی کـە لـە دەسـتەی بلیمـەت و کەسـە جیاوازەکانـن، ئەوانـەی غەمـی کۆمەڵگەیەکیـان لـە کـۆڵ نـاوە، یانیـش هەوڵیـان داوە سـتەمکاران بخەنـەوە سـەر ڕێگـەی ڕاسـت.. ئیبـن موقەفـەع، ئیبـن حەنبـەل، ئیبـن سـینا، سـوقرات، ئەفلاتـوون و.. هەمـوو ئەوانـە ژیـری بۆیـان بـووە بە دەردەسـەری و ناخۆشـی و هـۆکاری دووچاربوونیـان بـە دڵەڕاوکـێ..

- سۆقرات ناچارکرا ژەهر بخواتەوە.
- ئیبن موقەفع ناچارکرا جەستەی خۆی بخوات!
- ئیبـن حەنبـەل بـە قامچـی لێـی درا تـا ڕیخەڵۆکەکانـی ڕژان.
- لـە سـەردەمی جەنگـی هیتلـەر لەگـەڵ پۆڵەنـدا هەمـوو نووسـەر و ڕۆشـنبیران لـە سـێدارە دران.
- سەردەمی ستالین لە ئۆکرانیا، بە هەمان شێوە.
- لـە کەمبۆدیـاش «پـۆل بـۆت» هەمـان ڕەفتـاری دووبـارە کـردەوە... هەمـوو ئەوانـەش لـە ترسـی ئەوەبـوو تـا گـەل بـە ئـاگا نەیـەت و کاریگەرییـان لەسـەر کۆمەڵگـە نەبـێ.

بـە دڵنیاییـەوە هیـچ کام لەوانەیـان بەسـەر نەدەهـات ئەگـەر ئەوانیـش وەك خەڵکـی ئاسایی بوونایـە و تەنها سـەرقاڵی بژێویی ژیانـی خۆیـان بوونایـە و بـە پڕکردنـەوەی ئارەزووەکانیانـەوە خەریـك بووبـان.. بـە دیاریکـراوی کەسـە گەمژەکان لـە نیعمەت و ئاسـوودەیەکی زۆردا دەژیـن کـە زۆر کـەس حەسـوودی بـە حاڵیـان دەبـات، هـۆکاری ئـەو ئاسوودەیییەشـیان بـۆ ئـەوە

دەگەڕێتەوە کە زۆر بە دەگمەن بایەخ بە کێشەکانی جیهان دەدەن.

بە دیاریکراوی ڕێژە و ژمارەی ئەو کەسانەی نازانم کە دەیانەوێ لە قەیرانی فیکری ڕزگاریان بێت (ئەگەر بە دەست خۆیان بێت)، بەڵام لە فیلمێکی زانستی و خەیاڵی بە ناوی **(total recall)** خەڵکی لە دیدەنگەی تایبەت بە شوشتنەوەی مێشك دەتوانن یادگارییەکانیان بسڕنەوە و کەسایەتیی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن..

ڕاستی، من بە دووری نازانم کە لە داهاتوودا دیدەنگەی پزیشکی لەو جۆرە دروست بکرێ، تایبەت بکرێن بە لادانی هەڵئاوسانی تێگەیشتن، شێرپەنجەی هەستکردن، ڤایرۆسەکانی مەعریفەت.. لە ڕێگەی ئەو دیدەنگانەوە کەسەکان دەتوانن کەسایەتیی خۆیان بگۆڕن و ئاستی ژیریی خۆیان کەم بکەنەوە، تاوەکو ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە دڵەڕاوکێ بەسەر ببەن..

ئەو دەمە دەبیت بە کەسێکی گەمژە، ئەگەر بێتوو خەونەکانت لە بیر بکەیت، هیچ ئامانجێکت نەبێ، غەمی کۆمەڵگە نەخۆیت و هیچ پەیامێکت بۆ مرۆڤایەتی نەبێ..

ئێستا، ئایا لێم دەپرسی کە بۆچی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم نووسی؟!

لەبەر ئەوە نا کە تۆ گەمژەیت (چونکە کەسە گەمژەکان لە مەبەستی ئەم نووسینە ناگەن).

بەڵکو لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی ژیریت و بە دەست دڵەڕاوکێ و غەمی گۆڕینی نادادییەکانەوە دەناڵێنی و غەمی

دونیات خستووەتە سەر سەری خۆت.

بۆ ئەوە نووسیم؛ چونکە ئێستا یان دواتر، ڕۆژێك هەر دێ کە بە هۆکاری هەستکردنت بە هەموو شتێك دەناڵێنی..

بۆ ئەوە نەمنووسیوە تا ببیت بە گەمژە (وەك لە ناونیشانەکەدا دیارە) بەڵکو بە پێچەوانەوە، تاوەکو ژیر بیت و بۆ ڕابردوێك کە تێپەڕیووە و داهاتوێك کە هێشتا نەهاتووە دڵەڕاوکێ نەتگرێ، ئێستاش بە هەر بارودۆخێك بێت، هەر تێدەپەڕێ.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەگەر بە گەمژەیی لە دایك بیت، ئەوا بەخششێکی پەروەردگارە، بەڵام ئەگەر بێتوو ڕۆشنبیر بیت و خاوەنی پەیامێك بیت، ئەوا سەرکێشییە و بە دەستگیرکردن کۆتایی دێ.
- سروشتی مرۆڤ وایە سەبارە بە هەر بۆچوونێك کە دەخرێتە ڕوو بەش بەش بێ، ئەمەش ڕاڤەی ئەوەمان بۆ دەکات کە بۆچی (نیوەی گەل) ڕقی لە کتێبی بۆچوونە.
- دیکارت دەڵێ: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم).. خۆ ئەگەر ڕستەکەی درێژتر بکردبایەوە دەیگوت: تاکەکەسیشم، فرێدراویشم، هێندەشم نەماوە دووچاری شێتی ببم.

***

## ئەوەی ناترسێ، هێشتا لەدایک نەبووە!

شتێکی زۆر سروشتییە ئەگەر بترسیت و دڵەڕاوکێ بتگرێ، بەڵام هەرگیز ئاسایی و سروشتی نییە ئەگەر ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەست بەسەر کەسەیاتیتدا بگرێت و بەسەرتدا زاڵبێ، ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوام بەشێك لە ژیان و بیر و مێشك و ئارامیت لێ داگیر دەکات، دەتوانی لە ئینتەرنێتدا گەڕانێك بکەیت سەبارەت بە ترسناکی دڵەڕاوکێ و ترس لەسەر عەقڵ و ڕوح و جەستە..

گەڕانێکیش بکە سەبارەت بە کاریگەریی ترس و دڵەڕاوکێ لەسەر دڵ و دەمار و ئامێری بەرگری و هاوسەنگی هۆڕمۆنەکان، ئەوسا دەبینی کە مەترسی ئەو دوو هۆکارە زۆر زیاترە لە ئەگەری تووشبوونت بە هەر نەخۆشییەکی تر..

پێویستە جیاوازی نێوان ئەو هۆکارانە بکەیت کە بە کردەیی دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ (وەك نەخۆشکەوتنی یەکێك لە منداڵەکانت) لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە ڕەنگە هەر ڕوو نەدەن (بۆ نموونە دەرکردنت لەو پیشەیەی کە ئێستا هەتە).. ئەو کاتەی جیاوازیی نێوان ئەو دوانە دەزانی، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە هۆکارە ڕاستەقینەکانی دڵەڕاوکێ بە

سروشتی خۆیان زۆر کەمن، بەڵام هۆکارەکانی تر، کە سروشتی و لۆژیکی نییە ببن بە هۆکاری دڵەڕاوکێ گەلێك زۆرن، ڕەنگە لە ژمارە نەیەن..

هەموان ترسمان لە چەند هۆکارێکی لاوەکی بۆ دڵەڕاوکێ هەیە، بۆ نموونە: (ترسان لە بێکاری، چوونە زیندان، دووچاربوون بە شێرپەنجە..) بەڵام بە بۆچوونی تۆ ڕێژەی ئەو کەسانەی دووچاری ئەو نەخۆشی و گرفتانە دەبن چەندن؟ ئایا هیچ کام لەمانە لە تۆدا ڕوویان داوە؟ لە حاڵەتی ڕوودانیان، ئایا لە بەرامبەریاندا دەستەوەستان دەبیت؟!

توێژینەوەیەکی فەرەنسی هەیە، هەوڵی داوە گەورەترین نەخۆشی و گرفتی مرۆڤ دیاری بکات، ئەویش لە ڕێگەی پرسیارێکەوە کە ئاڕاستەی (24000) کەس کراوە، پرسیارەکەش بریتییە لە: ئایا گەورەترین بەڵا و موسیبەت کە لە ژیانتدا بەسەر تۆدا هاتووە چی بووە؟ دوای هەڵاوێرکردنی ئەنجامەکان و دیاریکردنی ڕیزبەندییەکە، دەرکەوتووە کە لە دەستدانی پیشە لە پلەی یەکەم دێت و لە دوای ئەو تەڵاق و لێکجیابوونەوە دێ، پاشان مردنی کەسێکی نزیك، لە دوای ئەویش گواستنەوە بۆ کار و پیشەیەکی نوێ...

پرسیاری منیش بریتییە لە: ئایا هیچ کام لەمانە لە تۆدا ڕووی داوە؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ئایا چەند چەند جار دووبارە بووەتەوە؟ لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی زیاتر لە جارێك، ئایا سەرنجت داوە کە بەڵا و نەخۆشی و ناخۆشییەکان کاتیین؟ بەڵام بیرکردنەوەی بەردەوام لێی ڕەنگە چەندین ساڵی ژیانت لەناو ببات!!

پێویستە بزانی کە (90%) ئەو شتانەی تۆ لێیان دەترسی و بۆیان دووچاری دڵەڕاوکێ دەبیت، هەرگیز ڕوو نادەن.. خۆ ئەگەر ڕووش بدەن ئەوا زۆر ئاسانتر و سووکترە لەوەی تۆ بیرت لێ کردبووەوە، جگە لەوەش کە بەڵێنی پەروەردگار لە دوای هەموو ناخۆشییەك خۆشیت دێتە ڕێ..

هیچ کەسێ ناتوانێ نکوڵی لەو ڕاستییە بکات کە ترس و دڵەڕاوکێ بەشێکی ڕەسەنی نێو ژیانی مرۆڤەکانن، بەڵام توانای مرۆڤەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان جیاوازە، کامەیان لە هەموویان بە تواناتر بێ، ئەوا لە هەموویان بە بەرگریترە، ئەوەی زۆریش بیریان لێ بکاتەوە، زۆرترین باج و نرخ دەدات لە بەرامبەر لێ دەربازبوونیان.

من وەك خۆم، توانیومە (90%) ترس و دڵەڕاوکێکانم کەم بکەمەوە، چونکە بۆم دەرکەوتووە (90%) ئەو هۆکارانەی ئێمە لێیان دەترسین زۆر بە دەگمەنی ڕوو دەدەن، یانیش هەر ڕوو نادەن..

لە کۆتا ئەزموونم کە ئەو ڕاستییەی فێر کردم، ئەوە بوو کە لە یەکەم سەردانم بۆ هیندستان لە ساڵی(2012) بەسەرم داهات، بە مەبەستی تەواوکردنی کتێبەکەم (دەربارەی جیهان لە 80 وتاردا) بڕیارمدا گەڕانێك بە کیشوەری هیندستان بکەم! تا دیارترین شتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە بنووسمەوە.. من ئەوسا زۆر لە ژینگەی ئەوێ دەترسام، زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە دووچاری نەخۆشی نەبم.. یەکەم جارم نەبوو کە گەشت بکەم، بەڵام چەند ڕاپۆرت و توێژینەوەیەکم سەبارەت بە پیسیی کەشوهەوا و ژینگەی هیندستان

خوێندبووەوە، کە تیایدا گەشتیاران ئاگادارکرابوونەوە کە ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن لە کاتی گەشتکردنیان بۆ ئەو وڵاتە.. بۆیە منیش چەند دەمامکێکم خستە جانتاکەمەوە تا خۆم لە هەوای پیس بپارێزم، هەروەها موعەقەمێك بۆ دەستەکانم و بەخاخێك بۆ دەرکردنی مێشوولە.. هەروەها لەگەڵ هەموو ئەو شتانەش کە هاوسەرە پزیشکەکەم بۆی دانابووم.. بەڵام دوای دوو مانگ لە گەڕان بە شارەکانی هیندستاندا، گەڕامەوە بێ ئەوەی هیچ کام لەو شتانە بەکاربهێنم کە لە جانتاکەمدا هەبوون.. پێش گەڕانەوەم هەستم کرد کە من زۆر زێدەڕۆییم کرد لە ترساندنی خۆم، بۆم دەرکەوت کە من دووچاری داشۆرینی مێشك بووم، لە ڕێی چەند گریمانەیەکی لاواز (ئەمەش ئەو بیرۆکەیە بوو کە لە وتاری پێشووتر باسمان لێوە کرد "بەشێك لە گومانەکان گەمژەیین").

زۆر بە سەلامەتی گەڕامەوە، لەوێوە بڕیارم دا کە چیتر خۆم بەو مەترسییە لاواوەکیانەوە سەرقاڵ نەکەم کە ئەگەری ڕوودانیان زۆر لاواز و دەگمەنە..

ئەوسا بۆم دەرکەوت تاکە شتێك کە پێوستە زۆر لێی بترسین بریتییە لە زێدەڕۆیی لە ترسان.. بۆم دەرکەوت ترسان لە پەڕینەوەی پردێك پێش ئەوەی پێی بگەی، یان ڕەنگە هەر بەسەریدا نەپەڕیتەوە دەبێتە هۆی تێکدان و لە ناوبردنی بەشێکی دیاری ژیانمان..

وەك سروشتی هەموو مرۆڤەکان، ئێستاش ترس و دڵەڕاوکێ دەمگرێ، بەڵام هەمیشە ئەو ئەزموونانەی پێشوو

بیر خۆم دەهێنمەوە، ئەو کارەش بەردەوام وام لێ دەکەن کە ئارامییەك بە خۆم ببەخشم و دڵنیاشبم لەوەی کە هەموو کارەکان بە خێر و باشە کۆتاییان دێ..

تۆش باشترین شت کە لە ئێستادا ئەنجامی بدەیت بریتییە لە دوورکەوتنەوە لەو بیرکردنەوانەی کە دووچاری ترس و دڵەڕاوکێت دەکەن و ئەگەری ڕوودانیشیان زۆر لاوازە، ڕاستە هیچ کەس زامنی ئەوەت بۆ ناکات کە بە ڕووداوێك بۆ ژیانی بەرزەخ نەگوازرێیتەوە (وەك دابەزینی نەیزەکێك) بەڵام زۆر ژیرانە و زیرەکانەیە ئەگەر هزر و بیرت بە بیرکردنەوە لەو شتە دەگمەنانە سەرقاڵ نەکەیت و ژیانی خۆت تێکنەدەیت..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ترسەکانمان سێبەری گەورە بۆ شتە بچووکەکان دروست دەکەن.
- هیچ گیراوەیەك نییە کە بە رێژەی (100%) ترس و دڵەڕاوکێ نەهێڵێ، بەڵام چەندین قەناعەت و ئەزموون هەن کە کاریگەرییەکەیان بە رێژەی (90%) دادەبەزێنێ.
- ئەوەی لێی دەترسی کە رووبدات گریمانەیەکە بۆ داهاتوو، کەواتە بۆچی ژیانی ئێستات تێکدەدەیت لەسەر شتێك کە ڕەنگە هەر ڕوو نەدات؟!

***




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " گەزەنگ مام بابۆ " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ئەوەی نەتکوژێ، بەهێزت دەکا

لە کتێبی (تەنها خودا توانای دروستکردنیانی هەیە) باسم لە چیرۆکی ئەو شیرفرۆشە کردووە کە فەزڵی داهێنانی دەرزیی نەخۆشیی دانکە (الجدري) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ڕۆژێکیان پزیشکی ئینگلیزی «ئێدوارد جینز» گوێی لە گفتوگۆی نێوان دوو شیرفرۆش دەبێ، یەکەمیان سکاڵای حاڵی گوندەکەی خۆی باس دەکرد، کە هەموو دانیشتوانەکانیان دووچاری نەخۆشیی دانکە بوونە، ئەوەی دووەم وەڵامی دایەوە و گوتی: من ناترسم دووچاری ئەو نەخۆشییە ببم، چونکە لە منداڵیدا دووچاری نەخۆشیی دانکەی مانگا بوومە.

بەمەش دوای دیراسەکردنی شیری مانگا «جینز» بۆی دەرکەوت کە شیری مانگا دەبێتە پارێزبەندێکی باش لە دژی ڤایرۆس.

هەر بۆ ئەو مەبەستە تاقیکردنەوەی لەسەر چەند کەسێکی تەندروست ئەنجامدا، ئەو ڤایرۆسەی بە شێوەیەکی ئاسان لەسەر تاقی کردنەوە، هەموویان تووشی ڤایرۆسەکە بوون، بەڵام بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات.

دوای ئاساییبوونەوەی کەسەکانیش دڵنیابوو کە ئەگەر ئەو کەسانە بە نەخۆشیی تر نەمرن، ئەوا بە درێژایی تەمەنیان

دووچـاری نەخۆشـیی دانکـە نابـن و تـەواوی تەمەنیـان بـە تەندروسـتی بەسـەر دەبـەن، لەوێـوە دکتـۆر جینـز پارێزبەنـدی لـە دژی نەخۆشییەکان دروستکرد، ئـەوەی لـە جیهانـی ئەمڕۆدا پێـی دەگوتـرێ بەرگـری (المناعـة)[2].

ئەگەرچـی ئـەم چیرۆکـە چیرۆکێکـی پزیشـکییە، بـەڵام ئـەوە هۆکارێکـی باشـە بۆ نزیکبوونـەوە لـە ناونیشـان و بنەمـای بابەتەکـەی ئێمـە کـە بریتییـە لـە «ئـەوەی نەتکـوژێ بەهێـزت دەکات» تەنانـەت بـۆ ڕوح و عەقـڵ و ژیانـی کەسـایەتی خۆشـمان.

بـە گوێـرەی ئـەو بنەمایـە، هـەر شـتێك نەمانکـوژێ، ئـەوا بەرگریـی زیاترمـان پـێ دەبەخشـێ بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەزموونـە قـورس و حاڵەتـە هاوشـێوەکان، کێشـە و گرفـت و ئاستەنگەکان هاوشـێوەی بەکتریـا و ڤایرۆسـن، یـان دەمانکـوژن و لەناومـان دەبـەن، یانیش بەهێزمـان دەکـەن و بۆ داهاتوویەکـی بێمەترسـی ئامادەمـان دەکـەن..

ئێسـتا لەگـەڵ منـدا ئـەو کێشـە و گرفتانـەت بژمێـرە کـە لـە میانـی ژیانـی ڕابردووتـدا هاتوونەتـە ڕێـگات و لێیـان دەرچوویـت، لـە دوای ئەوانیـش بەهێزتـر دەرکەوتـووی و هەسـتت بـە سـەرکەوتن زیاتـر بـووە.

تـا تەمەنـت هەڵکشـێ ئـەم هەسـتەش دووبـارە دەبێتـەوە، بـۆت دەردەکـەوێ ئـەو دوژمنانـەی کـە نەیانتوانـی بتکـوژن و سـەرکەوتوو نەبـوون لـە لەناوبردنـت (مەبەسـت لـە کوشـتن

(2) بنەمـای بەرگـری، پشـت بـە دەرزیلێدانـی کەسـانی تەندروسـت دەبەسـتێت، ئەویـش لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی میکرۆبـە لاواز یـان کـوژراوەکان، کـە توانـای کوشـتنیان نییـە، کـە وا لـە کەسـەکان دەکات لـە داهاتوودا بەرگـەی هـەر جـۆرە ڤایرۆسـێك بگـرن و سیسـتەمی بەرگریـی جەسـتەیان زۆر بەهێـز بـێ.

کوشتنی مەجازییە، بەو واتایەی کە ژیانت وێران بکەن و نەهێڵن بە سەرکەوتن بگەیت)، ئەوا بوون بە هۆکارێك بۆ ئەوەی تۆ بەم گۆڕانکارییە گەورانەی ئەمڕۆت بگەیت، ببیت بە خاوەنی ئەو بەهرانەی ئەمڕۆت، لەگەڵ ئەوانەشدا بەرگرییەکی زۆر بەهێزیان پێداوی تا زۆر بە ئاسانی ڕووبەڕووی میکرۆبە مرۆییەکانی داهاتوو ببیتەوە.

بۆیە ئامۆژگارییت دەکەم کە کار بە بنەمای «ئەوەی نەتکوژێ بەهێزت دەکات» بکەیت، هەر گرفت و حاڵەتێکت بەسەردا ڕەتبوو بیری خۆتی بهێنیتەوە، تا لەوە دڵنیابی کە هەر شتێك نەتوانێ لە ناوت ببات، ئەوا بەرگریی زیاترت پێ دەبەخشێ، ئەوەی ئەمڕۆش ڕقت لێیە و بە باشی نابینی، سبەی لە بەرژەوەندیی تۆ دەبێ، پەروەردگاری مەزن دەفەرموێ:

((كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)) [البقرة: ٢١٦].

واتە: ((... بەڵام لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێ بۆتان...)).

کاتێك لە دەرەوەی بواری پزیشکی بیر لەو بنەمایە دەکەیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە دکتۆر جینز یەکەمین کەس نەبووە کە ئەو بنەمایەی داهێناوە، هەموو کەسێك (لە نێویشیاندا دایك و باوکت) لە سەرەتای ساڵانی تەمەنیان هەر شتێك نەیکوشتبن، ئەوا بەهێزی کردوون و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەتر ئامادەی کردوون.

ژیانی ئێمە زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ فیلمە سینەماییەکان،

بەوپێیەی پاڵەوانی فیلمەکە بە زۆر بارودۆخی دژواردا تێدەپەڕێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەو براوەی یەکەم دەبێ.. بە منداڵی چیرۆکێکم خوێندەوە، ئێستاشی لەگەڵبێ هەر جارەی بە گرفتێك و یان کارێکی قورسدا تێپەڕبم بیرم دێتەوە، ئەویش بریتی بوو لە چیرۆکی داربڕێکی مەغروور و لەخۆبایی، ئەگەرچی دارستانەکە چەند ڕێگەیەکی هەبوو، بەڵام ئەو تەنها لە یەك ڕێگەوە دەچووە ناو دارستانەکە، چل ساڵی بەم جۆرە بەڕێکرد، هیچ ڕێگەیەکی تری تاقی نەکردبووەوە، لە ناخی خۆیدا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە ئەو شارەزاترین کەسە بە دارستانەکە، ڕۆژێکیان سەرقاڵی داربڕین بوو بارانێکی بەخوڕ دەباری، ئەو چیایەی لە نزیك دارستانەکە بوو دارما، هەرچی بەرد و خۆڵی چیاکەبوو هاتە سەر ڕێگاکە و ڕێگاکە گیرا.. پیاوەکە دەستاوەستان بوو، نەیدەزانی چۆن بچێتەوە، زۆر غەمبار و دڵتەنگ بوو، نەیدەزانی چی بکات! سات دوای ساتیش برسییەتی و تینوێتییەکەی زیاتر دەبوو.. دوای چەند ڕۆژێ.. لە دوورەوە بینی لە سەربانی ماڵەکەیان دووکەڵ بەرز دەبێتەوە (هاوسەرەکەی بەو مەبەستە سۆپای دارەکەی داگیرساندبوو تا بە دووکەڵەکە ماڵەکەی خۆی ببینێتەوە)، کاتێ ئەوەی بینی هەناسەیەکی هیوای هەڵمژی و بە ئاڕاستەی دووکەڵەکە ڕێگەی گرت، دوای چەند ساتێك ڕێگەبڕین، بە سەلامەتی گەیشتەوە ماڵەکەی. ئەوسا بۆی دەرکەوت کە بە چەندین ڕێگەی تریش دەتوانی بچێت بۆ دارستانەکە.. بۆشی دەرکەوت کە لە ڕێگەکانی تر داری یەکجار زۆری لێیە و

هێشتا دەستی مرۆڤەکانی پێ نەگەیشتووە.

بێگومان ئەزموونکردن و تاقیکردنەوە قورس و پڕ ئازارە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەنجامەکانیشی گەورە و بەهادارن.

پێش ئەوەی تۆش بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی هاوشێوەدا بڕۆیت، ئامۆژگاریت دەکەم کە خۆتیان بۆ ئامادە بکەیت، ئەویش لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی قووڵ.

ئەو ڕاهێنانەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی « ئەوەی نەتکوژێ بەهێزت دەکات» بە دەنگێکی بەرز، پێش نووستن ئەو کارە ئەنجام بدە، یان لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، یاخود لە بەرامبەر ئاوێنەی گەرماو (هەر جارێك ددانەکانت شوشتن).

وەك دەرمانێکی بەهێزکردنی بەرگری سەیری بکە، هەموو بەیانییەك بەکاری بهێنە.

بۆچی تا بەیانی چاوەڕێ دەکەیت؟!

هەر ئێستا ئەنجامی بدە، بزانە دوای (٢٥) جار دووبارەکردنەوە چی ڕوو دەدات: « ئەوەی نەتکوژێ بەهێزت دەکات».

***

## پوختەی تیۆرەکە

- کارەساتەکان وەك بەکتریا وان، یان دەمانکوژن، یانیش بەرگریمان پێ دەبەخشن.
- ئەو دەمەی باوەڕ بە بنەمای "ئەوەی نەتکوژێ بەهێزت دەکات" دەهێنی، ئەوا کەسێکی پارێزراو دەبیت لە هەموو حاڵەتێکی کتوپڕی داهاتوو.
- ژیان فیلمێکی دوورودرێژە، زۆر وێستگەی قورس لەخۆ دەگرێ، بەڵام هەمیشە لە بەرژەوەندیی پاڵەوانەکە کۆتا دێت.

***

## بڕیارەکانت بەو ئەندازەیە ئازاد نین وەک خۆت بیریان لێ دەکەیتەوە!

لـە بەرگـی یەکەمـی کتێبـی "تیـۆری فسـتق" باسـم لـە لۆژیـك کـرد، ئاماژەشم بـەوەدا کـە کۆمەڵێك بنەمـا ڕێگریمـان لـێ دەکـەن لـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی هەڵـە بیـر بکەینـەوە.. تیایـدا ئامـاژەم بـەوە کـرد کـە مرۆڤـەکان لـە بارودۆخـە ئاساییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر لە شتەکان ناکەنەوە، چونکـە لۆژیـك داوای هـۆکار دەکات لـە بەرامبـەر حـەز و ئارەزووەکانمـان، هەروەهـا بـە تـەواوی لـە لایەنگیـری و دەمارگیـری و بڕیـاری پێشوەختە داماندەماڵـی، هەبوونـی هەمـوو ئـەو حیسـاب و لێکدانەوانـەش لە کاروبـارە ئاساییەکان ئەستەمە و بیریـان لـێ ناکەینـەوە.

لـەم بابەتـە چەندیـن نموونـەی بڕیـار و ڕەفتـارت بـۆ دەخەمـە ڕوو کـە زۆربـەی جـار بەبـێ بیرکردنەوەیەکـی لۆژیکانـە دەیانگرینەبـەر (بـە دڵنیاییـش ئـەو هەڵوێستانەت بیـر دەخەمـەوە کـە تـۆ پێیانـدا تێپەڕیویـت) ئێمـە لێـرە تەنهـا وەك نموونەیـەك باسـیان دەکەیـن، کـە ڕەنگـە باسـکردنیان لای بەشـێکمان قورسـبێ، چونکـە ڕەنگـە زۆربـەی ئـەو بڕیارانـە لـە ژێـر فشـار و ئارەزووەکانمـان درابـن و خۆشـمان هەسـتمان پـێ نەکردبن..

بۆ نموونە:

* ئارەزووی بڕیارێك دەکەین کە پێشتر جارێکی تر تاقیمان کردووەتەوە:
* بۆ نموونە لە بری ئەوەی شتێکی نوێ تاقی بکەینەوە، وای بە باش دەزانین کە هەمان مارکە یان هەمان مۆدێل یان هەمان موبایل تاقی بکەینەوە و جارێکی تر بیکڕینەوە..
* ئارەزووی ئەوە دەکەین ڕاوێژ بەو کەسانە بکەین کە دەیانناسین و بۆچوونیان بەسەر ئێمەدا زاڵە.. هەر بۆیەش بەردەوام هاتوچۆی کەسە نزیك و هاوڕێکانمان بە باشتر دەزانین لە کەسانی بێگانە، یان ئەوانەی کە مامەڵەمان لەگەڵدا نەکردوون.
* بەردەوام ئارەزوومان بەرەو یەکەم شت دەچێ کە بۆمان دەخرێتە ڕوو، یان بۆمان پێشنیار دەکرێ.. بۆ نموونە: ئەو کاتەی گارسۆنی یەکێك لە چێشتخانەکان لیستێکی خواردەمەنیت بۆ دەخاتە ڕوو، بەڵام تۆ پێشتر ئەو خواردنانەت گوێ لێ نەبووە، ئەوا زۆربەی کات خواردن و بژاردەی یەکەم هەڵدەبژێری.
* ئارەزووی بەڕاستدانانی درۆکان دەکەین، بە تایبەتیش ئەو کاتەی لەسەر گوێچکەکانمان دووبارە دەبنەوە، ئەو کاتەش بۆ کەسێکی تر دەیگوازینەوە بەرگری لێ دەکەین.. ئەمەش ڕێك لەو هەڵوێستە سیاسییانە بەدی دەکرێ کە ڕۆژانە گوێمان لێ دەبن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دووبارەیان دەکەنەوە، کاتێك ئێمەش بۆ کەسێکی تری باس دەکەین زۆر بە گەرمی بەرگری

لێ دەکەین و دەمانەوێ ئەو درۆیانە وەك ڕاستی بگەیەنین.

* بە کاردانەوەیەکی زۆر تووڕە وەڵامی هەر ئاماژەیەك دەدەینەوە کە کار و پیشە و سەرکەوتن و ڕۆڵما لە ژیان کەم بکاتەوە.. هەر بۆیەش پەرلەمانتارە عەرەبەکان ئەو کاتەی کەسێك پرسیاریان لێ دەکات کە ڕۆڵیان لە بڕیاری سیاسیدا چییە؟ زۆر تووڕە دەبن.
* تا چەند تەمەنمان هەڵکشێ و گەورەتر بین ئەو باوەڕەمان زیاتر دەبێ کە کۆمەڵگە بەرەو خراپتر دەچێ.. هەر لەبەر ئەم هۆکارە؛ ئەو کاتە کە بەڵگەنامەیەکی فیرعەونی کە مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە دۆزرایەوە و تیایدا باسی لە سەردەم و نەوەی ئەم ڕۆژگارە دەکرد لام سەیر نەبوو!
* هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەین کە بۆچوونی بەرپرس و کەسە دیارەکان قبووڵ بکەین و گوێش بە بۆچوونی ئەوانی دیکە نەدەین.. هەر لەبەر ئەم هۆکارە؛ بە نوکتەی بەرێوەبەرەکە زیاتر پێدەکەنین لە نوکتەی پیاوە دەرگاوانەکە.
* هەمیشە نکوڵی لەو شتانە دەکەین کە لەگەڵ هەست و شعووری ئێمەدا دژ و پێچەوانەن.. بۆیە هەموو کات باوك بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێ، پاکانە بۆ ئەو کوڕەی دەکات کە پۆلیس سەرپێچییەکی لەسەر

تۆمار کردووە.

- باوەڕمان وایەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە سیاسییەکان و بانگەشە ئایدۆلۆژییەکان کاریگەرییان لەسەر هەموو کەس هەیە (جگە لە خۆمان).
- قبووڵی هەموو ئەو پێشهات و بانگەشانە دەکەین کە لەگەڵ پێشبینی و هیواکانی ئێمەدا هاوڕان.. هەر بۆیە بەشێك لە خەڵکی هەموو سحر و جادوێك بەڕاست دەزانن کە لەگەڵ حەز و ئارەزوو و پێشبینییەکانی ئەودا هاوڕان و پێچەوانە نین.
- ئارەزووی تۆمارکردنی یادگارییە ناخۆشەکان دەکەین و هەر زووش یادگارییە خۆشەکان لەبیر دەکەین، هەر بۆیەش ژنێکی تەڵاقدراو زیاتر یادەوەرییە ناخۆشەکانی مێردەکەی بیر خۆی دەهێنێتەوە، نەوەك یادگارییە خۆشەکان.
- ئارەزووی ئەوە دەکەین کە داهاتوومان بە پێوەری ئەزموونە سلبییەکانمان لە ڕابردوو بونیاد بنرێ، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش؛ ئەو کاتەی دەکەویتە کێشە و گرفتێکەوە، بەشێك لە خەڵکی پێت دەڵێن: "من دەمزانی ئەو شتە ڕوو دەدات".
- ئەو کاتەی سەرقاڵی ئەو شتانەین کە هۆگریان بووین و لەگەڵیان ڕاهاتووین ئارەزووی ئەوە دەکەین کات زوو بڕوات و تێپەڕێ، لەبەر ئەوەشە باوەڕمان وایە ئەو ڕێگەیەی لێی شارەزاین کورترە لەو ڕێگەیەی پێی نازانین..

* ئـارەزووی ڕەتکردنـەوەی هـەر زیادەیـەك دەکەیـن کـە دژیـەك بێت لەگەڵ ئـەو ئەنجامـەی پێیـەوە ماندووبووین، هـەر بۆیـە قورسـە لەسـەر لێکۆڵـەرەوەکان کـە قبووڵـی هـەر بەڵگەیەکـی تـر بکـەن لـە دوای ئـەوەی کـە دۆسـیەکەیان لەسـەر چەنـد بەڵگەیەکـی تـر هەڵچنیـوە.
* هەمیشـە ئـارەزووی گەورەکردنـی ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتیانـە دەکەیـن کـە پێـی کاریگـەری بووینـە و بەردەوامیش بەدەستییانەوە دەناڵێنیـن.. هەر لەبەر ئەوەشە لـە کەسـانێکەوە دەبیسـتین کـە قەیرەیـی و بێـکاری و هاتنـی کرێـکاری بیانـی و.. هـۆکاری هەمـوو کێشـەکانی کۆمەڵگـەن، هـەر ئەوەشـە هـۆکاری دواکەوتنمـان لـە ئەڵمانیـا و ژاپـۆن!
* لـە کۆتاییـدا، وا بیـر دەکەینـەوە کـە هەمـوو کارەسات و ڕووداوە خراپـەکان بـە هـۆکاری کەسـانی تـرەوە ڕوو دەدەن، نـەوەك ئێمـە، بـۆ تاقیکردنـەوەی ئـەوان ڕوو دەدەن، نـەوەك ئێمـە.

لەبەر چی هەموو ئەوانەت پێ دەڵێم؟!

لەبـەر ئـەوەی هەمـوو ئەوانـە، تەنهـا نموونـەن و کەسیشـمان لێییـان بـەدەر نیـن.

چونکـە تەنهـا نموونـەن، بـەڵام کاریگەرییـان لەسـەر بۆچوون و ئەنجامەکانمـان هەیـە، بێ ئـەوەی خۆمـان هەسـتی پێ بکەین.

لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی بڕیارەکانمـان کـە دەیانگرینەبـەر، یان شـێوێندراون، یانیـش لایەنگیریـان پێـوە دیـارە، یانیـش پێشـتر

دراون.

بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە، کە پێزانین و شارەزابوونی ئەو حەز و ئارەزووانە سەری داوەکەت دەخەنە دەست، بەمەش دەتوانی لایەنە کاریگەرەکانی تریشت بدۆزیتەوە، کە هەموویان پشت بە ئەزموونی کەسی دەبەستن.

بگەڕێوە سەرەتای بابەتەکە و جارێکی تر بیخوێنەوە، بیر خۆتیان بهێنەوە، بەڵێنیش بدە کە جارێکی تر لە داهاتوودا ئەو حەز و ئارەزووانە تێکەڵ بە بڕیارەکانت نەکەیت.

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- بە تەنها بیرکردنەوە کردارێکی ڕەسەنی مرۆڤ نییە، بڕیارە دروستەکانیش پەیوەندییان بەوەوە نییە کە ئێمە هیوای ڕوودانیان دەخوازین.
- بڕیارەکانت بەو ئەندازەیە ئازاد نین وەك خۆت بیریان لێ دەکەیتەوە، هەر کەسێکیش وا هەست بکات، ئەوا هەستی بەو حەز و ئارەزووانە نەکردووە کە کاریگەرن لەسەر بڕیارەکانی.
- شتگەلێکی زۆر هەن بە ڕاست و دروستیان دەزانین، یان بە هۆکاری ئەوەی کە ئارەزوویان دەکەین، یانیش کەسانێك هەن بەو جۆرە ئێمەیان ئامادە کردووە.

***

## چۆن بڕیاری گونجاو دەدەی؟

لەبەر چەندین هۆکار بیرکردنەوەی لۆژیکی لە نێو مرۆڤەکاندا بڵاو نابێتەوە، یەکێك لەو هۆکارانەش (خودی بارودۆخی بڕیاردانەکەیە).

خەیاڵ بکە - تەنها خەیاڵ- وای دانێ کە تۆ یەکێکی لە دەدەوڵەمەنترین کەسەکانی جیهانی، ڕۆژێکیان بە هۆکاری تێکچوونی مەکینەکەی فڕۆکە تایبەتەکەت دەکەوێتە بژاپۆنێکەوە، ئەگەرچی تۆ لە ڕووداوەکە ڕزگارت دەبێ، بەڵام لەبەر بێئاوی و تینوێتی بارودۆخت زۆر تێکدەچێ و دەکەویتە لێواری مەرگ، لەو حاڵەتە پەرداخە ئاوێك بە چەند دەکڕیت، ئەگەر کەسێك بۆت بهێنێ؟!

ڕەنگە زۆربەمان دوودڵ نەبین لە بەخشینی تەواوی سەروەت و سامانەکەمان (تەنها لە بەرامبەر پەرداخە ئاوێك).

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە چۆن بڕیارەکانمان بەگوێرەی بارودۆخ و پێداویستی و حاڵەتە کتوپڕەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، بەڵێ هەموویان بە گوێرەی دۆخی ئێمە گۆڕانیان بەسەردا دێ، ساتە سەخت و دژوارەکانیش بڕیارگەلێکمان پێ دەدەن کە هەرگیز پێشتر لە خەیاڵماندا بوونیان نەبووبێ.

تەنانەت گۆڕینی ئەو پێگە و چوارچێوەیەی ئێمە کاری تێدا دەکەین کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانمان هەیە، تەنانەت هەندێ جار ڕێك پێچەوانەی یەکترن، بۆ نموونە: گلەیی لە شۆفێران دەکەیت، ئەو دەمەی خۆت کەسێکی پیادەیت، بەڵام کە خۆت دەبیت بە شۆفێر گلەیی لە کەسانی پیادە دەکەیت. ئەو کاتەی بە کارێك دەچیتە فەرمانگەیەك لە بەرپرسی فەرمانگەکە نارازی و قسەی پێ دەڵێی، بەڵام ئەو دەمەی خۆت بەرپرسی، گلەیی لە خەڵك دەکەیت و پێت وایە کە ئەوان هاوکار نین. ئەو کاتەی قوتابی سکاڵای ستەمی مامۆستاکەت دەکەی، ئەو کاتەش کە مامۆستای سکاڵاکانت لە قوتابیان تەواو نابن...

تەنانەت هەڵوێستت بەرامبەر بە عیشق پشت بە ئاستی گیروگرفت و ئازارەکانت دەبەستێ، "موتەنەببی"یش ئەوەی لە دێرێکدا کۆکردووەتەوە و دەڵێ:

وَعَذَلْتُ أهْلَ العِشْقِ حتى ذُقْتُهُ
فعجبتُ كيفَ يَموتُ مَن لا يَعشَقُ

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە، ئێمە تەنانەت دوای ئەوەی هەست بە ملکەچیمان بۆ ئەو کاریگەریانە دەکەین، بەڵام لە بڕیاردانی نادروست سەلامەت نابین، ئەگەرچی چەندین ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەر هەن یارمەتیدەرێکی بەهێزن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بڕیاردانە خراپ و سلبییەکان.

ئەمەی خوارەوە وەك نموونەیەك وەربگرە:

- بنەمای (دواخستنی ڕازیبوون) کە لە فیلم و زنجیرەکاندا فێری بووم.. وەك پیاوانی سیاسەت و

گەورەی باندەکانەوە ئەنجامی بدە، بەجۆرێك نە ڕەت بکەیتەوە و نە ڕازیشبی، بەڵکو بەجۆرێك وەڵام بدەیتەوە کە کاتێك بۆ بیرکردنەوە هەبێ، بۆ نموونە: دەڵێی: "بیری لێ دەکەمەوە و وەڵامت دەدەمەوە" یان "کەمێك بوارم پێ بدە تا بابەتەکە تاوتوێ بکەم"..
هەموو کاتێك ئەو کارە ئەنجام بدە، بە تایبەت ئەو کاتانەی ڕاڕا و دوودڵی لە وەڵامدانەوە، یان زانیاری تەواوت لا نییە، یانیش گومانت لە نییەت و نیازی کەسی بەرامبەر هەیە..

* بەڵام هەندێ جار بیرۆکەکە ڕوون و ئاشکرایە و ئەنجامەکان دیار و دڵنیان، یان متمانەت بە خۆتە کە بڕیارێکی دروستت داوە، لەم حاڵەتەدا دواخستنی بڕیارەکە هەڵەیە و هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی دەرفەت، بۆیە پێویست دەکات لەم جۆرە بارودۆخانەدا بنەماکە پێچەوانە بکەیتەوە و پەلە لە ڕازیبوونەکەت بکەیت. سروشتی بڕیاردان وایە، کە هەموو خەڵکی تیایدا دوودڵ و ڕاڕان، هەندێ جاریش بیر لە ڕاکردن و خۆدزینەوە دەکەنەوە، تۆ ببە بەو تاکە کەسەی کە بەرهەمەکەی دەچنێتەوە و پێش هەموان دەستی خۆی بەرز دەکاتەوە.
* هەروەها یاسایەکی تر هەیە بە ناوی (101010) کە بە واتای بیرکردنەوە لە گریمانەی ئەنجامی هەر بڕیارێك دێ دوای دە خولەك، دواتر دە ڕۆژ، دواتر دە مانگ، ئەگەر هاتوو چارەنووسسازیش بوو،

ئەوا دە ساڵ. پێم وایە کە دە خولەك ماوەیەکی کورتە، بەڵام کاتێکی باش و گونجاوە بۆ ئەوەی کەسێك لە مردن ڕزگار بکرێ.. بەسە بۆ درکاندنی وشەیەکی خراپ، یان ناردنی نامەیەك کە لێی پەشیمان دەبیتەوە، یان فرۆشتنی کاڵایەك کە یان قازانج یان زەرەرێکی بە دواوە دێ، سا ئەگەر ئەمە حاڵمان بێ لەگەڵ (تەنها دە خولەك) دەبێ حاڵمان لەگەڵ ڕۆژ و مانگ و ساڵەکاندا چۆن بێ؟!

- دواتر ئەوەشت بیر بێ کە هیچ بڕیارێك بە ڕێژەی (100%) ئیجابی یان سلبی نییە، بەڵکو هەموو بڕیارێك ئاستێکی جیاواز لە خراپە و باشە لە خۆ دەگرێ.. ئەو کاتەی چاوەڕێی دەرفەتی تەواوکردنی دەکەیت بە ڕێژەی (100%) ئەوا دڵنیابە کە دەرفەتی بڕیاردانێك بە ڕێژەی (100%) لەدەست دەدەیت، بۆیە هەندێ جار ڕەنگە زۆرینە بکەیتە پێوەر، سەرەڕای هەبوونی چەند لایەنێکی سلبی لە بڕیارەکەدا.
- هەروەها، زۆر جاریش بڕیاری سلبی دەدەین، چونکە زۆر جار ئێمە جیاوازی لە نێوان ئارەزوو و پێداویستی و تواناکانماندا ناکەین.. بۆیە سەرەتا پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەو سێ چەمکەدا بکەین (ئارەزوو، پێداویستی، توانای دارایی)، هەمووان ئارەزووی ئەو کارانە دەکەین کە لەسەرووی توانا داراییەکانی ئێمەدان، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا شتانێکی پێویستن؟ ڕەنگە

ئارەزووی کڕینی ئۆتۆمبێلێکی گەورە بکەیت، بەڵام خێزانەکەی تۆ پێویستی بەو جۆرە ئۆتۆمبێلە نییە، یان ڕەنگە ئارەزووی گەشتێکی بەڕازیل بکەیت، بەڵام توانای دارایيت بۆ ئەو گەشتە نییە.. بۆیە دەکرێ واز لە ئارەزووەکان بهێنی و پێداویستییەکان پڕ بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر نەتتوانی جیاوازی لە نێوان ئارەزوو و پێداویستییەکانت بکەیت، ئەوا ئەگەری مایەپووچی و نەمانی توانای دارایيت لە هزرت دابنێ.

- هەروەها بیرت بێ کە زۆربەی بڕیارە هەڵەکانمان ئەو کاتانە دەدەین کە تووڕەین، یانیش پەلە دەکەین لە گرتنەبەریان، یان ڕاڕاین، یانیش بێئومێدین لە ئەنجامی بڕیارەکە، زۆرجارانیش لە ئەنجامی تەمبەڵی و نەگەڕان بە دوای ورد و درشتی ئەو شتەی کە دەمانەوێ بڕیاری لەسەر بدەین دووچاری بڕیاردانی دەبین، هەروەها هەندێ جاریش بڕیارە هەڵەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ئێمە گوێ بە ئەنجامی بڕیارەکان نادەین، یانیش ماندووین و توانای گفتوگۆ و مشتومڕمان نییە، یاخود کەمتەرخەمین لە تۆمارکردنی هەموو گەورە و بچووکێکی پەیوەست بە پرسەکە.
- زۆر گرنگە بۆ هەموو بڕیاردانێکی تەندروست هەست و سۆز فەرامۆش بکەین و بە هیچ هەڵوێست و بیرکردنەوەیەکی پێشوەختە کاریگەر نەبین (وەك چۆن لە بابەتی "هەندێ گومان گەمژەییە" باسمان لێوە کرد).. زۆر گرنگە لۆژیکییانە بڕیار بدەین و

لە بیرکردنەوەی فۆلکلۆری دەربازمان ببێ، هۆکارە ماددییەکانیش پێش هۆکارە نادیارەکان بخەین (وەك چۆن لە بابەتی داهاتوو باسی لێوە دەکەین).

تێگەیشتن لەو کاریگەرییانە بە تەنها نابنە هۆی بڕیاردانێکی دروست و تەندروست، بەڵکو دەرفەتی ئەوەشت بۆ دەڕەخسێنن کە بە پێچەوانەوە بەکاریان بهێنی بۆ دابینکردنی داخوازی و پێداویستییەکانت لای دەوروبەرت، بۆ نموونە: ماوەیەك پێش ئێستا یەکێك لە خزمەکانم پرسیاری لێ کردم:

- چۆن وا لە بەڕێوەبەرەکەم بکەم کە ڕازیبێ لەسەر گواستنەوەی ڕاژەم؟

- پێم گوت: هەوڵبدە سەبارەت بەو پرسە قسەی لەگەڵدا بکەیت، لە کاتێکدا ئەو ماندوو و برسی و بە پەلە بێت و کاتی نەبێ بۆ گفتوگۆکردن و دیراسەکردنی بابەتەکە..

- زۆر سەری سوڕما لە هەبوونی ئەو هەموو مەرجە قورسە، بە سەرسوڕمانەوە گوتی: جا چ کاتێك ئەو هەموو مەرجەی تێدا دێتە دی؟

- گوتم: لە کۆتایی دەوام، بە دیاریکراویش ئەو کاتەی دەیەوێ بە پەلە سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت و خۆی لە تیشکی خۆر بپارێزێ..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەستە دەروونییەکان، پێداویستییە جەستەییەکان، بارودۆخە جیاوازەکان، بە شێوەیەکی شاراوە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی ڕۆژانەمان هەیە.
- پێش ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتی هەر مرۆڤێک بکەیت لەسەر بڕیارە هەڵەکانی، پرسیار لە خۆت بکە، ئەگەر تۆ لە هەمان پێگەی بڕیاری ئەو بایت چیت دەکرد و چۆنت بڕیار دەدا؟
- هەرگیز لەو کاتانەی کە لە حاڵەتی پەلەکردندایت بڕیار مەدە، لە کاتی ماندووبوونیش ڕازی مەبە، لە کاتی دوودڵی و دڵەڕاوکێشدا هیچ کارێک ئەنجام مەدە.

***

## سەرەتا بیر لە هۆکارە ماددییەکان بکەوە

بڕیاردانی گونجاو جگە لەوەی پێویستی بە بیرکردنەوەی لۆژیکییانە هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستی بەوەیە کە کەسەکە خۆی لە بیرکردنەوەی فۆلکلۆری دەرباز بکات[3] هەروەها پێشکەشکردنی هۆکارە ماددییەکان لەسەر گریمانە نادیارەکان (دەخوازم دوو هێڵ لە ژێر وشەی پێشکەکردن بدەیت).

ئێستا ئەو ئافرەتەم لەبیرە کە ڕۆژێکیان پەیوەندی بە شێخێکی بەناوبانگ کرد، پرسیاری زۆری مێروولە و سیسرکەی لە ماڵەکەیدا کرد، ئایا (وەك هەندێك پێیان ڕاگەیاندبوو) هۆکارەکەی ئەوەیە کە منم جادووم لێ کراوە؟ یان چاوەزار لێی داوم؟ یانیش کارێکی جادوویی لە نێو ماڵەکەمدا ئەنجام دراوە؟

بەڵام شێخەکە گرنگی بە بیرکردنەوەکانی وی نەدا، ئامۆژگاری کرد کە واز لە تەمبەڵی بهێنێ و گرنگی بە پاك و خاوێنی ماڵەکەی بدات، پێی گوت: ئەگەر ئەوە بکەیت،

(3) (فۆلکلۆر) ناوێکە، خورافیات و سەربردە و ئەفسانەی گەلەکان دەگرێتەوە، کە زۆربەی کات لە ڕێگەی دەمەوە گواستراونەتەوە و دەگێڕدرێتەوە، وەك (چیرۆکەکانی دەربارەی غوول و عەنقا و فانۆسی جادوویی)، لە بنەڕەتدا وشەکە ئەڵمانییە (volkshunde) کە بە واتای زانستی گەلان دێ، لە سەدەی نۆزدەهەم سەریهەڵدا، ئەو کاتەی زانایانی ئەوروپی ویستیان بە گێڕانەوەی نەتەوەکانی تردا بچنەوە و ساغیان بکەنەوە.

ئەوا بەدڵنیاییەوە لە مێرووڵە و سیسرکە ڕزگارت دەبێ.

بە بڕوای من ئەو وەڵامە زۆر جیاواز بوو، چەندین وانەی لۆژیکی و عەقڵانی تێدابوو، هەروەها بیرکردنەوەیەکی واقیعانە و دروستیش بوو.

پێش ئەوەی زیاتر بچینە ناو بابەتەکە، وەرن با لەسەر پرسێکی گرنگ ڕێك بکەوین، ئەویش دابەشکردنی ئەو نادیارانەی کە باسیان لێوە دەکەین بۆ دوو بەش:

- یەکەم: نادیارە فۆلکلۆرییەکان ( کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینەوە نییە)، نموونە: دەنگی قەلەڕەش لە سەربانی هەر ماڵێك بە واتای مردنی خاوەنەکەی دێ، یان کونکردنی ناوی هەر کەسێ و سووتاندنی بە ئاگر بە واتای ئازاردانی دێ.

- دووەم: نادیارە ئایینییەکان، کە بەڵگەی شەرعیان لەسەرە و دڵنیاین لە هەبوونیان، وەك: چاوەزار و جادوو و حەسوودی و هەبوونی دروستکراوی شاراوە، وەك فریشتە و جنۆکە..).

جۆری یەکەمیان پێویستە بە شێوەیەکی کۆتایی خۆمانیان لێ دەرباز بکەین، هەرگیزیش نەبینە هۆکاری بڵاوبوونەوەیان، تەنانەت بۆ گێڕانەوەش لای منداڵەکانمان باسیان نەکەین، تا نەبێتە شتێك نەوە دوای نەوە بگێڕدرێتەوە.

بەڵام جۆری دووەم، سەرەڕای ئەوەی بەڵگەی شەرعی لەسەر هەبوونیان هەیە، بەڵام وابەستەبوون پێیانەوە (بەکارهێنانیان بۆ شیکردنەوەی هەموو کێشە و گرفتێك) ڕەفتارێکی هەڵەیە، زۆر جار دەبێتە هۆی بەلاڕێدانمان و لەسەر کێشە ڕاستەقینەکە لامان دەبات، واشمان لێ دەکات

دەستەوەستان بین لە بەرامبەر چارەسەرکردنی، وەك هەمان نموونەی ئەو ئافرەتەی بە دەست مێرووله و سیسرکه دەینالاند..

سەرنج بدە شێخەکە -لە فتوای پێشوو- هیچ نکوڵی لە هەبوونی چاوەزار و حەسوودی نەکرد، تەنانەت کاری جادووییش، بەڵکو تەنها پرسیارکەری گەڕاندەوە سەر هۆش و عەقڵی خۆی و ڕاستی و دروستی کێشەکە.. ئامۆژگاریی کرد کە ماڵەکەی پاك و خاوێن ڕابگرێ، چونکە پیسی ئەگەر تاکە هۆکاریش نەبێ بۆ کۆبوونەوەی مێرووله و سیسرکە، ئەوا نزیکترین هۆکارە (بە بەراورد بە حەسوودی و چاوەزار و جادووگەری).

دەقە شەرعییەکان، ئەو کاتە دڵنیایی لەبارەی هەبوونی ئەو جۆرە نادیارانە دەدەن، هەرگیز باس لەوە ناکەن کە زۆر پێیانەوە پابەندبن، یان هەر شتێك ڕوویدا ئەوا بەو شتانەی بزانن! نەخێر، چونکە چەندین هۆکاری ماددی تر هەن، کە ڕەنگە زۆربەی کات هۆکاری ڕوودانیان بۆ ئەوان بگەڕێتەوە، باوەڕبوونیش بەو هۆکارانە هیچ دژیەکییەکی نییە لەگەڵ دەقە شەرعییەکان.

پێغەمبەری خودا نوح (سەلامەی خوای لەسەر بێت) دەیزانی کە لافاوەکە دێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە پەروەردگار نەکرد کە بە موعجیزەیەك خۆی و شوێنکەوتوانی لە زیانی ئەو لافاوە ڕزگار بکات (موعجیزەش تایبەتە بە پێغەمبەران)، سەرەڕای ئەوەی ئەو بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ پەروەردگار، زۆرێك لە تەمەنی خۆی لە

دروستکردنی ئەو کەشتییە بەسەر برد تا ببێتە هۆکارێك بۆ ڕزگارکردنی خۆی و باوەڕدارەکان، چونکە باوەڕداران لە ژێر ئاودا هەناسە نادەن!

خودای گەورە لە توانایدایە کە بەردەوام باوەڕداران لە تەنگوچەڵەمە و ناخۆشی ڕزگار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانی پێ کردن ئەوەندەی دەتوانن هێزی خۆیان ئامادە بکەن، پەروەردگار دەفەرمووێ: ((وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ)) [الأنفال: ٦٠].

واتە: (((خوا فەرمان دەدات بە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام): هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕ و ئامادەی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن...)).

پەروەردگار لە توانای دابوو کە خۆراك بۆ خاتوو مەریەم بنێرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی خاتوو مەریەم لە حاڵێکی خراپیشدا بوو، فەرمانی پێ دەکات کە قەدی دارخورماکە بلەرێنێتەوە و تا خورمای بۆ بێتە خوارەوە...

بەڵێ، پەروەردگار بە (کن فیکون) دەیتوانی باوەڕداران سەربخات و خورماش بۆ خاتوو مەریەم بهێنێتە خوار، بەڵام بەوپێیەی ئێمە لە جیهانێکی ماددیدا دەژین، گرتنەبەری هۆکارەکانی لەسەر ئێمە واجب کردووە، تا ئەویش بە

گەورەیی خۆی یارمەتی و سەرکەوتنمان بۆ دەستەبەر بکات.

ئەو ڕاستییەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ئێمە لە نێو چەند یاساییەکی فیزیایی و جووڵەیەکی گەردوونیدا دەژین، لە هەموو شتێکی دەوروبەرمان ڕەنگ دەداتەوە، گرتنەبەریان سیفاتی کەسانی عاقڵ و هۆشمەندە. پێویستە بە دوایاندا بگەڕێین و لە بەرژەوەندیی خۆمان بیانگرینەبەر.

بەداخەوە، گریمانە غەیبییەکان ئێستاشی لەگەڵبێ زاڵن بەسەر ئەو هۆکارە ماددییانە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، کە زۆربەی کات بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵەمان دەبەن، هەروەها وامان لێ دەکەن بەردەوام لە حاڵەتێکی گوماناویدا بژین و لە هەموو دەوروبەرمان بە گومان بین، هەر شتێك لەدەست بدەین، لەبری ئەوەی دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین هۆکارەکەی بۆ حەسوودی دەگەڕێنینەوە..

هەر کەسێکمان دووچاری شەقیقە بێ، لە بری ئەوەی هانی بدەین بۆ چارەسەرکردن و کارداری وێنەگرتنی موگناتیسی، ئەوا ڕاستەوخۆ هۆکارەکەی بۆ دەستوەشاندنی جنۆکە دەگێڕینەوە.

خۆ هەر ژن مێردێك لێك جیاببنەوە، ئەوا بێ ئەوەی باس لە شکستی یەك لەو دوو لایەنە بۆ هاوسەرگیری بکرێ، یان هەر هۆکارێکی تر.. ئەوا ڕاستەوخۆ هۆکارەکەی بۆ جادوولێکردن دەگێڕنەوە.

**هەموو ئەوانەم لەبەر سێ هۆکار بۆ باسکردن:**

- **یەکەم:** بۆ ئەوەی هۆکارە ماددییەکان بگرینەبەر و بگەین بەو کۆمەڵگەیانەی داری زانستیان هەژاندووە و لە

دەریای مەعریفەدا ڕۆچوون، ئەوا پێویستە هۆکارە ماددییەکان پێش هۆکارەکانی تر بخەین، ئەویش بە گوێرەی بنەمای: ((وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ)) [الأنفال: ٦٠].

- دووەم: بۆ ئەوەی کار بە عەقڵ و لۆژیك بکەین، جیاوازی ڕاستەقینەی نێوان دوو جۆر لە پشتبەستن بزانین، کە پشت بەستنێك (وابەستەیە بە دەستپێشخەری و کار) ئەوەی تر (بە واتای تەمبەڵی و دانیشتن و هیواخواستن دێ).

- سێیەم: تا فێڵلێکراو و هەڵخەڵەتێنراوان بگێڕینەوە سەر هۆکاری ڕاستەقینە (هەروەك شێخەکە وای لە ئافرەتەکە کرد)، هەرگیز بەرگێکی ئایینی و تەفسیرێکی فۆلکلۆری نادروست بەسەر ڕاستییەکاندا نەدەین، وایان لێ بکەین لە هەموو دەوروبەری خۆیان بە شك و گومان بن.

پێش ئەوەی بابەتەکە بە کۆتا بێ، جارێکی تر سەیری ناونیشانەکە بکە و دوو هێڵ بە ژێریدا بهێنە.

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- یاساکانی مادده بەرپرسیارییەتی بیروباوەڕی تایبەتی تۆ هەڵناگرن، پەروەرگاریش هیچ گەل و میللەتێك ناگۆڕێ، تا سەرەتا خۆیان نەگۆڕن.
- پێشکەوتنی ماددی پێویستی بە هۆکاری ماددی هەیە، خۆ ئەگەر باوەڕداران لە ژێر ئاودا هەناسەیان بدابا، ئەوا نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناچار نەدەبوو کەشتییان بۆ دروست بکات.
- ئەو کاتەی لەسەر دووچاربوونت بە شەقیقە شەیتانەکان سەرزەنشت دەکەیت و دەرزی نیورنتین پشتگوێ دەخەیت، ئەواشەقیقەکەت توندتر دەبێ.

❋❋❋

## زمانی جەستە

لە ساڵی (1999) کۆمپانیای نیسانی ژاپۆنی لەگەڵ ڕینۆی فەڕەنسی یەکیان گرت و تێکەڵ کران.

لە ماوەی دانوستانی ئەو دوو کۆمپانیایە، وەفدی ژاپۆنی پیاوێکی پیریان لەگەڵدابوو، بە درێژایی دانوستانەکان ئەو هەر بێدەنگ بوو، دوای ئەوەی دانوستانەکان بە کۆتا هاتن و ڕێککەوتنەکانیان تەواو بوو، یەکێك لە نێو وەفدە فەڕەنسییەکە لە یەکێك لە هاوڕێ ژاپۆنییەکانی پرسی: ئەو پیاوە پیرە کێیە کە بە درێژایی کۆبوونەوەکانمان بە بێدەنگی لە ڕووخساری ئێمە ڕامابوو؟ ژاپۆنییەکە زەردەخەنەیەکی کرد و بە چپەوە گوتی: ئەوە عادەتێکی کۆنی ژاپۆنییەکانە، لە کاری لەو جۆرە پیاوێکی بە تەمەن و بە ئەزموون دەهێنن تا ڕووخساری ڕکابەرەکانیان بۆ بخوێنێتەوە و نییەتەکانیان بزانێ..

ژاپۆنییەکانیش وەك هەموو ئوممەتانی دونیا باوەڕیان بە زانستی ڕووخسارناسی و خوێندنەوەی بیر و نییەتی بەرامبەرەکانیان هەیە.. لە پاشماوە و مێژووی هەموو گەلێکدا چەندین چیرۆکی سەرنجڕاکێش و سەیر سەبارەت بە خوێندنەوەی ڕووخسار و نییەتی کەسی بەرامبەر هەیە، هەروەها خوێندنەوەی زمانی جەستە و ئاماژەکان..

(شێخ ڕازی کتێبێکی زۆر جوانی لەو بارەیەوە هەیە، تیایدا باس لەو زانستە و چیرۆکەکانی ئەو زانستە لای گەلی عەرەب دەکات).

ئەگەرچی من خۆم باوەڕم بەو کەسانە نییە کە دەڵێن توانای خوێندنەوەی بیرکردنەوەی کەسەکانم هەیە و لە توانامدایە ئەوەی لە سینەیاندایە بیخوێنمەوە و بیزانم، بەڵام لە بەرامبەردا باوەڕم بەوە هەیە کە دەڵێن لە توانام دایە خوێندنەوە بۆ هەموو جووڵەیەکی جەستە بکەم.

(ئەوە ئەو شارەزایی و لێهاتوویەیە کە دەمەوێ لەو بابەتەدا سەرنجی تۆی بخەمە سەر).

ئەوەی باس دەکرێ لە خوێندنەوەی بیر و هزری کەسەکان ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە خوێندنەوەی ڕووخسار و جووڵەکانی جەستە.

بەڕاستی ئەزموون و لێهاتووییەکی ناوازەیە لە ڕێگەی جووڵە و ئاماژەکانی جەستە و ڕووخسار بتوانی نییەتی کەسی بەرامبەر بخوێنیتەوە، هەموو کەسێکیش دەتوانێ -هەروەها تۆش- ئەو لێهاتووییە بۆ کەسایەتی خۆی زیاد بکات و فێری ببێ، ئەویش لە ڕێگەی ڕامان و بەراوردکردن و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو زانستە.

یەکەم وانە کە تۆ سەبارەت بە ڕووخسارناسی و زمانی جەستە بیزانی بریتییە لەوەی کە خەڵکی لە هەڵوێستەکانیان هاوبەشن، زۆرجاران بە ڕێگەی هاوبەش ڕەفتار دەکەن، بە شێوەیەك دەتوانی پێشبینی ئەو ڕەفتارانەیان بکەیت.

بۆ نموونە، خەڵکی لە نێو بەرزکەرەوە (مصعد) هەرگیز

سەیری چاوی یەکتر ناکەن (ئەگەر بێتوو یەکتر نەناسن، یان پێشتر یەکتریان نەبینیبێ). هەروەها کاتێك دەچینە شوێنێکی گشتی یا فرۆکەخانە، هەرگیز لە کورسی یەکەم دانانیشین، بەڵکو هەمیشە چاومان لەسەر کورسی دووەمە..

بە زانینی ئەو ڕاستییە، بە گوێرەی ماوەی دووری و ڕووبەری نێوانیان لە یەکتر دەتوانی خەمڵاندن بۆ ئاستی پەیوەندیی خەڵك بکەیت.. بۆ نموونە ئافرەت ئەو دەمەی کە مێردەکەی خۆشدەوێ و لێی تووڕە نییە لە کاتێکدا کە مێردەکەی شوفێری دەکات ئەو لە دانیشتندا بە ئاڕاستەی ئەو خۆی لار دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی لێی تووڕەیە، لێی دوور دەکەوێتەوە (بە ئەندازەیەك بەسەر دەستی لای ڕاستیدا پاڵ دەداتەوە).

هەروەها بە هەمان ڕێگە دەتوانی ڕیزبەندی سەرکردایەتی لە هەر کۆمەڵەیەکدا بزانی، ئەمەش بە سەرنجدان لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە لە کاتی ڕۆیشتنیاندا.. دەزگای هەواڵگری ئەو ڕێگەیان پەیڕەو کرد بۆ ناسینەوەی ئەندامە پلەدارەکانی (قاعدة)، سەرنجیان دابوو کە ئەو کەسەی نزمترین پلەی هەیە لە هەموویان هێواشتر و لەسەرخۆتر دەڕوا، ئەمەش تا بە پێش سەرۆك و ئەمیرەکەی نەکەوێتەوە..

هەروەها سەرنج بدە، خەڵکی بە سەر بەرزکردنەوە و هێنانەپێشەوەی سینگ و لێکبەستنی دەستەکان لە دواوە.. گوزارشت لە دەسەڵات و پلەداریی خۆیان دەکەن (وەك ئەو ئەفسەرانەی هەموو بەیانییەك سەردانی سەربازەکانیان دەکەن).. هەروەها زۆر جاران سەروەت و سامان و دەوڵەمەندی خۆیان

بە چەند ڕێگەیەك بە دیار دەخەن، بۆ نموونە: لەسەر شەقام قۆڵێکی دەستی دەخاتە سەر مارسیدیسەکەی، یانیش وێنەی خۆیان لەبەردەم کۆشك یان نووسینگەکەیان هەڵدەواسن، یانیش دانانی هەردوو قاچیان لە سەر مێزی نووسینگەکەیان، وەك ئاماژەیەك بۆ خاوەندارێتی ئەو شوێنە و دەسەڵاتی تەواو.

ئەو کاتەی کەسێك ئامۆژگاریت دەکات و پەنجەی شەهادەی بە ئاڕاستەی تۆ دەجووڵێنێ، ئەوا هەوڵ دەدات لەگەڵ ئامۆژگاریکردنەکەی هەڕەشەت لێ بکات و ملکەچی فەرمانی خۆیت بکات، چونکە هەمیشە جووڵاندی ئەو پەنجەیە بە ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر هەڵگری جۆرێك لە هەڕەشەیە..

تەنانەت ئەو کاتەی بە مۆبایلیش قسە دەکەین، چەند ڕەفتارێکی سەیر ئەنجام دەدەین، کە هەر لەڕێی ئەو ڕەفتارانە دۆخەکەمان دەخوێندرێتەوە.. بۆ نموونە: کاتێك کەسێك زەنگی موبایلەکەی لێ دەدات، لەناکاو هەڵدەستێتە سەرپێ تاوەکو وەڵامی پەیوەندییەکە بداتەوە، ئەوا واتای ئەوەیە کە ئەو کەسەی پەیوەندیی بۆ کردووە لە ئاستی خۆی بەرزترە، بۆ نموونە ڕەنگ بەرپرسی بێ.. ئەو کاتەی گەنجێکیش بە دەنگێکی ئارام و لەسەرخۆ و بە چپەوە تا ماوەیەکی درێژ قسە دەکات، ئەوا واتای ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ خۆشەویست یان دەستگیرانەکەی قسە دەکات (چونکە سروشتی پیاوان وانییە کە درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن، تەنانەت لەگەڵ نزیکترین هاوڕێشیاندا).. ئەو کاتەش کە دوای پەیوەندییەکی زۆر لەگەڵ دەستگیرانەکەی دەیەوێ

پەیوەندییەکەی بە کۆتا بێنێ، سەرەتا هێدفونەکە لە گوێکانی دەکاتەوە دواتر موبایلەکەی دادەخات.

لەبەر ئەوەی درۆش حاڵەتێکی ئاسایی نییە و دروستکراوە، زۆر جار لەگەڵ درۆکردندا کەسی درۆزن ڕەفتاری نامۆ ئەنجام دەدات، درۆ هەمیشە لەگەڵ مێشکدا دژییەکی هەیە، ئەندامەکانی جەستەش هەوڵ دەدەن درۆکە بکەنە ڕاستی، زمانیش دەکەوێتە دۆخێکی نا ئاسایی.. بۆ نموونە دەنگی درۆزن دەکەوێتە لەرەلەر و زمانی تەتەڵە دەکات، فشاری بەرز دەبێتەوە، دەستەکانی عەرەق دەکەن، دەمی وشك دەبێ، لێدانەکانی دڵی خێرا دەبن، جووڵەکانی چاوی بەو لاو بەولادا زۆر دەبن، هەر زووش دەیەوێ پاکانەی خۆی بسەلمێنێ، پێش ئەوەی هیچ کەسێ تاوانباری بکات، هەروەك براکانی یوسف، پێش ئەوەی باوکیان هیچ پرسیارێکیان لێ بکات گوتیان: ((... وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ))[يوسف: ١٧].

واتە: ((...و یوسفمان لای کەلوپەلەکەمان بەجێ هێشت، ئەوسا گورگەکە پەلاماری دا و خواردی، بەڵام تۆ هەمیشە بڕوامان پێ ناکەیت ئەگەرچی ئێمە ڕاستگۆش بین)).

هەموو ئەو ڕەفتارانە بە ئاسانی لە کەسی درۆزن هەست پێ دەکرێن.

لەبەرئەوەی ڕووبەری باسەکە دەرفەتی ئەوە نادات کە تەواوی ئەو لایەنە هاوبەشانە باس بکەم کە لە نێوان خەڵکدا هەن، دەخوازم وەك پێشەکییەك بۆ زانستی ڕووخسارناسی و زمانی جەستە جارێکی تر سەیری نموونەکانی پێشوو

بکەیتەوە.. تا لە ڕێیانەوە پەرە بە توانای خۆت بدەیت و خۆت لەو بوارەدا شارەزا بکەیت..

کێ دەزانێ؟ ڕەنگە ڕۆژێك دابێ ببیتە خاوەنی پیشەیەکی زۆر باش لە کۆمپانیایەکی گەورەی ژاپۆنی...

***

## پوختەی تیۆرەکە

- خەڵکی لە هەڵوێستە هاوشێوەکاندا بە ڕێگەی لێکچوو و هاوشێوە ڕەفتار دەکەن، کە دەشێ پێشبینی ئەو ڕەفتارانە بکرێ.
- لە بەرامبەر خەڵکیدا پشت بە هزر و بیرت ببەستە، چونکە پشت بە خوێندنەوەی ئەو جووڵانە دەبەستێت کە لە جەستەی ئەوان بەدی دەکرێن.
- درۆ متمانە لە ناو دەبات، هەر درۆیەك، پێویستی بە دە درۆی تر هەیە بۆ پاڵپشتیکردن.

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- خەڵکی لە هەڵوێستە هاوشێوەکاندا بە ڕێگەی لێکچوو و هاوشێوە ڕەفتار دەکەن، کە دەشێ پێشبینی ئەو ڕەفتارانە بکرێ.
- لە بەرامبەر خەڵکیدا پشت بە هزر و بیرت بیەستە، چونکە پشت بە خوێندنەوەی ئەو جووڵانە دەبەستێت کە لە جەستەی ئەوان بەدی دەکرێن.
- درۆ متمانە لە ناو دەبات، هەر درۆیەك، پێویستی بە دە درۆی تر هەیە بۆ پاڵپشتیکردن.

❊❊❊

## دەنگ، پەیامی ڕۆحە

لـە سـەرەتای کاری ڕۆژنامەوانیمـدا سـکرتێری وەزیـری ڕاگەیانـدن پەیوەنـدی پێوەکـردم، ئارەزووی خۆی نیشاندا بۆ چاوپێکەوتنـم.. سـێ ڕۆژ دواتـر کاتـی چاوپێکەوتنەکـە بـوو، بیرم دەکردەوە کـە چۆن بتوانـم کاریگەریـی لەسـەر دروست بکـەم و چەنـد شـتێکی جـوان و باشـی لا بـاس بکـەم، هەمـوو شـتێك بـە باشـی دەڕۆیشـت، تـا دەسـتم بـەر کوپـی چاکـە کـەوت ڕژانـدم، بابەتەکانـم لـێ تێکـەڵ بـوون، هەمـوو ئـەو نمایشـە سـاختانەی بـۆ خـۆم دروسـتم کردبـوون نەمـان، زۆر شـلەژام، تۆنـی دەنگـم گۆڕابـوو!

بـەڵام ئـەو لەسـەر ئارامیـی خـۆی بـەردەوام بـوو، بـە زەردەخەنەیـەك لـە منـی دەڕوانـی، وەك ئـەوەی پێـم بڵـێ:

أستشف (الضعف) في صوتك آهات دفينة

يتوارى بين أنفاسك كي لا أستبينَ

لـە کۆتایـی چاوپێکەوتنەکـەدا هەسـتم کـرد دەنگـم کاریگەریـی لەسـەر هەڵوێسـت و کەسـایەتیم هەبـوو، هەروەهـا کاریگەریـی لەسـەر ئـەو دەرفەتـە هەبـوو کـە بـۆم ڕەخسـابوو، ئەوسـا ناوەڕۆکـی ئـەو پەنـدە چینییـەم بـۆ بـە دیارکـەوت کـە دەڵـێ: (دەنـگ پەیامـی ڕوحـە).

هـەروەك چـۆن لـە بابەتـی پێشـوو باسـمان لـە «خوێندنـەوەی

جەستە» کرد، لەم بابەتەشدا هەوڵ دەدەین باس لە «خوێندنەوەی دەنگ» و ئاشکراکردنی مەبەستی مرۆڤەکان لەمیانی دەنگەوە بکەین.

دەنگی هەر یەکێکمان بە ڕێگەی و شێوازی جیاواز لە ناخەوە دێتە دەرەوە، کەسایەتی و نهێنییەکانمان ئاشکرا دەکات.. ئەو کاتەی لە حاڵەتی دڵەڕاوکێدایت، ئەوا پەتی دەنگت دەکەوێتە لەرینەوە، هەروەها گەرووت وشك دەبێ، بەمەش وشەکانت پچڕپچڕ و بە جۆرێ لە خنکاوی دێتە دەرەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو کاتەی لە دۆخێکی ئارام و لەسەرخۆیت، دەنگت بە ئارامی دێتە دەرەوە و وشەکان زۆر بە متمانەوە دەبیسترێن.

سەبارەت بە ئێمە (وەك گوێگر)، ئەوا بەشێك لە بڕیاردانمان لەسەر ئەو کەسانەی کە گوێبیستیان دەبین لە ڕێگەی دەنگ و شێوازی قسەکردنیانەوەیە.. سەرنج بدە و بیری خۆت بهێنەوە، چەند جار بە کەم سەیری پیاوێکی گەورەت کردووە، بە هۆکاری ئەوەی ئەو پیاوە هەر لە بنەڕەتدا خاوەنی دەنگێکی منداڵانەیە؟ چەند ئافرەت کەموکورتییەك کەوتووەتە جوانییەکەی بە هۆکاری ئەوە لە بنەڕەتدا خاوەنی دەنگێکە لە سیڕەسیڕی دەرگا نزیکە؟ چەند زۆرن ئەو نموونانەش کە زۆر ڕێزت گرتووە و بە کەسێکی خاوەن شکۆ سەیرت کردووە، بەڵام دواتر کە قسەی کردووە ئەو ڕێز و شکۆیەی جارانی لای تۆ نەماوە؟

ئێمە بەبێ ویستی خۆمان، هەست بە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان سروشتی دەنگ و کەسایەتییەکان دەکەین، مرۆڤ

تا چەند متمانەی بە خۆی زیاتر بێ، ئەوا دەنگەکەی ئارامتر و سروشتی تر دێتە دەرەوە، بەڵام کەسێك بە ترسەوە قسە بکات، ئەوا دەنگەکەی بە نائاسایی و پچڕ پچڕ دێتە دەرەوە، ڕەنگە زۆر جاریش وشەکان یەکتری نەگرنەوە و پەیوەندییان بە یەکترەوە نەبێ.

***

ئەمە سەبارەت بە دەنگ و شێوازی قسەکردن، بەڵام ئەگەر بە تەنها باس لە قسەکردن بکەین، ئەوا هەموو تاکێك ڕستەیەك یان وشەیەکی هەیە بەردەوام لە سەر زمانی دووبارەی دەکاتەوە، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە برایانی میسریمان بە (لزمة) ناوی دەبەن.

ڕۆژێکیان بە شوێنێکدا دەڕۆیشتم، بینیم چەند هەرزەکارێك دانیشتبوون گاڵتەیان بە یەکتر دەکرد، هەر یەکەیان بە ڕستەیەك جیاواز ئەو کارەی دەکرد، بەردەوام بوون و دووبارەیان دەکردەوە، چوومە لایان و داوام لێ کردن کە هەر یەکەیان ئەو وشە و ڕستە تایبەتەی خۆیم بۆ بڵێت کە ڕۆژانە زۆر دووبارەی دەکاتەوە، بەڵێنیشم پێدان کە لای کەس باسی ناکەم، قسەکانیان بریتیی بوون لە: (دونیا ناگەڕێتەوە سەرەتا) و (ئەی شاخ با ناتوانێ بتجووڵێنێ) و ( لە ڕۆژەکەتدا بژی ئەی پیاو)..

ڕستەکانیان منی خستە پێکەنین، بەڵام زۆر لەگەڵیان ئاسوودە بووم، چونکە منیش هەمان ئەو باوەڕەم هەیە و پێم وایە هەموو مرۆڤێك ڕستە و وشەیەکی تایبەت بە

خۆی هەیە، کە زۆرترین جار بەکاری دەهێنێ.. بۆ نموونە ئەو کاتەی یەکێك ڕستەی (دونیا ناگەڕێتەوە سەرەتا) زۆر دووبارە دەکاتەوە، ئەوا هەست دەکەیت کە تۆ بەرامبەر کەسێك وەستاوی کە پێشتر لە ژیانێکی خۆشدا ژیاوە، بەڵام دواتر شکستی هێناوە و ئەو خۆشگوزەرانییەی نەماوە.

ڕستەی (لە ڕۆژەکەتدا بژی ئەی پیاو) ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەك کە گرنگی بە داهاتوو نادات و ئامۆژگاری لە ڕابردوو وەرناگری.

ئەو کاتەی کەسێك ڕستەی (ئەی شاخ با ناتوانێ بتجووڵێنێ) زۆر دووبارە دەکاتەوە، ئەوا بە واتای ئەوە دێ کە ئەو کەسە زۆر متمانەی بە خۆی هەیە و توانای سەرکەوتنی بەسەر بارودۆخە سەختەکاندا هەیە.

ئەم کارە پێویستی بە پزیشکی دەروونی نییە تا لە سەرجەم لایەنەکان ڕۆ بچێ..

ئەوکاتەی لەگەڵ گوێبیستبوونی چەند وشەیەکی دیاریکراو جووڵەی دەموچاومان دەگۆڕێ، یانیش زمانمان تەتەڵە دەکات و لەسەر یەکدی و بە بەردەوامی چەند وشەیەك دووبارە دەکەینەوە، ئەوا بە واتای ئەوە دێ کە ئێمە غەمێکی گەورەمان هەڵگرتووە، گەورەتر لە هەر غەمێکی پێشوو..

چیرۆکێکی زۆر خۆش هەیە کە نووسەری عێراقی «خالید قشتینی» دەیگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ خەمەکانی بە زمانی باس بکات، بە جۆرێك کە گوێچکەکانی گوێبیست نەبن. چیرۆکەکەی لە وتارێکدا گێڕاوەتەوە بە ناونیشانی (دوو زمان یان زیاتر) و لە ڕۆژنامەی

(شرق الأوسط) بڵاوی کردووەتەوە.

«لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانی، سەوزەفرۆشێك لە بەغداد لە گەڕەکی (قەرەنتینە) هەبوو، وەك زۆربەی عێراقییەکانی ئەو سەردەم زۆر هیتلەری خۆش دەویست و سۆزی بۆ هەبوو..

ئەو سەوزەفرۆشە وەك نەریتێك بەردەوام گوێی لە (ڕادیۆی ئەنقەرە) ڕادەگرت، کە باسی لە جەنگاوەرانی هەر دوو لایەنی جەنگەکە دەکرد، ڕۆژێکیان ویستم بچم هەندێ شیرینی لە دووکانەکەی بکڕم، ئەویش بە چەند ڕستەیەك دەستپێشخەری لە قسەکردن کرد و گوتی: (کوڕەکەم خالید، ئایا دواین هەواڵت گوێ لێ بووە؟ هیتلەر لە جەنگی (تەبرەق) ئینگلیزی لە پەردەی باوکێنییەوە لە ناو بردووە)».

دیارە مەبەستی ئەو لە قسەکەی (پەردەی باوکێنی) بوو، چونکە ئەو کاتەی ئەو قسەیەی کرد بیری لەسەر هیتلەر و جەنگی (تەبرەق) نەبوو، بەڵکو لە قسەکەیدا مەبەستی باوکێك بوو کە لەو جەنگەدا کوژراوە، ئەو باوکە خاوەنی حەوت کچە، هیچ کام لە کچەکان هاوسەرگیریيان نەکردووە، سەرپەرشتیکردنی ئەو کچانەش بە تایبەتی لە گەڕەکی (قەرەنتینە) کە بە خراپەکاری بەناوبانگ بوو ئەستەم و قورس بوو.

سا لەسەر بنەمای هەموو ئەوانەی باسمان کردن، هەوڵبدە لە کاتی قسەکردندا بە تەنها گرنگی بە قسەکانت نەدەیت، بەڵکو بایەخ بە شێوازی پێشکەشکردنی قسەکانیشت بدە، ئاگاداری هەڵەکانی زمانت بە، هەروەها ئەو وشانەی کە

زۆر دووبارەیان دەکەیتەوە.

هەوڵبدە دەنگێکی بەمتمانە بۆ خۆت دروست بکەیت، دەنگێکی ئارام و خاوەن تۆنێکی لەسەرخۆ، تا ببێتە بەشێك لە کەسایەتیت.. بەردەوام ئارام و لەسەرخۆبە، پارێزگاری لە جێگیربوونی دەنگت بکە، هەرگیز ڕێگە بە هۆکارێکی سادە مەدە کە کاریگەریی لەسەر متمانەبوون بە خۆت لەسەر دروست بکات (وەك ڕژانی کوپێك چا).

هەروەك بەسەر هاوڕێ هەژارەکەماندا هات!!

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- لـە زۆر هەڵوێسـتدا (وەك چاوپێکەوتنـی کەسـی) گرنـگ ئـەوە نییـە کـە چـی دەڵێـی، بەڵکـو چۆن دەیڵێـی.
- هـەروەك چۆن دەتوانـی ئامـاژەکان بـە چاوەکانـت بخوێنیتـەوە، بـە هەمـان شـێوە دەتوانـی بـە گوێچکەکانـت دەنگـەکان بخوێنیتـەوە.
- ئەگـەر هەسـتت کـرد لـە هەڵوێسـتێکدا کاریگـەر نیـت، ئـەوا وشـەکانت کـورت بکـەرەوە، چونکـە خەڵکـی سـەرنجی شـێوازی قسـەکردنت دەدەن، هەڵـە زمانییـەکان هەسـت پـێ دەکـەن و بڕیـاری لەسـەر دەدەن.

***

## بێدەنگی زمانێکە، هەموو کەس نایزانێ

گوێگرتن لێهاتوویی و توانایەکە هیچی لە قسەکردن کەمتر نییە.

پێویستە تۆ زۆر بە باشی ئەو زمانە بزانیت، چونکە پەروەردگار دوو گوێی پێداوی، لە بەرامبەردا تەنها یەك دەم!

بێدەنگی زیاتر لە قسەکردن خزمەتت دەکات، چونکە ئەو دەمەی تۆ قسە دەکەیت هیچ شتێك فێرنابی، بەڵام کاتێ کە بێدەنگی زۆر شت فێردەبی.

قسەکردن ئارەزووە، ڕەفتارێکی سەرەتاییە، هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بەسەر دەوروبەر و ئامادەبوون، بەڵام بێدەنگ و گوێگرتن ڕێکارێکی خودییە، ڕەفتارێکی بەرزە، زاڵبوونە بەسەر مێشك و ئەندامەکانی جەستە.

هۆگری قسەکردنین بۆ چەندین کاتژمێر، چونکە قسەکردن جگە لەوەی دەمانکات بە تەوەری گرنگیپێدان، کارێکی ئاسانیشە بۆ ئەنجامدان.. ئاسانە لەبەر ئەوەی دەتوانی لە ماوەی یەك خولەکدا (225) وشە بدرکێنی، بەڵام بۆ وەرگرتن و لەبەرکردنی هەمان ئەو وشانە پێویستیت بە دوو خولەکە.

لە بەرامبەردا زۆر جار قسەکردنمان لا ناشیرینە، تەنها

لەبەر ئەوەش نییە کە خۆمان وەك شوێنکەوتەیەك دێتە بەرچاو، چونکە لە هەمان کاتدا پێویستە بە بەدواداچوون و ئاگا و هۆش و تەرکیزێکی بەردەوام هەیە، هەر ئەوەشە کە وامان لێ دەکات هەست بە بێزاری و سستی بکەین لە کاتی وتار و وانە درێژەکاندا.

کێشەی ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەیە کە هەموومان دەمانەوێ قسە بکەین، زۆر کەمیشن ئەوانەی دەیانەوێ گوێ بگرن، تەنانەت ئەو کاتانەی گفتوگۆش دەکەین، بۆ ئەوە نییە تا فێربین و تێبگەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەرامبەرەکەمان دەمکوت و بێدەنگ بکەین، بەو پێیەی تۆ نە وتاربێژی و نە وانەبێژ، بۆیە پێویستە ڕێز لە ئاڵوگۆڕکردنی دەرفەتی قسەکردن بگریت، هەر کات بواری قسەکردنت بە بەرامبەر نەدا و تەنها ویستت خۆت قسە بکەیت، ئەوا دڵنیابە کە ئامادەبوانی مەجلیسەکە بەها بۆ قسەکانت دانانێن و بە گرنگییەوە وەریان ناگرن.

هەندێ کەس باوەڕیان وایە کاتێك بە شێوەیەکی درێژبڕ قسە دەکات بەو جۆرە دڵ و هۆشی ئامادەبوان کەمەند کێش دەکات، بەڵام دیراسەیەکی نەرویجی هەیە دەڵێ بە تواناترین و شارەزاترین کەس لە قسەکردن، ئەو کەسەیە کە توانایەکی باشی هەبێ لە گوێگرتن بۆ ئەوانی تر[4]...

(4) جیاوازی هەیە لە نێوان گوێلێبوون (الاستماع) لەگەڵ گوێ بۆگرتن (الإنصات)، یەکەمیان بەبێ ویستە (وەك ئەوەی لە حاڵەتی وەستان لە ئۆتۆمبیلەکەی تەنیشتتەوە گوێت لە گۆرانییەك بێت).. بەڵام گوێ بۆگرتن هەوڵێکە بۆ گوێگرتن، واتە بە ویستی خۆت دەتەوێ گوێ لە شتێك بگریت، بەمەستی تێگەیشتن و دڵنیابوون.

دڵنیابە لەوەی کاتێك تۆ گوێ لە خەڵك ڕادەگری بە ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیرت دەکەن، ئەو کاتەش کە لایان نامێنیت و دەڕۆیت، ئەوا وەك قسەکەرێکی لێهاتوو و زمانپاراو وەسفت دەکەن!!

هەرگیز داوای بێدەنگییەکی بەردەوام و بێ ڕاوبۆچوونت لێ ناکەم، بەڵکو دەمەوێ هەڵوێستی خەڵکت لەسەر ئەو دوو کردارە پێ ڕابگەیەنم.. خۆت بیر بکەوە، چەند جار کەسێکت فەرامۆش کردووە، یان ڕقت لێ بووەتەوە بە هۆکاری زۆر بڵێی و زۆر گوتنی؟ کە هیچ دەرفەتی قسەکردن بە تۆ نادات و بواری ئەوە نادات تۆش بۆچوونی خۆت لەسەر پرسەکان بڵێیت..

بەڵام لە بەرامبەردا، بیر لە ئازیزترین و خۆشەویسترین کەسی نێو هاوڕێکانت بکەرەوە، دەبینی ئەو کەسە لە هەموویان کەمتر قسە دەکات و لە هەموویان زیاتر گوێ لە غەم و کێشەکانت ڕادەگرێ.

***

ئەمە لە لایەك..

لە لایەکی تر، سەرنجی ئەو جیاوازییە گەورەی نێوان فێربوونی بێدەنگی و گوێگرتن، لەگەڵ هەڵبژاردنی بێدەنگی وەك هۆکارێکی وەڵامدانەوە بدە..

بێدەنگی و وەڵامنەدانەوە زۆر جاران پەیامەکە لە گفتوگۆ و مشتومڕ باشتر دەگەیەنن، بۆیە زۆر جاران پێویستیت بە قسەنەکردنە، چونکە وەڵامدانەوەی کەسی نەزان و نەفام لە

ئاستی تۆ دێنێتە خوار نەوەك ئەو، وەڵامدانەوەی كەسی ڕق لە دڵیش زماندرێژی بە دوادا دێ..

ناتوانم هەموو ئەو هەڵوێستانە باس بكەم كە تیایاندا هێزی بێدەنگی بەهێزترە لە هێزی قسەكردن، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی (10) كات و شوێن هەن (كە خۆم تاقیم كردوونەتەوە) ئامۆژگاریت دەكەم كە لەو كات و شوێنانەدا زمانی بێدەنگی هەڵبژێری و قسە نەكەیت.

بۆ نموونە باشترە بێدەنگ بیت:

* ئەو كاتەی لە نێوان چەند كەسێكدایت و نایاننناسی، دەچنە نێو مشتومڕ و گفتوگۆیەك كە هیچ پەیوەندییەكی بە تۆوە نییە.
* ئەو كاتەی لە نێوان چەند كەسێكی و دەیانناسی، بەڵام باس لە پرسێك دەكەن كە خراپەیە بۆ كەسێك.
* ئەو كاتەی شتێكت لا نییە تا زیادی بكەیت بۆ گفتوگۆكە، ئا لەو كاتەدا بێدەنگیی تۆ شكۆیەكە بۆت، بەڵام دڵنیابە قسەكردنت بە نەزانی و بێئاگایی دەبێتە خاڵێكی ناشیرینی كەسایەتیت.
* ئەو كاتەی خەڵك دەكەونە سەر زەمكردن و غەیبەتكردن و بچووكردنەوەی كەسێك، وازیان لێ بێنە و تۆ لەگەڵیان مەدوێ، تا دەچنە سەر باسێكی تر.
* ئەو كاتەی كەسێكی لە خۆت بچووكتر لە تەمەن

دەمدرێژی دەکات و قسەت پێ دەڵێ (گرنگی بێدەنگییەکەشت ئەو کاتە بەدەر دەکەوێ کە تۆ بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێز جێی دەهێڵی، یان فەرامۆشی دەکەیت).

* هەروەها پێویستە بێدەنگبی، ئەو کاتەی ئامادەبوان داوا لە کەسێك دەکەن قسە بکات، هەرگیز لەو کاتەدا قسە مەکە و قسەکانی پێ مەبڕە، تا ئەو کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێ.
* هەروەها قسە بە کەسێك مەبڕە کە زۆر بە شێوازێکی بەرز و بە ئەدەب و ڕێزەوە گفتوگۆت لەگەڵدا دەکات، هەر کاتێکیش ڕۆڵی تۆ هات، ئەوا بیری بهێنەوە کە تۆ بە هیچ شێوەیەك قسەت بەو نەبڕی.
* هەروەها با بێدەنگی بژاردەت بێ، ئەو کاتەی لە بەرامبەر کەسێك وەستاویت دەسەڵاتی بەسەرتدا هەیە (چونکە بێدەنگیت وای لێ دەکات لە دواییدا هەست بە پەشیمانی بکات، بەڵام قسەکردنت زیاتر تووڕەی دەکات).
* هەروەها ئەو کاتەی لە کەسێکی بە تەمەن، یان کەسێکی ڕێزدار گوێت لە هەواڵ یان زانیارییەکی هەڵە دەبێت باشترە بێدەنگ بیت، وەك: (دایك و باوکت، یان باوکی هاوسەرەکەت..) ئەگەر هەڵەکەش پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەبوو، ئەوا کاتێکی تر بە تەنیا بۆی ڕاست بکەوە.
* دەیەم و کۆتاییش، ئامۆژگاریت دەکەم کە هەمیشە

لـه کـۆڕ و مەجلیسـی کەسـانی زۆربڵـێ و گەمـژەدا بێدەنگـی هەڵبژێـری، چونکـە ئـەوان ڕێـزی کـەس ناگـرن، ڕێـزی ئـەو نـۆ بڕگـەی سـەرەوەش ناگـرن.

جارێکی تر دەیڵێمەوە:

هەرگیـز داوات لـێ ناکـەم ببیـت بـە پەیکەرێکـی بێدەنـگ، بەڵکـو تەنهـا دەمـەوێ لـەوە ئـاگادارت بکەمەوە کـە گوێگرتنیش بەشـێکە لـە توانـا و لێهاتوویـی گفتوگۆکـردن، بێدەنگییـش دوا هەوڵـە بـۆ گوتنـی هەمـوو شتـێ..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- بێدەنگـی، زمانێکـە هەمـوو کـەس نایزانـێ، بۆ قەناعەتپێکردنـی خەڵکیش پێویستە سـەرەتا گوێیـان بـۆ بگریـت!
- زۆر جاران دەشـێ بێدەنگی ڕاستگۆترین گوزارشـت و جوانتریـن وەڵام بێ.
- گـوێ بۆگرتـن بەشـێکە لـە توانـا و لێهاتوویـی گفتوگۆکـردن، بێدەنگیـش دوا هەوڵـە بـۆ گوتنـی هەمـوو شـتێ..

***

## ئەمانەش پێنج زمانن،
## کە هەموو کەس نایانزانێ

بێدەنگی و وەڵامنەدانەوە باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئێمە بە تەنها پێویستیمان بە قسەکردن نییە بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە هەستەکانمان.

پێویستمان بە دەنگ و وشە نییە تا هەوڵی ڕاستیی کەسایەتی خۆمان و بیر و بۆچوون و کاردانەوەکانمان بە دەوروبەر بگەیەنین.

ئەو کاتەی باوەڕت وابێ کە (قسەکردن) تاکە هۆکاری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە، هەڵەی. ئەگەر باوەڕیشت وابێ فێربوونی زمانێکی بیانی ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی تۆ بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵیاندا بدوێی، زیاتر هەڵەی.

چەند ساڵێك پێش ئێستا لە کەشتییەکدا بووم کە بە ڕووباری (ڕاین) لە ئەڵمانیادا تێدەپەڕی، بە درێژایی گەشتەکە من تاکە کەس بووم کە کێشەم لەگەڵ گەرمیی تیشکی خۆر هەبوو، چوومە بەشی خوارەوەی کەشتییەکە تا خواردنەوەیەکی سارد بکڕم، کچە شاگردەکەی سەر کافتریاکە سەرقاڵی شکاندنی بەفر بوو بۆ ناو خواردنەوەکەی من، بینیم لە دواوەی تابلۆیەك هەڵواسراوە و تیایدا نووسراوە: "زەردەخەنە زمانێکە هەموو مرۆڤێك لێی تێدەگات".. هەر کە

لە خوێندنەوەی ئەو ڕستەیە تەواو بووم کچەکەش سەری بەرز کردەوە، منیش بەبێ ویستی خۆم زەردەخەنەیەکم کرد، ئەویش بە زەردەخەنەیەکی جوانتر وەڵامی زەردەخەنەکەی منی دایەوە، من باسی ئەوەت بۆ ناکەم کە لە یەکەم بینین کەوتینە داوی خۆشەویستیی یەکتر! نەخێر، بەڵکو باسی ئەو زمانە جیهانییەت بۆ دەکەم کە لە تابلۆکە نووسرابوو.

ئەوسا بیرم لەوە کردەوە و زانیم کە قسەزانین جیایە لە فێربوونی هونەری پەیوەندی.. ئەزموونێکی بچووك بوو، بەڵام بۆم دەرکەوت کە زمانی پەیوەندیکردن بە هەموو کەس بە تەنها بە دەربڕینی وشە و گوێڕاگرتن بەدی نایەت.

ئەو کاتەی دوو کەسی بێگانە لە دوورگەی دوورەدەست بەیەك دەگەن، ئەوا ڕاستەوخۆ زمانی پەیوەندییەکی نوێ کە پشت بە دەنگ و ڕەمز و خوێندنەوەی ئاماژەکانی ڕووخسار دروست دەبێ، بەڵێ، بە تەنها دوو کەس بەسە بۆ دروستبوونی زمانێکی نوێی کتوپڕ، کە پێش بەکارهێنانی دەنگ و وشە، بە ئاماژە و زمانی جەستە دەست پێ دەکات.

ڕۆژێك هەواڵێکم سەبارەت بە کۆمەڵێ منداڵی نابیست لە (نیکاراگوا) خوێندەوە، کە پێکەوە توانیبوویان لە نێوان خۆیاندا زمانێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، سەرپەرشتیارەکانی ئەو شوێنە سەرنجیان دابوو کە ئەو منداڵانە بۆ پێداویستییەکانی خۆیان (90%) پشت بە ئاماژە جەستەییەکان دەبەستن. ئەم حاڵەتە زۆر جار لە نێوان کاسبکار یان دوکاندارانی یەك بازاڕیشدا ڕوودەدات، بەو پێیەی کۆمەڵێ وشە و دەستەواژە و چەمك بەکاردەهێنن کە

تەنها خۆیان لێی تێدەگەن، کەسی بێگانە واتا و مەبەستیان نازانێ.

نموونەی ئەو جۆرە زمانانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی ئاخاوتن لە (25%) زیاتر زمانی پەیوەندی پێك ناهێنێ (هەروەك چۆن چەندین توێژینەوە ئەوەی سەلماندووە.. ئەوە دەمێنێتەوە کە بریتییە لە ڕێژەی (75%) بەر هەر یەك لەمانەی خوارەوە دەکەوێ: (جوولەی دەموچاو، زمانی ئاماژە، لایەنی هەڵوێست، تۆنی دەنگ، پێشبینی پێشوەختە و.. ئاماژە زمانێکی ئەزەلییە کەسانی نابیست وەك زمانی پەیوەندی بەکاری دەهێنن، جوولەی ڕووخساریش کەسە بێگانە و بیانییەکان لە نێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن، تۆنی دەنگیش واتا و مەبەست بە هەموو وشەیەك دەبەخشێ (تۆ سەرنج بدە وشەی (باش) چەند واتا و مەبەستی هەیە، بە گوێرەی تۆنی دەنگی قسەکەر)...

ئەو کاتەی لە زمانی ئاخاوتنی گەلە جیاجیاکان ڕادەمێنی، بۆت دەردەکەوێ کە چەند وشە و دەنگێك هەن سەرجەم زمانەکان تیایدا هاوبەشن. توێژینەوەیەك لە پەیمانگەی (ماکس بلانك) لە ئەڵمانیا ئەنجام دراوە و ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازیی زمانیان چەندین وشەی هاوبەش بەکاردەهێنن، وەك: (ئاااه)، (یاااه)، (هاااه)، (وااو) کە بۆ مەبەستی وەڵامدانەوە و نەرێکردن و سەرسامبوون بەکار دەهێنرێن، تەنانەت ئەو کەسانەش کە بەکاریان ناهێنن لە واتاکانیان تێدەگات.

هەروەها، هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە لە ڕۆژگار

و سەردەمی ئەمڕۆدا زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی جیهانی و ژمارەیەکی یەکجار زۆری مرۆڤەکان قسەی پێ دەکەن.. بە ئەندازەیەك سەراپای جیهانی گرتووەتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە هەوڵی فێربوونیان نەداوە چەند وشەیەکی سەرەتایی و بنەڕەتی لەو زمانە دەزانن، وەك (بەڵێ) و (نەخێر) و (ئۆکەی).. جگە لە زمانی ئینگلیزی ئەبجەدییەی مۆریسیش هەیە (کە زۆربەی کەشتیوانەکانی جیهان دەیزانن)، هەروەها زمانی ئاماژەکان (کە لە ئێستا لە زۆربەی کەناڵە هەواڵییەکان بەکاردەهێنرێ)، هەروەها ڕەمز و ئیمۆجیی ژاپۆنیش کە لە ئێستا لە موبایلەکانماندا هەیە و بوونە بە چەمکی جیهانی و هەموان لێی تێدەگەن (بە ئەندازەیەك کە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئیمۆجیی ڕووخسارە پێکەنیناوییەکەی لە ساڵی 2015 وەك وشەیەکی جیهانی هەڵبژاردووە).

هەموو ئەو ڕێگایانە بۆ پەیوەندیکردن، بە واتای ئەوە دێ کە ڕەنگە لە داهاتوودا زمانی دەنگی بە هۆکاری جیهانگیری و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئاوێتەبوونی کولتوورەکان و بەگوندبوونی جیهان.. ڕێژەکەی لە (25%)یش کەمتر ببێتەوە.

من خۆم باوەڕم وایە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا جیهان بە زمانێکی جیهانی و یەکگرتوو قسە دەکەن، مەبەستم زمانی ئینگلیزی نییە، بەڵکو ڕەنگە ئەو زمانە زمانی ئاماژە و ڕەمز و چەمکە جیهانییەکان بێ، کە هەموان لێی تێدەگەن [5].

---

(5) کاتێك لە ساڵی (2012) سەردانی کۆریای باشوورم کرد، کراسێکم پۆشیبوو وێنەی زۆرێك لەو شتانەی لەسەر بوو کە گەشتیار پێویستی پێیان دەبێت (چێشتخانە، تەکسی، هۆتێل) بۆ پرسیارکردن سوودم لێ وەرگرتن، کە هیچ پێویستی بە قسەکردن نەبوو.

جا بۆ ئەوەی ئەوە ڕووبدات، ئێستا ڕێگەم بدە ئەو پێنج زمانەت بیربهێنمەوە (کە ئینگلیزی لەگەڵدا نییە) کە دەتوانی لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی لەگەڵ هەر کەسێکی ئەم هەسارەیە ببەستی و لەگەڵیدا بدوێی:

- ❊ - یەکەم: زمانی زەردەخە، کە لە زۆر هەڵوێست و جێگە بێنیازت دەکات لە قسەکردن.
- ❊ - دووەم: زمانی ئەدەب و مامەڵەی بەرز، کە هەموان تێی دەگەن، منداڵانیش ڕێزی لێ دەگرن.
- ❊ سێیەم: زمانی ڕێزگرتن، کە لە ڕێگەیەوە ڕەسەنایەتی و سروشتی کۆمەڵگەکەت بە خەڵکی دەناسێنی.
- ❊ - چوارەم: لێبوردەیی ئایینی و ڕۆشنبیریت، ئەمە بە تەنها زمانێکی هاوبەشی جیهانی نییە، بەڵکو تاکە ئایینێکە کە هەموان دەیزانن.
- ❊ - پێنجەم: مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا نەکەیت بەو شێوەی کە پێت خۆشە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن، بەڵکو بەو شێوەی کە ڕەوشتت دەیخوازێ، هەروەها بەو شێوەی لەسەری پەروەردەکراوی..
- ❊ گوێ لە من بگرە.. خۆت فێری ئەو زمانانە بکە، پێش ئەوەی بیر لە فێربوونی هەر زمانێکی تر بکەیتەوە.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- مرۆڤەکان هەموویان بە یەك زمان زەردەخەنە دەکەن، بە زمانی جەستەی جیاوازیش لێت تێدەگەن.
- زەردەخەنە، ڕێزگرتن، مامەڵەی بەرز، زمانی سەرەکین بۆ پەیوەندیکردنت بە کولتووره جیاوەزەکانی جیهان.
- لێبووردەیی، تاکە ئایینە کە هەموو مرۆڤەکانی جیهان دەیزانن.

❊❊❊

## سەرەتا داوای بیرکردنەوەی لێ بکە

مـرۆڤ بـە بلیمەتـی لـە دایـك دەبـێ، تـا ئـەو کاتـەی دەکەوێتـە ژێـر پـەروەردەی مـاڵ و دەنێردرێـن بـۆ قوتابخانـە.

منـداڵان بـە سروشـتی خۆیـان زانـا و بلیمەتـن، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە بـەردەوام توانـای پرسـیاری بوێرانەیـان هەیـە بـە مەبەسـتی تێگەیشـتن و دۆزینـەوە، ئەگەرچـی ئێمـە ئـەو بەهرەیان لێ زەوت دەکەیـن، چ لـە ڕێگـەی چەنـد وەڵامێکـی ئامادەکراو بێ، یانیـش هـەر ڕێگەیـان نادەیـن ئـەو جـۆرە پرسـیارانە بکـەن، بـە بیانـووی ئـەوەی لەگـەڵ کولتـوور و کۆمەڵگـە ناگونجێـن، یـان لەگـەڵ سیاسـەتی فێربـوون، یـان لەگـەڵ دابونەریـت..

هەمـوو ئەوانـەی وانـەی بلیمەتـی و پاڵنەرەکانـی داهێنانیـان خوێنـدووە دەزانـن کـە کەسـە بلیمەتـەکان پارێزگارییـان لـە لایەنێکـی منداڵـی خۆیـان کـردووە، بۆیـە بـەم ڕۆژە گەیشـتوون، پرسـیارەکانی منداڵـی زۆر سـادە و سـاکارن (بۆچـی و چـۆن و کـەی و لـە کـوێ؟) کـە بـەردەوام لـە منداڵەکانمـان گوێبیسـتیان دەبیـن، هەمـوو ئەوانـەش سـەرەتایەکن بۆ بـەرەو داهێنـان چوون، بـەڵام ئـەو کاتـەی گـەورە دەبیـن، هـزر و بیـر و مێشـکمان دووچـاری ژەنـگ دەبـێ، بـۆ وەڵامدانـەوەی منداڵەکانیشـمان پەنـا بـۆ هەمـان ئـەو وەڵامانـە دەبەیـن کـە لـە کۆنـدا لـە مـاڵ و قوتابخانـەدا فێرکراویـن..

توێژینەوەیەکی ڕووسی دەریخستووە کە ڕێژەی داهێنان لە نێو منداڵاندا تا تەمەنی پێنجساڵان بە ڕێژەی (90%)، دواتر بە خێراییەکی زۆر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دادەبەزێ بۆ (10%)، هەر کات لەو تەمەنەش بەرەو سەر ڕۆیشت، ئەوا ڕێژەی ئەو بەهرەیە تیایدا بۆ (02%) دادەبەزێ، هەر بۆیەش پۆلی سێیەمی سەرەتایی بە گۆڕستانی داهێنان ناوزەد دەکرێ.

ئەوەی ڕووش دەدات -بە بۆچوونی من- ئەوەیە کە لە میانی ئەو چەند ساڵەدا هێندە وەڵامی ئامادەکراو و دووبارە بە گوێی منداڵەکانماندا دەدەین، تا کار لەسەر ئاستیان دەکات و ئەو بەهرەیان بەرەو لاوازی دەچێ و نامێنێ.. بە هەمان شێوە لە ساڵانی دواتری خوێندن لە قوتابخانە و فێرگەکاندا چەندین چەمك و بیری ئامادەکراو (کە بە هیچ شێوەك ناکرێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ) فێری منداڵەکانمان دەکرێ، بەمەش چەند کۆپییەکی نوێی کەسانی پێشوو ئامادە دەکرێن بۆ ئەو کۆمەڵگەیە.

بۆ هاندانی منداڵێك تا خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ بێت، هەرگیز ئامۆژگاری ئەوەت ناکەم کە ڕاستەوخۆ و بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکانی بدەیتەوە، بەڵکو سەرەتا داوای لێ بکە کە خۆی بیر لە پرسیارەکە بکاتەوە و خۆشی هەوڵی گەڕان بە دوای وەڵامەکەدا بدات، دواتر لەبارەی ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە تۆ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت..

کە تۆ داوای بیرکردنەوەی لێ بکەیت و وەڵامێکی ئامادەکراوی پێ نەدەیت، ئەوا هۆکارێکە بۆ ئەوەی بیری

داهێنـان و گـەڕان و دۆزینـەوەی لا دروسـت ببـێ، تەنانـەت لـەو ئەرکانـەی لـە قوتابخانـە پێـی دەسـپێردرێن، لـە هەمـوو شـتێکدا یارمەتـی مـەدە و لەبـری ئـەو ئەرکـەکان شـیکار مەکـە، بەڵکـو با خۆی بـەو ئەرکانـەوە سـەرقاڵبێ، تـا ئـەو کاتـەی ڕێگاکانـی لـێ دادەخرێـن تـۆ هیـچ هاوکارییەکـی پێشـکەش مەکـە.

- تەنانـەت لـەو حاڵەتەشـدا وەڵامـی ئامادەکراوی پێشـکەش مەکـە، بەڵکـو بـە شـێوازی پرسـیار و وەڵام هـاوکاری بکـە، هـەرکات ئەمـەت کـرد، ئـەوا تـۆ پارێزگاریـت لـە بەهـرەی داهێنانـی منداڵەکـەت کـردووە.

چـوار پێکهاتـەی زۆر گرنـگ بـۆ داهێنـان هـەن، ئەوانیش بریتییـن لـە:

متمانەبـوون بـە خـود، بوێـری لـە خسـتنەڕوو، فێربوونـی ڕێگاکانـی توێژینـەوە، بیرکردنـەوەی سـەربەخۆ.

***

هەروەهـا کاتێـك منداڵەکـەت پرسـیارێکی سـادە یـان هەسـتیارت ئاڕاسـتە دەکات، هەرگیـز لێـی تـووڕە مەبـە و لەگەڵیـدا توندوتیـژ مەبـە، یانیـش پرسـیارکردنی لـێ قەدەغـە مەکـە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە هانـی بـدە لەسـەر ئەوەی پرسـیاری زیاتـر بـکات و بیـر لـە وەڵامەکانیـش بکاتـەوە، تەنانـەت لـە بەردەم خەڵکیشـدا ڕێگری لـە پرسـیارکردنی مەکـە، تـا ئەگـەر خۆشـت وەڵامـی پرسـیارەکانی نەزانـی..

ئـەو کاتـەی یاسـری کـوڕم تەمەنـی نـۆ سـاڵان بـوو، ڕۆژێکیـان پرسـیارێکی لـێ کـردم زۆر لام سـەیر بـوو! پرسـی:

باوکە بۆچی خودای گەورە هەموو بەندەکانی خۆی بە دەوڵەمەندی دروست نەکردووە؟.. ڕاستی نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە، بەڵام بەسادەیی وەرم گرت، پێم گوت سەرەتا خۆت هەوڵبدە وەڵامی پرسیارەکە بدۆزیتەوە، بەیانی بەیەکەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین..

لە ڕۆژی دواتر هاتە لام، گوتی من لە وەڵامی پرسیارەکە گەیشتمە ئەو ئەنجامە.. وەڵامەکەی بە جۆرێك بوو کە زۆر لە وەڵامەکەی من دوور نەبوو.

ئەگەر بێتوو هەموومان دەوڵەمەند بین، ئەوا ڕاستەوخۆ هەمووومان بەرەو هەژاری دەچین، چونکە لە حاڵێکدا ئەگەر هەموان زەنگین و پارەدار بین، ئەوا ڕاستەوخۆ نرخ و بەهای شت و پێداویستییەکان بەرز دەبێتەوە.. تا نرخەکانیش بەرزتر بنەوە، هەڵئاوسان زیاتر دەبێ، بە ئەندازەیەك نرخی شتەکان بەرز دەبنەوە، کە ڕەنگە زۆربەمان نەتوانین بیانکڕین.. بەمەش زۆربەمان دەبینە کەسانی هەژار، ئەگەرچی دراو و پارەشمان زۆربێ.

ئەم پرسیارە منداڵانە کە زۆر بە دڵێکی بێگەرد و سادەوە ئاڕاستەی کردم، لەوە ئاگاداری کردمەوە کە دەوڵەمەندەکان تەنها بە زۆری پارە و سامان دەوڵەمەند نین، بەڵکو بە هۆکاری کەمی ژمارەشیانەوە دەوڵەمەندن (بەراورد بە ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە)، شتە سادەکان بە ئاسانی دەکڕن و گرانبەهاکانیش کە خەڵکی هەژار ناتوانن بیکڕن ئەوان دەتوانن.

ئەگەر هاتبا و من بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکەی ئەوم

بدابایەوە، ئەوا بە دڵنیاییی ڕێگریم لە بیرکردنەوەی ئەو دەکرد، لە هەمان کاتدا ڕەنگە وەڵامێکی هەڵەشم پێ بدابا (چونکە زۆربەی کات ئێمە لە بەردەم منداڵەکانمان خۆمان ناشکێنینەوە و دان بە نەزانیی خۆمان نانێین!).. هەست بەوە ناکەین کە وەڵامە ئامادەکراوەکان چ زیانێك بە منداڵەکانمان دەگەیەنێ و توانای بیکردنەوە و داهێنانیان پەك دەخات.. چونکە ڕێگریکردن لە پرسیار و بیرکردنەوە لە بری ئەوان و پێشکەشکردنی وەڵامی ئامادە.. هەموویان دەبنە هۆکارێك بۆ وەستاندنی توانای منداڵەکانمان و ڕێگریکردن لە بەردەم بیرکردنەوە و گەڕان و داهێنان...

- ئایا دەزانن چ شتێك زیاتر لە ڕۆڵی ماڵ و قوتابخانە لە کوشتنی بەهرەی داهێنان، لای منداڵەکان من دەخاتە دڵەڕاوکێ و دوودڵی؟!

پێگەیاندنی لە نێو کولتوورێك کە تیایدا عەقڵ کۆتکراوە، هیچ هاندانێکی بۆ داهێنان تێدا نییە، قەدەغەی هەموو بیرکردنەوەیەکی تێدا کراوە..

- دەشزانن چ شتێك پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی من بە دیاریکراوی باس لە منداڵان بکەم؟!

ئارەزووم بۆ ئەوەی کە تۆش بگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵی، پرسیار بکەیت، بە دوای زانینەوە بیت، ئەو کۆتانە تێك بشکێنی کە ڕێگری لە بیرکردنەوەی گەورەکان دەکەن و ترسی پرسیارکردنیان لا دروست دەکات..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- وەڵامی ئاسان بە منداڵەکەت مەدە، قەدەغەی پرسیاری قورسیشی لێ مەکە.
- قوتابخانە داهێنان دەکوژێ، چونکە منداڵەکان بە بیر و بۆچوونی پێشوو و چەند کەسێك لە قالب دەدات.
- بلیمەتەکان ئەو چەند کەسە کەمەن کە تا ئێستا پارێزگارییان لە بنەماییەکی منداڵیی خۆیان کردووە و حەز و ئارەزووی زانست و پرسیارکردنیان ماوە.

***

## خراپترین ئامۆژگاری کە لە سەردەمی منداڵیدا گوێت لێ بووبێ

هەر جارێ منداڵەکەت سەرزەنشت بکەیت، ئەوا کەسایەتی دەشێوێنی و بەشێك لە متمانە بەخۆبوونی لێ دادەدڕی.. هەر جارێك توندوتیژی جەستەیی لەگەڵ بەکاربهێنی، ئەوا دڵنیابە دەیڕوخێنی و کەسێکی توندوتیژی لێ دروست دەکەیت و وای لێ دەکەیت لە داهاتوودا لاسایت بکاتەوە.

بەڵام خراپتر لە توندوتیژی و سەرزەنشتکردن بریتییە لەوەی کە چەند ئامۆژگارییەکی خراپی بدەیت بە گوێیدا، تۆش وابزانی کە باش و ئیجابییە، بەمەش تۆ بونیادی کەسایەتی لەسەر بنەمایەکی شێوێندراو و ناتەندروست هەڵدەچنی.. ئامۆژگاری و وتەگەلێك (پەندی پێشینان) کە تۆ باوەڕت وایە لە ڕێگەیانەوە فێری پیاوەتی و ڕەوشت دەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە، لێیانەوە فێری توندی و خۆپەرستی و دەمارگیری و... دەبێ، ڕەنگدانەوە خراپ و زیانەکەشی لەسەر کۆمەڵگە چ لە ئێستا یان لە داهاتوو هەر بە دیار دەکەوێ.

پێش نووسینی ئەم بابەتە، هەوڵم دا خراپترین ئامۆژگاری بهێنمەوە یادی خۆم کە خانەوادەکان بە گوێی منداڵەکانیان دادەن و باوەڕیان وایە ئامۆژگارییەکی باشیان دەکەن.. سەرنجم دا زۆربەیان لە سەر شێوازی (پەندی پێشینان)

## سەرکەوتن بە هەموو نرخێ،
## سەرکەوتن نییە!

لە جیهانی پڵنگ پشیلەکان[8] ڕاگرتنی زیانەکان باشترە لە بەدیهێنانی سەرکەوتنەکان.

شێر و پڵنگ و پشیلەی کێوی.. ماوەیەکی دیاریکراو بە دوای نێچیرەکەدا ڕا دەکەن، دواتر لەناکاو دەوەستن..

ئەو کاتەی دەزانن نێچیرەکە کاتی زیاتری دەوێ بۆ ڕاوکردن، لە بەرامبەریشدا بەهاکەی بەو جۆرە نییە دەوەستێ (تەنانەت ئەگەر نێچیرەکەی ئاسکێك بێت و تەنها دوو بستیش لێوەی دووربێ!).

ماوەیەکی زۆر وەستان و گەڕانەوەی ئەو جۆرە گیاندارانە لە کاتی ڕاوکردندا زانایانی ئەو بوارەی دووچاری سەرسوڕمان کردبوو، هۆکارەکەیان نەدەزانی، تا لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەو گیاندارانە بەهایەك بە نێچیرەکەیان دەدەن بۆ ئەوەی شیاوی ئەو ڕاکردن و بە دواکەوتنەی ئەوان بێت، هەروەها ئەگەر نێچیرێك گۆشتەکەی کەمتربێ، ئەوا ئەوان کەمتر بە دوای دەکەون.

---

(8) پۆلێکن لە گیاندارە مەمکدارەکان، زۆر جۆری گیانداری گۆشتخۆر لە خۆ دەگرێ، بە ناوبانگترینیان: شێر، پڵنگ، جاکوار و پشیلەی کێوی.. چەند دڕندەیەکی تریش.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " گەزەنگ مام بابۆ " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ  کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

پێشکەوتن و شارستانییەتەوە لە پێش ئێمەوەن.

ئامۆژگاریی سێیەم: ((پیاو ناگریەت)):

ئەمەش ئامۆژگارییەکە بۆ کوڕەکەی، کە وای لێ دەکات بەردەوام هەستەکان کپ بکات و نەتوانێ بە شێوەیەکی ڕاست و تەندروست هەستەکانی ناخی خۆی دەربڕێ.

ئامۆژگاریی چوارەم: ((لە خراپەی ئەو کەسانە بترسە کە چاکەت لەگەڵدا کردوون)):

ئەمەش فەرموودە نییە (وەك بەشێك لە خەڵك وای بۆ دەچن) بەڵکو هەڵەیەکی بڵاوە و وامان لێ دەکات بەردەوام لە گوماندا بین، هەمیشە گومانمان بەرامبەر بەو کەسانە خراپ بێ کە چاکەمان لەگەڵدا کردوون!

ئامۆژگاریی پێنجەم: ((جگە لە کۆمەڵەکەی خۆت باوەڕ بە کەس مەکە)):

ئەمەش ئامۆژگارییەکی دەمارگیری و عەشیرەتگەرییە، وامان لێ دەکات لە هەموو ئەو کەسانە بە گومان بین کە لە کۆمەڵەکەی ئێمەدا نین.

ئامۆژگاریی شەشەم: ((کەسە نزیکەکانت دووپشکن)):

ئەم ئامۆژگارییە ڕێك پێچەوانەی ئامۆژگارییەکەی پێشووە، وات لێ دەکات لە نزیکترین کەسی خۆت بە گومان بیت.

ئامۆژگاریی حەوتەم: ((لە مەجلیسی گەوراندا قسە مەکە)):

ئەم ئامۆژگارییەش بوێری و متمانە لای منداڵ ناهێڵێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە منداڵێك بە "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" دەڵێ: "ئەگەر پێوەری کارەکە تەمەن بێ، ئەوا لە ئوممەتی

موحەممەدا کەسانی شیاوتر هەن بۆ خەلافەت".

ئامۆژگاریی هەشتەم: ((ژن بەبێ پیاو هیچی پێ ناکرێ)):

ئەم وتەیەش هەر لە منداڵییەوە بە گوێی منداڵەکان دادەدرێ، بەمەش ڕەگەزی مێینە بەردەوام لە دیدی منداڵەکان بە بچووکی و لاوازی دێتە بەرچاو، تا گەورەش دەبن...

هەروەها چەندین ئامۆژگاریی تریش، کە بەردەوام دەگوترێن و دووبارە دەکرێنەوە، چەندین شوێنەواری خراپ لەسەر کەسایەتی تاك و کۆمەڵگەش دروست دەکەن..

دوای پرسیارکردنیشم لە هاوڕێیانی تویتەر (سەبارەت بە خراپترین ئامۆژگاری کە لە ژیانیاندا گوێبیستی بوونە) چەند وتە و پەندێکیان بۆ ناردووم، لەوانەش:

* بەقەد بەڕەی خۆت قاچەکانت ڕاکێشە:

ئەم ئامۆژگارییە وا لە کەسەکان دەکات کە تەمبەڵ بن و بەردەوام بە کەم ڕازی ببن (من دەڵێم ڕاستر وایە کە ئەم ئامۆژگارییە بە جۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە و بگوترێ: بەڕەکەت دوور لە قاچەکانت ڕابخە).

* هەمیشە لە تەنیشت دیوارەوە برۆ:

ئەم ئامۆژگارییەش منداڵ فێری ترس و زەلیلی دەکات و وای لێ دەکات بەردەوام لە ژێر سێبەر بمێنێتەوە.

* پێست تەنها پێستی تۆیە، چەقۆ بەسەریدا ڕۆیشتووە:

ئەم ئامۆژگارییەش خۆپەرستی لای تاك دروست دەکات و بۆ توندوتیژی هانی دەدات، وای لێ دەکات بەرامبەر هەموو مامەڵە مرۆییەکان دیدێکی خراپی

هەبێ.

* ئەوەی لە گیرفانتدایە بیبەخشە، لە نادیارەوە بۆت قەرەبوو دەکرێتەوە:

ئەمە نەك هەر ئامۆژگاری نییە (بەڵکو لە ڕووی شەرعیشەوە دروست نییە) چونکە تاك فێری زێدەڕۆیی و پارە بەهەدەردان دەکات.

* ئەگەر گورگ نەبی، گورگ دەتخۆن:

ئەمەش ئامۆژگارییەکی خراپی ترە، وا لە تاك دەکات کە ببێت بە دڕندە و گۆشتی کەسە لاوازەکان بخوات.

* تەنها گیرفان پیاو عەیبدار دەکات:

هەر لەبەر ئەوەشە کە بەشێك لە کەسەکان ئێستا بەهایەك بۆ جوامێری و ئەدەب و ڕەوشت دانانێن، بەڵکو تەنها سەیری ڕەسیدی بانکیی کەسەکان دەکەن و هەر بەو پێوەرەش هەڵیان دەسەنگێنن.

ئەمانەی سەرەوە تەنها بەشێکن لەو پەند و وتانەی کە وەك ئامۆژگارییەك بە منداڵەکان گوتراون. لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانیشدا بڵاون، کە بێ ئەوەی لە کاتی خۆیدا هەستیان پێ بکەین کاریگەریی خراپیان لەسەر پەروەردەی منداڵ و شێوازی بیرکردنەوەیان دەبێ.. چونکە هەر لە ڕێگەی ئەو ئامۆژگاریانە فێرە ڕەوشت کراون و ڕەفتارەکانیشیان ڕەنگدانەوەی واتای ئەو ئامۆژگاریانەن.. دەشێ کتێبێکی تەواو لەسەر ئەو بابەتە بنووسرێ..

هەموو ئەو ئامۆژگارییانەم بۆ ئەوە هێنان تا تۆ ئاگاداری

کاریگەریی خراپی ئەو جۆرە ئامۆژگارییانە بێت و لە ئامۆژگاریکردنی ڕۆڵەکانتدا بەکاریان نەهێنێت و دووبارەیان نەکەیتەوە...

فەیلەسووفی چینی "لاوتسۆ" دەڵێ:

چاودێریی بیرکردنەوەکانت بکە، چونکە بە وشە گوزارشتیان لێ دەکەیت...

چاودێریی وشەکانیشت بکە، چونکە دەیانکەیت بە ڕەفتار...

چاودێریی ڕەفتارەکانیشت بکە، چونکە دەبن بە نەریت و کەسایەتیت دروست دەکەن.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەو پەند و وتانەی لە نێو خەڵکیدا باون، گوزارشت لە ڕەوشت و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە خەڵکەکە تیایدا دەژی.
- زۆربەی ئەو ئامۆژگارییانەی کە باوەڕ وایە لە ڕێگەیانەوە ڕۆڵەکانمان فێری جوامێری و پیاوەتی دەکەن، جگە لە توندوتیژی و زۆرداری، هیچیتریان لێوە بەرهەم نایەت.
- یەکەم هەنگاو بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکە سلبییەکان بریتییە لە نەگێڕانەوەیان بۆ منداڵەکانمان و وەستاندنیان لای خۆمان.

***

## کەس وەک منداڵەکەت چاودێریت ناکات

کاتێـك مـن لـە قۆناغـی سـەرەتایی تـەواو بـووم، باوکیشـم ژیانـی لەو باڵەخانەیە بە کۆتـا هێنـا کـە پێنـج نهـۆم بـوو.. دوای ئـەوە زۆر جـار باوکـم بـە شـانازییەوە دەچـوو لـە بەرامبـەری دادەنیشـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر جـار خەڵکم دەبینی پرسـیاریان لـە باوکـم دەکـرد: ئایـا شـوقەی هەیـە بـۆ کـرێ؟

ڕۆژێکیـان پیاوێـك وەسـتا (منداڵێکـی لەگـەڵ بـوو کـە هیـچ پرچـی نەبـوو) پرسـیاری ئـەوەی لـە باوکـم کـرد ئەگـەر شـوقەیەکی هەبـێ بـۆ کـرێ زۆر پێویسـتییەتی.. زۆر قسـەی لەگـەڵ باوکمـدا کـرد، تـا ئـەوەی باوکـم لـە ژمـارەی کـوڕ و کچەکانـی پرسـی، ئەویـش گوتـی: دوو کـچ و ئـەم کـوڕەم هەیـە، لەگـەڵ هاوسەرەکەشـم (دوور لـە ڕووت).

باوکـم لەگـەڵ وشـەی کۆتایـی ئـەو زەردەخەنەیـەی لەسـەر لێوانـی بـوو زوو شـاردیەوە، بـە بیسـتنی (دوور لـە ڕووت) ڕەنگـی ئاسـایی نەمـا، هیـچ وەڵامێکـی پیاوەکـەی نەدەدایـەوە، تـا ئـەوەی پیاوەکـە تووڕەبـوو و گوتـی: "بـۆ وەڵام نادەیتـەوە، چیـت بەسـەرهات خـۆ لاڵ نەبـووی؟!".

باوکـم هـەر بـە بێدەنگـی مایـەوە، هیـچ سـەیری ڕووخسـاری پیاوەکـەی نەدەکـرد، تـا پیاوەکـەش بێهیـوا بـوو لەسـەیرکردنی،

دواتر دەستی کوڕەکەی گرت و ئەوێی جێهێشت، بێ ئەوەی هۆکاری بێدەنگبوونی باوکم بزانێ.

بۆ ئەمانەت، بیرم نایەت باوکم ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی مافی ئافرەت و گرنگیی ڕێزگرتنی ئەو ڕەگەزەی بۆ من کردبێ، بەڵام لەو ڕۆژەوە و لەو هەڵوێستەی بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕێزگرتنی ئافرەت بە واجب دەزانێ، هەر کەسێك سووکایەتیشی پێ بکان بە سووکی دەزانێ.

دڵنیام تۆش وەك من چەندین هەڵوێستی بەرز و جوانی باوکت لەبیرە، کە ڕەنگە تا ئێستاش کاریگەرییەکەی لەسەرت مابێ.

هەڵوێستێك کە ڕەنگە هیچ وشەیەکی نەدرکاندبێ، هیچ ئامۆژگارییەکی تۆی نەکردبێ، بەڵام کاریگەرییەکی لەسەر جێ هێشووی کە تا ئەمڕۆش نەتتوانیووە لە یادی بکەیت.

ئەمە ئەو شتەیە کە من بانگەشەی بۆ دەکەم لە ڕێگەی کەسی سەرمەشقەوە.

بە جۆرێك لە بەرامبەر کوڕ و کچەکانت ڕەفتار ئەنجام بدەیت کە هەر ڕەفتارێکت لە بەرامبەر هەزار وشەی بەهێز و چەندین وتاری درێژبێ.

بانگەشەی هەر شتێك بکەیت بۆ خۆت، هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر بێتوو ئەو سیفەتەی بانگەشەی بۆ دەکەیت لە ژیانی ڕۆژانەت ڕەنگ نەداتەوە و جێبەجێی نەکەیت (چونکە ئایین مامەڵەیە، مامەڵەکانیشمان بە ڕەوشت لەگەڵ خەڵکیدا بەرجەستە دەبن).

سوودی ئەو وشە و ئامۆژگاریانە چییە ئەگەر ڕەفتارەکانت

لە بەرامبەر منداڵەکانت پێچەوانەی ئەو وشە و ئامۆژگارییانە بن؟ سوودی هاندانیان لەسەر ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ئەمانەت چییە، کە خۆت نەتوانی بە کردار لە ژیانی خۆتدا نیشانیان بدەیت؟

چۆن پێشبینی ئەوەیان لێ دەکەی کە پارێزگاری لە بەها و ڕەوشتەکان بکەن -تەنانەت پاك و خاوێنی و جگەرەنەکێشان- ئەگەر سەرەتا لە کاتی جێبەجێکردنیان تۆ نەبینن؟

دڵنیابە بە دووڕوو یان کەسێکی ئیرادە لاواز ناوت دەبەن، ئەگەر شتێکیان پێ بڵێیت و خۆشت پێچەوانەکەی ئەنجام بدەیت، لە سەر ئەنجامنەدانی شتێك هانیان بدەیت و خۆشت ئەنجامی بدەیت، بە دڵنیایی ئەو کات دژییەکی لە نێوان کردار و گوفتارت بەدی دەکەن، بە دڵنیاییش کاریگەریی خراپی لەسەر پەروەردەکردنیان دەبێ، پەروەردگار دەفەرمووێ:

((كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ)) [الصف: ٣]

واتە: ((خەشم و ڕقێکی گەورەیە لای خوا ئەوەی کە دەیڵێن و نایکەن)).

بەڵام لە بەرامبەردا ئەنجامدانی ڕەفتاری بەرز و جوان تۆ دەکەن بە «سەرمەشقێکی باش» بەوپێیەی هەرچی تۆ بۆیان باس دەکەیت لە ڕەفتارەکانتدا بەدی دەکەن، بەمەش خێراتر قسەکانی تۆ دەکەن بە ڕەفتار، هەر ڕەفتارێکی تۆ گۆڕانکاریی خێرا و ڕاستەوخۆ لەسەر دەروونی ئەوان دروست دەکات، تەنانەت ئەگەر تۆ بێ مەبەست و ئاگاداریی خۆشت ئەو کارەت ئەنجام دابێ.

چەند ساڵێك پێش ئێستا، من لەگەڵ خانەوادەکەم لە ئەوروپا بووم، لە شوێنێك بووین لە نزیك ئێمەوە ژنێك دەیویست بە خۆی و منداڵە ساواکەی نێو عارەبانەکەی بەسەر چەند قادرمەیەکدا سەربکەوێ، هەر زوو حیسام و فەیسەڵی کوڕم بەرەوپیری چوون و یارمەتییان دا، عارەبانەی منداڵەکەیان بۆ هەڵگرت و بۆیان گەیاندە کۆتا قادرمە.. دوای هاتنەوەیان بەمەبەست لێم پرسین: چی وای لە ئێوە کرد کە یارمەتیی ئەو ژنە بدەن، لە کاتێکدا چەندان گەنج و پیاوی تر بێرەدا دێن و دەچن؟ فەیسەڵ گوتی: هەر لەبەر ئەو هۆکارەی کە تۆ چەندین جار جانتای ژنانت لە پەیژەی فڕۆکە هەڵگرتووە»!

بە ئەندازەی ئەوەی وەڵامەکە دڵخۆشی کردم، هێندەش بەوە دڵخۆش بووم کە توانیومە نەریتێکی جوان دروست بکەم، بێ ئەوەی خۆشم هەستی پێ بکەم!

بەڵام زۆر جارانیش ڕێك پێچەوانەکەی ڕوو دەدات.. ئەو دەمەی منداڵەکانت دەبینن کە تۆ ڕەفتارێکی خراپ یان نەشیاو ئەنجام دەدەیت، ئەوا دڵنیابە ئەوە بۆ ئەوان ئاماژەیەکە، واتا ئێوەش دەتوانن لە داهاتوودا ئەنجامی بدەن! بتەوێ یان نا، ئەوە ئەو واتایە هەڵدەگرێ.. ئەو پیاوەی بە چاوێکی سووك سەیری هاوسەرەکەی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە منداڵێکی لێ بەرهەم دێ کە بە چاوێکی کەم سەیری هەموو ئافرەتێك دەکات و وەك کاڵایەکی ناو ماڵ دەیبینێ.. ئەو باوکەش کە بە شێوازێکی توند مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێ دڕندە گەورە دەکات، کە هەمان

ڕەفتاری ئەو لە داهاتوودا ئەنجام دەدەنەوە، ئەو باوکانەش کە سەروەت و سامان لە ڕێی دزی و ڕاووڕووتی بە دەست دەهێنن، منداڵەکانیان ئەو کارە بە کاری باوانیان دەزانن و بە مافێکی خۆیانی دەزانن دووبارەی بکەنەوە.

منداڵە بچووکەکەت (نەوەك بەڕێوەبەری کارت) گرنگترین کەسە کە سووربیت لەسەر ئەوەی هیچ ڕەفتارێکی هەڵە لە بەرامبەریدا ئەنجام نەدەیت، چونکە ئێمە لە باوانەوە بە تەنها چەند سیفاتێکی ئەوانمان بە میرات بۆ نەماوەتەوە، بەڵکو بەشێکی گەورەی ڕەفتار و ڕەوشت و هەڵوێستە کەسییەکانیشیان بۆ ئێمە ماوەتەوە و پەیڕەوییان دەکەین.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەگەر نەتتوانی ڕەفتارەکانت وەك پێشەنگێکی باش بەرجەستە بکەیت، ئەوا دڵنیابە ئامۆژگاری و وشەکانت کاریگەریی ئەوتۆیان نابێ.

ناڵێم دەبێ تۆ فریشتە بیت و بە دووربی لە هەموو کەموکورتییەك (هیچ کەس بەو جۆرە نییە)، بەڵام لانی کەم دەتوانی لە بەرامبەر منداڵەکانتدا ڕەفتاری بەرز ئەنجام بدەیت.. هەڵەی دایك و باوك لە یادەوەریی منداڵەکاندا ناسڕێتەوە.. ڕێزگرتن لە منداڵەکان هۆکارە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێویست بەوە نەکات کە دایك و باوکیان بیر بخەیتەوە (چونکە لە یادیان ناچن تا بیریان بهێنیتەوە).

پێویست بە دکتۆرا لە زانستی دەروونناسی ناکات تا بزانی یەکەم شت کە منداڵەکەت لە عەقڵیدا جێگیری دەکات لە یادەوەرییدا دەمێنێتەوە چییە، ئەوەی تۆ ئەنجامی دەدەیت لە بەرامبەریدا، هەر ئەوی لە یادگەدا دەمێنێتەوە،

بۆیـە جوانتریـن و بەرزتریـن کار لـە بەرامبەریـدا ئەنجام بـدە.

پێش ئەوەی لە بیرم بچێ؛

ئـەو چیرۆکـەی سـەرەتا باسـمان کـرد باوکـم بـۆی نەگێڕاومەتـەوە، بـەڵام هەواڵـی ئـەوەی پێدام کـە (ئـەو کـوڕەی هیـچ پرچـی بـە سـەرەوە نەبـوو) ئێسـتا چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا دەکات!!

***

## پوختەی تیۆرەکە

- منداڵـە بچووکەکـەت (نـەوەك بەڕێوەبـەری کارت) گرنگترین کەسـە کە سـووربیت لەسـەر ئـەوەی هیچ ڕەفتارێکـی هەڵـە لـە بەرامبەریدا ئەنجام نەدەیـت.
- پێشـەنگبوون لـە هـەزار ئامـۆژگاری باشـترە، ئامۆژگاریـش هیـچ بایەخێکـی نییـە، ئەگـەر سـەرەتا خاوەنەکـەی خـۆی کاری پـێ نـەکات.
- ئـەو پیـاوەی بـە چاوێکـی کـەم سـەیری ئافـرەت دەکات، منداڵێـك بەرهـەم دێنـێ کە وەك کەلوپەلێکی نـاو مـاڵ سـەیری هاوسـەرەکەی دەکات.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- منداڵـە بچووکەکـەت (نـەوەك بەڕێوەبـەری کارت) گرنگترین کەسـە کە سـووربێت لەسـەر ئەوەی هیچ ڕەفتارێکـی هەڵـە لـە بەرامبەریدا ئەنجام نەدەیـت.
- پێشـەنگبوون لـە هـەزار ئامـۆژگاری باشـترە، ئامۆژگاریـش هیـچ بایەخێکـی نییـە، ئەگـەر سـەرەتا خاوەنەکـەی خـۆی کاری پـێ نـەکات.
- ئـەو پیـاوەی بـە چاوێکـی کـەم سـەیری ئافـرەت دەکات، منداڵێك بەرهـەم دێنـێ کە وەك کەلوپەلێکی نـاو مـاڵ سـەیری هاوسـەرەکەی دەکات.

***

## ئەوەی پێویستە کچان لەبارەی پیاوانەوە بیزانن

دوای دەرچوونی بەرگی یەکەمی کتێبی "تیۆری فستق"، لە ڕێگەی نامە و کۆمێنتەکان (لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و سەرنجدان، دەرکەوت کە کچان و ژنان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردووە و بابەتەکانیان بەلاوە گرنگ بووە..

جا وەك ڕێزگرتنێك لە (ڕەگەزی سۆزئامێز) لەسەر مۆڵەتی ڕەگەزەکەی تر (کە پیاوانن)، ئەم بابەتە تایبەت دەکەین بە کچان، لەم بابەتەدا چەند نهێنییەکتان بۆ دەخەمە ڕوو کە ڕەنگە زۆربەتان نەتانزانیبێ، لە حەوت ڕاستیش ئاگادارتان دەکەمەوە کە زۆر پێویستە هەموو کچێك پێش هاوسەرگیری بیانزانێ:

* ڕاستیی یەکەم: من ناوی دەنێم (کاریگەریی شۆك):

تەنانەت ئەگەر تۆ پێت وابێ هەموو شتەکان زۆر بە باشی و وەکو خۆیان دەزانی، ئەوا دڵنیابە هەموو شتێك نازانی، چونکە بەشێك لەو شتانە تەنها دوای هاوسەرگیری بە دیار دەکەون.. لە کاتی مارەبڕیندا هەر دوو لایەن هەوڵ دەدەن خۆیان لە باشترین حاڵەت نیشان بدەن، بەڵام دوای هاوسەرگیری شتەکان بەو جۆرە نین، بەڵکو ئەو کاتەی پیاوەکە بە شەڕواڵ و کراسە ئاساییەکەی خۆی دەردەکەوێ

کەسایەتییەکی تره! بۆت دەردەکەوێ کە دایکی بە دەستییەوە دەناڵێنێ، خوشك و براکانی لێی بێزارن! ئەگەر کچێکی ئەمەریکی دوای دە ساڵ ئەوەی بەسەربێ ئەوا دەڵێ: ئایا ئەوە هەمان ئەو پیاوەیە کە من بۆ یەکەم جار بینیم؟ بەڵام تۆ چی؟ دوای دە هەفتە دەبێ بە کەسوکارت بڵێی: فەرموو ئەوە ئەو پیاوە بوو کە ئێوە پێی ڕازیبوون و بۆ منتان دەستنیشان کرد.. دواتریش دەرگا لەسەر خۆت دادەخەیت!

* ڕاستیی دووەم (فێڵی یەکسانی):

ئاگاداربە، هیچ کەس فریوت نەدات و هەڵت نەخەڵەتێنێ، هاوسەرگیری هاوبەشییەکی تەواو و یەکسانییەکی تەواو بە ڕێژەی (50%) نییە.

پیاوی ڕۆژهەڵاتی، بە دیاریکراویش پیاوی عەرەبی -لە کوردستانیش بە هەمان شێوەیە (وەرگێڕ)-، هەمیشە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە هاوبەشیی هاوسەرەکەی بکات لە چێشلێنان و ماڵ پاککردنەوە و پەروەردەکردنی منداڵەکان.. بۆیە ژنەکە ناچارە هەموو ئەو ئەرکانە لە ئەستۆی خۆی بگرێ، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش فەرمانبەر یان خاوەنی هەر پیشەیەکی تر بێ.. من ئامۆژگاریت ناکەم تا لەسەر ئەو پرسە کێشە دروست بکەیت (تەنانەت باسی ئەوەش مەکە کە ژن ناچار نییە ئەو هەموو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ)، بەڵام لە گفتوگۆی ئارام و لەسەرخۆ مەوەستە، تا دەگەیتە چارەسەرێکی هاوسەنگ.

* ڕاستیی سێیەم (ڕۆمانسی لای ئێمە شتێکی ترە):

بە پێچەوانەی ئەو دیمەنانەی لە فیلمەکان دەیبینین، پیاوان لەوە زۆر پارێزگارترن و لەسەریان قورسە کە بە هاوسەرەکەیان بڵێن (خۆشم دەوێی).. سەبارەت بە پیاوی عەرەبیش گوزارشتکردن لە خۆشەویستی هاوشێوەی فیلمەکان ڕەنگە لای ئەو بە خەیاڵیش ئەستەم بێ!

پیاوەکە هەر چەندێك هاوسەرەکەی خۆش بوێ، ئەوا کەمتر لەو ڕێژەیە بە هاوسەرەکەی دەڵێ، لە ترسی ئەوەی خاڵی لاوازی نەکەوێتە لای ژنەکەی و ژنەکەی وا بیرنەکاتەوە کە ئەو ناتوانێ لێی بێ نیازبێ.

جوانی ئەوەیە (ئەگەر نەشتوانی پێی بڵێی خۆشم دەوێی) ئەوا لانی کەم لە بەرامبەر ئەوەدا بە دیاری و ڕێگەی جیاواز خۆشەویستییەکەی بۆ دەربڕی.

* ڕاستیی چوارەم (بەردەوام لە نزیك تۆ نامێنێتەوە):

پیاوان بە ئەندازەی ژنان ئارەزووی قسەکردن ناکەن، کاتێکیش بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە ماڵ دەمێننەوە هەست بە دڵتەنگی و دڵتوندی دەکەن.. تۆش پێویستە ئەوە بزانی، تا وا بیر نەکەیتەوە کە ئەو دوای هاوسەرگیری بەردەوام لای تۆ دەمێنێتەوە و وەك سەردەمی دەستگیرانداری گوێ لە ڕاز و قسەکانی تۆ ڕادەگرێ (تا درەنگانی شەو)، قسەکردن بەلای پیاو تەنها هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری (هەر بۆیەش زۆر بە پەلە پەیوەندییە تەلەفونییەکانمان بە کۆتا دێنین)، بەڵام لە هەمان کاتدا قسەکردن لە لای ژنان هۆکاری پەیوەندی و ڕاوێژکردن و دەربڕینی هەست و سۆزە، ئەمە سەرەڕای قسەکردنی ئاسایی (هەر بۆیەش

دەبینی کچان بە کاتژمێر قسە لەگەڵ هاوڕێکانیان دەکەن، بێ ئەوەی بە کردەیی شتێك بڵێ!).

* ڕاستیی پێنجەم (بابەتی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لەبیر بکە):

ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی شتێکی نموونەیین، بەڵام هەموو کات لەسەر زەوی واقیع قسە مەکە - بەڵکو بە پێچەوانەوە- بە تێپەڕبوونی کات بۆت دەردەکەوێ کە هاوسەرگیریی سەرکەوتوو جار جارە پێویستی بە شاردنەوەی نهێنییەکان و گوتنی نیوەی ڕاستی هەیە!

پەیوەندیی نێوان هاوسەرەکان هەر چەندێك بێ، ئەوا بە دڵنیاییی ڕاجیایی و خاڵی ناکۆکییان هەر دەبێ، تەنها هەبوونی (نێر و مێ) خۆی لە خۆیدا بە واتای هەبوونی دیدی جیاواز و شێوازی جیاواز دێ.. بە تێپەڕبوونی کات ژن و مێرد بۆیان دەردەکەوێ کە چەندین پرس و بابەت هەیە لەسەری کۆك نین، یانیش یەکێك لە ڕەگەزەکان لێی تێناگات.. بەمەش فێری شاردنەوەی نهێنی دەبن، لە ترسی دروستبوونی گرژی و دەنگەدەنگ و ناخۆشی و بەریەککەوتن...

* ڕاستیی شەشەم (هەروەها ماوەی پێش هاوسەرگیریش لە بیر بکە):

ئاشکرایە کە قۆناغی پێش هاوسەرگیری زۆر جیاوازە لە قۆناغی دوای هاوسەرگیری، دڵنیام لەوەی ئێمە گوێبیستی چیرۆك و داستانی هیچ کام لە (قەیس و لەیلا) و (ڕۆمیۆ و جولێت) و (عەنتەرە و عەبلە) و... نەدەبووین ئەگەر هاتبا و

هاوسەرگیریان کردبایە و ژیانیان لە سەردەمی ئەویندارى بە کۆتا نەهاتبا... ئەوەی چیرۆکی ئەویندارانی پاراستووە بریتییە لەوەی کە ئەوان نەچوونەتە نێو قەفەسی هاوسەرگیری.. بەڵام دوای هاوسەرگیری، چیرۆکەکان دووبارە دەبنەوە و جگە لە خاوەنەکانیان هیچ کەس باسیشیان ناکات، زۆر بە سادەیی چیرۆکەکە بە دوو ئەویندار دەست پێ دەکات، بەڵام بە دوو هاوسەر و منداڵ و چەندین ڕاجیایی و ناکۆکی بە کۆتا دێ.

## * ڕاستیی حەوتەم (هۆرمۆنات حوکم لەسەر ئێمە دەکەن):

ئایا دەزانی بۆچی دڵداری و شەیدایی خۆشەویستی لە دوای هاوسەرگیری لاواز دەبێ؟ ئەمە لە حاڵێکدا ئەگەر گریمانەی هەبوونی بکەین لە پێش هاوسەرگیری!!

چونکە خۆشەویستی چەندین گۆڕانکاری کیمیایی لە ماددەی مێشك دروست دەکات، دوای هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، دوای هاوسەرگیریش چەند گۆڕانکارییەکی تری کیمیایی ڕوو دەدەن، کە کەسایەتی (تەنانەت جەستە)ی پیاو و ژن دەگۆڕێ..

بۆ نموونە هۆرمۆناتی دووگیانی و دایکایەتی کاریگەری لەسەر کەسایەتی و جەستەی ژن دەکەن، لە هەمان کاتدا قۆناغی باوکایەتی کاریگەرییان لەسەر هۆرمۆنەکانی پیاو هەیە و وای لێ دەکەن زیاتر هەست بە بەرپرسیارییەتی بکات و سۆز بۆ منداڵەکانی دەربڕێ و بەرگەی قورسییەکانی ئەو قۆناغە بگرێت، بەڵام ئەگەر هۆرمۆنەکە کاریگەری نەبوو، ئەوا ئەو پیاوە بەردەوام لە ترسی دەنگەدەنگ و گریانی

منداڵ ڕا دەکات بۆ دەرەوەی ماڵەکەی.

لەبەر ئەوەی ڕووبەری بابەتەکە بوار بۆ شیکردنەوەی (کیمیای خۆشەویستی و هاوسەرگیری) نادات، تەنها ئەوەت بیربێ کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە گۆڕانی ئەو قۆناغانەی ژن و پیاو پیایدا تێدەپەڕن..

ڕەنگە بە هۆی ئەو بابەتەوە ڕقت لێم بێتەوە، بەڵام ئەوە واقیعە و ناتوانی بەرەنگاری بیتەوە، مەگەر بە دوو وشە، سێیەمی نییە...

واقعی بە...

***

## پوختەی تیۆرەکە

- پیاو پیاوە و ژنیش ژن، هەڵەیە ئەگەر گریمانەی کۆکبوون و هاوڕاییبوونیان لە هەموو شتێکدا بکرێ.
- ڕەنگە چیرۆکەکە بە دوو ئەویندار دەست پێ بکات، بەڵام بە خۆشەویستیی دوو هاوژینی بەسۆز و بەزەیی و ڕێزەوە بەردەوام دەبێ!
- ئەوەی چیرۆکی ئەویندارەکانی پاراستووە، بریتییە لەوەی کە ئەوان هاوسەرگیرییان نەکردووە و نەچوونەتە نێو قەفەسی هاوسەرگیری.

❊❊❊

## ئەو فرتوفێڵانەی خەڵک ئەنجامیان دەدەن

بۆ هەر بیرۆکەیەك یان پرۆژەیەکت ڕاوێژی هاوڕێکانت تاقی بکەرەوە، بۆت دەردەکەوێ کە (90%) جگە لە ڕەخنە و بێهیواکردن و قسەکردن لەسەر گریمانە خراپەکان هیچی ترت پێ نالێن...

ئەمەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەمیشە ئارەزووی شتی دیار دەکات و لە شتی نادیار دەترسێ.. هەموو کات جێگیربوون و گەڕانەوە بە باشتر دەزانێ لە هەوڵدان و ئەزموونکردن، هەر بۆیەش دەیەوێ هەمان ئەو هەڵوێستەی خۆی بۆ کەسایەتی تۆش بگوازێتەوە.

بەڵام بەشەکەی تر لە هاوڕێیانت کە ڕێژەکەیان (10%) کەسانی پاڵنەر و بوێرن، هانت دەدەن تا دەستپێشخەر بیت و بەردەوام بیت، بە ئەندازەیەك پشتگیریت دەکەن، هەندێ جار وا گومانیان پێ دەبەیت کە بیرۆکەکەت لێ دەدزن و خۆیان جێبەجێی دەکەن.

بەشی یەکەم لە هاوڕێیانت ڕەنگە ڕقیان لێت نەبێ، بەڵام هەست بەوە دەکەن کە تۆ سەربکەوی، ئەوا ئەو دواکەوتووە، هەر سەرکەوتنێکی تۆ دەبێتە شکست و

دواکەوتنێك بۆ ئەوان، ئەمەش بەشێکە لەو ڕەفتارەی کە خەڵکانی ئێستا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا پەیڕەوی دەکەن، جا بە ویست بێ، یان بێ ئاگاداری خۆیان.

لە ڕاستیدا ئارەزووی بەردەواممان بۆ بێهیواکردن و ساردکردنەوەی خەڵك بۆ ئەنجامدانی بیرۆکەکانیان بەشێکە لە شێوازی مامەڵەی خراپ لەگەڵ خەڵکدا. لە ساڵی (1996) ئەو کاتەی لە لەندەن بووم کتێبێکی بچووکم کڕی، ناونیشانەکەی بریتیی بوو لە (ئەو فێڵانەی خەڵکی ئەنجامیان دەدەن)، لە یەکێك لە قاوەخانەکان دانیشتم و بەشێکی زۆرم لێ خوێندەوە، کات زۆر بەخێرایی بەسەرمدا تێپەڕبوو، کاتێك سەیری کاتژمێرم کرد بینیم کاتێکی زۆرم لێ ڕۆیشتووە، بۆیە بە پەلە کەلوپەلەکانم کۆکردەوە و ڕۆیشتم، دواتر زانیم کە لە کاتی پێشکەشکردنی حیسابەکەم بە گارسۆن کتێبەکەم لەوێ لە بیر کردووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ڕێی ئەو کتێبە زۆر شتم لەبارەی ئەو پرسەوە زانی..

دوای بیست ساڵ لەو بەرواره جارێکی تر بۆم ڕەخسا کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە تەواو بکەم، ئەویش لە ڕێگەی کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە ئینتەرنێت.

زۆر چێژم لەو کتێبە بینی، چونکە هەر فێڵێکی خەڵکی کە نووسەر باسی لێوە کردووە من بە واقیعی و ڕاستی یان بینیبووم یان پێشتر پێیدا تێپەڕبووبووم!!

کتێبەکە هەر وەك لە ناونیشانەکەی دیارە

(Games People Play)

گفتوگۆ لەسەر ئەو فرتوفێڵ و فشارانە دەکات کە خەڵکی لە

میانی مامەڵەی ڕۆژانەیان لە بەرامبەر یەکدیدا بەکاریان دەهێنن.

لـە بەشـی یەکەمـدا نووسـەر "ئیریـك بیرنـی" مامەڵەکانمـان لەگـەڵ خەڵکـدا بـۆ سـەر سـێ هەڵوێسـت دابـەش دەکات:

هەڵوێسـتی باوکایەتـی، هەڵوێسـتی منداڵـی، هەڵوێسـتی پێشـەنگ.. بـۆ نموونـە: سـەرۆکی کارت ڕەنگـە ئەمـڕۆ وەك باوکێکـی تونـد مامەڵـەت لەگەڵـدا بـکات (وەك کاردانەوەیـەك بـۆ ئـەو پەروەردەیـەی کـە باوکـت پێشکەشـی تـۆی کـردووە)، بـەڵام لـە ڕۆژی دواتـر بـە شـێوەی منداڵێکـی ساویلکە ڕەفتـارت لەگەڵـدا دەکات (ئـەو ڕەفتـارەی وەك کاردانەوەیەکـە بـۆ کـەش و میزاجـی لـەو ڕۆژەدا)، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا وەك کەسێکی پێشـەنگ مامەڵـەت لەگەڵـدا دەکات (ئـەم ڕەفتارەشـی پشـت بـەو ڕێـزە دەبەسـتێت کـە لـە نێـوان هـەر دووکتانـدا هەیـە و هەروەها پابەندبوونتـان بـە جێبەجێکردنـی یاسـا و ڕێکارەکانـی کار).

بـەڵام لـە بەشـی دووەمـی کتێبەکـە -کـە زۆر بەچێـژە- چەندیـن نموونـە و شـێوازی شـاراوەی نـاو ناخـی کەسـەکان لـە خـۆ دەگـرێ، کـە خەڵگـی لـە ڕێگەیانـەوە مامەڵـە لەگـەڵ یەکتریـدا دەکـەن.

ئێمـە بـەردەوام بـۆ دەرخسـتنی هێـزی بـازوو و خۆسـەلماندن و بەدەسـتهێنان.. ڕۆڵ دەگێڕیـن، هەروەهـا بـەردەوام لـە هەوڵـی گۆڕینـی بۆچوونـی دەوروبەرماندایـن، تەنانـەت زۆر جـاران یاریـی زۆر سـەیر لەگـەڵ خۆشەویسـتانمان ئەنجام دەدەیـن، وەك یـاری مشـك و پشیلە!

زۆر قورسـە بتوانـم هەمـوو ئـەو نموونـە و چیرۆکانـەی نـاو کتێبەکـە بـۆ ئێـوە بخەمـەڕوو، بۆیـە هـەوڵ دەدەم چەنـد

نموونەیەك كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەكەی ئێمە هەیە بخەمە ڕوو، كە هەر لەگەڵ بیستنیان چەندین چیرۆك و ئەزموونت بیر دەخەنەوە كە تۆ پێیاندا تێپەڕبوویت:

بۆ نموونە:

- ئایا ئەنجامی كارەكەی خۆت بینیوە؟ تۆ دەزانی بە هۆی ئەو كارە تۆ دووچاری چی بوویت؟
- ئەگەر توانیت هەوڵ بدە من ڕابگریت. (بۆ تاقیكردنەوەی ئاستی جددیەتت).
- هەوڵدان بۆ ئاراستەكردنت بە ڕێگەیەكدا: ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایە، وام دەكرد و وام دەكرد.
- سەیركە چەند بە جددی هەوڵم دا... چەند قوربانیم دا لەپێناوت.
- ملكەچبوونی مەرجدار (بە مەرجێك ڕازی دەبم، بەو ڕێگەیە ڕازیم).
- داوای لێبوردنێكی سەیر (وەك: من ئەو كات دەمویست یارمەتیت بدەم).
- دەمارگرتنێكی ڕێزدارانە (زۆر پێم خۆشە خزمەتت بكەم، بەڵام داواكارییەكی سادەم هەیە).
- دڵنیابە، ئەوە لە پێناو تۆ ئەنجام دەدەم (ئامۆژگاریت دەكەم، هەر كەسێ ئەوەی پێ گوتی زۆر لێی دڵنیا مەبە).
- باشترین ڕێگەت نیشان دەدەم بۆ ئەنجامدانی ئەوە و ئەوە...
- هەر كات دووچاری ماندووبوون و قورسی هاتی، بە

من بڵێ.

* لە کۆتاییدا؛ هەرگیز یاری و فێڵی سارکردنەوە و بێهیواکردنت بیر نەچێ کە لە سەرەتای ئەو بابەتە باسمان کرد، چونکە زۆرێك لە خەڵکی ئەو ڕێگەیە بەکاردەهێنن لە مامەڵەکردنیاندا، جا یان بۆ سەلامەتییە، یانیش بۆ ئەوەیانە کە تۆ لە ناو کۆمەڵەکەیاندا بمێنیتەوە و بەرەوپێش نەچیت.

گرنگ ئەوە نییە کە تۆ هەمان ئەو کتێبەت دەست بکەوێ (کە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و کوردی) بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە تۆ لە بیرۆکەکە بگەیت و ئاگاداری ئەو فێڵ و یارییانە بیت کە خەڵکی ڕۆژانە لەگەڵ یەکتریدا ئەنجامیان دەدەن.

ئەگەر ئەمەت کرد ئەوا دڵنیابە کە تۆ زۆر لە "عومەری کوڕی ڕەبیعە" ژیرتر دەبیت، کە لەلایەن (خاتوو هیند)ەوە یاریی مشك و پشیلەی لەگەڵدا ئەنجام دراوە:

عومەر دەڵێ:

كُلَّما قُلتُ لهند مَتى ميعادُنا        ضَحِكَت هِندٌ وَقالَت بَعدَ غَد

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەموو کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بە پاکی ئەنجام نادەین، هەندێ جار یارییان پێ دەکەین.
- قبووڵکردنی ئەو فشارانەی کە کۆمەڵگە لەسەر تۆی ئەنجام دەدا، ئەوە باجی ئەو قبووڵکردنەیە کە تۆ بڕیارت داوە وەك تاکێکی چاکەکار لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا بژیت.
- ئەو کاتەی خۆت دەخەیتە شوێنی کەسانی تر، ئەوا لە نیوەیان دەبوری و لە نیوەی تریشیان تووڕە دەبیت.

***

## ئەو فێڵەی تۆ لەگەڵ خودی خۆتدا ئەنجامی دەدەی

مـرۆڤ دروسـتکراوێکی ژیـر و زیرەکـە، بـەڵام ڕەنگـە کۆمەڵەکـەت، کۆمەڵـە گەمژەیـەك بـن..

مـرۆڤ کەسـایەتییەکی هۆشـمەند و سـەربەخۆیە، بـەڵام کۆمەڵەکـەت شـوێنکەوتەنە و بە ڕۆحـی مێگەلـی کار دەکـەن.

مـرۆڤ دەشـێ لـە میانـی کاتژمێرێـك لـە شـیکردنەوەی لۆژیکـی تەندروسـتدا بگـۆڕێ، بـەڵام کۆمەڵـە و کۆمەڵگـە زۆر بـە وەفـان، لەسـەر هەمـان ئـەو بیروبۆچوونانـە دەڕۆن کـە چەندیـن سـەدە لـە دوای یـەك بـە میـرات بۆیـان ماوەتـەوە.

ئا ئەمەیە جیاوازیی نێوان تۆ و کۆمەڵگەکەت.

هـەر ئەمەشـە هـۆکاری هیـچ پێنەکرانـت لـە ڕازیکـردن و قەناعەتپێکردنـی خەڵکـی.

بەڵـێ، ئەمەیـە جیاوازیـی نێـوان ڕێگـەی تـۆ و ڕێگـەی ئـەوان لـە بیرکردنـەوە و بڕیاردانـت لەسـەر شتەکان...

- بـەڵام چی دەبـێ ئەگـەر پێـت بڵێم تـۆ هۆکاری سـەرەکیی ئـەو جیاوازییەی؟!

چـی دەبـێ ئەگـەر هەواڵـی ئـەوەت پـێ بـدەم کـە تـۆ دوو ڕووی یـەك دراوی؟!

تـۆ لـە یـەك کاتـدا هـەم تاکێکیـت هەمیش کۆمەڵگەیـت،

هەندێ جار بە شێوەیەکی سەربەخۆ بیر دەکەیتەوە و بە دیدی تاکە کەسێك لە شتەکان دەڕوانی، بەڵام هەندێ جار چاویلکەی کۆمەڵگە بەکاردەهێنیت و بە گوێرەی دابونەریتە باوەکان دەجوولێیتەوە..کەواتە ئەو فیلمەی تۆ لە خۆتی دەکەیت بریتییە لەوەی کە تۆ لە ماوەی یەك خولەکدا بە دوو عەقلییەت بیر دەکەیتەوە، بە دوو ڕێگەی جیاوازیش ڕەفتار دەکەیت، لە نێوان دوو خانەشدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکەیت..

ئەو دەمەی لە خانەی (تاك)دایت، قەناعەتپێکردنت زۆر ئاسانە، بەوپێیەی بە بەڵگەیەك، یان نموونەیەکی دروست و تەندروست باوەڕ دەهێنی، بەڵام ئەو کاتەی کەسایەتی خۆت دەگوازیتەوە بۆ خانەی (کۆمەڵگە)، زۆر ئەستەمە ئەو بیروباوەڕەت بگۆڕێن کە چەندین سەدەیە لە باوانەوە بۆت گوازراوەتەوە و لەسەری گەورە بوویت و پەروەردەکراویت..

ئەو کاتەی لەو جیاوازییە دەگەیت کە لە نێوان مرۆڤێك (وەك تاکێکی سەربەخۆ و هۆشمەند) هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەیەك (کە تاکەکانی لەسەر چەند بیروبۆچوونێکی سەدان ساڵە پەروەردەکردووە) بۆت دەردەکەوێ کە بۆچی بەشێك لە خەڵکی خۆیان دوورەپەرێز گرتووە و دوور لە کۆمەڵگەکانی خۆیان دەژین..

ئەو کاتە لەو دڵەڕاوکێیە بەردەوامە تێدەگەیت کە لە نێوان تاك و کۆمەڵگەدا هەیە، بۆشت دەردەکەوێ کە تا چەند نێوانی تاکەکان لەگەڵ دابونەریتەکانی کۆمەڵگە دووربێ، ئەوا زیاتر کەسایەتی جیاواز و گەورە هەڵدەکەون..

من باوەڕم وایە هەرگیز کۆمەڵگەکان بە ئاسانی ناگۆڕێن، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە بە شێوەیەکی پلەبەندی و لە دوای یەك و بە تێپەڕبوونی چەند نەوەیەك ئەو گۆڕانکارییە بێتە دی.. ئەمەش لە یەکەم هەنگاویدا پێویستی بەوە هەیە کە تاکەکان لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و خۆیان بگۆڕن (هەروەك لە دووەمین بابەتی ئەم کتێبە لەسەر ئەو خاڵە ڕێککەوتین)، لە هەنگاوی دووەمیشدا پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خودی کۆمەڵگە نموونەیی و پارێزراو نییە لە دژی هەر ڕەخنە و بۆچوونێك (لەگەڵ ئەوەشدا چ شتێك ڕێگرە لەوەی کە کۆمەڵگە بەرەو باشتر بچێ.

جا لەپێناو (یەکەم) و (دووەم) پێویستە خۆمان بە سیفەتی ڕاشکاوی و شەفافیەت جیا بکەینەوە، چونکە ئەوەی لە پەنهان و شاراوەییدا ڕوو دەدات تەنها گەندەڵی و خراپەی لێوە بەرهەم دێ، ئەوەی باوەڕیشی بە نەخۆشی نەبێ، هەرگیز دەرمان بەکارناهێنێ.. ئەو کۆمەڵگانەی کار بۆ پارێزگاری لە دابونەریتەکانیان دەکەن، ڕەنگە بۆ ماوەیەك لە دۆخێکی خۆش و ڕازیبوونێکی درۆزنانەدا بژین، بەڵام ئەو خۆشی و ڕازیبوونە زۆر ناخایەنێ و دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەو دەمەی لە ژیانی کەسە گەورە و بلیمەتەکان ڕادەمێنی، دەبینی زۆربەیان ژیان و ڕوحی سەربەخۆییان هەڵبژاردووە و لەو کۆت و زنجیرانە دەرچوونە کە کۆمەڵگە بەسەر تاکەکانیدا سەپاندووە، ڕەنگە ئەوان لە ژیانیاندا بە تاوانی یاخیبوون لە کۆمەڵگە تاوانبار کرابن، بەڵام لە هەمان کاتدا تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بوونە بە کەسانی دیار، تەنانەت دوای

مردنیشیان ڕێزیان لێ دەگیرێ و ناویان بە بەرزی ماوەتەوە.

دەتوانم یەك كتێبی تەواو لە بارەی ئەو كەسە گەورە و سەركەوتوانە بنووسم كە دوای مردنیان كۆمەڵگەكانیان بۆیان دەركەوتووە ئەوان لەسەر حەق بوونە، زووتر دركیان بە ڕاستییەكان كردووە.

بەڵام تەنانەت بەسەرهات و چیرۆكی كەسە گەورە و بلیمەتەكانیش نابێ فریوت بدەن، چونكە ئێمە بەردەوام باس لە لایەنە باشەكان و سەركەوتنەكانیان دەكەین.. كەچی ڕەنگە ئەگەر بێتوو بە وردی سەرنجی ژیانیان بدەیت (بە تایبەتیش لایەنی كۆمەڵایەتی و خێزانداری) بۆت دەردەكەوێ كە ئەوانیش وەك هەموو مرۆڤەكانی ترن، هەندێ جار وەك تاك مامەڵە دەكەن و سەربەخۆ و یاخی دێنە بەرچاو، بەڵام هەندێ جاریش وەك تاكێكی پارێزكار و دڵسۆزی كۆمەڵگە دێنە بەرچاو..

ئەوەی ئێستا لای من گرنگە ئاگاداریی تۆیە، چونكە (تەنانەت تۆش) هەندێ جار بە عەقڵییەتی تاك بیر دەكەیتەوە و كۆمەڵگەت قبووڵ نییە، هەندێ جاریش بە عەقڵییەتی كۆمەڵگە بیر دەكەیتەوە و تاكەكانت قبووڵ نین.. ئەو كاتەی مامەڵە لەگەڵ تاكدا دەكەیت كڵاوی كۆمەڵگە دەخەیتە سەرت، ئەو دەمەش كە مامەڵە لەگەڵ كۆمەڵگەدا دەكەیت، كڵاوی تاك دەخەیتە سەرت.. هەندێ جار بە عەقڵییەتی پیاوی هاتوچۆ ڕەفتار دەكەیت، كە یاسا جێبەجێ دەكات، بەڵام هەندێ جاریش بە عەقڵییەتی شۆفێر ڕەفتار دەكەیت، كە ناچارە هێمایەكی هاتوچۆ ببرێ و پێشێڵی یاسا

بـكات...

پێویسـت نـاكات ئـەم دوو فاقییـە نارەحەتـت بـكات، بـەڵام پێویسـتە ئـاگاداری بـی، هەسـت بـە هەڵوێسـتی ڕاڕایـی خـۆت بكەیـت.. بـە تێپەڕبوونـی تەمـەن و كات شـەرم لـە گۆڕینـی بۆچوونەكانـت مەكـە، بـەڵام ئـەو بۆچوونـەش لـە بیـر مەكـە كـە لـە ڕابـردوودا هەتبـوو.. بـە ڕوحێكـی وەرزشـی وەریبگـرە.. قسـەی باوكـت (كـە بـۆت گونجـاو نییـە) لەگـەڵ تۆشـدا دووبـارە دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەو كات قسـەی تـۆ لەگـەڵ كـوڕە گەنجەكەتـدا ناگونجـێ!

ئەمـە سـوننەتی ژیانـە، ڕێژەیـی هەڵوێسـتەكان و دینامیكـی كۆمەڵگـە و ململانێـی نەوەكانـە... چ ناوێكـت پـێ خۆشـە نـاوی بنـێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا وەك ڕاسـتییەكی دووبارەبـووەوە وەریبگـرە.. هـەر لـەو سـەردەمەی كـە نـوح (سـەلامی خـوای لەسـەر بـێ) كەشـتییەكەی دروسـت كـرد و نەیتوانـی قەناعـەت بـە كوڕەكـەی بهێنـێ و لەگەڵیـدا سـواربێ، تا ئێستاشـی لەگەڵبێ، دووبـارە دەبێتـەوە..

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- تۆ دوو ڕووی یەك دراوی، هەندێ جار وەك تاك ڕەفتار دەکەیت (لە کۆمەڵگە بێزاری)، هەندێ جاریش وەك کۆمەڵگە ڕەفتار دەکەیت (لە تاك بێزاری).. لایەنگیریت بۆ هیچ کامیان نەبێ.
- کۆمەڵگە جیاوازیی لەگەڵ تۆدا لەوە نییە کە تۆ لەسەر حەق و ڕاستییت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە تۆ تەنها تاکێکیت و هەوڵی ئەوە دەدەی، کە ئەوە پچەسپێنی کۆمەڵگە هەڵەیە.
- دەتوانم یەك کتێبی تەواو لەبارەی ئەو کەسە گەورە و سەرکەوتوانە بنووسم کە دوای مردنیان کۆمەڵگەکانیان بۆیان دەرکەوتووە ئەوان لەسەر حەق بوونە، زووتر درکیان بە ڕاستییەکان کردووە.

***

## بە گەشبینییەوە بڕوانن،
## بە ئاواتەکانتان دەگەن

هەم بەختەوەری و هەمیش بێهیوایی هەستی کاتین، دوای چەند کاتژمێرێك گۆڕانیان بەسەردا دێ، بەڵام گەشبینی، ئارامی و دڵنیاییەکی بەردەوامە، باوەڕێکی جێگیریشە کە هەمیشە پێی وایە ئەوەی دێ باشتر و جوانترە..

ئەو دەمەی گەشبین دەبیت بە تەنها بەختەوەرییت بۆ دەستەبەر نابێ، بەڵکو تەندروستییەکی باش و داهاتوویەکی گەش و تەمەنێکی پڕ بەرەکەت و چەندین پەیوەندیی کۆمەڵایەتی جوانیشت بۆ فەراهەم دەبن..

چۆن نا، لە کاتێك کە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە زۆرێك لە نەخۆشییەکان پەیوەندییان بە دۆخی دەروونی و کەشی تایبەتی کەسەکانەوە هەیە.

چۆن نا، لە کاتێکدا یاسای ڕاکێشان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئاستی بەختمان لە ژیان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گەشبینی و تێڕوانینی ئیجابیمان بۆ ڕووداوەکان بەرز دەبێتەوە.

چۆن نا، لە کاتێکدا کە سەلمێنراوە کەسە گەشبینەکان تەمەنێکی زیاتر دەژین، لە تەندروستییەکی باشتر، ژیانێکی هاوسەرگیریی باشتر و سەرکەوتووتر، زۆر بە ئاسانیش بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبن و بە کەمترین زیان لە گرفتەکان دەرباز دەبن..

ئەم قسانە گریمانە یان تیۆریان تێپەڕاندووە و بوونەتە ڕاستی و واقیع، دەکرێ بە ژمارە و ڕێژەی سەدی گوزارشتیان لێ بکرێت.. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی سویدی سەبارەت بە پێشبینییە ئیجابییەکانی خەڵك ڕوون بووەتەوە کە:

* کەسە گەشبینەکان ئاستی بەرگریی جەستەیان بەراورد بە کەسانی تر تا (40%) بەرزتر دەبێتەوە.
* بە ڕێژەی (30%) زیاتر سوود لە چارەسەرەکان دەبینن، بەراورد بە کەسانی تر.
* ڕێژەی نەخۆشییەکانی دڵیان بە ڕێژەی (9%) بەراورد بە کەسانی تر دادەبەزێ.
* بە ڕێژەی (77%) ئەو کەسە گەشبینانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ جارێکی تر ناچنەوە نەخۆشخانە.
* هەروەها لە ئاستێکی زۆر ئاسایی فشاردا دەژین.

بە شێوەیەکی گشتی کەسی گەشبین ئەگەر ڕێژەیەکی ناوەند وەربگرین، ئەوا تا تەمەنی (85) ساڵ دەژی.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆژدا پزیشکەکان -بە پشتبەستن بە ئەزموون و شارەزایی خۆیان- باس لەوە دەکەن کە ئەو کەسە گەشبینانەی دووچاری نەخۆشی دەبن، زۆر بە خێرایی چارەسەر دەبن بەراورد بە کەسانی بێهیوا و ڕەشبین..

کەسانێك هەن نەخۆشی زۆر گەورە بە ئاسانی تێدەپەڕێنن، بەڵام کەسانێکیش هەن بە نەشتەرگەریی زۆر سادە دووچاری مەرگ دەبنەوە، ئەمەش بە گوێرەی بۆچوونی پزیشکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەسەی دووچاری نەخۆشییە گەورەکە دەبێ گەشبینە و دڵنیایە لەوەی کە چارەسەری

بۆ دێ، بەڵام ئەو کەسەش کە بە نیازە نەشتەرگەرییەکی ئاسایی ئەنجام بدا، ڕەشبینە و مردنی بۆ خۆی داناوە.

ژنانێك هەن باوەڕیان وایە کە بە شێرپەنجەی مەمك دەمرن، بەڵێ دەمرن، زۆریشن ئەوانەی گەشبینن بەوەی کە دەتوانن بەسەر نەخۆشییەکاندا زاڵبن و زاڵیش دەبن و لێی دەرباز دەبن.

لە کتێبی "لماذا لا تذهب الخراف إلى الطبيب" باسم لە پزیشکێکی ئەڵمانی کردووە کە لە هەشتاکاندا سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، بەوەی کە ئەو دەتوانێ لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی چەند شێوازێکی دەروونییەوە چارەسەری شێرپەنجە بکات.. پزیشکەکە ناوی "ڕایك جيید هایمەر"ە وەك ئەزموونێك کاری لەسەر (6270) نەخۆش کرد، لەو ژمارەیە (6000) نەخۆش بۆ ماوەی چوار ساڵ ژیاون، سەرەڕای خراپیی ئاستی حاڵەتەکانیان.. ئەو کاتە سەرکەوتنەکانی بە دیارکەوت کە سەیری مەلەفەکانی (150.000) نەخۆشی نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیای کرد، بۆی دەرکەوت کە (90%) ئەو نەخۆشانە دوای ڕووداوێکی ناخۆش کە بەسەریان هاتووە و ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە دووچاری ئەو نەخۆشییە بوونە، بەمەش بۆی دەرکەوت کە لەگەڵ ئەو چارەسەرانەی کە بە نەخۆشانی شێرپەنجە دەدرێن، پێویستە نەخۆشەکە هان بدرێ لەسەر ئەوەی ئاستی گەشبینی بەرز بکاتەوە و هیوای بۆ ژیان زیاتر بێ، لەگەڵ ئەوانەشدا لایەنی باوەڕداری بەهێز بکرێ.. زۆر ڕەخنەی لێ گیرا، چونکە هایمەر پێی وابوو ئەو کردارانە (نوێژ و نزا..) وەك ئارامکەرەوەیەك وان

بۆ تووشبوانی شێرپەنجە، بەڵام سەرباری هەموو ڕەخنەکان ئەو بەردەوامبوو، تا توانی ئاستێکی بەرزی سەرکەوتن لەو بوارەدا بۆ خۆی تۆمار بکات.

بێ لەبەر چاوگرتنی بۆچوونی پزیشکان لەبارەی هەڵوێستی دکتۆر "هایمەر" هەروەها (بۆچوونی هایمەر لەبارەی خۆی)، بە بۆچوونی خۆم باوەڕم وایە کە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشبینی و هیوا، هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرگری مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی توانای خڕۆکە سپییەکان بەرز دەکاتەوە بۆ لەناوبردنی خانەکانی شێرپەنجە..

ئەوە دووپاتکراوەتەوە کە هەڵوێستی ئیجابی لە بەرامبەر هەر نەخۆشییەك ئامێری بەرپرس لە بەرگری بەهێزتر دەکات، بە ڕێژەیەك کە کاریگەرییەکەی هیچ شتێکی وای کەمتر نەبێ لە کاریگەری (پلاسیبۆ).

بەڵام لە بەرامبەردا بێهیوایی و ڕەشبینی ئاستی کاریگەری ئامێری بەرگری دادەبەزێنێ و لاوازی دەکات، بەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دڵ دەبێ و بەگشتییش چالاکیی ئەندامەکانی جەستە کەم دەکاتەوە و سستیان دەکات.

سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە نموونەکانم لە جیهانی پزیشکییەوە بوون، بەڵام ئەوەمان بۆ دووپاتکرایەوە کە گەشبینی ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرگری و دەرئەنجامی ئیجابی لە ژیانمان.. زانستی "بەرنامەی مێشك و دەمارەکان" دڵنیایی دەدات لەوەی کە گەشبینی و تێڕوانینی ئیجابیمان بۆ داهاتوومان، هۆکارێکن بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان بەشێوەیەکی پێشبینینەکراو لە بەرژەوەندیی

خۆمـان..

بـە تەنهـا گەشـبینبوون و پێشـبینیکردنی ئیجابـی بـۆ ژیانـت دەرفەتـی زۆر باشـتر و ناوازەتـرت پـێ دەبەخشـێ، هەروەهـا دەرئەنجامـی پێشـبینینەکراو دەخاتـە بـەر دەسـتت، پێغەمبـەری خـودا (ص) دەفەرمـووێ، خـودای گـەورە دەفەرمـووێ: ((أنا عند ظن عبدي بي)). واتـە: ((مـن لەجێـی گومانـی بەندەکەمـدام -بەندەکـەم چۆن گومانـم پـێ ببـات مـن بـەو جـۆرە دەبـم لەگەڵیـدا-)).

بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا، کاتێـك دەروونـی خـۆت دەدەیتە دەسـتی بێهیوایـی و ڕەشـبینییەوە، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە چەنـد ئاستەنگ و هەڵوێستی سلبی بـۆ خـۆت دروسـت دەکەیـت و جەسـتەت دووچـاری شـکان و سسـتی و لاوازی دەکەیـت و ژیانـت بـەرەو چەندیـن مەترسـی دەبەیـت.

توانامـان لەسـەر هـەر یـەك لـە دوو بڕیارەکـە (گەشـبینی یـان ڕەشـبینی) یاسـای (ڕاکێشـان، یـان پێشـبینی)یمان بیـر دەخەنـەوە، کـە فێرمـان دەکات ئـەو ڕووداو و کـەس و بارودۆخانـە بـۆ خۆمـان ڕابکێشـین کـە لەگـەڵ بیرکردنـەوە و تێڕوانینەکانـی ئێمـە بـۆ ژیـان دەگونجێـن..

ئێمـە لـە کۆتاییـدا ئەنجامـی بیرکردنەوەکانـی خۆمانیـن، بەرهەمـی ئەوەیـن کـە باوەڕمـان بـە ڕوودانـی هەیـە، بەوپێیەش تا باوەڕمـان وابـێ کـە سـەرکەوتوو دەبیـن و بەسـەر بارودۆخەکاندا زاڵ دەبیـن، ئـەوا سـەردەکەوین و زاڵ دەبیـن. بـەڵام هـەر کات هەسـت بـە شـکان و گەڕانـەوە و شکسـت بکەیـن، ئـەوا زیاتـر دووچـاری گرفـت و ئاسـتەنگ و مەترسـیگەلێك دەبینـەوە کـە

بە خەیاڵیشماندا نەهاتوون.

لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، گوتەی "بەگەشبینییەوە بڕوانن دەیدۆزنەوە"مان گۆڕی بۆ "بە گەشبینییەوە بڕوانن بە ئاواتەکانتان دەگەن".

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- گەشبینی هێزێکی شاراوەیە، پێشبینییە ئیجابییەکانمان لە واقیعدا بەرجەستە دەکات.
- جوانتر بیر بکەوە و پێشبینی باشتر بکە، چونکە لە کۆتاییدا ئەو ڕووداو و بارودۆخانە بۆ خۆت ڕادەکێشی کە لەگەڵ پێشبینی و تێڕوانینەکانت بۆ ژیان دەگونجێن.
- گەشبینی بژاردەیەکی کەسییە، بەڵام بێهیوایی و ڕەشبینی بژاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی لەسەر تۆیە هەڵبژاردنی بژاردەی یەکەم و فەرامۆشکردنی دووەمیانە..

❋❋❋

## سەرقاڵبوون، بە واتای بەرهەمداری نییە

سەرقاڵبوون کێشەیەکە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەموان بە دەستییەوە دەناڵێنین..

بێکاتی و سەرقاڵی بووەتە بیانوێك کە تەنانەت زۆر جار لە کەسە بێکارەکانیش گوێبیستی دەبین، لەو کەسانەش کە لە ژیانیاندا بەرگی کتێبێکیان هەڵنەداوەتەوە..

زۆربەی هاوڕێکانت کاتی بەتاڵیان زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك پرسیاری لێ دەکەیت: "بۆچی ئەو ماوەیە ناتبینم؟" بە ڕستەیەکی ئامادە و زۆر دووبارە وەڵامت دەداتەوە و دەڵێ: "وەڵلا زۆر مەشغوولم".

بەڵام لە ڕاستیدا مەشغوولی و سەرقاڵبوون بە واتای بەرهەمداری نایە، بەرهەمداریش پێویستی بە سەرقاڵبوونی بەردەوام نییە.

جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی تۆ هەست بە سەرقاڵی بکەیت، لەگەڵ ئەوەی تۆ بە ڕاستی بە کارێکی گرنگەوە سەرقاڵ بیت.

ئەو کەسانەی بەردەوام سکاڵای بێکاتی دەکەن و خۆیان بە سەرقاڵ دەزانن، ئەو جۆرە کەسانە لە ڕێکخستنی کات و پێشخستنی کارە لەپێشینەکانیاندا سەرکەوتوو نین، بەڵکو

Tanya Haji

لە ژیانێکی ئاڵۆز و بێبەرهەمدا دەژین، بەردەوامیش خۆیان بە ڕستەیەك ڕازی دەکەن و دەڵێن: "سبەی هەموو شتێك تەواو دەکەم"، کێشەی ژیری و زیرەکییان نییە، بەڵکو کێشەی ئەوان لەوەدایە کە نازانن چۆن نەخشە ڕێگەیەك بۆ چنینەوەی بەرهەمەکانیان دابنێن.

سا بۆ ئەوەی خۆت فریو نەدەیت و ژیانت وەك ئەو مشکە بەسەر نەبەیت کە لە نێو تایەی فڕێدراوی ئۆتۆمبێلێکدا دەخولێتەوە.. پێویستە بۆ کارەکانت بەرنامەی کارت هەبێ، بۆ ئەمڕۆ یان بۆ مانگێکی تر، تەنانەت بۆ ساڵی داهاتوو.. پێویستە تا نەزانی بەیانی چ کارێك ئەنجام دەدەیت، نەچیتە سەر پێخەفەکەت و نەخەویت.

ئەو کاتەی ئامانجی خۆت دەزانی، ئەوا نە دوا دەکەویت و نە بێهیوا دەبیت و نە دڵەڕاوکێش دەتگرێ، هەوڵەکانیشت جێگەی خۆیان دەگرن و بە هەدەر ناچن.. تا چەند ئامانجەکەت ڕوون و دیاربێ، ئەوەندە بە خێراییەکی زیاتر ئەنجامی دەدەیت و بەرهەمی زیاتری دەبێ، لە هەمان کاتیشدا کاتێکی بەتاڵی زۆرت بۆ دەستەبەر دەبێت، بەراورد بەو کەسە سەرقاڵانەی کە لە دەوری بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێنەوە..

ژیانی کەسە سەرکەوتووەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە بەڕاستی ئەوان لە سەرقاڵی بەردەوامدا بوونە، (بە دیاریکراویش لەبەر ئەم هۆکارە) بوونەتە خاوەن توانایەکی زۆر و توانیویانە بە خێراییەکی پێوانەیی کارەکانیان ئەنجام بدەن و سەرکەوتنەکانیان تۆمار بکەن. بەڵام لە بەرامبەریشدا

هـەر کەسێ ئامانجەکـەی ون بـکات و نەزانـێ کار بۆچـی دەکات، ئەوا بەردەوام لـە سـەرقاڵیدا دەژی، بێ ئـەوەی هیـچ دەسـتکەوتێك بەدەسـت بهێنـێ کـە شـیاوی بـاس بـێ.

ئەوەی زۆربەمـان پێمـان وایـە سـەرقاڵییە، لـە ڕاسـتیدا بریتییـە لـە شکسـت لـە ڕێکخسـتنی کارە لەپێشـینەکانمان و فێلکـردن لـە خـودی خۆمـان بـەوەی کاتـی زیاترمـان لەبـەر دەسـتە بـۆ ئەنجامدانـی کارەکانمـان.. بەرگدرووێـك یـان میکانیکییـەك تاقی بکـەرەوە و هەفتەیـەك مۆڵەتـی پـێ بـدە بـۆ تەواوکردنـی کارێکـت، دەبینـی هەفتەیـەك دەسـووڕێتەوە و دەچیتـە لای، هێشـتا کارەکـەی تـەواو نەکـردووە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا سـێ کاتژمێـر مۆڵەتـی پـێ بـدە بـۆ تەواوکردنـی هەمـان کار، کاتێـك دەگەڕێتـەوە لای کارەکـەی زۆر بـە باشـی تـەواو کـردووە، لانـی کـەم پێـت دەڵـێ دوو کاتژمێـری تـر وەرەوە بـۆت تـەواو دەکـەم.

ئەم جیاوازییەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەخشین و دیاریکردنی کات (بـە خۆمـان یـان بـە غەیـری خۆمـان) بـۆ تەواوکردنـی هـەر کارێـك، هۆکارێکـە بـۆ ئەنجامدانـی کارەکانمـان بـە کاتێکـی دیاریکـراو و بەکارهێنانـی کات لـە بەرژەوەندیـی خۆمـان، کێشـەی تەواوکردنـی هـەر کارێك لەوەدایـە کـە ئێمـە لـە پێدانـی کات بـە خۆمـان یـان بـە دەوروبەرمـان زۆر بەخشـندە و دەسـتکراوەین.

مـن وەك خـۆم ئـەو کاتـە هەسـتم بـە گرنگیـی دیاریکردنـی کات کـرد (بەڵکـو بەکارهێنـان و قۆسـتنەوە، وەك لەگـەڵ بەرگـدروو و میکانیکییەکـە کـردم)، کـە کاتژمێرێکی شـەترەنجم

لە سەر مێزەکەم دانا و دەستم کرد بە نووسینی وتارێك، بەمەش توانیم کاتی نووسینی وتارەکانم لە پێنج کاتژمێرەوە دابەزێنم بۆ سێ کاتژمێر و نیو!

بە دیاریکراوی ئەم بیرۆکەیەش زانستێکی سەربەخۆمان بیر دەخاتەوە کە پێی دەڵێن: (بەڕێوەبردنی کات) کە دەشێ خۆمان فێری ئەو زانستە بکەین و جارێکی تر ژیانی کەسیی خۆمان ڕێك بخەینەوە و بتوانین زیاتر لە کاتەکانمان سوودمەندبین و بەرهەمی زیاتر و سەرکەوتنی زیاتر تۆمار بکەین.

بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بە دەست بهێنی و بەم شێوەیە خێرا و پێوەری کارەکانت ئەنجام بدەیت، ئامۆژگاریت دەکەم بە پەیڕەوکردنی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

- خەیاڵی ئەوە بکە کە ڕۆژەکە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ تەواو دەبێ، ئەگەر ئەو باوەڕەت لا دروست بوو، ئەوا زۆر بە گرنگییەوە لە خەو هەڵدەستی، زۆر بە تەرکیزەوە کار دەکەیت، خۆت لە شتی پڕوپووچ و بێسوود بەدوور دەگری، لە ناکاو دەبینی هەموو شتەکانت پێش کاتژمێر دوازدە بە کۆتا هێناوە. ئەمە کێشەی ئێمەیە، کارەکان دوادەخەین و تەمبەڵی دەکەین کە دەزانین کاتێکی زۆرمان لە بەردەم دایە، بەڵام ئەو دەمەی هەست بە کەمی کات و تەواوبوونی کات دەکەین، زۆر بەخێرایی کارەکانمان ئەنجام دەدەین و بە هیچ شێوەیەك بیر لە دواخستنیان ناکەینەوە.

* هەروەها بیرۆکەی کەمکردنەوەی کاتژمێرە نا چالاکەکانت لە بیر مەکە، ئەو کاتژمێرانەی کە ڕەنگە هیچ شتێك بۆ ژیانت زیاد نەکەن، بۆ نموونە: کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی سەیرکردنی تەلەفیزیۆن، هەروەها کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی سەرقاڵبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی خەوتن بۆ حەوت کاتژمێر (هەروەها کەمکردنەوەی ئەو کاتژمێرە ناچالاکانەی کە لە بابەتی داهاتوودا بە ژمارە باسیان لێوە دەکەین).
* ئەوەش بزانە، خەوتنی زوو و هەستانی زوو نەریتێکی تایبەت نییە بە کەسە زۆر بە تەمەنەکان، بەڵکو نەریتێکی جوانی کەسە زۆر سەرکەوتووەکانە! ئەو کاتژمێرانەی دوێنێ شەو لە شەونخونیدا بەسەرت بردن، زۆر ئاساییە کە ئەمڕۆ یان بە خەو یان بە ماندوێتی یان بە خۆدزینەوە ڕۆژەکەش لە دەست بدەیت.. کات وەك وزەیەکە لە ناو ناچێ، نوێش ناکرێتەوە، بەڵام لەسەر شێوەیەك دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکی تر.
* ئەم ئامۆژگارییەی پێشووتریشم یاسایەکم بیر دەخاتەوە کە من پێی دەڵێم: "وەرگرتن لە شەو" چونکە زۆربەی ئەو کاتانەی بە فیڕۆی دەدەین لە شەودایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەگەر بەیانی پێویستت بە چەند کاتژمێرێکی زیاتر بوو بۆ تەواوکردنی کارەکەت، ئەوا هەوڵبدە

لە کاتی شەوت وەری بگرە، ئەویش بە خەوتنی زوو و هەستانی زووتر لە نەریتی هەستانی خۆت (من ئەو ڕۆژانەی دەوامی فەرمی حکوومەتم هەیە، ئەوا بەیانی زووتر هەڵدەستم، بۆ ئەوەی بتوانم پێش ڕۆیشتنم بۆ دەوام نیو وتار بنووسم).

* ئەو کاتەی دەست بە کاری ڕۆژانەت دەکەیت، هەرگیز کاتی ئەو کارەت بە کردنەوەی موبایل و ئینتەرنێت و ئیمەیل و سەیرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەفیڕۆ مەدە.. بەڵام ئەگەر ترسای شتێك لە دەست بدەیت بە هۆکاری ئەو وازهێنانە، ئەوا دەتوانی پێش دەستکردن بە کارەکەت دە خولەکی بۆ تەرخان بکەیت، دواتریش بە خێرایی بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت.
* سا لەبەر ئەوەی ژیانمان پڕە لە سەرقاڵی، ئەوا هەوڵبدە لە توانای ڕێکخستنی کارەکان خۆت شارەزا بکەیت و کارە گرنگەکان بخەیتە پێشەوەی کارەکانی ترت، زۆر گرنگە کە جیاوازیی نێوان کارەکانت بزانی، گرنگترین پێش بخەیت و گرنگ بخەیتە دواوە، زۆر بە پەلە و بە پەلە، زۆر پێویست و پێویست... بەم شێوەیە.
* هەموو کاتێك ئەو قەناعەت و متمانەیەت هەبێ کە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك چەندین ڕێگە و شێواز هەیە و دەتوانی بە خێراییەکی زیاتر سوودیان لێ ببینی و بەشێوەیەکی باشتر کارەکانت ئەنجام بدەیت..

بە تەنها باوەڕبوونت بەو بنەمایە، وات لێ دەکات بەردەوام ئاگاداری ئەو ڕێگە و شێوازانە بیت کە کارەکانت ئاسانتر دەکەن.

بەم ڕێگایانەی سەرەوە بۆ بەڕێوەبردنی کات، بۆت دەردەکەوێ کە ڕۆژێکت دەبێ بە دوان، کارە گەورەکانت دەبن بە کرداری زۆر ڕۆتینی و سادە و بچووك.. بۆت دەردەکەوێ (ئەو کاتەی خۆت بەراورد دەکەیت بە کەسانی تر) کە تۆ سەرکەوتوویت، شتت بە دەست هێناوە، چێژت لە کاتەکان و ژیانت بینیوەوە، ژیانێکی زۆر بەختەوەرانەتر و درێژترت لەو کەسانە بەسەر بردووە کە بەردەوام ئەو ڕستە بەناوبانگە دووبارە دەکەنەوە و دەڵێن: "وەڵڵا زۆر مەشغوولم".

***

## پوختەی تیۆرەکە

- سەرقاڵبوون بە واتای بەرهەمداری نایە، بەرهەمداریش پێویستی بە سەرقاڵبوونی بەردەوام نییە.
- بەرهەمهێنەرەکان خاوەنی ئامانجی دیار و ئاشکران، کە زوو بێ یان درەنگ هەر پێیان دەگەن، بەڵام کەسە سەرقاڵەکان لە بازنەی داخراودا دەسوورێنەوە، بە درێژایی تەمەنیشیان بە سەرقاڵی دەمێننەوە.
- مەرج نییە بەردەوام سەرقاڵ بیت، چونکە هەستکردنت بە سەرقاڵبوونی بەردەوام بە واتای لەدەستدانی ئامانج و ڕێکنەخستنی کارە لەپێشینەکانت دێ.

***

## ژیانت چۆن دابین دەکەی؟

هەمـوان ئـەو ڕاستییە دەزانیـن کـە ژیانمـان کورتـە و تەمەنمـان بـە چرکـە هەژمـار دەکـرێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خۆمـان بـە شـتانێك سـەرقاڵ دەکەیـن کـە شـیاوی ئـەوە نیـن چرکەیەکـی ژیانمانـی پـێ بدەیـن.

(لـە ڕووی چەندایەتـی) زۆربەمـان حەزمـان لەوەیـە تەمەنمـان زیاتـر لـە سـەد سـاڵ بـێ، بـەڵام (لـە ڕووی جۆرایەتـی) زۆر کەممـان بـە جۆرێـك دەژی کـە ژیانەکـەی شـیاوی بـاس بـێ.. زانسـتی پزیشـکی نەیتوانیـوە نهێنیـی مانـەوە و نەمـری ئاشـکرا بـکات، یـان ڕاگرتـن لـە تەمەنـی گـەنجی ڕابگـرێ، یانیـش چاندنـی جەسـتە.. بـەڵام ئێستاشـی لەگەڵبـێ خاوەندارێتـی تەمەنێـك دەکەیـن کـە پـەروەردگار پێـی بەخشـیووین و دەتوانین بـە جوانتریـن شـێوە لێـی سـوودمەند بیـن.

کەسـە گـەورە و بلیمەتـەکان تەمەنیـان هاوشـێوەی ئێمـە (ڕەنگـە هەنـدێ جـار کەمتریـش)، بـەڵام ژیانیـان بـە چەندیـن سـەرکەوتنی نائاسـایی و گـەورە بـە کۆتـا دەهێنـن، مـن داوای هەمـان داهێنـان و سـەرکەوتنی ئـەوان لـە تـۆ ناکـەم، بـەڵام لانـی کـەم بزانـە کـە کاتژمێرەکانـی تەمەنـت بـە چـی و لـە چیـدا بەسـەر دەبەیـت..

ڕاستە ئێمـە لـە ژیانمـان پێویستیمان بـە شتگەلێکی زۆرە کـە

لە ژمارە نایەن..

ئەوەش ڕاستە کە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکی تەمەنمان بۆ پشوودان بە جەستە بەسەر دەبەین (کە ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتی سێیەکی تەمەنمان خەوتن بێ).. چەند کاتژمێرێکیش بە چێژوەرگرتن بەسەر دەبەین.. من قەدەغەی چێژوەرگرتنت ناکەم، بەڵام هەموو ئەوانەت بۆ باس دەکەم تا بزانی هێشتاش چەند کاتژمێرێك دەمێننەوە تا لەو چەند کاتژمێرەدا بتوانی ژیانێکی شایستە بۆ خۆت دابین بکەیت.

دەزانم تەمەن بە دەستی پەروەردگارە، بەڵام دوو ستراتیژی زۆر گرنگ هەن کە دەتوانین لە ڕێگەیانەوە قەرەبووی تەمەن کورتیمان بکەینەوە، ئەوانیش:

- ستراتیژی یەکەم: پشت بە ژیانێکی تەندروست دەبەستێ، تا لە تەمەنی گەنجیدا بەرەو لەناوچوون و دارمان نەچیت.

- ستراتیژی دووەم: ئەمەیان پشت بە کورتکردنەوەی کاتی کارە نا پێویست و لاوەکییەکان دەبەستێ.

بەوپێیەش ستراتیژی وامان لێ دەکات کە تەواوی تەمەنی دیاریکراو زۆر بە باشی بەسەر ببەین، ستراتیژی دووەمیش ئەو کاتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە شتی لاوەکی بە هەدەر دەدرێن..

سەرەڕای ئەوەی ئێمە هیچ بژاردەیەکمان نییە لە دیاریکردنی تەمەنمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە جۆرێك بژین وەك ئەوەی بۆ هەتا هەتا بژین، پێغەمبەری خودا (ص) دەفەرمووێ: (ئەگەر قیامەت داهات، لە دەستی یەکێك لە ئێوە نەمامێك هەبوو، با بیچێنێ).

پێش نووسینی ئەو بابەتە (حاسیبە و بەرنامەی ئێکسل)م بەکارهێنا، تا لەوە تێبگەم کە تەمەنمان لە چیدا بەسەر دەبەین.. بۆم دەرکەوت کە ڕۆژانە دە خولەك لە هیچدا بە کاردەهێنین! کە لە ساڵێکدا دەکاتە دوو ڕۆژ و نیو، هەروەها ڕۆژانە لانی کەم دوو کاتژمێر لە سەیرکردنی تەلەفیزیۆن بەسەر دەبەین، کە ئەمەش دەکاتە یەك مانگی تەواو لە ساڵێکدا، هەروەها نزیکەی چوار کاتژمێریش بە قسەکردن و غەیب و باسکردنی ئەم و ئەو بەسەر دەبەین، کە ئەویش دەکاتە دوو مانگ لە ساڵێکدا.. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێك لە ژیانمان، بۆ ئەویش یەك مانگ لە ساڵێك دابنێ، ئەمە لە حاڵێکدا ئەگەر ڕۆژانە تەنها دوو کاتژمێر بەکاریان بهێنین و خۆمانیان پێوە سەرقاڵ بکەین.

دوای نووسینی ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی "کەنەدی"م کەوتە بەرچاو، کە دەڵێ: ئەو کاتەی بە ئاگاوە لەسەر بێخەفی نووستن بەسەری دەبەین نزیکەی حەوت ساڵی تەواو لە تەمەنمان دەبات! زانیاری لەو جۆرەش هانمان دەدات کە ئەو کاتانە بۆ خۆمان بگێڕینەوە و لە شتگەلێکی بەسوودا بەسەریان ببەین، بۆ نموونە: پێش خەوتن کتێبێك دەهێنیتە لای خۆت، تا ئەو کاتەی زۆر خەوت دێ خۆتی پێوە سەرقاڵ دەکەیت، دواتریش لە تەنیشت خۆتی دادەنێی، هەر کە لە خەو هەستای دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی..

خراپتر لە مانەوەش لە سەر بێخەفی نووستن، بریتییە لەو توێژینەوە ئەڵمانییەی کە ئاماژە بەوە دەدات کە نزیکەی

یازده ساڵ لە تەمەنمان بە سەیرکردنی تەلەفیزیۆنەوە دەڕوات (پێم وایە کە ئەو ژمارەیە زۆر زیاتر دەبێ ئەگەر بێتوو شاشەی کۆمپیوتەر و موبایلیش لەو جۆرە سەیرکردنە هەژمار بکەین).. ئەم ڕاستیەش وامان لێ دەکات زیاتر هۆشیار بین بەرامبەر بەو کاتەی کە شاشەی تەلەفیزیۆن و کۆمپیوتەرەکان لێمان دەدزن، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینیان بە شتانێك کە سوود بە ژین و ژیانمان بگەیەنن، پێش ئەوەی کاتەکە لە دەست دەرچێ..

ڕەنگە لە تەمەنی لاویدا هەست بەو کێشەیە نەکەیت، بەڵام هەر کاتێك تەمەنت هەڵکشا، ئەوسا دەزانی کە چ تەمەنێکی پڕ بایەخت لە شتانێکی بێ سوود و بێ بەها بەسەر بردووە.. تەنانەت هەشت کاتژمێر خەوتنی ڕۆژانەت (کە ئەگەر هەشتا ساڵ بژیت) ئەوا نزیکە بیست و حەوت ساڵی تەمەنت دەبات.. ئەمەش واتای ئەوەیە کە تۆ ساڵانە (365) کاتژمێر بۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەر بێتوو تەنها یەك کاتژمێر لەو هەشت کاتژمێرە کەم بکەیتەوە و بیکەیت بە حەوت کاتژمێر (کە نزیکەی چل مانگ دەکات لە کۆی تەمەنت).

ئەو کاتەی بەو شێوازە حیسابییە بیر لە ژیانت دەکەیتەوە، هەوڵ دەدەیت کەمترین کات بە فیرۆ بدەیت، هەروەها هەوڵ دەدەیت کەمترین کات بدەیت بە شتە لاوەکی و بێسوودەکان..

هەموو ئەو ژمارانەم لەبەر ئەوە پێڕاگەیاندی تا ئاگاداری ئەوە بیت کە کاتەکانت بە چ شتێك بەسەر دەبەیت، کە

ڕەنگە پێشتر بیرت لەو شتانە نەکردبێتەوە..

بۆ ئەوەی کاتی شتە بێ سوودەکان کەمتر بکەیتەوە و ژیانێکی درێژتر لە کەسانی تر بژیت!

تا هەمیشە ئەوەت بیربێ کە تەمەن بەخششێکی کاتییە، هەموان بە دەستی دەهێنن، بەڵام زۆرێك لە سوودوەرگرتنیدا شکست دەهێنن..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ناتوانی بڕیار لەسەر ئەو (چەندێتییە ژیان)ە بدەیت کە بۆت ئەندازە کراوە، بەڵکو دەتوانی بڕیار لەسەر ئەو (جۆرێتییە ژیان)ە بدەیت کە بۆ خودی خۆت دەتەوێ.
- ژیانمان بە یەك ئاڕاستە دەڕوات، ئەو خولەکانەی ئەمڕۆ لەدەستیان دەدەین، سبەی دەبن بە تەمەن، زۆر ئەستەمە قەرەبوو بکرێنەوە.
- زانستی پزیشکی نەیتوانیووە نهێنی مانەوە و نەمری ئاشکرا بکات، یان ڕاگرتن لە تەمەنی گەنجی ڕابگرێ، یانیش چاندنی جەستە.. بەڵام ئێستاشی لەگەڵبێ خاوەندارێتی تەمەنێك دەکەین کە پەروەردگار پێی بەخشیووین و دەتوانین بە جوانترین شێوە لێی سوودمەند بین.

***

## زۆر بە ڕوونی و سادەیی

سالّی کۆتایی خوێندنم لە قۆناغی ناوەندی، یەکێك لە هاوڕێکانم کە خانەوادەکەیان بە بازرگانیی زێڕ بەناوبانگە، باوك و مام و براکانی هەموویان دوکانی تایبەت بە زێڕ و جوانکارییەکانی دیکەیان لە مەدینە هەیە..

ئەو کات من و چەند هاوڕێیەکی تریشم ئامانجەکانمان زۆر بەرزەفڕ بوون بۆ دوای دەرچوون لە زانکۆ، بەڵام ئەو هاوڕێیەمان زۆر بە ڕوون و سادەیی بیری لە کردنەوە و دانانی دوکانێکی زێڕ دەکردەوە.

ڕۆژێکیان بەیەکەوە بووین، ئەو هەمان ئاواتی خۆی بۆ باس کردمەوە، ئەمجارە من ئامۆژگاریم کرد کە فراوانتر و بەرزتر بیر بکاتەوە، داوام لێ کرد ئامانجی بەرزتری هەبێ، بۆ نموونە بیر لە بوون بە ئەندازیار، یان پزیشك، یان مامۆستا.. بکاتەوە. زەردەخەنەیەکی کرد و بە متمانەیەکەوە گوتی: ئایا تۆ دەزانی فرۆشتی مانگانەی زێڕ دەگاتە چەند؟ منیش کەمێ بە گاڵتەوە گوتم: دەگاتە چەند؟ گوتی: شەش هەزار ڕیاڵ!

بێدەنگ بووم، چونکە ژمارەکان درۆ ناکەن، هەروەها چونکە بڕی لەو شێوەیە بەشی نەوەی ئەندازیار و مامۆستا و پزیشکانیش دەکات!!

ئەوسا هەستم کرد کە خەونەکەی سادە نییە، بیرکردنەوەی

ئەو بۆ داهاتوو زۆر پێگەیشتوو و تەواو بوو، بە ئەندازەیەك پێگەیشتوو بوو کە لای ئێمە بە سادە دەهاتە بەرچاو!

دوای دەرچوونمان بۆم دەرکەوت کە ئەو دەستی بەو کارە کرد کە هەر لە سەرەتاوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵام بژاردەکانی ئێمە تا کۆتاییش هەر بە تەمومژاوی مایەوە. ئەمڕۆ ئەو پیاوێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی دوکانێکی گەورەی زێڕە، منیش ڕۆژنامەنووسم و کتێب دەفرۆشم!!

پیرەژنێکی ئەمەریکی هەبوو، کە مێردە بلیۆنێرەکەی بە جەڵتەی دڵ دەمرێ، ئەو لە دوای مردنی مێردەکەی دەبێتە تاکە میراتگر و لە ناکاو دەبێتە خاوەنی کۆمپانیاییەکی گەورەی تەکنەلۆژی، کە هیچ لەبارەیەوە نازانێ، بەڵام هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمپانیاکەیان دان بە نەزانیی خۆی لەو بوارە دادەنێ.. دانی بەوە نا کە ئەو تەنانەت جیاوازیی نێوان تابلۆی کۆمپیوتەر و تابلۆی وردکردنی پیواز نازانێ، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە کە دەرگاکانی شکست دابخرێن و دەرگاکانی سەرکەوتن بکرێنەوە.

ئەوسا بەڕێوەبەری بەشەکان لە مەبەستی ئەو پیرەژنە تێنەگەیشتن، بۆیە گوتی: با سادەتر پێتان بڵێم کە چی دەکەن:

بە دوای بە قازانجترین بەرهەمدا بگەڕێن و زۆری لە بەرهەم بێنن، هەروەها بە دوای زەرەرمەندترین بەرهەمدا بگەڕێن، دواتر لە بەرهەمهێنانی بوەستن... بەم جۆرە، زۆر بە ڕوون و سادەیی..

دوای دوو ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە، قازانجەکانی

کۆمپانیا بۆ پێنج هێندە بەرزبوویەوە (ئەمە سەرەڕای قۆرخکردنی بەرهەمە سەرکەوتووەکان)، هەروەها بڕی تێچووەکانیش زۆر کەمیان کرد، ئەمەش بە ڕێگریکردن و وازهێنان لە بەرهەمە زەرەرمەند و ناسەرکەوتووەکان).

ئەم پیرەژنە پسپۆڕییەکەی لە کارگێڕیی کار و دووبارە دروستکردنەوەی کۆمپانیاکان نەبوو، بەڵکو ئەو تەنها بنەماییەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بریتیی بوو لە بنەمای سەرکەوتن لە هەموو بوارێکدا.. ئێستا گرنگیی پێکهاتە و ڕەگەزەکانی سەرکەوتن بزانە، ئەوەش بزانە تا چەند بیرکردنەوەی ئاڵۆز بخەینە نێو کارەکانمان، ئەوا ئەگەری شکستمان بەرزتر دەبێتەوە.

ئەم دوو چیرۆکەی سەرەوە، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە سادەیی بیرۆکە و ڕوونی ئامانج، بە تەنها هۆکاری قازانج و پێکهێنانی سەرووەت نین، بەڵکو یەکێکن لە هۆکارەکانی جیاوازبوون و سەرکەوتن.

ئەم جۆرە لە سادەیی بە واتای ڕووکەشی و خاکیبوون نایەت، بەڵکو بە واتای پێگەیشتن و کامڵبوون و ڕوونیی دیدگاوە دێ.. هەبوونی توانا بۆ سادەبوون (قورسنەکردنی بیرکردنەوەکان) یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسانی ژیر و بلیمەت.. زۆربەی کەسەکانی ئەم ڕۆژگارە کێشەیان لەگەڵ قبوولکردنی ڕاستییە سادەکان هەیە، چونکە عەقڵیان بۆ چارەسکردنی ڕاستییە ئاڵۆزەکان ئاڕاستەکراوە. ئەنیشتاین دەڵێ: (کۆمەڵە گەمژەیەك دەتوانن شتەکان قورستر و ئاڵۆزتر بکەن، بەڵام بلیمەتی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە شتەکان

ئاسانتر و سادەتر دەکات).

ئەو کاتەی سەرنجی ژیانی کەسە دەوڵەمەند و زەنگینەکان دەدەیت، دەبینی ئەوان بە گوێرەی دوو بنەمای گرنگ ڕەفتار دەکەن، ئەویش بریتیین لە (ڕوونی و سادەیی) تەنانەت لە ژیانی تایبەتی و کەسیی خۆشیاندا.

لە پێغەمبەری خودا (ص) دەگێڕنەوە کە ئەو هەر کات لە نێوان دوو کاردا سەرپشك کرابا، ئەوا هەمیشە ئاسانەکەی هەڵدەبژارد.

تۆماس ئەدیسۆنیش (سەرەڕای سەرووەت و دامەزراندنی کۆمپانیا گەورەکانی وەك جەنەراڵی کارەبا) دوو بزماری گەورەی لە سەرووی نووسینگەکەی داکوتیبوو، یەکێکیان لیستی ئەو کارانەی پێوە هەڵدەواسی کە خۆی پێویست بوو ئەنجامیان بدات، دووەمیان ئەو لیستانەی پێوە هەڵدەواسی کە خەڵکی داوای ئەنجامدانیان دەکرد.

بەڵام فەیلەسووفی چینی "سەن تزو" چەند بنەماییەکی بۆ سەرکەوتن دانابوو، کە ئێستاشی لەگەڵبێ سادەیی و ڕوونی بیرکردنەوەکەی سەرسامم دەکات، لەکاتێکدا هەر یەکێکمان دەتوانێ زۆر بە سادەیی لە ژیانی خۆیدا جێبەجێیان بکات..

ئەو دەڵێ: (لەو جەنگە دووربکەوە کە ناتوانی بە دەستی بهێنی، دەست بەسەر سەرچاوەکانی ئاودا بگرە، پاشەکشە باشترە لە گرتنی میحوەر و پێگەیەکی تر، هەرگیز ڕێگە مەدە دوژمنەکەت شوێنی جەنگان هەڵبژێرێ..).

ئەو کاتەی بیرکردنەوەکان دەگەنە ئەو ئاستە لە تەرکیز و ڕوونی، ئەوا زۆر بە سادەیی بە دیار دەکەون، بەڵام لە

ڕاستیدا وانین، بەڵکو تەنها وا خۆیان نمایش دەکەن، خاوەنی بیرکردنەوەکان وایانکردووە کە بەو جۆرە سادە دەربکەون، ئەگەرنا لە ڕاستیدا زۆر لۆژیکین، هەروەك نموونەی پیرەژنەکە، بێگومان هەر کەسێ دەرگاکانی شکست و زیان دابخات، ئەوا دەرگای سەرکەوتنەکانی زیاتر دەبن..

بۆ ئەوەی شتەکانت لێ تێکەڵ نەبن، پێویستە جیاوازی لە نێوان بیرۆکەی سادە و قورسی جێبەجێکردندا بکەیت.

چونکە ڕەنگە تۆ خاوەنی بیرۆکەیەکی سادە و ڕوون بیت، بەڵام ڕەنگە جێبەجێکردنەکەی کات و کارێکی زۆری بوێ. گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان لەسەر بیرۆکەی سادە و ڕوون بونیات نراون، (گۆگڵ لەسەر هاوکێشەیەکی بیرکاری بونیاتنرا، ئەمازۆنیش لەسەر بیرۆکەی فرۆشتنی کتێب لە ڕێگەی پۆست) بەڵام هەمیشە ئەوەی جیاوازییە گەورەکە دروست دەکات بریتییە لە قورسی جێبەجێکردن، نەوەك سادەیی بیرۆکە.

ئەوەی ئێستا لای من گرنگە، ئەوەیە کە تۆ لە بیرۆکە سەرەکییەکە تێگەیشتبی، ئەوەی بریتییە لە:

زۆر گرنگە بڕیارەکانت سادە بن، هەروەها جەخت لە سەر ئامانجەکان بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا دیدگا و ئاسۆیەکی ڕوونت بۆ ئەو کارانە هەبێ کە دەتەوێ لە ژیانتدا ئەنجامیان بدەیت.

ئامانجێکی سەرەکی دیاری بکە و هەوڵ و ماندووبوونەکانی خۆتی تێدا چڕ بکەرەوە، هەوڵ بدە بیرۆکەی کاری ئامانجەکەت بە چەند وشەیەکی سادە و کەم دابڕێژی،

بـه ئەندازەیـەك سـادەبێ کـە باپیـرە و پـوور کـوڕی بـرا و خوشکەکانیشـت لێـی تێبگـەن..

ئەو کاتـەش پیشانی هـەر کەسێکی دەدەیـت، بـە جۆرێـك بۆیـان بـاس بکـە کـە تـۆ هەمـوو بابەتەکـەت یەکلایـی کردووەتـەوە، بـە ئەندازەیـەك ئارەزووی ئەوە بکـەن کـە لـەو کارەدا بەشـدار بـن لەگەڵـت..

ئەمەش بریتیی بوو لە بیرۆکەی زۆر بە ڕوون و سادەیی...

*** 

## پوختەی تیۆرەکە

- سادەیی، واتا گەیشتنی تۆ بە پلەیەك لە پێگەیشتن و کامڵبوون و ڕوونیی ئامانج (بە جۆرێك کە باوەڕپێکردنی قورس بێ).
- هەمیشە قبوولکردنی ڕاستییە سادەکان لەسەر ئێمە کارێکی قورسن، چونکە عەقڵی ئێمە بەرەو ڕاستییە قورسەکان ئاڕاستەکراوە.
- ڕوونترین بیرۆکە نزیکترینیانە لە سەرکەوتن، سادەترین ڕاڤەش نزیکترینیانە لە ڕاستی.

***

## یاسای زیادکردنێکی سادە

هەر لە قۆناغی ناوەندی، من یەکێک بووم لە قوتابییە باش و پەسەندەکان لە لای مامۆستای بابەتی فیزیا، من لەگەڵ هاوپۆلێکی ترم کە ناوی فەرید بوو بەردەوام لە ڕکابەری و پێشبڕکێیەکی بەردەوامدا بووین، مامۆستاکەمان بە ئێمەی دەگوت بلیمەت، زۆر ئارەزووی دەکرد کە بە تەنها گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات، فەرید زۆر لێهاتوو و زیرەك بوو، ئەو تاکە قوتابی بوو کە مامۆستا بە ئاشکرا دەیگوت نمرەی کۆششت بە تەواوی پێ دەدەم، بەڵام لە کۆتایی ساڵدا، من توانیم بە هۆکاری (زیادەیەکی سادە) نمرەی تەواو بە دەست بهێنم، بەڵام هاوڕێ خۆشەویستەکەم بیری لەو زیادەیە نەکردبووەوە..

پێش تاقیکردنەوەکان لە تەلەفیزیۆن ئامێری ڕۆیشتن بە سەر ئاومدا بینی، کە یاریزانەکان بەو ئامێرە زۆر بەخێرایی بەسەر ئاودا دەڕۆیشتن بێ ئەوەی بخنکێن، زۆر بەو دیمەنە سەرسام بووم، بەو دیمەنەیە بۆم دەرکەوت: تا جووڵەی جەستە خێراتر بێت، ئەوا کێشەکەی کەمتر دەبێ.

هەر دوای بینینی دیمەنەکە ڕاستەوخۆ دەستم کرد بە دروستکردنی تابلۆی گۆمە ئاوێك، دواتریش وێنەی ئەو ئامێرەم دروست کرد کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەیەوە

بەسەر ئاودا بڕوات بێ ئەوەی بخنکێ، ئەو تابلۆیەی من زۆر سەرنجی مامۆستاکەمانی ڕاکێشا، بە ئەندازەیەك ڕۆژانە لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ هەموو پۆلەکانی تر و نیشانی قوتابیانی دەدا و بابەتی جیاوازی لەسەر شی دەکردەوە..

بەڵێ، ئەمە زیادەیەکی سادە بوو، بەڵام ململانێی من و فەریدی یەکلایی کردەوە.

ئەمە وەك جێبەجێکردنێکی کردەیی بوو بۆ یاسای "زیادەیەکی سادە" کە بووە هۆکاری ئەنجامێکی گەورە و یەکلاییکردنەوەی پێشبڕکێیەکی درێژخایەن..

زیادەیەك کە ڕەنگە لە دیدی هەر کەسێ بەهایەکی گەورەی نەبێ، بەڵام ئەو کاتەی دەخرێتە سەر سەرکەوتنێك یان تێکەڵ بە کارێك دەکرێ، دەبێتە خاڵی یەکلاییکردنەوە و سەرکەوتن و سەرئەنجامی پێشبڕکێکاران دیاری دەکات..

ئەمە ڕێك لە پێشبڕکێی ئەسپەکان دەچێ، کە هەندێ جار وا ڕوو دەدات ئەسپێك تەنها بە پێشکەوتنی لووتی دەبێتە براوەی پێشبڕکێکە و کاس و مەدالیای سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ..

ئەو چیرۆکەی سەردەمی قۆناغی ناوەندیم بەو کەناڵە بیرکەوتەوە کە کچەکەم کردبوویەوە و جێی هێشبوو، کاتێك سەیرم کرد بینیم چوار کەس بە ئامادەبوونی لیژنەیەکی بە ئەزموون پێشبڕکێ لەسەر ئامادەکردنی خۆشترین کێك دەکەن، هەموویان دەسترەنگین و کار جوان بوون، بەڵام دوو چرکە پێش ئەوەی کاتەکەیان تەواو ببێ، یەکێکیان بە خێراییەکی زۆر لێزانانە گوڵی (لۆتس)ی بەسەر کێکەکەدا

بڵاوکردەوە، گوڵێکی بچووك، کە ناشخورێ، بەڵام جوانییەکی زیاتری بە کێکەکە بەخشی و وای لێ کرد لە سێ کێکەکەی تر جیاوازبێ، لیژنەکەش بە خاڵی جیاوازی نێوان کێکەکانیان دانا، بەمەش پلەی یەکەمی وەرگرت و گوڵەکە بووە خاڵی یەکلاییکەرەوە.

سەرنج بدە، لە هەموو پێشبڕکێیەکی لەو جۆرە، ئەو کەسەی نابێتە براوە ڕەنگە کەسێکی بە توانا و لێهاتووش بێ، بەڵام کەسی براوە هەمیشە شتێکی بچووك دەخاتە سەر کارەکەی، کە دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان ئەو و کەسی ڕکابەر..

هەمیشە بە کوڕ و کچەکانم دەڵێم: مەرج نییە بە نمرەیەکی کامڵ و تەواوە دەربچیت، بەڵکو پێویستە ببن بە خاوەنی زیادەیەکی سادە ئەو زیادەیە ببێت بە خاڵی جیاوازی نێوان ئێوە و ڕکابەرکانتان.. ئەو ساڵە قوتابییەکە لە زانکۆ دەردەچێ، لەگەڵ ئەودا بە هەزاران کەسی تر دەردەچن، ناتوانی هیچ کامیان لە یەکتر جیا بکەیتەوە، چونکە لە ڕووی تەمەن و پسپۆڕییەوە هاوشێوەن، یانیش زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، بۆیە ئەو کەسە جیاواز و دیار دەکەوێ کە زیادەیەکی سادە بخاتە سەر ئەو دەرچوونەی..

لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە هەمیشە خاڵێکی جیاوازت هەبێ کە لە کەسانی ترت جیا بکاتەوە، جا ئەو شتە بەهرەیەك یان توانایەکی جیاواز، یان هەر شتێکی تر بێ.. دڵنیابە ئەگەر تۆش وەك هەموو کەسانی تر بیت، ئەوا کەس لە قەرەباڵغیدا ناتبینی و تۆش بە ناچاری دەبێ بچیتە ڕیزی

چاوەڕوانـکار و بێـکاران، بـەڵام ئەگـەر زیادەیەکـی سـادە و جیـاوازت هەبوو، ئەوا هەمـوان دەتبینـن و لـە ڕیزی پێشـەوەی بـژاردەکان دەبیـت..

- بـەڵام چـی دەبـێ ئەگـەر تـۆ خاوەنـی زیادەیەکـی سـادە نەبوویـت؟

لـەم حاڵەتـەدا پلانێکـی جێگـرەوەم بـۆت هەیـە، کـە دەبێتـە یارمەتیدەرێکـی بـاش بـۆ جیاوازبـوون و سـەرکەوتنت:

ئەگـەر هاتـوو تـۆ نەتتوانـی ببیـت بـە خاوەنـی هیـچ زیادەیەکـی سـادە، ئـەوا ئـەو بـوارە بـە تـەواوی جـێ بهێڵـە بـۆ ڕکابەرەکانـی تـر، ئـەو کاتـەی گۆڕەپانەکـە قەرەباڵـغ دەبـێ تـۆ بیـر لـە گۆڕەپانێکـی نـوێ بکـەرەوە، تـا بـە تەنیـا تیایـدا پێشبڕکێ بکەیـت، تـا تەنهـا خـۆت تاکەکەسـی سـەرکەوتووی ئـەو مەیـدان و گۆڕەپانـە بیـت، وەك هەمـوو زەنگینەکانـی دونیـا، کـە لـە سـفرەوە دەسـتیان پـێ کـردووە..

بۆچـی لای کەسـێك کار دەکەیـت، لـە کاتێکـدا خـۆت توانـای دروسـتکردن و دامەزراندنـی کاری تایبـەت بـە خـۆت هەیـە؟! بۆچـی خـۆت بـە پێشـبڕکێ و ڕکابەرییـەوە سـەرقاڵ دەکەیـت، لـە کاتێکـدا بیرۆکەیەکـی نوێـت بـۆ بەرهەمێکـی جیـاواز هەیـە؟! بۆچـی زیـادەی سـادە پێشـکەش دەکەیـت، لـە کاتێکـدا خـۆت تاکـە سـوارچاکی مەیدانیـت؟!

تاکـە شـتێك کـە ڕێگـرە لـە بەردەمـی تـۆ بـۆ هاتنـە ناوەوەی ئـەم دەسـتەیە، بریتییـە لـە نەبوونـی متمانـە بـە خـۆت و بـە تواناکانـت بـۆ دامەزراندنـی کارێکـی تایبـەت بـە خـۆت، بـە

بەڵگـەی لیسـتی (فۆربـس) کـە ئـەوە دووپـات دەکاتـە لـە (86%) دەوڵەمەنـدە گـەورەکان بـە هـۆکاری داهێنـان و بازاڕی تایبـەت بـە خۆیـان توانیویانـە لـە سـفرەوە بگـەن بـەو ئاسـتە..

ئایا پوختەی بابەتەکەت بە چەند وشەیەك پێ بڵێم.

بیرت بێ گوڵە تایبەتەکەت لە کۆتایی هەموو ڕکابەرییەك زیـاد بکە..

ئەگـەر تـۆ خاوەنـی ئـەو گوڵـە نەبوویـت، ئـەوا لـە ڕکابەرییەکـە وەرە دەرەوە و بەرنامەیەکـی تایبـەت بـە خـۆت پێشـکەش بـە جیهـان بکـە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەمووممان دەمرین، بەڵام پەند لەو زیادە جیاوازانەدایە کە پێش هێڵی کۆتایی پێشکەشیان دەکەین.
- سەرکەوتن حاڵەتێکە ڕەنگە هەموان تیایدا هاوبەش بن، بەڵام جیاوازبوون زیادەیەکی داهێنراوە، لە هەموو کەس جیات دەکاتەوە.
- کەسە جیاوازەکان ئەو کەسانەن کە ڕێچکەی تایەت بە خۆیان دروست دەکەن، سەرکەوتووەکانیش ئەوانەن کە لە کۆتاییدا لای کەسە جیاوازەکان کار دەکەن.

❊❊❊

## چۆن لە هەر کارێکدا سەرکەوتوو دەبیت؟

پرسیار لە دە کەس بکە سەبارەت بە پێناسەیان بۆ مرۆڤی سەرکەوتوو، لە کۆتاییدا دە بۆچوونی جیاوازت دەست دەکەوێ..

جارێکی تر پرسیاریان لێ بکەوە، ئەمجارەیان سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتن، ئەوا دەیان ئامۆژگاریت دەستدەکەوێ کە زۆر ئەستەمە لە کەسێکدا کۆ بکرێتەوە، بەڵام بە پەرتوبڵاوی هەمووی لە ژیانی کەسە سەرکەوتووەکاندا دەدۆزیتەوە..

کێشەی (سەرکەوتن) ئەوەیە کە وەسفێکی گشتگیرە، کێشەی (سەرکەوتوانیش) کۆمەڵگە لەسەریان کۆك نابێ، یانیش بە هەمان چاویلکە سەیری هەموویان دەکات..

بۆیە هەرگیز ئامۆژگاریی ئەوەت ناکەم کە زۆر خۆت بە پێناسەی سەرکەوتنەوە سەرقاڵ بکەیت (بە تایبەتیش ئەو پێناسانەی کە چاوت لە ئاست هەندێ سەرکەوتنی تر کوێر دەکەن)، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ئامۆژگاریت دەکەم کە چەند خوونەریتێکی بەردەوام و چەند تایبەتمەندی و بنەمایەك بۆ خۆت دروست بکەیت، بە جۆرێ لە هەر کات و شوێنێ بیت سەرکەوتنت زامنکراو بێ..

بە باوەڕی من کەسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە خاوەنداریتی چەند تایبەتمەندی و نەریتێکی سەرکەوتوو بێت.. کەسە سەرکەوتووەکان لە هەر کوێ بن مومارەسەی تایبەتمەندییە ئیجابییەکانی خۆیان دەکەن، وەك:

پێداگری، داهێنان، باوەڕ، بیرۆکە، نیەتپاکی و دڵسۆزی، هەبوونی دیدگا، دروستکردنی دەستی کار، دانەبەزین بۆ ئاستێکی نزمی دڵنیایی...

هەموو مرۆڤێکیش چەندین تایبەمەندی لەو جۆرەی هەیە، کە دەتوانێ بۆ بەدیهێنانی هەر سەرکەوتنێك پشتیان پێ ببەستێ و سوودیان لێ وەربگرێ، ڕەنگە لە سەرەتادا دووچاری قورسی ببێتەوە (بە هۆکاری کەمی ئەزموون لەو بوارە نوێیەدا)، بەڵام زۆر بە خێرایی فێردەبێت و دەبێتە خاوەنی توانای جیاواز لەو بوارەدا.. لە هەموو دامەزراوەیەکدا کەسێك هەیە کە بەڕێوەبەرەکە زۆر متمانەی پێ دەکات، بە ئەندازەیەك هەر کێشەیەکی بێتە ڕێ بانگی ئەو کەسە دەکات، تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی بە بوار و پسپۆڕی ئەویشەوە نەبێ.. هەمیشەش لە هەموو وڵاتێکیشدا وەزیرێکی (جۆکەر)[6] هەیە، کە سەری لە کاروباری هەموو وەزارەتێکدا دەردەچێ و ڕاوێژی لە هەموو بوارێکدا پێ دەکرێ..

تۆش بە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتن و

(6) «جۆکەر» وشەیەکی ئینگلیزییە، لە ئێستادا بە هەڵە بۆ کەسی قۆشمە و ساختەچی بەکاردەهێنرێ (بە تایبەتیش دوای بڵاوکردنەوەی فیلمی جۆکەر)، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە شارەزایی زیاتریان هەیە و توانای کارکردنیان لە هەموو بوارێکدا هەیە و دەتوانن ببنە جێگرەوەی هەر کەسێك.

بە تێپەڕبوونی کات -بێ ئەوەی خۆت هەستی پێ بکەیت-
دەتوانی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی زۆر گەورە بە خۆتەوە
ببینی و بۆ هەر کارێك کە پێت بسپێرن سڵ نەکەیتەوە و
تیایدا ڕۆڵی دیار بگێڕی.

من وەك خۆم باوەڕم وایە کە چوار ستراتیژی گرنگ
هەن، کە بۆ سەرکەوتنی هەر کارێك پێویستیمان بەم چوار
ستراتیژە هەیە و ناتوانین لێی بێ نیاز بین، ئەوانیش:

یەکەم: هەبوونی بەرنامەی کار، هەروەها دیدگایەکی
ڕوون و پلانێکی دیراسەتکراو..

بەبێ ئەو پێکهاتانە هەرگیز بە ئامانجەکانت ناگەیت،
دیاریکردنی ئامانج و نەرمونیانی لە جێبەجێکردندا و هەبوونی
پلانێکی پێشوەختە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنن.
ئەم ستراتیژە سەرەتا داوات لێ دەکات کە تۆ ئامانجەکەت
دیاری بکەیت، دواتر پلانەکەت دابڕێژی، دواتر بە هزر
و بیرێکی کراوە و ئارام دەست بە جێبەجێکردنی بکەیت
و ئەگەری گۆڕانکاری و هەموارکردنی هەر بڕەگەیەکیش
بە کراوەیی بهێڵیتەوە.. زۆرترین چارەسەر بخە ڕوو، بەڵام
دواتر باشترین و ئاسانترینیان و گونجاوترین و نزیکترینیان
لە واقیع هەڵبژێرە.. تا چەند ئامانجەکەت ڕوونتر بێت ئەوا
گەیشتنت خێراتر دەبێ، تا چەندیش لەگەڵ ئاستەنگەکان بە
ئاگا و نەرمونیان بیت ئەوا تێپەڕاندن و بڕینیان ئاسانتر دەبێ..
جیاوازیی نێوان سەرکەوتوو و شکستخواردوو ئەوەیە کە
یەکەمیان بە گوێرەی پلانێکی دیراسەتکراو بەرەو ئامانجێکی
دیاریکراو دەڕوات، بەڵام ئەوەی دووەم بێ پابەندی و بێ

پـلان و ئامانـج ڕێ دەکات،
أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِ أَهْدَىٰ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ [الملك: ٢٢].

واتـە: ((جـا ئایـا ئـەو کەسـەی کـە دەمـەوڕوو کەوتـووە و بـەو حاڵـەوە دەڕوات، چاکتـر ڕێگـە دەزانێـت؟ یـان ئـەو کەسـەی کـە بەسـەر شـەقامێکی ڕاسـت و ڕەوانـدا بـە ڕێـك و پێکـی دەڕوات بەڕێـوە؟!)).

## سـتراتیژی دووەم: ڕێکخسـتنی کات و دروسـتکردنی خوونەریتێکـی سـەرکەوتوو:

هەموومـان سـکاڵای کەمـی و بێکاتـی دەکەیـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا زۆربەمـان بـە ڕێگەیەکـی هەڕەمەکـی ژیـان بەسـەر دەبەیـن، بـە جۆرێـك ڕۆژەکەمـان تـەواو دەکەیـن نازانیـن چیمـان کـردووە، لەبـەر ئـەم هـۆکارە پێویسـتە کاتەکـەت ڕێـك بخەیـت و ئـەو کارانـەت بخەیتـە سـەرەتا کـە پێویسـتە پێـش بخرێـن، چونکـە تـۆ ناتوانـی هەرچـی بـە خەیاڵتـدا دێ بـە جارێـك ئەنجامـی بدەیـت.. دوای کەمێکـی تـر بابەتێکـی تـەواو سـەبارەت بـە «دروسـتکردنی خوونەریتێکـی سـەرکەوتووی ڕۆژانـە دەخوێنیتـەوە» بـەڵام زۆر گرنگیشـە کـە بگەڕێیتـەوە بـۆ بەرگـی یەکـەم تـا بابەتـی (بیـر لەسـەرکەوتن مەکـەرەوە، بەڵکـو لـە دروسـتکردنی خوونەریتێکـی سـەرکەوتوو) بخوێنیتـەوە، تـا گرنگیـی ئـەو خوونەریتـە بچووکانـەت بـۆ دەربکـەوێ لـە دروسـتکردن و گەیشـتن بـە سـەرکەوتن.. لـە ڕێـی ئـەو بابەتانـەوە بـۆت دەردەکـەوێ هەبوونـی توانـا بـۆ دروسـتکردنی (نەریتـی سـەرکەوتوو) گەیشـتنت بـە ئامانجەکـەت بەبـێ هـەوڵ

و ماندووبوون، تەنانەت بەبێ پێداگیری بۆ دەستەبەر دەکات.

## ستراتیژی سێیەم: ئامادەیی بۆ ڕاوکردنی دەرفەتەکان:

ئەم ستراتیژییە پێویستی بە بە هێزی تێبینی و سەرنجدان و سەرپەرشتییەکی ڕاستەقینە بۆ داهاتوو هەیە.. هەر مرۆڤێك کاتێك لە دایك دەبێ لە هەژمارە تایبەتەکەی خۆی کۆمەڵێ دەرفەتی زێڕینی هەیە.. بەشێك لە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی زۆر باش ئەو دەرفەتانە دەقۆزنەوە و لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنن، بەڵام زۆربەیان بە شێوەیەکی زۆر باش لێیان ڕا دەکەن.. هەر لەبەر ئەو هۆکارە ئەگەر دەرفەت لە دەرگای تۆی دا، ئەوا لە کردنەوەی دەرگا بە ڕوویدا و دواخستنی لە دوای هاتنە ژوورە دڵەڕاوکێ نەتگرێ و دوودڵ مەبە.. چونکە ئەو کاتەی دێتە بەرامبەرت ئارەزووی هەڵاتن دەکەیت، بەڵام تۆ وامەبە، بەڵکو ئامادەبە بۆ پێشوازیکردنی و ڕۆیشتن لەگەڵیدا.. چەند ساڵێك پێش ئێستا بەڕێوەبەری یەکێك لە پێگە گەشتیارییەکان پێشنیاری نووسینی بابەت و وتاری گەشیاری بۆ کردم بۆ پێگەکەیان، دوای ڕازیبوونم گوتی: (حەوت ڕۆژ مۆڵەتت دەدەمێ بۆ ئەوەی یەکەم بابەتمان بۆ بنووسی).. بەڵام، دوای حەوت خولەك حەوت بابەتی نوێم لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ نارد، من بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبووم، چونکە هەموو هەفتەیەك بابەتێکی تەواو لە بارەی ئەو شتانەوە دەنووسم کە لە جیهاندا دەیانبینم و ڕوو دەدەن[7].

---

(7) زۆربەی ئەو بابەتانەش لە کتێبی (دەربارەی جیهان لە 80 وتاردا) بڵاوکراونەتەوە.

## ستراتیژی چوارەم: بە متمانە بە و سەرکێش بە و لە شکست مەترسە:

لە بابەتی (ئەزموونیان لەگەڵ شکست)دا زانیمان کە شکست یەکێکە لە کۆڵەگەکانی سەرکەوتن و ئەزموونێکی سەرەتایە بەرەو ئامانج، ئەگەرچی زۆرێك لە خەڵکی متمانەیان بە تواناکانی خۆیان نییە، لەگەڵ یەکەم ئەزموونی شکستیاندا پاشەکشە دەکەن و وازدەهێنن، بۆیە پێویستە تۆ متمانەت بە دیدگا و ئاسۆی خۆت هەبێ، هەوڵەکانت دووبارە بکەیتەوە، هەرگیز لە نیوە ڕێگەدا نەوەستی و بەردەوامبی تا دەگەیتە کۆتایی. ئەوەی کەسە سەرکەوتووەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان بەردەوام لە سەرکێشی و هەوڵی زیادەدان و ناوەستن.. ڕاستە سەرکێشی و هەوڵی زیادە هەموو کات بە سەرکەوتن کۆتایی نایەت، بەڵام دانیشتن و ئەنجامنەدانی سەرکێشی، هەمیشە(100%) بە شکست کۆتایی دێ!!

ئەم چوار ستراتیژیەتە (چ بە سروشتی خۆت هەتبن، یانیش لە ڕێگەی کارەوە بەدەستیان بهێنی) دڵنیابە لەوەی بە گرتنەبەریان لە هەر کارێکدا کە تۆ بتەوێ، سەرکەوتنت بۆ دەستەبەر دەکەن، بێ گوێدان و سەیری بوار و پسپۆڕی تۆ، یان ئەو پێگەیەی کاری تێدا دەکەیت..

تا ئەو چوار ستراتیژیەتە بەدەست دەهێنی بە باشی دەست بە خەونەکانتەوە بگرە، چونکە لە ئێستادا بەنرخترین سەروەتی تۆن.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- مرۆڤی سەرکەوتوو چەندین خوونەریتی ئیجابی هەیە، کە لە هەر بوارێکدا کار بکات سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر دەکەن.
- پێداگری، داهێنان، باوەڕ، بیرۆکە، نییەتپاکی و دڵسۆزی، هەبوونی دیدگا، دروستکردنی دەستی کار، دانەبەزین بۆ ئاستێکی نزمی دڵنیایی.. هۆکاری سەرەکین بۆ زامنکردنی سەرکەوتن لە هەر کارێکدا بێ.
- هەموو مرۆڤێك کاتێك لە دایك دەبێ لە هەژمارەکەیدا چەندین دەرفەتی جوان هەیە.. بەشێکیان زۆر باش لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنن، بەڵام زۆربەشیان بە شێوەیەکی زۆر باش لێیان ڕا دەکەن

***

## یاساکانی "هێل" بۆ سەرکەوتن

ئایا جیاوازیی نێوان بنەما و یاساکان دەزانی؟
بنەماکان: بریتیین لە چەند چەمکێکی گشتی و ڕێککەوتنێك، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە دەکرێن.
بەڵام یاساکان: بریتیین لە کۆمەڵە پابەندی و ڕێکارێکی فەرمی، بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە.
سەرەڕای هەماهەنگی و تێکەڵییان بە یەکتری، هەروەها سەرەڕای ئەوەی یاساکان لە بنەماکانەوە دروست دەبن، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین پوختەی یاساکانی سەرکەوتنی کەسایەتی بخەینە ڕوو ئەمەش - دوای ئەوەی بابەتی تایبەتمەندی کەسە سەرکەوتووەکانمان خستەڕوو- .
گومان لەوە دانییە کە سەرکەوتن بە کەسانی بێکەسایەتی دروست نابێ، بەڵکو هەمیشە خاوەن کەسایەتییەکان سەرکەوتن تۆمار دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار بارودۆخی دەرەکی ڕێگرە لەبەردەم سەرکەوتنەکان و ئەو بنەمایە پێچەوانە دەکاتەوە، سەرنج بدە، زۆر جاران کەسایەتی زۆر باش و بەهێز هەیە، بەڵام بە هۆکاری بارودۆخی دەرەکی ناتوانن سەرکەوتن تۆمار بکەن، لە بەرامبەریشدا کەسانێك هەن، خاوەنی هیچ تایبەتمەندییەکی سەرکەوتن نین، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی زۆر ناوازە تۆمار دەکەن، کە زۆر کەس دووچاری شۆك و سەرسوڕمان دەکەن.

سەرەڕای هەبوونی ئەو جیاوازییە ئازاربەخشە، دەتوانین لە ڕێگەی خوێندنەوە و دیراسەکردنی کەسە سەرکردە و سەرمەشقەکان) پوختەی تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتن لە نێوانیاندا بخەینەڕوو..

بۆ نموونە کەسە سەرکەوتووەکان هەمیشە خاوەنی هزر و بیرێکی تیژ و سەلامەتن، توانای پێشبینیکردنیان زۆر بەهێزە، بە نەرمونیانی ڕەفتار دەکەن، خەیاڵیان فراوانە، هیچ کات دوو جار لە کونێکەوە مار پێوەیان نادات، هەروەها چەندین نەریتی سەرکەوتوو و توانای جوانیان هەیە (هەروەك لە کۆتا بابەت خستمانە ڕوو)، توانای سەرکەوتنیان لە هەموو بوارێکدا هەیە، دوای هەر کەوتنێکیش زۆر بە خێرایی هەڵدەستنەوە و جارێکی تر بە ڕێگادا دەڕۆن.

لە ڕاستیدا، تا ساڵی (1928) هیچ کەس گومانی ئەوەی نە دەکرد کە سەرکەوتن یاسای تایبەت بە خۆی هەبێ، تا "ناپلیۆن هێل" کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی بە ناوی (یاسای سەرکەوتن) بڵاو کردەوە.

جیاوازییەکە لێرەدایە، ئەم کتێبە لەسەر داواکاری پیاوێکی سەرکەوتوو، کە بە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ئەمەریکا دادەنرێ خرایە بازاڕەوە، کە ناوی "ئەندرۆ کارینجی" بوو، لە ئەمەریکا ناوی بە پادشای ئاسن و ڕەقی دەرکردبوو.. ئەو پیاوە هێلی بانگهێشت کرد بۆ نووسینگەی تایبەتی خۆی، داوای لێ کرد کە نهێنییەکانی ڕکابەریی نێوان کەسە




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " گەزەنگ مام بابۆ " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7

Invite Link

زەنگینەکانی پێ بڵێ.. هێل بە داواکارییەکەی ڕازیبوو، تەنها لەبەر ئەوە نا کە خاوەن پارە و سامانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مامۆستای زانکۆش بوو، هۆگری ئەوەبوو کە کار لەو بوارەدا بکات، تا بتوانێ زانستێکی نوێ دابمەزرێنێ، بە جۆرێك هەر دوو زانستی دەروونناسی و ئابووری پێکەوە تێکەڵ بکات و لێکیان بدات.. بەم جۆرە هێل توانی چاوی بە (500) دەوڵەمەندی ناودار و بەناوبانگ بکەوێ، وەك (فۆرد و ئەدیسۆن و مۆرجان و بێل و روکفلەر و چەندینی تر.. کە هەموویان کەسانی دیاربوون و ئەمەریکا لەسەر شانی ئەو کەسانە هاتۆتە سەرپێ، کە داهاتەکانیان چەندین جار زیاتر بوو لە دەوڵەمەند و زەنگینانی ئەم ڕۆژگارە..

دوای شازدە ساڵ لە کارکردن، کتێبێکی بڵاوکردەوە کە چەندین وانەی لە ژیانی کەسە دەوڵەمەند و زەنگینەکان لە خۆ گرتووە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو کتێبەی هێل بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ سەرجەم ئەو پرسانەی لەو بوارەدا دەنووسرێن.

لە هەمان کاتدا کەسانێك وەك سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان سەیری دەکەن، خۆشم وەك سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندبوون و سەرکەوتن لێی دەڕوانم (چونکە سەروەت و سامان لە کۆتاییدا چەند ژمارەیەکە کە سەرکەوتن یان شکستی خاوەنەکەی بەرجەستە دەکات).

هۆکاری گەورەیی ئەو کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێل تیایدا گرنگترین تایبەتمەندی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان کەسە زەنگینەکان باس دەکات، ئێمەش لەم بابەتەدا

هـەوڵ دەدەیـن بـە داڕشتنێکی جیـاواز و لەسـەر شێوازی چەنـد ئامۆژگارییـەك بیانخەینـەڕوو، کـە دەبنـە پاڵنەرێکـی بەهێـز بـۆ ئـەو کەسـانەی لەسـەرەتای چوونـە نـاو هـەر بوارێکـدان:

- لـەو تایبەتمەندییانـەی کـە کەسـایەتییە سـەرکەوتووەکان جیـا دەکاتـەوە:

- زانینـی ئامانجەکـە لـە تەمەنـی سـەرەتا (چونکـە بەبـێ هەبوونـی ئامانـج تـۆ لـە دەوری بازنەیەکـی بەتاڵـدا دەسـووڕێیتەوە، یـان بـە ئاڕاسـتەیەکی هەڵـەدادەڕۆیـت).
- هەبوونـی دیـدگا و متمانەیەکی پتـەو بـە خـودی خـۆت، چونکـە گەیشـتن بـە هـەر ئامانجێـك بەبـێ دیـدگا و متمانەبـوون بـە خـۆت بـەدی نایـەت.
- جیاوازبـوون لـە سـەرکردایەتی و دەستپێشـخەری (سـەرکەوتووەکان هەمیشـە سەرمەشـقی پڕۆژەکانیـان دەکـەن، بەردەوامیش بۆ شتی نوێ خۆیان دەستپێشـخەر دەبـن).
- هەبوونـی توانـای بیرکردنـەوە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، هەروەهـا بینینـی ئـەو دەرفەتانـەی کە زۆربەی کەسـەکان نایانبینـن.
- کارکـردن و ڕەفتارکـردن بـە خێرایـی و جۆرێـك لـە تونـدی (چونکـە دواخسـتن و دواکەوتـن لـە هـەر هەنگاوێك، بە واتـای ئـەوە دێ کـە تـۆ ئـەو دەرفەتـەت بـە ڕکابەرەکـەت داوە).
- هەبوونـی توانـا لـە گواستنەوەی جۆشـوخرۆش و بـاوەڕ بـۆ ئـەو کەسـانەی لـە دەورت کار دەکـەن.
- هەبوونـی توانـا بـۆ پاشـەکەوتکردن و ئامـادەکاری

دارایـی، بـۆ قۆسـتنەوەی هـەر دەرفەتێکـی نـوێ کـە ڕەنگـە لـە داهاتـوودا ڕووبـدات.

- ئـەو کاتـەی کاری خۆبەخشیش ئەنجام دەدەن، سـەیری ئـەو دەرفەتانـە دەکـەن کـە لـە دواوەی سـامان خۆیـان حەشـاردراوە.
- هەمیشـە پشـکی خۆیـان بـە تـەواوی بـۆ خۆیـان دەبـەن، بەرهەمهێنـە بچـووك و پشـکە بچووکەکانیـش بـەلای خۆیانـدا ڕادەکێشـن.
- خاوەنـی بیرکردنـەوەی کردەییـن، بـە ئـاگا و هۆشـیارن لـە هـەر زانیاریـی و گۆڕانکارییەکـی نـوێ کـە سـوود بـە کارەکەیـان دەگەیەنـێ.
- هـەر کات بیرۆکـە یـان دەرفەتێکـی نـوێ بێتـە خەیاڵیـان فەرامۆشـی ناکـەن و گرنگـی پـێ دەدەن، پێداگـر و سـووریش دەبـن لەسـەر جێبەجێکردنـی، تا ئـەو کاتـەی لـە بەرهەمەکـەی دەچنـن.
- لێبوردەیـی دروسـت دەکـەن، هەمیشـە ئارامکـەرەوەی باشـیان لایـە بـۆ دۆخـە ناهەمـوارەکان.
- زۆر بـە دەگمـەن دوو جـار هەڵـە دەکـەن، زۆربـەی جاریـش هەوڵـی دووەمیـان زۆر باشـتر و خێراتـرە.
- دەزانـن چـۆن دەسـتەیەك لـە دەوری خۆیـان دروسـت دەکـەن کـە هەڵگـری هەمـان دیـد و ئامانـج و جۆشوخرۆشـی خۆیـان بـێ.
- ئـەوان لـە سـەرووی هەمـوو جیاوازییەکانـن (ئاینـی، ئایدۆلـۆژی، سیاسـی..) هـەر شـتێك ببێتـە لەمپـەر و ڕێگـر

لەبـەردەم پڕۆژەکانیـان ڕەتـی دەکەنـەوە..

- خاوەنــی ڕێــکاری خودیــن و توانــای بەڕێوەبردنــی کارگێڕییـان بـەرزە، کار بـە هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی پێشـوو دەکـەن.

دەتوانــی ئــەو تایبەتمەندیانــە ببــڕی و لــە ســەرەوەی کتێبخانەکـەت هەڵیـان بواسـی، گرنگیـش ئەوەیـە کـە لـە ژێرەوەیـان بـە دەسـتوخەتی خۆت بنووسـی: (بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیـە لـە نێـوان مەعریفـە و جێبەجێکردنـی مەعریفـەدا).

سـەرەڕای گرنگیـی ئـەو ڕێنماییانـە، بـەڵام بـە تەنهـا زانیـن و هەڵواسینیان هیـچ شـتێکی لێ سـەوز نابێ و هیچ سـەرکەوتنێکی لـێ بـەدی نایـەت.. مەعریفـە پێویسـتی بـە جێبەجێکردنـە، سـامانیش پێویستی بە هەوڵی بەردەوامە، شارەزاییش پێویستی بە ئەزموونـی سـەرکەوتن و شکسـت هەیـە.. بە میلۆنـان کـەس کتێبەکـەی "ناپلیـۆن هێل"یـان خوێندووەتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشــدا دەوڵەمەنــد نەبــوون.. تەنانــەت نووســەری کتێبەکــە تـا مردیـش دەوڵەمەنـد نەبـوو، ئەمـە لـە کاتێکـدا خـۆی لـە هەمـوو دەوڵەمەندەکانـی دونیـا باشـتر شـارەزای لـە هۆکارەکانـی دەوڵەمەندبـوون هەبـوو، لـە کۆتاییـدا بـە پیشـەی مامۆسـتاییەکی زانکـۆی خانەنشـینکراو مـرد.

لـە بابەتـی داهاتـوودا پێـت دەڵێـم کـە بۆچـی "بـە تەنهـا خوێندنـەوە بـەس نییـە".

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- بە تەنها زانینی یاساکانی سەرکەوتن ناتوانن سەرکەوتنت بۆ دەستەبەر بکەن، سەرەوەتیش تەنها ژمارەیەکە پێوەری توانای تۆ بۆ جێبەجێکردن دەکات.
- دەوڵەمەندبوون هەرگیز بە کاری فەرمانبەری بەدی نایەت، کارکردنیش بۆ بەرژەوەندیی کەسێکی تر، واتە کارکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی غەیری خۆت.
- ژیان تێکڕا بریتییە لە چەند یاسایەکی تۆکمە، پێش مردنت بە ئەندازەیەك پێت دەبەخشن کە یەکسان بێ بە تەواوی ئەو هەوڵانەی لە ژیانتدا داوتن.

***

## به تەنها خوێندنەوە بەس نییە

ئایا دەزانی بۆچی "هێل" دەوڵەمەند نەبوو؟!

لەبەر هەمان هۆکاری ئەو ملیۆنان کەسەی کە کتێبەکەی ئەویان کڕی و دەوڵەمەند نەبوون..

چونکە جیاوازی لە نێوان (تیۆر) و (جێبەجێکردن)دا هەیە.

لە نێوان مەعریفە و هەبوونی ئیرادە بۆ مومارەسەکردنی و هێنانە ئەرزی واقیع..

هەموو کاتێك پێویستیت بەوە هەیە کە دەقەکان بکەیتە کردار، کارەکان بکەیتە خوونەریت، نەریتەکانیش بکەیتە دەستکەوتی هەستپێکراو (ئەمەش کاری تۆیە، نەوەك کار و ئەرکی نووسەر)...

من وەك خۆم یەك بەشی تەواو لە کتێبخانەکەم تایبەتن بە (کتێبەکانی دەوڵەمەندبوون)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەمتوانیوە بچمە (لیستی فۆربس) کە تایبەتە بە لیستی دەوڵەمەندەکانی جیهان، هەر لە نزیك ڕەفی ئەو بەشە، ڕەفێکی ترم تایبەت کردووە بە زمانە بیانییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش نەمتوانیوە فێری دە زمان بم و قسە بە دە زمان بکەم (وەك بڵاوە دەڵێن کابرا دە زمان دەزانێ).. لە سەردەمی هەرزەکاریش ڕەفەیەکم تایبەت کردبوو بە هونەرەکانی جەنگ، وەك: (کاراتی، جۆدۆ، تایکواندۆ..) بەڵام ئێستاشی

لەگەڵبێ نەبوومە کەسێکی شەڕانگێز و ڕێ لە ڕێبواران بگرم..

دوای ئەو هەموو کتێب و زانیارییە، نەبووم بە دەوڵەمەند یان کەسێکی زمانزان یاخود یاریزانی کۆنفۆ وەك برۆسلی.. چونکە بە تەنها زانین و مەعریفە بە واتای هەبوونی توانا بۆ جێبەجێکردن و مومارەسەکردن نایەت..

دوای خوێندنەوەی چەندین کتێب لەبارەی هونەرەکانی جەنگەوە، ئێستاشی لەگەڵبێ جەستەیەکی خاوم هەیە، ئەو زانیارییانەی کە لەو بوارەش هەمن نە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بەهێزم دەکات و نە لێدانەکانم خێراتر دەکەن.. ئەوەی بۆم ماوەتەوە تەنها ئەوەیە کە چۆن بتوانم بە شێوەیەکی جێگیر بوەستم (ئەو خاڵە زۆر سوودی پێگەیاندم، هەمیشە ڕێگە لە کەوتنم دەگرێ، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە کۆستەری نەفەرهەڵگر لە ناکاو جووڵە دەکات و دەڕوات!).

کەواتە، لە چ شتێکی ئەو ئەزموونە سوودمەند دەبین کە بەسەر زۆربەماندا تێپەڕیووە؟

زۆرێك لە خەڵکی ئامانجەکانیان لە ڕێگەی ئەو مەعریفەیەوە بەدی ناهێنن کە هەیانە، چونکە بە شێوەیەکی کردەیی لە ژیانی خۆیاندا جێبەجێی ناکەن و کاری پێ ناکەن، جگە لە ماوەیەکی کەم کار بە ڕێنماییەکانی ئەو بوارە ناکەن، هەر دوای ئەو ماوەیە زۆر بە خێرایی دەگەڕێنەوە سەر دۆخی پێشوویان، هەروەك دۆخی تۆ لەگەڵ یانەی وەرزشی و ڕۆیشتن بە ئامێری کارەبایی).

بە هەموو ئەوانەش، بۆمان دەردەکەوێ کە بە تەنها خوێندنەوە بەس نییە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ خوێندنەوەدا

پێویستمان بە پلانێکی تۆکمە هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەیخوێنینەوە.. دڵنیابە خۆت هەڵدەخەڵەتێنی ئەگەر باوەڕت وابێ کە خوێندنەوەی کتێبەکانی دەوڵەمەندبوون، دەوڵەمەندت دەکەن.. بە تەنها خوێندنەوەی کتێبەکانی ڕیجیمیش هەرگیز ناتکەنە خاوەنی لەشولارێکی ڕێك و ڕەشیق، خوێندنەوەی کتێبەکانی فێربوونی ئینگلیزیش هەرگیز وات لێ ناکەن بە باشی بە ئینگلیزی قسە بکەیت، خوێندنەوەی کتێبەکانی گەشەپێدانی مرۆییش (وەك ئەم کتێبە) دەتکەن بە مرۆڤێکی باش، بەڵام بە مەرجێ بەرنامەی کارت هەبێ و ئیرادەی جێبەجێکردنت هەبێ، هەروەها مومارەسەیەکی بەردەوامیشت هەبێ، تا ئەوەی دەیخوێنیتەوە دەبێتە تایبەتمەندی و نەریتێکی کەسیی خۆت..

گومان لەوەدا نییە کە خوێندنەوە سەرچاوەی یەکەمی مەعریفەیە (لە کۆتایی ئەم کتێبەش ئەو بابەتە پرسی سەرەکیمان دەبێ)، بەڵام لە بەرامبەردا ڕوحی دەستپێشخەری و خێرایی لە جێبەجێکردن زۆر گرنگترە لە تەواوکردنی زانیارییە تیۆرییەکانت.. ئەو زانیارییانەی دەیانخوێنیتەوە یانیش لە زانکۆ دەیانخوێنی تەنها دەروازەیەکن بۆ ناسین و چوونە نێو بوارەکان، مەعریفەی ڕاستەقینەش بریتییە لەوەی کە دواتر لە میانی ئەزموون و جێبەجێکردن بەدەستی دەهێنی...

زۆر پرسیارم بۆ دێت و دەپرسن:

چۆن دەتوانم ببم بە نووسەر و فێری نووسین بم؟

بە تەنها پرسیاری لەو جۆرە (بەم داڕشتن و شێوازە) ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنەکەی هەرگیز فێری نووسین نابێ!

چونکە لەمیانی پرسیارەکەی ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە ئەو تا ئێستاشی لەگەڵبێ قەڵەمی بە دەستەوە نەگرتووە، ئێستاشی لەگەڵبێ وا بیر دەکاتەوە کە نووسەرە پیشەگەرەکان بە تێکەڵەیەکی جادوویی گەیشتوونەتە ئەم دۆخەی ئێستایان.. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو پیشەگەرەکان (لە هەموو بوارەکان) لە سفرەوە دەستیان پێ کردووە، بێ ئەزموون و بێ مەعریفەیەکی ناوازە.. ئەزموون و شارەزایی ئەو کاتە بەدی دێت کە بچیتە ناو بوارێکەوە و تیایدا بەردەوام بیت.. چونکە ئەم شێوازە تاکە ڕێگەیە تا لە ڕێیەوە هەڵەکانی خۆت بزانیت و پەرە بە تواناکانت بدەیت..

من وەك خۆم، وەڵامی ئەو پرسیارە نادەمەوە، چونکە تا ئێستاش نەمزانیوە گیراوەیەکی جادوویی هەبێ لەناکاو بتکاتە نووسەر، ئێستاشی لەگەڵبێ دوای سی ساڵ، لە نێو ئەزموونی کەسی خۆم ڕۆدەچم و لە هەڵەکانم فێر دەبم..

بەڵام لە بەرامبەردا، کەسانێك هەن لەگەڵ پرسیارەکەیان چەند وتارێك هاوپێچ دەکەن کە خۆیان نووسیویانە، داوای بۆچوون دەکەن لەسەر بابەتەکە.. کەسی لەو جۆرە جیاوازە لە نموونەی پێشوو، چونکە ئەو جۆرە کەسە دەستی بە ئەزموونە کەسییەکەی خۆی کردووە، بۆیە منیش لە وەڵامدا پێی دەڵێم کە لە ڕاستیدا بۆچوونی من بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی تۆ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت بەردەوامبی و لە هەڵەکانت فێربی، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیە کە خودی خۆی بدۆزێتەوە و گەشە بە تواناکانی بدات و شێوازێکی جیاواز بۆ خۆی دابهێنێ..

لەسەر ئەو بنەمایە، ئەو دەمەی ئارەزووی دۆزینەوەی هەر توانایەك، یان هەر پڕۆژەیەك، یان هەر كارێك دەكەیت، ڕاستەوخۆ مومارەسەی ئەو ئارەزووەت بكە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك بكەیت.. وەك "عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف"بە (خوا لێی ڕازی بێ)، كە وەك كۆچبەرێك ڕووی كردە مەدینە، بەبێ هیچ پارە و سەروەتێك، كاتێكیش پشتیوانان پارەیان بۆ خستەڕوو، ئەو ڕەتی كردەوە و گوتی: (ڕێگەی بازاڕم نیشان بدەن).. دڵنیابە خۆت هەڵدەخەڵەتێنی ئەو دەمەی دەڵێی: هەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێ دەست پێ دەكەم، یان ئەو دەمەی هەموو شتێك دەزانم.. چونكە بەو ڕێگەیە تۆ هەرگیز فێربوونەكەت تەواو نابێ، هەرگیزیش هەموو شتێ نازانی، بەردەوامیش لەو دواخستنە بەردەوام دەبی، تا ئەو كاتەی كەسێكی تر هەمان ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و لە بەرژەوەندیی خۆی بەكاری دەهێنێ..

هەمیشە باوەڕی تەواوت بەوە هەبێ كە هیچ مەعریفەیەك بە ڕێژەی (100%) بوونی نییە، گرنگتریش لە تەواوكردنی وردەكارییەكان بریتییە لە خێرایی لە دەستپێشخەری و دەستكردن بە جێبەجێكردن.. هەرگیز نابێ كارەكانت دوابخەیت، ئێستا پێنووسەكەت بگرە دەست و بنووسە، تواناكانت بەگەڕ بخە و خەونەكانت بكە بە واقیع.. زۆرگرنگە لە تەمەنێكی سەرەتا دەست بەو كارە بكەیت كە ئارەزووی دەكەیت (هەروەك زۆربەی دەوڵەمەندەكانی لیستی فۆربس لەو تەمەنە دەستیان پێ كردووە)..

ئەمەش ئەو ئامۆژگارییەیە كە من لە بەرگی یەكەمی

ئەم کتێبەشدا تیایدا ڕاستگۆ بووم و پێم ڕاگەیاندی.. لە دوای هەموو ئەو ئامۆژگاری و نموونە و تیۆرانەش پێتی دەڵێمەوە:

(وشەکان بە وشەیی دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی تۆ بڕیاری جێبەجێکردنیان دەدەیت).

دەبینی من جارێکی تر هەمان شتم پێت ڕاگەیاندەوە!

***

## پوختەی تیۆرەکە

- خوێندنـەوەی کتێبەکانـی دەوڵەمەندبوون دەوڵەمەندت ناکـەن، بـە تەنهـا خوێندنـەوەی کتێبەکانـی ڕێجیمیش هەرگیـز ناتکـەن بـە خـاوەن لەشـولارێکی ڕێـك، چونکـە جیاوازییەکـی زۆر لـە نێوان ئـەوەی دەیزانـی لەگـەڵ ئـەوەی جێبەجێی دەکەیـت هەیـە.
- دەستپێشـخەری و خێرایـی لـە جێبەجێکـردن، زۆر گرنگتـرن لـە زانینـی هەمـوو وردەکارییـەك.. ئـەوەی تـۆ پێویسـتە سـەرەتا گرتنـی نێچیرەکەیـە، پاشـان چۆنییەتـی خواردنـی..
- تەنانـەت دەقـە پیرۆزەکانیـش (بـە تیـۆری دەمێننـەوە) و هیـچ شـتێ لـەو کەسـە ناگـۆڕن، کـە تەنهـا لەبەریـان دەکات..

***

## پێویستیت بە نەریتێکی ڕۆژانە هەیە

پێویستیت بە هاندەرێك هەیە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەیت، هەروەها پێویستیت بە خوونەریتێکی ڕۆژانەیە، بۆ ئەوەی لە کار بەردەوام بیت..

کەسە سەرکەوتووەکان -وەك پێشتر باسمان کرد- چەندین نەریتی سەرکەوتوویان هەیە، کە بۆتە هۆکاری سەرکەوتنیان لە هەر بوارێکدا، ئەوان هەست بەوە ناکەن کە شتێکی جیاواز و موعجیزە ئاسا ئەنجام دەدەن، چونکە ئەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن هیچ ماندووییان ناکات، بەڵکو بووەتە شتێکی ئاسایی لە ژیانیاندا..

ئەو کاتەی چەند نەریتێکی سەرکەوتوو بۆ خۆت دروست دەکەیت، ئەوا سەرنجی هەموان دەخەیتە سەر خۆت و هەموان سەرسام دەکەیت.. باوکی خێزانەکەم تەمەنی سەرووی حەفتا ساڵە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵبێ جەستە و توانای ڕۆیشتنی بە جۆرێکە کە ڕەنگە کەم گەنجی ئەو سەردەمە بەو جۆرە بن.. ڕۆژێکیان بە گاڵتەوە لێم پرسی: ئایا تۆ هیچ وەرزشێك یان ڕێجیمێك دەکەیت؟ بە سەرسامییەوە لێی ڕوانیم و گوتی: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرینکراو، ئەوەی من پەنجا ساڵە ئەنجامی دەدەم، تەنها ڕۆیشتنە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لە دوای نوێژی بەیانی..

من ئێستاشی لەگەڵبێ لام سەیرە کە خەڵك بە ژمارەی وتار و بابەتەکانی من سەرسامن، بە تایبەتیش ئەو بابەتانەی لە گۆشەی (دەربارەی جیهان) نووسیوومن.. ڕاستە گەیشتووەتە (9000) وتار و ڕاپۆرت (کە دەکاتە نزیکەی 140 کتێب بە قەبارەی ئەم کتێبە)، بەڵام لە ڕاستیدا من وایدەبینم کە شتێکی زیاترم لە فەرمانبەرێکی حکوومی ئەنجام نەداوە، ئەو لە بەیانییەوە کۆمپیوتەرەکەی دەکاتەوە، دوای نیوەڕۆش دایدەخات.. ڕاستە من گۆشەیەکی تایبەتم هەیە بەو ناونیشانە، بەڵام ئەو گۆشەیە هەموو ڕۆژێ نییە، بەڵام من ئەوەم کردووە بە نەریتێکی ڕۆژانە، کە بە درێژایی (28) ساڵ بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجامم داوە، تا پێش وازهێنانم لە ساڵی (2019) بە مەبەستی خۆتەرخانکردن بۆ نووسین.

سەرژمێرییەکی زۆر جوان هەیە، ئاماژە بەوە دەدات کە (10%) ئەو کەسانەی پایسکلی جێگیر بە مەبەستی وەرزش دەکڕن، تەنها بۆ ماوەی دوو هەفتە بەکاری دەهێنن، (90%) پێش ئەو ماوەیە وازی لێ دەهێنن.. من وەك ڕۆڵی خۆم، خۆم بە سەرکەوتوو دەبینم کە بۆ ماوەی (28) ساڵ لەسەر ئەو نەریتەی خۆم بەردەوام بووم، بەڵام لە بەکارهێنانی هەموو ئامێرێکی وەرزشی شکستم هێناوە، نەمتوانیوە هیچ کامیان بۆ ماوەی (28) ڕۆژی بەردەوام لەسەر یەکتر بەکاربهێنم.. منیش وەك زۆر کەسی تر بۆ بەردەوامی خۆم ئامادە دەکەم، بەڵام هەر زوو تەمبەڵی بەسەرمدا زاڵ دەبێ و دواخستن دەخەمە نێو کارەکە، تا دەگاتە وازهێنان و لەبیر خۆ بردنەوە!!

پرسیارەکە ئەوەیە (بۆچی؟!)

بۆچی خەڵکی لەسەر جێبەجێکردنی شتە بەسوودەکان بەردەوام نابن؟!

بۆچی ناتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ خۆمان بە بەرنامەیەکی گرنگ پابەند بکەین؟!

وەڵام؛ چونکە نەبوونە بە نەریتێکی ڕۆژانە، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بەبێ بەرنامە و بیرکردنەوە ئەنجامیان دەدەین.. کێشەکە ئەوەیە کە تۆ ئەو کاتەی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەر بەرنامەیەك دیاری دەکەیت، هێندەی پێ ناچێ دەگەڕێیتەوە سەر دۆخی ڕابردووت و پابەند نابیت بە بەرنامەکەت..

ئەو کاتەی جۆشوخرۆش بۆ دابەزاندنی کێش، یان فێربوونی زمانێکی بیانی، یان هەر ڕاهێنانێك.. دەمانگرێ، ئەوا زۆر بەپەرۆشەوە خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، بەڵام هەرکە کەمێك دادەنیشین بیر لە دواخستنی دەکەینەوە بۆ کاتێکی تر، دواتریش لە بیری خۆمانی دەبەینەوە و ئەنجامی نادەین..

بە تەنها ئەمە نا، بەڵکو هەر جارێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان و ڕێجیمکردن (ئەمە تەنها وەك نموونە) ئەوا ئاستی سووربوون و پێداگیریت بۆ ئەنجامدانیان لە جاری پێشوو کەمتر دەبێ، چونکە ئەو جۆشوخرۆشە لە جاری یەکەم بۆمان دروست دەبێ، هەرگیز لە جارانی داهاتوو دروست نابێ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە تۆ لە جاری یەکەمدا شکستت هێناوە..

ئەم تەمبەڵی و دواخستنە سروشتێکی مرۆڤە، لەگەڵ هەر

بڕیارێکدا دروست دەبێ کە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی ناخمان دژیەك و جیازابێ، بۆ پاڵپشتی لەم وتەیەش لە فەرمایشتی پێغەمبەری خودا (ص) جوانتر نابینم، کە فەرموویەتی: ((لِكُلِّ عَمَلٍ شِرَّةٌ وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةٌ..)).

واتە: ((بۆ هەموو کارێك سەرەتا جۆشوخرۆش و سووربوونێك هەیە، بۆ هەموو سووربوونێك ماوەیەك..)).

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، باوەڕم وایە کە باشترین ڕێگە بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەر کارێك بریتییە لە دەرچوون لە بازنەی سووربوون و جۆشوخرۆش و تەمبەڵی و ماوەیی.. هەروەها وازهێنان لە ئیرادەی زۆر بەهێز! چونکە هەموو شتێکی توند کاردانەوەی توندی هەیە (ئەمەش بە گوێرەی یاسای نیوتن لەسەر تاك و کۆمەڵگەکانیش جێبەجێ دەبێ).. هەروەها واز لە جۆشوخرۆش بهێنین! چونکە ئەویش پاڵنەرێکی کاتییە..

بە دیدی من چارەسەری جێگرەوە بریتییە لەوە کە تۆ بەرنامە نوێیە کەسییەکانی خۆت بگۆڕی بۆ خوونەریتی سەرکەوتووی ڕۆژانە، چونکە ئەو دەمەی بەرنامەکانت دەبنە نەریتی ڕۆژانە، ئەوا بە درێژایی ژیانت ئەنجامیان دەدەیت، بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون و کاتگرتن بکەی.. ئەگەر بەم جۆرەبێ، ئەوا هەرگیز ناچار نیت خەم بۆ دەستپێکردن بخۆیت، هەروەها پێویست ناکا خۆت ئامادە بکەیت، تەنانەت هەست بە هەبوونیان ناکەیت، بەڵکو دەبنە بەشێکی بچووکی ژیانت و دەبنە شتگەلێکی ڕۆتینی، وەك شوشتنی ددان، سەردانیکردنی دایك و باوکت، خواردنەوەی قاوەیەك،

سەیرکردنی موبایلت لە کاتی لە خەو هەستان..

من وەك خۆم، هێز و ئەنجامی ئەو خوونەریتە ڕۆژانەم لە کەسێکی ئاسنگەر بۆ بە دیار کەوت، ماوەیەك سەرنجم دابوو، بینیم قۆڵی ڕاستی زۆر بەهێز و گەورەیە، چونکە چەند ساڵێك بوو بە کوتکەکەی دەستی ئاسنی کوتاوەتەوە، ئەو کوتکەی ئەو زۆر بە ئاسانی بە دەستی ڕاستی بەرزی دەکردەوە، بۆ من ئەستەم بوو بە هەردوو دەستم بەرزی بکەمەوە، هاوشێوەی ئەو قۆڵەم لەو شوێنانەش نەبینیووە کە یاری ئاسنی تێدا دەکرێ.. ئاشکرایە کە مەبەستی ئاسنگەرەکە لەو کارە بژێوی ژیانە، نەوەك وەرزش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەریتە ڕۆژانەی هێزێکی زۆری بە دەستەکەی بەخشیبوو..

ئەوەی بۆ ئاسنگەرەکە دروست بووبوو، بۆ گارسۆن و ئەو کەسەی کاری پۆستەگەیاندنیش دەکات هەمان شتە، هەروەها ئەوانەی بەردەوام تەوافی حەرەم دەکەن، کە ڕۆژانە نزیکەی بیست کیلۆمەتر دەبڕن، خۆ ئەگەر بە دیدی وەرزش سەیری ئەو کارەیان بکەن، ئەوا دڵنیام ناتوانن ڕۆژانە چارەگی ئەو ماوەیە ببڕن.. تەنانەت ئەگەر بشتوانن، بەڵام دڵنیام لەوەی کە لە هەفتەیەك یان دوو هەفتە زیاتر بەردەوام نابن.

بێگومان دەتوانی پاڵنەری مانەوە و هێزی سووربوون و بەرگەگرتن و ئیرادەی بەهێز بەکاربهێنی، بەڵام زۆری پێ ناچێ کە بۆت ئاشکرا دەبێ (ڕەنگە بۆشت ئاشکرا بووبێ) هەموو ئەوانە تەنها پاڵنەری کاتیین و وات لێ دەکەن تا کۆتایی ژیانت لەنێوان توندگرتن و تەمبەڵی و وازهێنان دابیت..

بەڵێ ڕاستە، هەموو شتێك پێویستی بە ئیرادە و سووربوون هەیە، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەو ئیرادە و سووربوونەت بۆ دروستکردنی نەریتێکی ڕۆژانە بخەیتەگەڕ، تا بۆ هەتا هەتا لەگەڵت بێ..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- پێویستیت بە ئیرادەیە تا کارەکەت دەست پێ بکەیت، بەڵام پێویستیت بە نەریتێکی ڕۆژانە هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە سەرکەوتن.
- دەتوانی نەریتێکی سەرکەوتوو دروست بکەیت، ئەویش بە تەرخانکردنی تەنها یەك کاتژمێر بۆ ماوەی چل ڕۆژی بەردەوام.
- کەسە سەرکەوتووەکان هەست ناکەن شتێکی جیاواز ئەنجام دەدەن، چونکە سەرکەوتنەکانیان بووە بە نەریتێکی ڕۆتینیی بچووك، ڕۆژانە زۆر بە ئاسانی ئەنجامی دەدەن.

## هەروەها پێویستیت بە ڕکابەر هەیە

ئەو کاتەی سەیری ژیانی کەسە گەورە و سەرکەوتووەکان دەکەیت، دەبینی بەردەوام لایەنێکی تر لە بەرامبەریان هەیە و ڕکابەرییان لەگەڵدا دەکەن و هەمیشە دەیانەوێ بەسەریاندا سەرکەون، لە بەرامبەر "جەریر"ی شاعیر "فەرەزدەق" هەبوو، لە بەرامبەر "بیل گیتس"دا "ستیف جۆبز" هەیە، لە بەرامبەر "میسی"ی یاریزان "کریستیانۆ" هەیە، لە بەرامبەر "سنباتی"دا "موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب" هەیە.. ئەگەر هیچ کەس نەبوو ڕکابەریت بکات، ئەوە واتای ئەوەیە کە هیچ کەس نییە حەسوودیت پێ ببات، هەروەها نەگەیشتووی بەو ئاستەی کە کەسێك بێت و ڕکابەریت بکات..

پێشتر لە کەناڵی (التاریخ) سەیری بەرنامەیەکم دەکرد بە ناوی "گەورەکانی ئەمەریکا" کە لە هەر بەرنامەیەکدا باسی لە دوو کەسایەتی ڕکابەر لە یەك بواردا دەکرد، بۆ نموونە پێشبڕکێی نێوان "ئەندرۆ کارنیگی" لەگەڵ "هێنری کلای" لە دروستکردنی ئاسان، هەروەها پێشبڕکێی نێوان "ئەدیسۆن" لەگەڵ "تیسلا" لە دابەشکردنی کارەبا، "ڕۆکفلەر" لەگەڵ "سکوت" لە پیشەسازی نەوتدا، "جۆزیف بۆلیتزەر" لەگەڵ "ولیام هێرنست" لە قۆرخکاریی ڕۆژنامەگەری.. لە هەموو بەرنامەیەکیشدا لە کۆتاییەکەی ئەوەی ئاشکرا دەکرد، کە

بە هۆکاری ئەو پێشبڕکێ و ڕکابەرییە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەر دوو لایەن زیاتر بەرەو پێش دەچن و داهاتی ئابوورییان زەبەلاحتر دەبێ، بەمەش بە هۆکاری ئەو کەسایەتییانە دەسەڵاتی ئەمەریکا بەسەر هەموو جیهاندا بەردەوام دەبێ..

بەڵام لە ئەڵمانیا هەر دوو برا (ئادی و ڕۆدێلف داسلەر) بڕیاریان دا کە کۆمپانیایەکی دروستکردنی پێڵاوی وەرزشی دابمەزرێنن، بەڵام لەسەر چەند بۆچوونێکی جیاواز لە ساڵی (1979) لە یەکتر جیابوونەوە، ئەوەی یەکەمیان کۆمپانیاکەی خۆی بە ناوی (ئادیداس) کرد، ئەوەی دووەمیش ناوینا (بۆما)، ئەوسا زۆر کەس وا بیری دەکردەوە کە هەردووکیان دووچاری مایەپووچی دەبن، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕکابەریی نێوانیان وای کرد ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆمپانیاکەیان لە گەشەی بەردەوام دابێ، هەر یەکەیان هەوڵی دەدا کە لەوەی تر باشتر دروست بکات، بەرهەمی نوێتر پێشکەش بکات.. ئەو دوو برایە کارێکی وایان کرد کە ناویان بکەوێتە سەر ڕووپەڕی زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی ئەوسا، تا ئێستاشی لەگەڵبێ ئەو دوو مارکەی پێڵاوە یەکێکن لە باشترین مارکەکانی جیهان.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەو ڕکابەرییە دوانییە تەنانەت لە بواری تەکنەلۆژیا و پیشەسازیشدا زۆر بەرچاو و ئاشکرایە، بۆ نموونە لە بەرامبەر فڕۆکەی "بۆینگ" فڕۆکەی "ئێرباس" هەیە، هەروەها لە بەرامبەر کۆمپانیای "ئەپڵ" کۆمپانیای "مایکرۆسۆفت" هەیە.. تەنانەت لە جیهانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیاشدا بە هەمان شێوە، لە بەرامبەر ئەمەریکا، ڕووسیا هەیە، لە بەرامبەر سەرمایەداریدا، هاوبەشی هەیە.. لە سەر

ئاستی ململانێ و ڕووداوە مێژووییەکان، لە بەرامبەر فارسدا ڕۆم هەبووە، لە بەرامبەر بەنی ئومەییە بەنوو عەبباس هەبووە، بە هەمان شێوە لە جیهانی وەرزشیشدا، لە تۆپی پێ، لە بەرامبەر بەڕازیل ئەرجەنتین هەیە، لە بەرامبەر براوەی ئەو دوانەدا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەیە..

هەموو ئەو ڕکابەرە دوانیانەش لەخۆوە و بە ڕێککەوت نین! نەخێر، بەڵکو هەمیشە ژینگەی کار و پاڵنەری هاوشێوە هۆکاربوونە بۆ دورستبوونیان، سەرەتاش بە تەنها هەبوونی یەکێکیان هۆکاربووە بۆ دروستبوونی ئەوەی تر..

ئەوەی لە ئێستادا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئەم ڕکابەری و پێشبڕکێ دوانیانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و دەستکەوتی تاکەکەسیمان بەکاربهێنین.. تۆش پێویستت بە ڕکابەرێك هەیە تا چەندین پاڵنەر لە ناختدا دروست بکات، هەروەها تا بەردەوامیت پێ ببەخشێ لەسەر کار و بازرگانی و خویندن و گەشەسەندنی تاکەکەسیت.. پێویستیت بە ڕکابەرێکە تا لە داهاتوو و سەرکەوتن و سەرچاوەی بژێویت بترسی! پێویستیت بە ڕکابەرە تا هیچ کات لەخۆبایی نەبیت و وانەزانیت کە تۆ سوارچاکە ناوازەکەی مەیدانی زەمانی خۆتی..

ئەو کاتەی هیچ ڕکابەرێك شك نابەیت، ئەوا لە بەرلووتت زیاتر سەیری هیچ شوێنێکی تر ناکەیت، هەر ئەنجامێکت هەبێ لێی ڕازی دەبی، تەنانەت دڵت بە سەرکەوتنە کۆنەکانیشت خۆش دەبێ و پشتیان پێ دەبەستی..
بەبێ ڕکابەری، ڕوحی نوێکاری و داهێنان لە ناختدا دەمرێ،

بە پێگەی ئێستات زۆر دڵخۆش دەبی..
هەمیشە بۆ خۆت ڕکابەرێکی بەرزتر دەستنیشان بکە (بەڵام زۆر بەرزیش نا).. بە درێژایی بیست و هەشت ساڵ، من سەیری دواوەی خۆمم نەدەکرد، نەبادا نووسەرێکی عەرەب بەسەرمدا سەربکەوێ (بە تایبەت لەو مووچەی لە ڕۆژنامەی ڕیاز وەریدەگرم)، ئەو کاتەی وازیشم لە ڕۆژنامە هێنا و بڕیاری نووسینی کتێبم دا، بە دوای سەرکەوتووترین نووسەری سعودیەدا گەڕام (کە کەسێکی زۆر جوانە و بەردەوام کتیبەکانی دەکڕم و دەیانخوێنمەوە)، بەڵام بە هەموو سادەیی خۆمەوە لە ناخی خۆمدا بڕیارم دا کە بەسەریدا سەرکەوم و پێشی بکەوم..
تۆش لە ئاست خۆتەوە، ڕکابەرێکی سەرکەوتوو بۆ خۆت هەڵبژێرە، بە جۆرێك ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستت، لە خوێندن و کار و بازاڕدا.. لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە ڕکابەرەکەت لە ئاستی خۆتەوە نزیك بێ، واتە لە هێز و سەرکەوتن زۆر لە تۆ لە پێشتر نەبێ، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەگەر بە چەند هەنگاوێك بەسەریشیدا سەربکەوی، ئەوا نائومێدی دەیگرێ و دەگەڕێتە دواوە (لە ترسی ئەوەی تۆ پێی بگەیت)، بەڵام ئەگەر پێچەوانەبوو، ئاستی لە تۆ نزمتر بوو، ئەوا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستت، تەنانەت ئەگەر چەندین سەرکەوتنیش بەسەریدا تۆمار بکەیت، ئەوا شانازییان پێوە ناکەیت و دڵت پێیان خۆشنابێ..
لە نەوەدەکان کۆمپانیای سامسۆنگ هەوڵ دەدات بگاتە ئاستی کۆمپانیای نۆکیا، کە ئەوسا بازاڕی مۆبایلە زیرەکەکانی

نۆکیا جیهانی داگیر کردبوو، بەڵام نۆکیا نەیتوانی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان لەو بوارە بڕوات، بۆیە دواکەوت، لە بەرامبەریشدا سامسۆنگ واز لە ڕکابەری نۆکیا دەهێنێ، ئەمجارەیان ڕکابەریتی لەگەڵ کۆمپانیای ئەپڵدا دەکات (کە ئایفۆنی داهێنا)، لە ئێستادا توانیویەتی بەسەریدا سەربکەوێ و لە ڕووی فرۆشی بەرهەمەکانییەوە پێشی بکەوێ..

- ئەوەی ماوەتەوە گرنگترین پرسیاری بابەتەکەیە:

چی دەبێ ئەگەر تۆ بە کردەیی سەرکەوتوو بیت، بەڵام لە دەوروبەرت هیچ ڕکابەرێك نەبێ؟!

لەو حاڵەتەدا خۆت یارمەتی دەوروبەرت بدە تا ڕکابەریت بکەن، چونکە گەڕانەوەت بۆ پلەی دووەم، زۆر باشترە لەوەی لە مەرکەزی کۆتا بمریت..

بەڵام چی دەبێ ئەگەر بە تەنها خۆت لە گۆڕەپان بوویت و هیچ ڕکابەرێکت نەبوو؟!

لەم حاڵەتەدا خۆت ڕکابەری خۆت بکە، بە جۆرێك پێوەری بەرز بۆ خۆت دابنێی و هەوڵی شکاندنیان بدەیت، هەوڵ بدەیت ڕۆژ دوای ڕوژ هەنگاوی زیاتر ببڕیت..

وەك هەمان ئەو کۆمپانیا سەرکەوتوانە بکە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ داهێنانی نوێ لە بواری خۆیان دێننە کایەوە، خۆیان پێوەری بەرز بۆ خۆیان دادەنێن، هەر خۆشیان هەوڵی بڕینی ئەو پێوەرانە دەدەن و دەیانشکێنن..

باوەڕیشم پێ بکە؛

گەیشتن بە لووتکە ئەستەم و قورس نییە، بەڵکو ئەوەی قورسە بریتییە لە مانەوەت لە لووتکە، بۆ ماوەیەکی درێژ..

❋❋❋

## پوختەی تیۆرەکە

- پێویست ناکات لە ڕکابەری بترسی، چونکە بەردەوام وات لێ دەکات چاوت لە پلەی یەکەم بێت.
- ڕکابەریی توند وات لێ دەکات بەردەوام پەرە بە خۆت بدەیت، هەروەها وات لێ دەکات کە بەردەوام چاوت لەسەر باشترین سوود بێ.
- ئەگەر کەس ڕکابەریت نەکات، ئەوە واتای ئەوەیە کە هیچ کەس حەسوودی بە پێگەی تۆ نابات، مانەوەشت بە تەنها لە چەقی هەر بوارێکدا، زۆر خراپترە لە گەڕانەوە بۆ پلەی دووەم.

***

## عینادی، هەموو کات کارێکی خراپ نییە

عینادی، وامان لێ دەکات تا کۆتایی لەسەر هەڵوێستەکانمان سەقامگیر بین.

بریتییە لەو بەربەستەی کە ڕێگریمان لێ دەکات لەوەی بۆ دواوە بگەڕێینەوە، لە کاتێکدا هەموان داوای گەڕانەوەمان لێ دەکەن.

بریتییە لەو حاڵەتەی کە بە جێگیرکراوی و دامەزراوی و متمانەوە دەمانهێڵێتەوە، ئەو کاتەی شکست دەهێنین و شکستەکەمان دووبارە دەکەینەوە..

بەڵێ، عینادی ڕوویەکی تری سووربوونە و پێداگری و بەردەوامییە، سەرەڕای هەموو ئەو هەڵوێستانەی لە دژمان ئەنجام دەدرێن.

عینادی، بریتییە لە هێڵی کۆتایی بەرگری، ئەو کاتەی هەموو چەکەکانمان لە دەست دەدەین و فشارەکان لەسەرمان کەڵەکە دەبن.

بەڵێ، ئەمە چەکێکی لاوازە لە بەرامبەر لایەنی لەناوبەر..

کەواتە عینادی کارێکی خراپ نییە، هەموو کات لەگەڵ شتە باشەکان دێ، هیچ کات ئازار بە کەسانی دیکە ناگەیەنێ.. ڕێبەری پێگەیشتن و سەربەخۆبوونە و هۆکارێکە بۆ پتەوبوونی متمانەبەخۆبوون، ئەو کاتەی لە لایەن کەسێکەوە

پەیڕەو دەکریٚ کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك عیناد نەبووە.

دەتوانی لەو بۆچوونەدا دژایەتیم بکەیت و بۆچوونەکەم ڕەت بکەیتەوە، بەڵام بزانە کە خراپتر لە عینادی، بریتییە لە پاشگەزبوونەوە و هاتنە خوار لە هەڵوێستەکانت، خراپتر لەو بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی خەونەکانت، وازهێنان لە هیوا و ئاواتەکانت..

ڕاستە عینادی لای منداڵان کارێکی بێزارکەر و تاقەتپڕوکێنە بۆ دایك و باوکان، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر نەگاتە سنووری ئەزیەتدان، ئەوا نیشانەیەکە بۆ سەربەخۆبوونی ئەو منداڵە و دروستبوونی کەسایەتییەکی بەهێز..

لە عیناد خراپتر ئەوەیە کە تۆ ئیرادە و ویستی ئەو کەسانە بشکێنی کە خۆشت دەوێن، وایان لێ بکەیت ملکەچ و زەلیلی بن دەستی تۆ بن..

باشە تۆ بۆ هەڵوێستی خۆت ناگۆڕی، بۆچی وا عینادی؟ بۆچی ڕێگە نادەیت منداڵەکەت بە ئارەزووی خۆی یاری بکات و پرسیار بکات و هاتوچۆ بکات؟ بۆچی ڕێگەی پێ نادەی سەربەخۆیی خۆی پەیڕەو بکات، کەسایەتی خۆی پێبگەیەنێ..؟ بۆچی بە عینادیی ئەو تووڕە دەبیت؟ لەبری ئەوەی لێی تووڕە بیت هەولبدە لێی تێبگەیت، بۆچی دەبێ هەموو کات هەڵوێستێکی دژت هەبێ؟ بەڵێ، ئەمە تاکە چارەسەرە تا هۆکاری عینادییەکەی بزانی، ناچارکردن و ملکەچکردن کەسایەتیی منداڵەکەت دەڕوخێنن و لە ناوی دەبەن.

بەڵام حوکمدان لەسەر خودی عینادی (سلبییە یان

ئیجابی؟)، ئەوا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە پشت بە ئەنجامی عینادییەکە ببەستین، ڕەنگە ئەوەی تۆ بە پابەندی و دەستگرتن بە بنەمای دەبینی، کەسی بەرامبەر بە عینادی و بەرهەڵستی ببینێ.. ئەو کاتەی ژیانی کەسە گەورە و سەرکردەکان دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت لە سەرەتای تەمەنیانەوە بە جۆرێك لە عینادی و پێداگیری چوونەتە نێو کارەکانیانەوە، کەواتە ئەوەی تۆ لە سەرەتای هەر چیرۆکێك بە عینادیی دەبینی، ڕەنگە لە کۆتایی چیرۆکەکان بریتیی بێ لە سەرکەوتنێکی گەورە..

فەرمـوو ئەوە چیرۆکی "گالیلۆ"کە فاتیکان هەڕەشەی لەسێدارەدانیان لێ کرد، لەسەر چ شتێك؟ تەنها لە سەر ئەوەی کە گوتی: زەوی دەخولێتەوە، کاتێك لە دادگا هاتە دەرەوە گوتی: ئێستاشی لەگەڵبێ زەوی هەر دەسوورێتەوە..

ئەمەش چیرۆکی سوقرات کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئەسینا بە تۆمەتی ژەهراویکردنی مێشکی گەنجەکان دادگاییان کرد (ئەم تۆمەتە ئێستاش زوو زوو بۆ چەندان کەسایەتی دووبارە دەبێتەوە) بۆیە خواردنی ژەهر هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی پاشگەز نابێتەوە.

ئەمەشیان چیرۆکی تێکۆشەری هیندی "غاندی" کە بەریتانییەکان چەندین جار لە سەر هەڵوێستەکانی دەستگیریان کرد، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتییە، بەڵام ئەو بۆ ساتێکیش لەسەر تاکە هەڵوێستێکی پاشگەز نابێتەوە.

ئەمەشیان چیرۆکی سەرکردەی ئەفریقی "نیلسۆن ماندێلا" کە بیست و حەوت ساڵ زیندانی تاکەکەسی هەڵدەبژێرێ،

بەڵام ئامادە نییە بۆ ساتێ لە داواکارییەکانی گەلەکەی پاشگەز بێتەوە و ملکەچی دەسەڵات بێ.. چیرۆکی پێداگریی پێغەمبەری خوداش (ص) کەم کەس هەیە نەیبیستبێ، کاتێ سەرانی قورەیش ویستیان لەسەر بانگەوازکردنی بۆ ئیسلام و حەق پاشگەزی بکەنەوە، ئەو فەرمووی: ((والله لو وضعوا الشمس في يميني والقمر في يساري على ان اترك هذا الامر حتى يظهر الله أو أهلك دونه)).

واتە: ((قەسەم بە خوا، ئەگەر خۆر بخەنە دەستی ڕاستم و مانگیش بخەنە دەستی چەپم، ئەوا بۆ ساتێك واز لەو بانگەوازەم ناهێنم، تائەو کاتەی خوای گەورە سەری دەخات یا ئەوەتا لەپێناویدا تێ دەچم)).

هەڵوێستی کەسە گەورەکان عینادی نییە (ئەگەرچی کەسانێك لەو بۆچوونە دژیشم بن)، بەڵکو جێگیربوون و سەقامگیربوونە لەسەر هەڵوێستەکانیان..

دەخوازم تۆش لەسەر هەڵوێست و قەناعەتە کەسییەکانی خۆت عیناد و بەرهەڵستکار بیت، بێ ئەوەی هیچ کەس تووڕە بکەیت و کەس لە خۆت زویر بکەیت.

دەخوازم خۆت فێری هونەری عینادییەکی بە ئەدەبەوە بکەیت، تاوەکو لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆت بەردەوام بیت و هیچ کام لە خۆشەویستانت لە دەست نەدەیت.

با عینادیی تۆ بە قەناعەتەوە بێت و پێداگیری بێ، نەوەك بە تەنها دەمارگیری و خۆسەلماندن بێ، کارکردن نەبێ بەو بنەمایەی کە دەڵێ (خالف تعرف) واتە: جیاوازبە دەناسرێی.

پێش ئەوەی بڕۆم..

هەرگیز لەگەڵ منداڵە عینادەکەتدا توند و ڕەق مەبە، ڕەنگە ئەو ئەو سەرکردە و سەرمەشقە بێت کە دەخوازی لە داهاتوودا بیبینی..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- تا ئەو ساتە عیناد و پێداگربە کە دەزانی لە سەر حەق و ڕێگای ڕاستی.
- بە عینادیی دەوروبەرت عیناد مەبە.. خراپتر لە عینادیی ئەوان بریتییە لەوەی کە تۆ باوەڕت وابێ پێویستە هاوشێوەی ئەوان بی.
- ئەوەی تۆ لە سەرەتای چیرۆکەکان بە عینادیی دەزانی، ڕەنگە لە کۆتاییدا سەرکەوتنێکی گەورە بێ.

❊❊❊

## "جان دارک" وەک نموونە

دریژترین جەنگ کە ڕوویدابێ ئەو جەنگە بوو کە لە نێوانی سالی (1337) و (1453) بوو، لە نێوان هەر دوو ولاتی فەڕەنسا و ئینگتەڕا، کە بە جەنگی سەد سالە ناو دەبرێ.. ئینگلیز لە زۆرێك لە ڕووبەڕووبوونەوەکان براوە بوو، توانیشی باکووری فەڕەنسا داگیر بکات، تەنانەت بە پاریسیشەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا دەرکەوتنی کچێکی ونی فەڕەنسی کە بە "جان دارك" ناودەبرا توانی بەو پەیامەی کە باوەڕی پێی بوو، هەروەها بەو متمانەیەی کە بە دەروونی خۆی هەبوو هاوکێشەکان پێچەوانە بکاتەوە.

بە تەنها کچێکی هەتیووی هەژار، کە لە گوندێکەوە هاتبوو بە ناوی (دمریمی)، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بچێتە لای "چارلزی حەوتەم" و ببینێ.. چەندین ڕۆژ لە بەردەم دەرگاکەی مایەوە، زۆر پێداگیر بوو لەسەر بینینی، تا لە کۆتاییدا توانی بچێتە لای و قسەی لەگەلدا بکات..

زۆر بە متمانەوە بە چارلزی گوت: "ئەی پادشای گەورە، بۆ یارمەتیدانی تۆ هاتووم، تا فەڕەنسا ئازاد بکەین و تۆش بگەڕێنینەوە سەر تەختی پادشایی".. پادشا پێکەنی، ئامادەبوانیش هەموویان گالتەیان بە قسەکانی ئەو کچە دەهات، سەرکردەکانی سوپاش بێبەش نەبوون لە پێکەنین

و گاڵتەپێکردنی، پاسەوانەکانیش هاتنە ژوورەوە تا بیگرن و بیبەنە دەرەوە.. بەڵام متمانەی ئەو زۆر لەوە بەرزتر بوو کە بەو جۆرە گاڵتانە لەدەستی بدات، تا لە کۆتاییدا توانی پەیمان لە پادشا وەربگرێ بۆ ئەوەی کە تەنها سوپایەکی بچووکی بداتە دەست.. هەمان ئەو متمانەی خۆی هەیبوو گواستییەوە بۆ سەربازەکانیش، ئەو باوەڕەی هەیبوو بۆ پەیامەکە لای ئەوانیشی دروست کرد، دواتر وەك خۆی دڵسۆزی کردن و ئامانجی بۆ دیاریکردن..

بەو هەموو متمانە و باوەڕەیەوە چووە جەنگەوە، توانی پێنج سەرکەوتنی زۆر دیار بەسەر سوپای ئینگلیزدا تۆمار بکات، لە کاتێکدا سوپای ئینگلیز بەراورد بە سوپاکەی "جان دارك" زۆر زیاتر و پڕچەکتر بوو..

بۆ ئەوە ئەم چیرۆکەم بۆ باسکردی چونکە من قەناعەتی تەواوم بەوە هەیە (پێش ئەوەی سوور و پێداگر بیت)، پێویستە متمانەی تەواوت بە تواناکانی خۆت هەبێ و باوەڕی بێخەوشت بەو پەیامە هەبێ کە هەڵیدەگری.. چیرۆکی "جان دارك" بەڵگەیەکی بەهێزە و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە متمانە بەخۆبوون قەرەبووی هەموو توانا و شارەزاییەکی دەکاتەوە، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە متمانە و باوەڕ حاڵەتێکی گواستراوەن، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگواسترێنەوە، تا چەندیش خۆت ئاستی متمانە بە خۆبوونت زیاتربێ، ئەوا ئاستی متمانەی خەڵك بە تۆ زیاتر دەبێ (هەر بەم ڕێگەیەش کەسە سەرکردە و سەرمەشقەکان بە دیار دەکەون).

لە بابەتی پێشوو "عینادی، هەموو کات کارێکی خراپ

نییە" هەوڵم دا جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە عینادی بکەم، یەکەمیان ئیجابی و دووەمیان سلبی.

عینادیی ئیجابی: لە دڵنیاییەکی خودیی بە تەندروستیی هەڵوێست و سەلامەتیی بۆچوون سەرچاوە دەگرێ، هەرگیز پشت بە تووڕەبوون و ئازاردان، یان سەرپێچیکردنی کەسێك نابەستێت و بایەخی پێ نادات.

بەڵام عینادیی سلبی: حاڵەتێکی پێچەوانەیە و تیایدا هەست دەکەیت کە تۆ لە سەر هەڵەیەت، بەڵام ئەوە ئەنجام دەدەیت تا دەماری کەسی بەرامبەرت بگریت و دەوروبەرت تووڕە بکەیت، بەم کارەشت پێچەوانەی شێوازی گشتی ڕەفتار دەکەیت، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی ئاڕاستەکراو و جێگرەوەیەکی باشترت هەبێ..

ڕاستە متمانەبەخۆبوون هەندێك جار وەك عینادیی سلبی ڕاڤە دەکرێ، بەڵام بەلای تۆوە (تێڕوانینێکی جیاوازە) لە هۆش و توانا و تێگەیشتنێکی باشەوە بۆ ئامانجەکانت سەرچاوەی گرتووە.

متمانەبەخۆبوون زۆر بەخێرایی متمانەی کەسانی دەوروبەرت بە خۆیان دەخاتە لەرزین و لەرزۆکیان دەکات، بڕوابوونیشت بە پەیامەکەت زۆر بەخێرایی ئەو بەربەست و ئاستەنگانە تێکدەشکێنێ کە دێنە بەردەمت..

متمانەبەخۆبوون هەرگیز ناتکات بە کەسێکی غروور و نێرگزی، بەڵکو خاکیبوون و ئارامیت پێ دەبەخشێ، چونکە لەسەر بنەمایەکی توندوتۆڵ سەرچاوەی گرتووە، بە پێچەوانەی ئەو غرووریەتەی کە هەستێکی ساختە بە

خاوەنەکانی دەبەخشێ و وایان لێ دەکات لە سنوور و قالبی خۆیان دەربچن.

زانایانی بواری دەروونناسی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە غرووری و خۆبەگەورەزانین و نێرگزیەت، ئەنجامێکی سروشتین بۆ ئەو کەسانەی هەست بە متمانەی خۆیان ناکەن و باوەڕیان بە پەیامەکەیان نییە.. سەرنج بدە چۆن هەستکردن بە (ئانا) لای کەسە شکستخواردووەکان و ئەو کەسانەش کە سەروەت و سامانێکی زۆریان لە باوانەوە و بەبێ ماندووبوون بۆ ماوەتەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورە دەبێ و کەڵەکە دەکات.. لە بەرامبەریشدا؛ سەرنج بدە چۆن ئەو سیفەتە لای کەسە گەورەکان و ئەو کەسانەش کە بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان لە سفرەوە دەستیان پێ کردووە، چۆن ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەشاردرێتەوە و بچووك دەکرێتەوە..؟ متمانەبوونیان بە خودی خۆیان بەردەوام گەورەتریان دەکات، گەورەتر لەوەی شانازی بە لەدەستکردنی کاتژمێرێکی (ڕۆلکس) بکەن، یان بە ئۆتۆمبێلێکی (بنتلی)، یانیش کڕینی توالێتێکی غەربی لە زێڕ دروستکراو..!

ئەو کاتەی سەرنجی ژیانی کەسە گەورە و سەرکەوتووەکان دەدەیت، بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان تەنانەت لە ڕواڵەت و ڕووکەشی کەسیی خۆشیان زۆر خاکی و سادە بوونە.. هەر بۆیەش کاتێك یەکێك لەو کەسانە دەبینی بە سادەییەکەیان دووچاری شۆك دەبیت و دەپرسیت: ئەوە ئەو کەسەیە کە بووەتە جێی سەرنجی خەڵکی و بووەتە نموونەی سەرکەوتن؟!
تێکۆشەری هیندی "غاندی" زۆر جار بە پارچە قوماشێکەوە

کە خۆی پێ داپۆشیبوو دەچووە بارەگای حاکمی بەریتانیا، تا سەبارەت بە سەربەخۆیی هیندستان گفتوگۆی لەگەڵدا بکات..

ئەو کاتەش حکوومەتی فەرەنسا بڕیاری دا کە ڕێز لە "مەدام کۆری" بگرێ (کە دووجار خەڵاتی نۆبڵی بە دەست هێناوە)، کۆمەڵە کچێکی زۆر جوانی پاریسیان بە جوانترین جلوبەرگ و گەوهەر ڕازاندەوە تا پێشوازی لێ بکەن، بەڵام ئەو خۆی بە باڵتۆی تاقیگەوە ئامادەبوو!

ئەنیشتاینیش بە چاکەتێکی شڕ و سەروپرچێکی ئاڵۆز، بە پشتەملێکی بە سابوونی "بانیو" تراشراو، چونکە ئەو پێی وابوو کە ئەو سابوونی تایبەت بە تراشە.. لە کۆڕ و بۆنە فەرمییەکان ئامادە دەبوو..

پێش ئەوانەش بە چەندین سەدە، "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێ) دەچێتە قودس، بۆ ئەوەی کلیلەکانی (بيت المقدس) وەربگرێ، خزمەتکارەکەی لەسەر پشتی گوێدرێژ سواربووە و ئەویش لە تەنیشتییەوە بە پێ دەڕوات، ئەو کەسانەی کە چاوەڕێیان دەکرد هەموویان بە جلوبەرگی زۆر جوانەوە بۆ پێشوازی ئەو وەستابوون، لە دوورەوە وایانزانی ئەوەی بە پێ دەڕوات خزمەتگوزارەکەیە!

هەموو ئەو نموونانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە متمانەهەبوون بە ئامانج بە تەنها خاکیبوون و سادەیی بە خاوەنەکانیان نابەخشێ، بەڵکو دەیانکات بە کاریزما و سەرکردە و سەرمەشق.. متمانەبەخۆبوون (بە واتای وشە) قەرەبووی هەموو کەموکورتی و نەبوونی توانایەك دەکاتەوە.. پێش

بڕوانامە و شیاوێتی دەکەوێ لە سەرکەوتنی هەر کارێك، بە بەڵگەی سەرکەوتنی ئەو کەسانەی کە لە سفرەوە دەستیان پێ کردووە و دواتریش ناویان چووەتە لیستی زەنگینانی جیهان.

کەواتە؛ پێش بڕوانامە و شیاوێتی و شارەزایی، متمانەت بە خودی خۆت هەبێ، باوەڕت بە ئامانجەکانت هەبێ، لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر عینادبە لە بەدیهێنانی خەونەکانت.. بارودۆخ و تواناکانت هەرچۆن و هەرچەندێك بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە دۆخی تۆ لەو کچە هەژار و هەتیووەی گوندەکە خراپتر نییە کە ناوی "جان دارك"بوو.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- متمانەبەخۆبوون لەسەر بنەمای قەناعەتبوون بە ئامانج و تواناکان دروست دەبێ، بەڵام غرووری هەستێکی ساختەیە بۆ زیندەڕۆیی لە گەورەکردنی خود.
- متمانەبەخۆبوون زۆر بەخێرایی متمانەی کەسانی دەوروبەرت بە خۆیان دەخاتە لەرزین و لەرزۆکیان دەکات، بڕوابوونیشت بە پەیامەکەت زۆر بەخێرایی ئەو بەربەست و ئاستەنگانە تێک دەشکێنێ کە دێنە بەردەمت..
- متمانە حاڵەتێکی گواستراوەیە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگواسترێتەوە، کەسە سەرمەشق و سەرکردەکان متمانە و باوەڕ بۆ شوێنکەوتوانیان دەگوازنەوە.

***

## چۆن ژیرانە داوای لێبوردن دەکەی؟

لـە سـاڵی (1995) تەقینەوەیـەك لـە شـاری "ئۆکلاهومـا"ی ئەمەریـکا ڕووی دا، بـە هۆیـەوە (168) کـەس کـوژران، لـە نێویشیاندا (16) منـداڵ. ئەوسا گومـان خرایـە سـەر موسـڵمانانی ئـەو شـارە، گوایـە ئـەوان ئـەو کارەیـان ئەنجـام داوە، ئـەو گومانـەش بـە شێوەیەکی بـەر بڵاو لـە ناوچەکـەدا بڵاوبـووەوە.

ئـەو گومانـە تـەواوی دەزگا میدیاکانـی ئـەو کاتـی تەنـی، حـاڵ و گوزەرانـی موسـڵمانانیش لـەو شـارەدا تـەواو دژوار بـوو، ئـەم دۆخـە تـا نزیکـەی یـەك سـاڵ بـەردەوام بـوو، دواتـر لێکۆڵینـەوەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە ئـەو کەسـەی کـردە تیرۆرییەکـەی ئەنجـام داوە سـەربازێکی ئەمەریکییـە و پەیڕەوکاری ئایینی نەسڕانییە، نـاوی "سیمۆسـی ماکفـای" بـوو، بەشـداری لـە جەنگـی عێراقیـش کردبـوو...

لـەو ڕۆژانـەدا (ڕۆژانـی دوای ئەنجامـی لێکۆڵینـەوە)، چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنـی حاکمـی ویلایەتـی "ئۆکلاهومـا"م بینـی، بێژەری بەرنامەکـە یەکێـك لـە پرسیارەکانی بریتیـی بـوو لـە:

- بۆچـی هەمـوو خەڵکـی لـەوەدا پەلەیـان کـرد کـە ئەنجامـدەری کـردە تیرۆرییەکـە کەسـێکی موسـڵمانە؟

دەیتوانی بەم شێوەیە وەڵام بداتەوە:

بـه هـۆكاری ئەزموونـی پێشـوومان لەگـەڵ ئەوانـدا.. یـان، چونكـه موسـڵمانان كولتوورێكـی توندیـان لەناودا هەیە و لەسـەر ئـەو كولتـووره پـەروەرده كـراون! یـان بـه هـۆكاری ئـەوەی كـه ئـەوان پێشـتر چەنـد هەڕەشـەیەكیان كردبـوو، یـان هـەر هۆكارێكـی تـر..

بەڵام ئەو پیاوه زۆر به ئارامی گوتی:

(مـن خۆشـم بـاوەڕم وابـوو كـه ئـەوان ئەنجامـدەری ئـەو كردەیـەن، بـەڵام لێكۆڵینـەوەكان ئەوەیـان سـەلماند كـه منیش وەك هەمـوو ئەمەریكییـەك هەڵـەم كـردووه.. بۆیـه لێـرەوه بـه سیفەتی حاكمـی ئـەو ویلایەتـه، لەڕێـی ئـەم چاوپێكەتنەوه بـه ئاشـكرایی داوای لێبـوردن لـه سـەرجەم موسـڵمانان دەكـەم، بەڵێنیـش دەدەم كـه ئـەو ستەمەی لێیـان كـرا هەرگیـز دووبـاره نەبێتـەوە).

ئێستا؛ تۆش لەگـەڵ من لـه میانی وەڵامەكـەی شیكردنەوه بۆ كەسایەتیی ئەو پیاوه بكـه:

دەبینـی كـه ئـەو خاوەنـی بوێرییەكـی بـەرزی ئەدەبییـه، بـه تایبەتیـش كـه دەڵـێ: "مـن خۆشـم بـاوەڕم وابـوو كـه ئـەوان ئەنجامـدەری ئـەو كردەیـەن".

هەروەهـا دانـی نـا بـه تـاوان و تاوانـی هاونیشـتیمانییەكانی، كاتێـك گوتـی: "منیـش وەك هەمـوو ئەمەریكییـەك هەڵـەم كـردووه".

دواتریـش زۆر بـه ئاشكرا داوای لێبوردنـی كـرد، بـێ ئـەوەی پەنـا بـۆ هیـچ بیانووێـك ببات گوتـی: "لەڕێـی ئـەم چاوپێكەتنەوه داوای لێبوردنێكـی ئاشـكرا لـه سـەرجەم موسـڵمانان دەكەم".

دواتر خۆی پابەندی بەڵێنێك دەكات كە زۆر سەختە جێبەجێ بكرێ، گوتی: "بەڵێنیش دەدەم كە ئەو ستەمەی لێیان كرا هەرگیز دووبارە نەبێتەوە".

گومان دەكەم تۆش وەك من وا بیر بكەیتەوە كە ئەو كەسە كەسێكی ڕاستگۆ و پاكە، سەرەڕای ئەوە لەگەڵ خراپەكارانیش وڵات بەڕێوە دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە كردەوەكانی ئارام دەبێت و هەرگیز لێی ناترسی، چونكە هەوڵی درۆی نەدا، هەوڵی خۆدزینەوەی نەدا، بیانووی نەهێنایەوە و بوختانی نەكرد.. بە چەند وشەیەكی كەم كێشەكەی بە كۆتا هێنا، توانی خۆشەویستیی خەڵكی موسڵمان بۆ وڵاتەكەی بگێڕێتەوە و دەرگای فیتنەش دابخات.

گومان لەوەشدا نییە كە ئەمە ستراتیژییەكی زۆر سەركەوتوو و بەهێز و ژیرانە و كارایە و زۆری تێناچێ..

بەڵام لە بەرامبەردا كولتووری داوای لێبوردن كردن خەریكە بە یەكجاری لە كۆمەڵگەی عەرەبیماندا نامێنێ، چونكە وا بیر دەكەینەوە كە داوای لێبوردن بە واتای دانهێنان بە هەڵەدا دێ، وا بیر دەكەینەوە كە ئەو كەسەی داوای لێبوردن دەكات كەسێكی لاواز و ملكەچە بۆ كەسی بەرامبەر.. سەرنج بدە چۆن ئەدەبیاتی داوای لێبوردن لە لای بەرپرس و كاربەدەستان گۆڕاوە بە كولتووری بیانووهێنانەوە و خۆدزینەوە و خۆبەگەورەزانین، ئامادەن هەموو شتێك بڵێن، جگە لە دانانان بە هەڵە و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

بە هەر حاڵ؛

داوای لێبوردنەكەی حاكمی "ئۆكلاهوما" یەكەم هۆكاربوو

بۆ ئەوەی بیری "داوای لێبوردنکردنی ژیرانە و نموونەیی" بە مێشکم دابێ.

بەڵام هۆکاری دووەم، دوای دە ساڵ، لە نووسینگەی بەرپرسێکی گەورە قسەم دەکرد (ئەو بەرپرسە یەکێکە لەو کەسانەی کە قسە دەکەن و بە کردار جێبەجێی دەکەن)، لە کاتی دانیشتنم لەگەڵ ئەودا سکرتێرەکەی بە هاوەڵی لەگەڵ فەرمانبەرێکدا هاتە ژوورەوە، هەر کە فەرمانبەرەکەی بینی بە چەند وشەیەکی ناشیرین ڕووبەڕووی بوویەوە، کاتێکیش سەبارەت بەو هەواڵەی کە لەسەر فەرمانبەرەکە بڵاوبووبوویەوە لە فەرمانبەرەکەی پرسی: ئایا ئەو هەواڵە ڕاستە؟ فەرمانبەرەکەش شێوەی ڕووخساری تەواو گۆڕا و گوتی: "بەڵێ ڕاستە، بە خوا من هەڵەبووم، هیچ بیانوویەکم نییە، ئەگەر سزام بدەیت حەق بە تۆیە، ئەگەر لێشم خۆشبیت ئەوا لە گەورەیی خۆتە".

هەموو ئەو قسانەی بە یەك هەناسە گوتن، وەك ئەوەی بڵێی پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە بە تەواوی خۆی بۆ ئەو داوای لێبوردنە ئامادە کردبێ.. لە ڕەواندنەوەی توورەیی بەرپرسەکە سەرکەوتوو بوو، چونکە داوای لێبوردنەکەی زۆر ژیرانە و نموونەیی بوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە دانی بە تاوانەکەی نا و گوتی: (بەڵێ ڕاستە). دواتر دانی بە هەڵەی خۆیدا نا و گوتی: (بەخوا من زۆر هەڵە بووم)، دواتریش ئامادەیی خۆی بۆ هەر سزایەك دەربڕی و گوتی: (ئەگەر سزام بدەیت حەق بە تۆیە)، پاش ئەوانەش زۆر بە ژیرانە هەست و سۆزی بەرامبەری خۆی جووڵاند، کە کەم کەس

دەتوانـێ دوای ئـەو قسـانە لـە بەرامبـەری نەبـورێ، گوتـی: (ئەگـەر لێشـم خۆشبیت ئـەوا لـە گەورەیـی خۆتـە).

لـەو ڕۆژەوە بـۆم دەرکـەوت کـە داوای لێبوردنـی ژیرانـە و نموونەیـی، هونەرێکـە زۆربـەی کـەس نایزانـێ، کەسانێك لـە دوای تـاوان و هەڵـە خۆیـان بـە گـەورە دەزانـن، بەمـەش تـاوان و هەڵەکەیـان چەندەهـا جـار گەورەتـر دەکـەن، بەشـێکیش پەنـا بـۆ بیانـوو دەبـەن، بەمـەش دەکەونـە هەڵـەی گەورەتـر، بەشـێکیش سەرزەنشـت و لۆمـەی کەسـی بەرامبـەر دەکـەن، بەمـەش توورەیـی کەسـەکان زیاتـر دەکـەن و بـواری لێخۆشـبوون ناهێڵـن.

گومـان لـەوە دانییـە کـە داوای لێبـوردن لەسـەر دەروون کارێکـی قورسـە، چونکـە جۆرێـك لـە هاتنەخـوار و دانهێنانـی بـە مافـی کەسـی بەرامبـەری تێدایـە، بـەڵام لـە بەرامبـەردا دوژمـن دەکات بـە دۆسـت و دەرفەتێکـی نوێشـت لەگـەڵ کەسـانی تـر پـێ دەبەخشـێ... ئەوەش بـۆ هەمـوان دەسـەلمێنێ کـە تـۆ چەنـدە کەسـێکی ئـازا و بوێـر و بـە متمانەیـت.. ئـەو دەمـەی دەبینـی کـە پیاوێـك داوای لێبـوردن لـە شـوفێرەکەی دەکات، ژنێـك داوای لێبـوردن لـە خزمەتکارەکـەی دەکات، مامۆسـتا لـە قوتابییەکـەی...، ئـەوا بزانـە ئـەو کەسـانە خـاوەن ڕێـز و بوێرییەکـی زۆرن، ئاسـتی ڕۆشـنبیری و ڕەوشتیشـیان بـە جۆرێکـە کـە زۆرێـك لـە خەڵکـی لـەو ئاسـتەدا نیـن..

❋❋❋ ❋❋❋ ❋❋❋

ئـەو کێشـەیەی کـە زۆربەمـان ئاگامـان لـێ نییـە و بیـری لـێ

ناکەینەوە (تەنانەت ئەو کاتانەی داوای لێبوردنیش دەکەین) بریتییە لەوەی ئێمە لە کاتی داوای لێبوردن چەند هەڵەیەك دەکەین، کە لە بەهای داوای لێبوردنەکە کەم دەکەینەوە.

بۆ نموونە هەڵەیە لە کاتی داوای لێبوردندا، بیانوو بۆ تاوانەکانمان بهێنینەوە، یان هۆکاری تاوانەکە بخەینە سەر کەسێکی تر، هەرگیز مەڵێ: (ببورە، بەڵام ناچارت کردم ئەوە بکەم)، یان (بۆچی ئەو کات لە مەبەستم تێنەگەیشتی)، یان (پێشتر پێم گوتی ئەوە سروشتییە)...

هەرگیز ئامۆژگاریی بێواتا تێکەڵ بە داوای لێبوردنەکەت مەکە، وەك: (بۆچی هەواڵت پێ نەدام کە یارمەتیم دەدەیت)، (بۆچی بە شێوەیەکی باشتر ڕەفتارت نەکرد)، یان (ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە وا و وام دەکرد)، یان (هیچ نییە، بە تێپەڕبوونی کات لە بیری دەکەیت).

هەرگیز ئەوانە مەڵێ.. چونکە داوای لێبوردن بۆ ئەوەیە کە پەیوەندیت لەگەڵ کەسی بەرامبەردا ئاسایی بکەیتەوە، بۆیە هیچ پێویست ناکات مەرج و ئامۆژگاری، تەنانەت شیکردنەوەش بۆ هۆکاری ڕەفتارەکەت تێکەڵ بە داوای لێبوردن بکەیت.. هەوڵبدە و سووربە لەسەر ئەوەی کە بابەتەکە نەچێتە دانیشتنی لێپێچینەوە، هەوڵبدە لەگەڵ ئەو بابەتە هیچ بابەتێکی کۆن نەکرێتەوە، تەنانەت خۆت بەدوور بگرە لەوەی هیچ هەڵەیەکی هاوشێوە هی بەرامبەرەکەت باس بکەیت و بە چاوی دابدەیتەوە.

سا بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی کاریگەر و جێی ڕەزامەندی داوای لێبوردن بکەیت، پێشنیار دەکەم کە داوای لێبوردنەکەت

لە ئاستی قەبارەی هەڵەکەتدابێ:

- **ئاستی یەکەم**: تەنها پێویستی بە وشەی (ببورە) یان (داوای لێبوردنت لێ دەکەم)، ئەمەش لە بەرامبەر هەڵە بچووك و تێپەڕەکان، پێویست بە هیچ بیانوویەك ناکات، بەڵکو تەنها پێویستی بەوەیە کە بە خێرایی و بە ڕوونی و بێ دڵەڕاوکێ داوای لێبوردنەکەت بکەیت..
- **دووەم**، کاتێك دۆخەکە گەورەتر دەبێ، کارەکە پێویستی بەوەیە کە تۆ دان بە هەڵەکەتدا بنێی و بەرپرسیارییەتەکە هەڵبگری، لێرەدا دەتوانی شتێك بڵێی، وەك: من بەرپرسیارییەتی ئەو هەڵە گەورەیە هەڵدەگرم.
- بەڵام هەڵە زیانبەخش و بە ئەنقەستەکان پێویستە داوای لێبوردنەکەیان سەرەڕای خاڵەکانی پێشوو چەند شتێکی تریش لەخۆ بگرێ، بۆ نموونە قەرەبوویەك بخەڕوو، وەك: (هەوڵدەدەم ئەوەی ڕوویداوە چاکی بکەم)، یان (بە شتێکی باشتر قەرەبووت دەکەمەوە)...
- ئەگەر کەسەکەش زۆر لات ئازیز و خۆشەویست بوو وەك: (باوکت یان هاوسەرەکەت)، بەڵێن بدە کە لەبەر خاتری ئەو خۆت چاك بکەی، یان کارەکە ڕاست بکەیتەوە، بۆ نموونە دەڵێی: (ئینشائەڵلا لەبەر خاتری تۆ ئەمە کۆتا جار دەبێ)، یان (بەڵێنت پێ دەدەم کە ببمە جێگەی شانازی بۆ تۆ).
- بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵەکەت لە هەموو ئەوانەی

پێشوو گەورەتر بوو، هەروەها لایەنی بەرامبەریش هەموو ئەوانەی پێشووی لێ ڕەت کردیتەوە، ئەوا ئەوەی لەبەردەمی تۆ دەمێنێتەوە بریتییە لەوەی کە تۆ بەرامبەر خەڵکدا هەوڵی گرتنی بدەیت و داوای لێبوردنەکەتی بە ئاشکرا لێ بکەیت (دواتر دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز بکەوە، سا بەڵکو ڕازی بێ، چونکە ئەو دەمەی تۆ دەگەیتە ئەو قۆناغە، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ شتێکت تێکداوە کە چاککردنەوەی قورسە).

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەم کە زۆر گرنگە هەر لە بچووکییەوە منداڵەکانمان فێرە داوای لێبوردنی ژیرانە بکەین، فێریان بکەین لە ئەگەری هەر هەڵەیەك زۆر بە ژیری و بوێری و ئازایەتییەوە داوای لێبوردن لە کەسی بەرامبەر بکەن.

هەموو ئەوانە بۆ ئەوە ناڵێم تا بڵێم من کەسێکی نموونەیی و کەموێنەم، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە ئەگەری هەر هەڵەیەك دۆخەکە گەورەتر نەکەین و هەڵەی تری بە دواوە نەیەنین، جگە لەوانەش داوای لێبوردنی نموونەیی و ژیرانە مرۆڤ لە زۆر دۆخ و دۆسییەی قورس دەپارێزێ، هەروەها لە چەندین تاوانی گەورە و هەڵوێستی یاسایی، وەك ئەوەی لە سەرەوە لەگەڵ هاوڕێکەمان ڕووی دا..

ئێستا؛

کتێبەکە دابنێ، داوای لێبوردن لەو کەسە بکە کە خۆشت دەوێ...

***

## پوختەی تیۆرەکە

- دەتوانی هەموو کارێك بکەیت، ئەگەر هونەری داوای لێبوردنێکی ژیرانە و نموونەیی بزانی.
- "داوای لێبوردنی گشتگیر": داوای لێبوردن، پاشان دانپێدانان، ئینجا بەڵێنی دووبارەنەکردنەوە.. لەخۆ دەگرێ.
- (ببورە) گەورەترین وشەیە کە مرۆڤ دایهێناوە.. بە ئەندازەیەك بەهێزە، کە دەتوانێ بە یەك چرکە هەڵەی چەندین ساڵ بسڕێتەوە.

***

## فێربە چۆن لەبیر دەکەیت،
## فێربە چۆن دەسڕیتەوە

ئەو دەمەی تۆ داوای لێبوردن لە بەرامبەرەکەت دەکەیت، ئەوا بەو واتایە دێ کە تۆ هەوڵی ئەوە دەدەی قەرەبووی ئەو هەڵە یان تاوانەیە بکەیتەوە،کە لە دژی ئەو ئەنجامت داوە.. بەڵام ئەی چی سەبارەت بەو هەڵانەی ئەوان لە دژی تۆ ئەنجامیان داوە؟ لە کاتێکدا هاوشێوەی تۆ بەو جۆرە داوای لێبوردن ناکەن و دان بە تاوانەکانیاندا ناهێنن..

لەم حاڵەتەدا ئامۆژگاریت دەکەم کە ڕووداوەکە لە بیر بکەیت و لە کەسەکە خۆش بیت، لەپێناو ئەو نا، بەڵکو لە پێناو خۆت.

لە سەرەدەمی منداڵیم زۆر شەیدا و هۆگری خوێندنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی کەسە داهێنەر و سەرکەوتووەکانی جیهان بووم، بە ئەندازەیەك هەستم دەکرد کە هەر یەکێك لەو کەسانە تاکێکن لە خانەوادەکەی من.

لە مێژووی ئەمەریکادا ژیانی سێ کەسی زۆر دیارم خوێندەوە، یەکەمیان ئازادکەری کۆیلە و بەندەکان بوو "ئەبڕاهام لینکۆڵن". دووەمیش "هێلین کیلەر" بوو، کە لەگەڵ ئەوەی بە نابیستی لە دایك بووە، بەڵام دەبێتە وێژەوانێکی دیاری جیهانی (بە ڕاستی ژیانی هەر دووکیان

شیاوی ئەوەیە بخوێندرێتەوە).

بەڵام سێیەمیان سەرۆکی ئەمەریکا "دەیڤید ئیزنهاوەر" بوو، کە پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆکی ئەمەریکا سەرکردایەتی سوپای هاوپەیمانانی کردووە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئیتاڵیای لە دەستی داگیرکاری نازی ئازاد کرد، دواتریش پلانی چوونە ناو باکووی ئەفریقای دارشت، دوای ئەوەش بە سەرکردەی باڵای سوپای ئەتڵەس دامەزرا.

یەکێک لە یادەوەرییەکانی "دەیڤید ئیزنهاوەر" کە من زۆر پێی کاریگەر بووم و لە یادم ناچێ، چیرۆکێکی جوانە و دوو وانەی گرنگی لێوە فێر دەبین (دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە پێت دەڵێم):

"دەیڤید ئیزنهاوەر" لە پێنج ساڵیدا جگە لە فێربوونی ژەنینی (نەی) هیچ ئارەزوویەکی تری نەبوو، ڕۆژێك لە دوکانێکی بچووك ئامێرێکی نەی دەبینێ، هەر لەگەڵ دیتنی دڵی پێوە بەند دەبێ.. بۆیە بەبێ دوو دڵی دەچێتە دووکانەکە و نرخەکەی لە خاوەنەکەی دەپرسێ، ئەویش زۆر بە گاڵتەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (دوو دۆلار) کە لەو کاتدا بڕێکی زۆر بووە، نەك منداڵ بەڵکو بۆ گەورەکانیش ئەستەم بوو دەستیان بکەوێ.. ئەو کات "دەیڤید ئیزنهاوەر" زۆر بە نائومێدی دێتە دەرەوە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات کە خۆی لە کڕینی زۆر شت بکات، تەنانەت خواردنی قوتابخانەش، سەنت سەنت کۆی دەکردەوە و دەیخستە شووشەیەکی ماڵەکەیان، بەم شێوەیە بۆ ماوەی حەوت مانگ خۆی لە زۆر شتی منداڵانە و خواردنی دەرەوە بە دوور گرت، کاتێك

## سەرقاڵبوون، بە واتای بەرهەمداری نییە

سەرقاڵبوون کێشەیەکە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەموان بە دەستییەوە دەناڵێنین..

بێکاتی و سەرقاڵی بووەتە بیانوێك کە تەنانەت زۆر جار لە کەسە بێکارەکانیش گوێبیستی دەبین، لەو کەسانەش کە لە ژیانیاندا بەرگی کتێبێکیان هەڵنەداوەتەوە..

زۆربەی هاوڕێکانت کاتی بەتاڵیان زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك پرسیاری لێ دەکەیت: "بۆچی ئەو ماوەیە ناتبینم؟" بە ڕستەیەکی ئامادە و زۆر دووبارە وەڵامت دەداتەوە و دەڵێ: "وەڵڵا زۆر مەشغوولم".

بەڵام لە ڕاستیدا مەشغوولی و سەرقاڵبوون بە واتای بەرهەمداری نایە، بەرهەمداریش پێویستی بە سەرقاڵبوونی بەردەوام نییە.

جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی تۆ هەست بە سەرقاڵی بکەیت، لەگەڵ ئەوەی تۆ بە ڕاستی بە کارێکی گرنگەوە سەرقاڵ بیت.

ئەو کەسانەی بەردەوام سکاڵای بێکاتی دەکەن و خۆیان بە سەرقاڵ دەزانن، ئەو جۆرە کەسانە لە ڕێکخستنی کات و پێشخستنی کارە لەپێشینەکانیاندا سەرکەوتوو نین، بەڵکو

Tanya Haji Faraj

شووشەکە پڕبوو، هەڵیگرت و بردی بۆ لای خاوەنی هەمان دووکان، لە پێش ئەو هەمووی ڕۆکردوو و داوای لێ کرد کە ئامێرە (نەی)یەکەی پێ بدات، دوکاندارەکە جارێکی تر گاڵتەی پێ کردەوە و پێی پێکەنی و گوتی: بڕۆ هەڵیگرە و بڕۆ.. دواتریش ئەو دەستی بە کۆکردنەوەی سەنتەکان کرد..

ئیزنهاوەر تا چەند ڕۆژێك زۆر بە نەیەکەی دڵخۆشبوو، تا ئێوارەیەك چووە هەمان ئەو دوکانەی کە نەیەکەی لێ کڕیبوو، کاتێك چووە ژوورەوە سەرنجی دا پیاوەکە دەمی بردووەتە بن گوێی هاوسەرەکەی و بە چپەوە پێی دەڵێ: (ئەمە ئەو منداڵە ساویلکە بوو کە نەیەکەم بە پێنج دۆلاری پێ فرۆشت، کە دەیتوانی بە یەك دۆلاریش بیکڕێ!).. کاتێ گوێی لەم قسەیە بوو زۆر تووڕەبوو، بە گریانێکی زۆر بە ڕقەوە دەگریا، کاتێك گەیشتە ماڵەوە نەیەکەی شکاند و وازی لە فێربوونی هێنا، بڕیاری دا جارێکی تریش هەوڵی فێربوونی نەدا.

ئیزنهاوەر دان بەوە دەنێ کە ئەو نەیتوانیوە ڕووخساری دوکاندارەکە لە بیر بکات، تەنانەت نەیتوانیوە ئەو ڕق و کینەی لە دڵیشیدایە بەرامبەر بە ئەو لە ناخی خۆی دەربهێنێ، تەنانەت هەستی تۆڵەکردنەوەشی هەر مابوو..

- ئێستا لەگەڵ من پێداچوونەیەوەك بەو جیاوازییانەدا بکە:

ژەنەراڵێکی گەورەی سەربازی، چەندین کارەسات و جەنگی بینیووە، مردنی هاوڕێکانی بە چاوی سەر بینیووە، بەشداری لە چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگی لە دژی ژاپۆن کردووە، سەرۆکی سوپای ئەمەریکی بووە و

سەرکردایەتی هێزی ئەتڵەسی لە ئەورووپا کردووە.. دوای خانەنشینکردنی دەچێتە ناو پێشبڕکێی سیاسی و خۆی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا کاندید دەکات و دەبێتە سی و چوارەمین سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەت و سوپا لە جیهان.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، نەیتوانیوە ڕووخساری ئەو دوکاندارە لە بیر بکات کە لە تەمەنی پێنجساڵیدا فێڵی لێ کردووە، نەیتوانیوە ئەو چەند سەنتە لەبیر بکات کە بە ستەم لێی سەنراوە، لە کاتێکدا ئەو دەمەی ئەو ئەم یاداشتانەی نووسیوەتەوە خاوەنی ملیۆنان دۆلار بووە!!

## چیرۆکی لەو جۆرە دوو وانەی گرنگمان فێر دەکەن:

**یەکەم:** منداڵان ئەو ستەمانە لە بیر ناکەن کە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێ (تەنانەت ئەگەر چەندین ساڵیش بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕێ).. تۆش بە هەمان شێوە، ئێستاشی لەگەڵبێ ڕووخساری ئەو کەسانەت هەر لە بیرە کە بە منداڵی خراپەیان بەرامبەر کردوویت و ستەمیان لێ کردوویت، ئێستاش ڕقت لێیان دەبێتەوە و هەست بە تووڕەیی دەکەیت لە بەرامبەریان.. زۆرێك لە خەڵکی کاتێك ڕەفتارێکی لەو شێوەیە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدەن، وادەزانن کە ئەوە تەنها منداڵێکە و زوو شتەکان لە یاد دەکات.. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە منداڵانن کە شتەکان لە یاد ناکەن و دەیانپارێزن، تەنانەت بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵیش (بە بەڵگەی ئەوەی ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشیی زەهایمەر دەبن، هەموو ئەو شتانەیان لە بیر دەچێ کە بەسەریان هاتووە، تەنانەت

ئـەوەی ئەمـڕۆش خواردوویانـە لـە بیریـان دەچـێ، جگـە لـەو ڕووداوانـەی کـە لـە تەمەنـی منداڵیدا بەسـەریان هاتـووە).. هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارە، سـووربە لەسـەر ئـەوەی فێـڵ لـە هیـچ منداڵێك نەکەیـت و هیـچ ڕەفتارێکـی نەشیاو و نـە گونجاو لـە بەرامبەریـان ئەنجام نەدەیـت.. ئـەوەی ئەمڕۆ بـە منـداڵ دەیبینـی، سبەی گـەورە دەبـێ، دەبـێ بـە پزیشـك و وەزیـر و بەرپرسـی گـەورە.. بۆیـە وەك چـۆن ڕێـز لـە گـەورەکان دەگریـت، بـەو جـۆرەش (بەڵکـو زیاتریـش) ڕێـز لـە منـداڵان بگـرە و ڕەفتـاری شیاو و جوانیـان لـە بەرامبـەردا ئەنجام بـدە.. گەمژەییـە ئەگـەر وا هەسـت بکەیـت تـۆ پیـر نابیـت و ئەوانیـش هـەر بـە منداڵـی دەمێننـەوە، گەمژەییشـە ئەگـەر بـاوەڕت وابـێ ئـەوان شتەکانیان لـە بیـر دەچـێ و ڕابـردوو لـە بیـر دەکـەن!!

بـەڵام وانـەی دووەم پەیوەسـتە بـە خـودی قوربانـی نێـو ڕووداوەکان (بـێ لەبـەر چاوگرتنـی ئـەو تەمەنـەی کـە تیایـدا بوونەتـە قوربانـی و سـتەمیان لـێ کـراوە). ئەویـش بریتییـە لـە لێبوردەیـی و لێخۆشـبوون و لەبیرکردنـی ئـەو خراپانـەی کـە لـە ڕابـردوودا بەرامبەریـان ئەنجـام دراوە.. لەبیرچـوون خـۆی لـە خۆیـدا نیعمەتێکـی زۆر گەورەیـە ئێمـە لـە بیرمـان کـردووە!.. تەنهـا خەیـاڵ بکـە، ئەگـەر هاتبـا و هیـچ کام لـەو یادگاریـی و ڕووداوە خـراپ و ئازاربەخشـانەمان لـە بیـر نەچووبـان و بـەردەوام لـە یادمـان بوونایـا حـاڵ و گوزەرانمـان لـە ژیـان چـۆن دەبـوو؟ بـە چ ئـازار و ڕق و کینەیەکـەوە دەمردیـن؟ هەرگیـز ئـەو قسـانە بـۆ ئـەوە ناکـەم کـە لـە بەرامبـەر سـتەم و نـادادی بـە سـۆز و بەزەیـی بیـن، بەڵکـو تەنهـا بـۆ ئەوەیـە کـە تـۆ خـۆت لـە

بارگرانیی تووڕەیی و ئاگری تۆڵەسەندن ڕزگار بکەیت.. ئەو دەمەی داوا لە تۆ دەکەم کە چاوپۆشی بکەیت و ڕووداوەکان لە بیر بکەیت، بۆ ئەوە نییە کە من بانگەشەی میسالییوون و نموونەییبوون بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ژیانت بەبێ ڕق و کینە و تووڕەیی بەردەوام بێ.. بۆ ئەوەیە کە وەك ئیزنهاوەر نەبیت، کە گشت سەرکەوتن و پاڵەوانییەتییەکانی نەیانتوانی ئەو ڕق و کینەی لە بەرامبەر دوکاندارەکە و لەدەستدانی چوار دۆلار هەیبوو لە بیر بیەنەوە...

گرنگترین ئامۆژگاری کە لەم بابەتەدا پێشکەشت بکەم بریتییە لە خودی ناونیشانەکە، کە بریتی بوو لە (فێربە چۆن لەبیر دەکەیت، فێربە چۆن دەسڕیتەوە).

***

## پوختەی تیۆرەکە

- فێربـوون لـە منداڵـی وەك نەقـش و هەڵكۆڵینـی سـەر بـەرد وایـە، هەمـان شتیش لەسـەر یادگارییـە ناخۆشـییەکانی منداڵـی جێبەجـێ دەبـێ.
- (لێبوردەیـی و لێخۆشـبوون) بژاردەیەکـە لـە خانـەی قوربانییـەوە دەتبـات بـۆ خانـەی بەردەوامیـدان بـە ژیـان.
- خراپەکردنـی بەرامبەرمـان بڕیارێکـە غەیـری ئێمـە پەیـڕەوی دەکات، بـەڵام ئاسـتی کاریگەریـی بڕیارەکـە تەنهـا لـە دەسـت ئێمەیـە و خۆمـان بڕیـار لەسـەر ئاسـتی کاریگەرییەکـەی دەدەیـن!

***

## با ڕکابەرەکەت کەسێکی شیاو بێ

(ئەگەر ئافرەت بە مێردەکەی بڵێ، قەت خێر و چاکەم لە تۆ نەدیووە، خوای گەورە خێری کردەوەی حەفتا ساڵی بەتاڵ دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژ بەڕۆژوو بووبێ و شەویش شەونوێژی کردبێ).

ئەم فەرموودەیە دروستکراوە و ڕاست نییە، بەڵام نکوڵیکردن لە جوانی و ڕەتکردنەوەی جوانی سروشتێکی ڕاست و دروستە، ئەمەش هەم لە لای پیاوان و هەمیش لای ژنان هەیە و دەبینرێ.

هەرچەندە لە ڕەفتار و گوفتارەکانماندا بەرێز و بە ئاستێکی بەرزەوە ڕەفتار بکەین و بدوێین، ئەوا کەسانێك هەر دێنە ڕێ و ئەو چاکە و ئاستبەرزییەمان بە جوانی نابینن و بۆچوونیان لەسەرمان جیاوازە و تا بتوانن نکوڵی لە جوانییەکانمان دەکەن و باشییەکانمان ڕەت دەکەنەوە.

کەسانێك هەن بە بچووکترین ڕەفتاری تۆ (کە ڕەنگە تەنها بە دڵی ئەوان نەبێ) تەواوی ژیانت دەخەنە ژێر پرسیار و ئامادەن هەموو ئەو جوانی و باشییانەی لە ڕابردوو و داهاتوودا هەتبووە و دەتبێ ڕەتی بکەنەوە، ئەمەش نزمترین ئاستی ڕکابەرییە، ڕکابەری لەو جۆرەش زیاتر ڕەتکردنەوەی جوانییە، نەوەك ڕکابەرێکی شەریفانە و بە شکۆ..

هەروەك گوتمان، ڕاستە ئەو فەرموودەیەی سەرەتا

دەستمان پێ کرد فەرموودەیەکی نادروست و دروستکراو و هەڵبەستراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕکابەرییەی لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە هەر لە کۆنەوە لەسەر دەمی باوکە ئادەم و دایکە حەواوە هەر هەبووە و دەبێ.. چیرۆکێکی بەناوبانگ و دیار لەسەر ڕەتکردنەوەی جوانی لە نێوان "موعتەمیدی کوڕی عەباد" (کۆتا پاشای ئیشبیلییە) و هاوسەرەکەی ڕووی داوە.. چیرۆکەکە دەڵێ: دوای ڕۆژێکی باراناوی، هاوسەری موعتەمید لە پەنجەرەی کۆشکەکەیەوە سەیری خوارەوە دەکات و دەبینێ چەند خزمەتکارێکی یاری بە قوڕ دەکەن، ئەویش ویستی وەکو ئەوان بکات، وەك ڕێزێك بۆ پێگە و مەقامی هاوسەرەکەی "موعەمید" فەرمانی کرد کە میسك و یاسەمینی بۆ ئامادە بکەن، دواتر گەلای گوڵ و عەنبەر و گوڵاوی بەسەردا ڕشت، دواتریش وردیان کردت و لێکیانداان و وەکو قوڕیان لێ کرد، دواتریش بردیانە خزمەتی شاژن، بەڵام کاتێك موعتەمید دووچاری شکست بوو و هەژاری بەسەرداهات، ڕۆژێکیان ژنەکەی پێی دەڵێ: قەسەم بە خوا خێر و چاکەم لە تۆ نەدیووە، ئەویش پێی دەڵێ: تەنانەت ڕۆژی قوڕەکەش؟!

هەر لەبەر ئەو هۆکارە پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات کە چاکە و باشی و گەورەیی یەکتر لە بیر نەکەین، تەنانەت ئەگەر دوای تەڵاق و جیابوونەوەی دوو هاوسەریش بێ، پەروەردگار دەفەرمووێ:((.. وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ...)) [البقرة: ٢٣٧]

واتە: ((...چاکە و پیاوەتیی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن...)).

بەهەر حاڵ، ئەم جۆرە لە ڕکابەری و نەبینینی جوانی لە نێوان هاوسەراندا، یەکێکە لە ڕکابەرایەتییە هەر ناشیرین و بێ شکۆکان، کە ناکرێ هەرگیز لە پەیوەندییەکانماندا پەیڕەوی بکەین، نەك لەگەڵ هاوسەردا، بەڵکو لەگەڵ هەر مرۆڤێك.

جا لەبەر ئەوەی ڕواڵەتەکانی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان بە کۆتا نایەن، لەم چەند دێرەی خوارەوە چەند نموونەیەکی ڕکابەری ترتان بۆ دەخەمەڕوو (کە هیچیان شەریفانە نین)، ئامۆژگاریت دەکەم لە هەموویان بە دووربی:

- بۆ نموونە: ئامۆژگاریت دەکەم هەرگیز خۆت لە هەڵەی دەوروبەرت دانەنووسێنی و هەڵە و نەنگی هیچ کەسێ نەژمێری.
- هەروەها لە کاتی گێڕانەوەدا وشەکانیان پچڕ پچڕ نەکەیت و نەیانگۆڕی بە جۆرێك کە بۆ خاوەنەکانیان خراپ بێ، (هەروەك لە ئێستادا ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە زۆر فراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەستی پێ دەکرێ).
- هەڵوێستەکانی پێشوویان نەگێڕیتەوە (وەك بۆچوونەکانی ڕابردوویان، یان هەر پۆست و بڵاوکراوەیەکی پێشوویان)، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە ئێستا وازی لەو جۆرە هەڵوێستانە هێناوە.
- هەروەها گەورەنەکردنی هەڵوێستە سلبییەکانیان و لەبیرکردنی هەڵوێستە سلبییەکانیان (هەموو کارێك لایەنێکی سلبی هەیە و لایەنێکی ئیجابی هەیە،

گونجاو نییە کە ئێمە تەنها لایەنە خراپەکەی گەورە بکەین و ئەوی تریش باس نەکەین).

* هەروەها زەم و غەیبەتنەکردنیان و ناوبانگیشیان نەشێوێنرێ، بە ئامانجی ئەوەی لای خەڵك بشێوێنرێن و بە کەم سەیر بکرێن.
* خۆبەدوورگرتن لە ناوزڕاندن و گەورەکردنی تاوانەکانیان، چونکە یەکێك لە نیشانەکانی دووڕوو ئەوەیە کە ڕکابەری کەسێك بکات، خراپەی بەرامبەر دەکات.
* ئەوەی لەسەر ئێمەیە، بە تەواوی پێچەوانەی ئەو خاڵانە ئەنجام بدەین.

خۆمان لە هەڵژماردنی دەوروبەر و ناوزڕاندن و ناشیرینکردنیان و پچڕپچڕکردنی قسەکانیان و خراپەی نێو ڕکابەرییەکان بپارێزین.

ڕاستە ئێمە مرۆڤین، تووڕە دەبین و ڕق و کینە لە دڵ دەگرین، هەست بە ستەم دەکەین، ئارەزووی تۆڵە دەکەین... بەڵام زاڵبوون بەسەر هەموو ئەو هەستانەدا وامان لێ دەکات کە زیاتر بەرەو بەرزی بچین و لە دیدی دەوروبەرماندا ببین بە کەسانی خاوەن ڕێز و شکۆ، بە لێبوردەیی و بەخشندەیی (نەوەك تۆڵەسەندن) دەتوانین دڵەکان کەمەندکێش بکەین و بەرەو لای خۆمانیان ڕابکێشین، هەروەها دوژمنەکان دەکات بە دۆست، باشترین نموونەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا (ص) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا ئەنجامی دا، هەموان چاوڕێ بوون کە لەو ڕۆژەدا تۆڵەی هەموو ئەو ئازارانەی لە ڕابردوودا بە

دەستی قورەیش چەشتبووی بکاتەوە، بەڵام لەبری ئەوە پێی گوتن: بڕۆن ئێوە ئازادن.

بۆ ئەوەی ڕکابەرییەکی شەریفانە و شکۆمەندانە ئەنجام بدەیت، ئەوا ئامۆژگارییت دەکەم کە ڕێز لەو پێوەرانەی خوارەوە بگریت، دۆخەکەت هەر چۆنێ بێ، لە هەر ئاستێکی توورەیی دابیت، تەنانەت ئەگەر ستەملێکراویش بیت:

- یەکەم: هەرگیز چاکە و فەزڵی لایەنی بەرامبەرت لە بیر مەکە (بە تایبەتیش چاکە و باشییەکانی هاوسەری ژیانت).
- دووەم: لەگەڵ لایەنی بەرامبەرت دادپەروەربە، هەر کاتێکیش هەڵە بوویت داوای لێبوردن بکە (ئەمە لە ئاستت کەم ناکات، بەڵکو بەرزتر دەکات).
- نەرمونیان و تێگەیشتووبە، هەرکات لایەنی بەرامبەر داوای لێبوردنی لێ کردی قبووڵی بکە، لە هەڵەکەشی خۆشبە و باسی مەکەوە.
- تووڕە مەبە و دەنگی خۆت بەرز مەکەرەوە، ڕەنگە کەسی تووڕە لەسەر حەق بێ، بەڵام بە شێوەیەك قسە دەکات کە ناتوانێ هەست و سۆزی دەوروبەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێ.
- تەنانەت ئەگەر کەسێك زماندرێژی و زێدەڕۆییشی کرد لە ئاستت، ئەوا تۆ بێدەنگی هەڵبژێرە، یانیش بە چەند وشەیەك کۆتایی بە وەڵامەکەت بهێنە، بە جۆرێك بتوانی هەست و سۆزی ئامادەبوان بەلای

خۆتـدا ڕابکێشـی، بۆ نموونـه بڵـێ: (خـوای گـەورە لـە مـن و لـە تـۆش خۆشـبێ).

* هەروەهـا نابـێ وەڵامـی هیـچ جنێـودان و گاڵتەیەکـی بێڕێزانـە و دەسـتەواژەیەکی دەمارگیرانـە بدەیتـەوە.
* هەرگیـز غەیبەتـی ڕکابەرەکـەت مەکـە، تەنانـەت زێدەڕۆیـی لـە دوژمنداریشـدا مەکـە (چونکـە زۆر سـکاڵاکردن باسـکردنی ڕکابەرکـەت بـە خراپـە، وا لـە دەوروبـەرت دەکات کـە ئـەوان وا بیـر بکەنـەوە کـە تۆ ناحەقیـت و ڕکابەرەکـەت لەسـەر حەقـە).
* هەروەهـا لاوازیـی ڕکابەرەکـەت و کەمـی توانـای مەقـۆزەوە و بـە خـراپ بـەکاری مەهێنـە، ئـەو دەمـەی دەشـکێ یـان لـە ڕکابەرییەکـە دەکشـێتەوە، ئـەوا تـۆ چیتـر بـە چـاوی ڕکابـەر سـەیری مەکـە، لەگەڵیـدا میهرەبانبـە.
* بـە ڕووحێکـی وەرزشـی ڕەفتـار بکـە، ئەگـەر لـە ڕکابەرییەکـەدا زیانـت بەرکـەوت قبووڵـی بکـە، هەرگیـز بـە سـەرکەوتن غـروور مەبە، لەسـەر حیسابی ڕەوشـت و ناوبانـگ گرنگـی بـە خـەڵات و دیـاری مـەدە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- با ڕکابەرییەکەت شەریفانە و شکۆمەندانە بێ، با بە دوور بێ لە ناوزڕاندن و تۆڵەسەندنەوە و تەنانەت زێدەڕۆییکردن لە ڕکابەرییش.
- تەنانەت لە ڕکابەریکردن و سەپاندنی تواناکانت بەسەر دوژمندا بەرز و بە شکۆ بە، چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی گوزارشت لە تۆ دەکات ڕەفتار و پەروەردەکەتە.
- دەنگت بەرز مەکەوە، بەڵکو ئاستی وشەکانت بەرز بکەرەوە، ڕەنگە کەسی توورە لەسەر حەق بێ، بەڵام بە شێوەیەك قسە دەکات کە ناتوانێ هەست و سۆزی دەوروبەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

***

شیاوی ئەوەیە بخوێندرێتەوە).

بەڵام سێیەمیان سەرۆکی ئەمەریکا "دەیڤید ئیزنهاوەر" بوو، کە پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆکی ئەمەریکا سەرکردایەتی سوپای هاوپەیمانانی کردووە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئیتاڵیای لە دەستی داگیرکاری نازی ئازاد کرد، دواتریش پلانی چوونە ناو باکووی ئەفریقای دارشت، دوای ئەوەش بە سەرکردەی باڵای سوپای ئەتلەس دامەزرا.

یەکێک لە یادەوەرییەکانی "دەیڤید ئیزنهاوەر" کە من زۆر پێی کاریگەر بووم و لە یادم ناچێ، چیرۆکێکی جوانە و دوو وانەی گرنگی لێوە فێر دەبین (دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە پێت دەڵێم):

"دەیڤید ئیزنهاوەر" لە پێنج ساڵیدا جگە لە فێربوونی ژەنینی (نەی) هیچ ئارەزوویەکی تری نەبوو، ڕۆژێک لە دوکانێکی بچووک ئامێرێکی نەی دەبینێ، هەر لەگەڵ دیتنی دڵی پێوە بەند دەبێ.. بۆیە بەبێ دوو دڵی دەچێتە دووکانەکە و نرخەکەی لە خاوەنەکەی دەپرسێ، ئەویش زۆر بە گاڵتەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (دوو دۆلار) کە لەو کاتدا بڕێکی زۆر بووە، نەک منداڵ بەڵکو بۆ گەورەکانیش ئەستەم بوو دەستیان بکەوێ.. ئەو کات "دەیڤید ئیزنهاوەر" زۆر بە نائومێدی دێتە دەرەوە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات کە خۆی لە کڕینی زۆر شت بکات، تەنانەت خواردنی قوتابخانەش، سەنت سەنت کۆی دەکردەوە و دەیخستە شووشەیەکی ماڵەکەیان، بەم شێوەیە بۆ ماوەی حەوت مانگ خۆی لە زۆر شتی منداڵانە و خواردنی دەرەوە بە دوور گرت، کاتێک

بۆیە ئەگەر هاتوو کێشی نێچیرەکە لەو وزەیە کەمتر بوو کە ئەو لە ڕاکردن بەدوایدا دەیبەخشێ، ئەوا لە ناکاو لە دواوەی دەوەستێ، تا وزەیەکی زۆر لە نێچیرێکی کەم گۆشتدا بە هەدەر نەدات.. بەڵام ئەگەر هاتوو بەها و کێشی نێچیرەکە گەورە بوو و شیاوی خۆماندووکردن بوو، ئەوا بەردەوام دەبێ لە بەدواکەوتنی تا ئەو کاتەی پێی دەگات و بەدەستی دەهێنێ، بەڵام لە بەرامبەریشدا لە بری ئەو وزە و هێزی بەخشیویەتی ڕاوکردن، ئەوا لە خواردنی نێچیرەکەی وەریدەگرێتەوە.

بەم پێیەش بێ ئەو پۆلە لە گیانداران، ئەگەر بزانن گیاندارێك بۆ ڕاوکردنی وزەیەکی زۆری پێویستە، بەڵام گۆشتەکەی کەمە، ئەوا ئەگەر بە دواشی بکەون لە ناکاو دەوەستن و وازی لێ دەهێنن.

تۆش پێویستە وەك ئەو جۆرە گیاندارانە ڕەفتارە بکەیت.

پێویستە لە ڕاوکردنی بێ ئەرز و سادە و کەم بوەستی، هەمیشە لە ڕاوکردندا ڕەچاوی زیان و دەسکەوتەکانت بکە، بە گەڕانەوە و وەستانیشت لە کاتی گونجاودا زیانەکانت بگۆڕە بە سەرکەوتن و دەستکەوت.

پێش ئەوەی زیاتر بەردەوام بین، ئێمە لێرەدا باسی مافی تۆ لە ڕاوکردن و بەدەستهێنانی دەسکەوتەکە ناکەین، بەڵکو باس لە بەهای دەسکەوتەکە دەکەین، ئایا شیاوە بۆ ئەوەی هەوڵی ڕاوکردن و بەدەستهێنانی بدەیت یاخود نا؟!

باس لە هەوڵی ڕێپێدراوت بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن ناکەین، بەڵکو باس لەو هەوا و ئارەزووە کەسییە دەکەین

کە بۆ زاڵبوون هەمانە، لە کاتێکدا لە دواوەی زۆرێك لە سەرکەوتنەکان بەخشینی بەهایەکی زۆر هەیە.

بڕیاری بەردەوامبوون، یان گەڕانەوە و وەستان پشت بە زانینی بەهای نێچیرەکە و گرنگی غەنیمەتەکە دەبەسێ.. بەردەوامبە ئەگەر شیاوی بەردەوامبوون بوو، بوەستە و بگەڕێوە ئەگەر نێچیر و دەسکەوتەکەت شیاوی ئەو هەوڵە نەبوون، یانیش بەجۆرێك سەرقاڵیان کردی، شتی باشترت لەدەست بدەن و بێئاگات بکات لە هەبوونی جێگرەوەی گەورەتر و باشتر.. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانی کە لەو حاڵەتدا هەڵوێستی خەڵکیش لەسەر پاشەکشەکردنت دەبن بە چەند بەشێکەوە، بەشێکیان سەرزەنشتت دەکەن، بەشێکیش لێت تێدەگەن، بەڵام تۆ لەوە دڵنیابیت ئەگەر بەردەوام بیت، ئەوا نرخ و بەهایەکی زۆر بۆ سەرکەوتنێکی بچووك دەبەخشی.

من وەك خۆم، لە ژیانی خۆمدا چوار جار لە چوار پیشەی جیاواز پاشەکشەم کردووە، لە زۆر کاریش پاشگەز بوومەتەوە، چونکە بۆم دەرکەوتووە کە هیچ سوودێك لە بەردەوامبوونیاندا نییە.. سروشتی من وانییە کە پاشەکشە بکەم و ملکەچ بم، بەڵام وام لێهاتووە کە وەك خانەوادەی پشیلەکان ڕەفتار دەکەم، دەزانم کەی بەردەوام دەبم، دەشزانم کەی دەوەستم، لە سەر هیچ کام لەو پاشەکشە و وازهێنانەش پەشیمان نەبوومەتەوە، چونکە زۆر بە سادەیی و ڕاشکاوی من ئەو کارە لەپێناو بەدەستهێنانی زیاتر ئەنجام دەدەم..

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە، دەستبەرداری سکاڵایەکی خۆم بووم لە دادگا، ئەمەش دوای ئەوەی کە زانیم ڕێکارە فەرمی و یاساییەکان کاتێکی زۆر دەبەن و ماندووبوونی هەوڵەکە زیاترە لە بەهای سەرکەوتنەکە.

بەڵام لە بەرامبەریشدا کەسانێك هەن، نازانن کەی لە ڕاوکردنی ئەو شتانە دەوەستن کە شیاوی هەوڵدان نین، شیاوی ئەوە نییە ئەو وزەیەیان بۆ بەفیڕۆ بدرێ.. نازانن کەی پاشەکشە دەکەن و زیانەکانیان لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕابگرن..

بە ملیۆنان کەس لە پشکدارییان لە کارگە و کۆمپانیا و پڕۆژەکاندا دووچاری زەرەر دەبن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نازانن کەی پاشەکشە دەکەن و لەو پشکدارییە دەکشێنەوە، یانیش ئامادەن بە نرخێکی زۆر بە سەرکەوتنێکی بچووك بگەن.

بە ملیۆنان کەس دەست بە پیشەیەکی زۆر سادە و خاکییانەوە دەگرن و پێوەی پابەند دەبن، بە هۆکارییەوە چەندین دەرفەتی گەورە و ناوازە لەدەست دەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بگەن بە سەرکەوتنێکی بچووك، یان پلە بەرزکردنەوەیەك کە بەهاکەی بەو ئەندازەیە نییە تەمەنێکی چاوەڕوانی بێت.

بە ملیۆنان پیاو و ژنی بێهیوا و ئارام لەسەر ژیانی هاوسەرگیری، بە ناتەبایی ئارام دەگرن، بە ئامانجی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان پەیوەندییەکەیان تۆزێك باشتر بێ، یان لایەنێکیان گۆڕانی بەسەردا بێت و پەیوەندییەکەیان کەمێ

بـەرەو باشـی بچـێ.

تەمـەن دەڕوا و (مەیموون)یـش لەسـەر هەمـان دۆخـی خـۆی دەمێنێتەوە.

... هەمــوو ئەوانــە هــەوڵ بــۆ ســەرکەوتنێکی بچــووك و خەڵاتێکـی خاکییانـە و خەونێـك (تەنانـەت ئەگـەر بێتـە دیـش)، بەهاکـەی بـەو ئەندازەیـە نییـە کـە تـۆ دونیاییەك هـەوڵ وتەقەڵای بـۆ بدەیـت و لـە دڵەڕاوکێـی بەردەوامـدا بژیـت و تەمەنـی خـۆتی بـۆ تەرخـان بکەیـت.

لـە هەمـان دادگا، چـاوم بـە مامۆسـتایەکی کـۆن کـەوت، دەیویسـت بچێـت بـۆ لای دادوەر کـە مـاوەی حـەوت مانـگ بـوو سـکاڵایەکی لـە دژی بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەی تۆمارکردبوو لـە بەرامبـەر خواردنـی (400) ڕیـاڵ! (کاتێـك لێـم پرسـی: هـەر بەجـددی تـۆ پێویسـتت بـەم بـڕە پارەیـە هەیـە؟ زۆر بـە ڕاشـکاوی گوتـی: نـا، تەنهـا دەمـەوێ لووتـی بشـکێنم).

نازانـم دیـدی تـۆ بـۆ ئـەم هەڵوێسـتە چییـە، بـەڵام مـن بـاش ئـەوە دەزانـم کـە ئێمـە لـە کولتووری عەرەبیـدا هـەر لـە کۆنەوە چەمکـی زاڵبـوون و لووتشـکاندنی بەرامبەرمـان بەسـەردا زاڵـە (نرخەکـەی هـەر چەندێـك بـێ).. ئێستاشـی لەگەڵـێ زۆربەمـان بـە عەقڵییەتـی "ئەبـو فارسـی حەمدانـی" ڕەفتـار دەکەیـن، کـە گوتوویەتـی: (ئێمـە خاوەنـی سـنگێکین کـەس نییەتـی، یـان سـەرکەوتن یـان مـردن).

تەنهـا بـۆ سـەرکەوتن ململانـێ دەکەیـن، خـۆ ئەگـەر بێتـوو بـە ڕێـژەی (90%) دووچـاری شکسـت و زیـان بیـن، هـەر خۆمـان بـە سـەرکەوتوو هەژمـار دەکەیـن.

سا بۆ ئەوەی نەڵێی کە من زیاتر باس لە پاشەکشە و گەڕانەوە و ملکەچبوون دەکەم، جارێکی تر ئاماژە بەوە دەدەمەوە کە بڕیاری بەردەوامبوون و گەڕانەوە لە لای خۆتە، هەر بڕیارێکیش لەو دوانە پشت بە هەڵسەنگاندن و زانینی بەهای نێچیرەکە دەبەستێ.

## تەنها خاڵێکی گرنگ ماوەتەوە:

چی دەبێ ئەگەر سەرکەوتنەکە گرنگ بێ؟ ئەی چی دەبێ ئەگەر بەهای دەسکەوت و نێچیرەکە لە هەوڵی بەدواکەوتن و ڕاکردنەکە زیاتر بوو؟

لەم حاڵەتەدا بەردەوامبە لە بە دواکەوتن و ڕاکردنی بە دوای نێچیرەکە (چونکە خێزانی پڵنگ و پشیلەکانیش لەو حاڵەتەدا هەمان بڕیار دەدەن)، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە بە هیچ شێوەیەك جۆرە ڕاوێك نەکەیت کە لە بەرامبەردا ڕێز و شکۆی خۆت لە ناو خەڵك لەدەست بدەیت.. چی لە تواناتدایە بۆ سەرکەوتن بیخەگەڕ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نێچیرەکەت بە ئامراز و ڕێگەی نائەخلاقی مەشێوێنە، بەجۆرێك ببێتە ناتۆرەیەك بە کەسایەتیت بنووسێ و بە تەواوی ژیانت لێت نەبێتەوە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- پێش ئەوەی کات و هەوڵی خۆت بخەیتەگەڕ، سەرەتا سەبارەت بە بەها و نرخی نێچیرەکە لە خۆت بپرسە، ئایا شیاوی ئەو کاتپێدان و هەوڵدانەیە؟
- پاشەکشەکردنت لە کاتی گونجاودا (سەرکەوتنە) لە زیان و زەرەری گەورەتر دەتپارێزێ.
- ژیانت مەکە بە یاریی شەترەنج، لەپێناو یەك تاکە پارچە، قوربانی بە چەندین پارچەی تر بدەیت.

***

## بۆچی لە بڕیارەکانتدا لایەنگیری دەکەیت؟

مێشکمان بە خێرایی بیست بیرۆکە لە خولەکێکدا و سێ بڕیار لە چرکەیەکدا کار دەکات، بەشێکیان بە ویست و بە ئاگاوە دەردەچن، بەڵام بەشی هەرە زۆریان وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر هەڵوێستێکی پێشوو دێنە ئاراوە.

جا لەبەر ئەوەی لە لایەن تۆوە دەردەچن، هیچ کەسێك لە دەرەوە بەسەر تۆیدا نەسەپاندوون، هیچ گومان لە ڕاستی و دروستییان ناکەیت، ئەندامی بەرگرییش زۆر بە پەرۆشەوە قبوڵی دەکات، بێ ئەوەی هیچ ڕەتکردنەوە و پەلپێکی لەبارەوە هەبێ.

ڕەنگە بە دیدی و تێڕوانینی خۆت هەموویان دروست و سەلامەت و تەواو بن، باوەڕیشت وایە کە هیچ هۆکارێکی دەرەکی بەسەریاندا زاڵ نەبووە و کاریگەری بەسەریانەوە نەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا بڕیارەکانیشمان هاوشێوەی بۆچوونەکانمانن، بە چەندین هۆکاری دەرەکی و کۆن (کە زۆربەی کات هەستیان پێ ناکەین) کاریگەر دەبن، پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەکەت، هەروەها ئەو باوەڕانەی لە خانەوادەکەت وەرتگرتوون، ئەو چیرۆکانەی لە منداڵیدا گوێبیستیان بوویت.. هەموو ئەوانە لەمڕۆدا بەشدارن

لە دروستکردنی بڕیارەکانت.

ڕەنگە تۆ هەست بەوە نەکەیت، باوەڕیشت وابێ کە بڕیارەکانت زۆر ئازادانەن، سەربەخۆن، زۆر لە جێگای خۆیاندان... بەڵام لە ڕاستیدا تەنها کۆکراوەی چەند بڕیارێکی پێشوو و چەند هۆکارێکی دەرەکین، ئێستا تۆ بە جۆرە داڕشتنێکی تر دەیگریتەوەبەر..

زۆر جاران ئەم حاڵەتە لە سەردەمی منداڵی و لە تەمەنی چواردە ساڵیدا زۆر ڕوو دەدات (هەروەك لە بابەتی داهاتوو باسی دەکەین).. ئەو دەمەی دەگەیە ساڵانی گەنجیش وا بیر دەکەیتەوە کە تۆ هەموو شتێك دەزانی، باوەڕت وایە کە بڕیارەکانت زۆر سەربەخۆ و ئاشکرا و ڕوونن، هەست دەکەی جیهان هێشتا ماویەتی لە تۆ بگات و هیچ کەس نەگەیشتووەتە ئاستی تۆ.. تا چەند ساڵێك بەسەر ئەو قۆناغەدا نەڕوات نازانی چەندە هەڵە بوویت، ئەوسا دەزانی چەندە نەزان بووی، ئێستاشی لەگەڵبێ هەر نەزانی، بە نەزانیش دەمری! پێشەوا شافیعی لەسەر ئەو حاڵە بە چەند دێڕێك دەڵێ:

كلما أدبني الدهر أراني نقص عقلي
وإذا ما أزددت علما زادني علما بجهلي

هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە هەمیشە لە بڕیارەکانت بێ لایەنگیری بیت و هیچ هۆکارێکی دەرەکی کاریگەری لە بڕیارەکانت نەکات.

زیاتر باس لە حەتمیبوونی نەزانی و نەفامی ناکەم،

چونکە پێشتر لە بەرگی یەکەم لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (ئەو کەسەی کە دەزانێ، بەڵام نازانێ کە دەزانێ)، بەڵام دانەپاڵ و لایەنگیری، ئەگەرچی ڕەنگە هیچ کێشەیەك لە ژیانمان دروست نەکات (چونکە لە کۆتاییدا هەموان بە شێوەیەکی ڕێژەیی خۆمان دەدەینە پاڵ چەند بۆچوونێکی دیاریکراو)، بەڵام ئەو دەمەی ئەو کاریگەری و خۆدانەپاڵ و لایەنگیرییە وابەستەی کاری دادوەری و فێرکردن و لێکۆڵینەوەی تاوان دەکرێ.. ئەوا ئەوسا زۆر ترسناك دەبێ.. ئەوەی زۆر بە ئاگاوە لە میکانیزمەکانی لایەنگیری نەڕوانێ، ئەوا گومان لەوە دانییە کە لە چەندین هەڵوێستیدا لە دژی لایەنێکی دیاریکراودا دووچاری لایەنگیری دەبێ (بە شێوازێك کە ڕەنگە پێشتر بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ)، بێگومان ئەوەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی دەبێت و ناتوانێ لە هیچ کارێکدا سەربەخۆیانە کار بکات، هەروەها هەست بە هیچ کام لەو کاریگەرییانەش ناکات کە کاریگەری دەخەنە سەر بڕیارەکان و دید و تێڕوانینی بۆ شتەکان.

کاتێك بیرم لە هۆکارەکانی لایەنگیری کردەوە، بۆم دەرکەوت:

* ئێمە هەمیشە مەیل و لایەنگیریمان بۆ ئەو زانیارییەیە کە یەکەمین جار دەیبیستین، یەکەم بیرۆکەی کە بونیادی دەنێین و باوەڕمان وایە کە هی خۆمانە، زۆر بەرگری لێ دەکەین، هەر زانیاری و بیرۆکەیەکی تریش لە دوای ئەوەوە بێ، ئەوا باوەڕی پێ ناکەین،

یانیش بە ئەستەم پێمان قبووڵ دەکرێ.

- بە تێپەڕبوونی کات وا هەست دەکەین ئێمە خاوەنی ئەو زانیاری و بیرۆکەیەین، بۆیە بە تەواوی توانامان لایەنگیری دەکەین، چاو لە کەموکورتی و نەنگییەکانی دەپۆشین، بەمەش جارێکی تر ئەو دێرە شیعرەی موتەنەبییمان لەسەر جێبەجێ دەبێ کە دەڵێ:

وَعَينُ الرِضا عَن كُلِّ عَيبٍ كَليلَةٌ
وَلَكِنَّ عَينَ السُخطِ تُبدي المَساوِيا

- لە میانی سەرقاڵبوونم بە نووسین فێربووم کە خەڵکی بەگوێرەی بەڵگە و هێزی سەرچاوەکەت لەگەڵت کۆک و ڕاجیا نابن، بەڵکو بە گوێرەی ئەو شتانەیە کە تۆ لە منداڵییەوە لایەنگیریت بۆ هەیە، هەر بۆیەش پۆلێنکردنی نووسەر و ڕۆشنبیران تەنها بە دوو ڕێگەیە، یان لەگەڵمانن، یان دژ.
- هەروەها هەر لەبەر ئەم هۆکارە، بێ ویست و ئیرادەی خۆمان لایەنگیری ئەو کەسانە دەکەین کە بۆچوون و شێوازی بیرکردنەوەیان لە ئێمە دەچێ، هەر لەو جۆرە کەسانە هاوڕێکانمان هەڵدەبژێرین، واش هەست دەکەین کە دونیا هەمووی لەگەڵ ئێمەدایە (من جارێك لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە پزیشکانی جگەر ئامادەبووم، خەریك بوو لەگەڵ ئەوان دەهاتمە ئەو باوەڕەی کە جگەر بەرپرسیارە لە نیوەی کێشەکانی ئەم جیهانە).
- وەك چۆنیش ئێمە لایەنگیری ئەو بیروبۆچوون

و بڕیارانـە دەکەیـن کـە باوەڕمـان پێیانـە، بـە هەمـان شێوە دژایەتـی ئـەو زانیارییانـەش دەکەیـن کـە لەگـەڵ ئێمـەدا ناگونجێـن، یانیـش فشـارمان لەسـەر دەکـەن (جگەرەکێشـێك دەناسـم، بـاوەڕی بـە زەرەر و زیانـی جگـەرە نییـە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە باوکـی ڕۆژانـە سێ پاکەت جگەرەی کێشاوە و تەمەنیشی گەیشتووەتە نـەوەد سـاڵ!).

* گومـان لـەوەدا نییـە کـە هەسـت و سـۆز ڕۆڵێکـی کاریگـەری هەیـە لـەو پرسـەدا، چونکـە بـە تەنهـا خۆشویسـتن یـان ڕقلێبوونـەوەت لـە شتێك دەبێتـە ڕێگـر لـە بەردەمـت بـۆ ئـەوەی ڕاستییەکە وەك خـۆی نەبینـی و ئامـادە نەبـی دان بـە کەموکورتییەکانیـدا بنێـی.
* بـەڵام لـە هەموویـان ترسـناکتر و کاکڵـەی بابەتەکـە ئەوەیـە کـە ئـاگاداری هیـچ کام لـەو هـۆکار و میکانیزمانـە نەبیـن کـە وامـان لـێ دەکـەن ببیـن بـە لایەنگیرێکـی کوێرانـە، هەروەهـا وامـان لـێ دەکـەن بـە ناچاری ملکەچی چەنـدان هـۆکار و فاکتـەری دەرەکـی ببیـن کـە ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەر بڕیـار و بۆچوونەکانمـان دەبێـت.
* جـا بـۆ ئـەوەی تـۆ یەکـەم قوربانـی لایەنگیـری فیکـری نەبـی، ئـەوا سـەرەتا بیـر لـە هۆکارەکانـی لایەنگیـری بکـەرەوە، دواتریـش بەپێـی توانـا خۆتیـان لـێ بپارێـزە:

بۆ نموونە:

* هەوڵبـدە زۆر وابەسـتەی ئـەو شـتە نەبیـت کـە بـۆ

یەکەمین جار گوێت لێ دەبێ و لات پیرۆز نەبێ.

- هەرگیز بە هۆکاری خۆشەویستی مەیلت بۆ هیچ بۆچوون و بڕیارێک نەبێ.
- دەست بە بۆچوون بڕیارێکەوە مەگرە، تەنها لەبەر ئەوەی کە لەسەری گەورە بوویت.
- هەرگیز ئارەزوو و هەست و سۆزەکانت پێش بڕیار و بەرژەوەندییەکانت مەخە.
- هەروەها نابێ خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەت لە کەسێک تێکەڵ بە هەڵسەنگاندنەکانت بکەیت، لە کاتی هەڵسەنگاندنی بۆچوونێکی ئەو کەسە.

بەڵام گرنگترینیان، ئەوەیە کە خۆت بە دوای ئەو پاڵنەرە دەرەکییانەدا بگەڕێیت، کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی تۆ هەیە، هەروەها بزانی ڕۆڵی ژینگە و خانەوادەکەت لە بڕیار و بۆچوونەکانتدا چەندەیە.

هەروەک لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا پێم گوتی، ئێستاش پێت دەڵێمەوە:

ئەگەر تۆ جگە لە نووسینی خۆشەویستانت هیچی تر ناخوێنیتەوە، تەنها گوێبیستی ئەوانەش دەبیت کە لەگەڵتدا کۆک و هاوڕان، ئەوا دڵنیابە هیچ شتێک بۆ مێشکت زیاد نابێ.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- ناکرێ ببیت بە لایەنگر، تا سەرەتا هۆکارەکانی لایەنگریت بە باشی نەزانیت.
- هەر بڕیارێك کە لە تۆوە دەردەچێ، لە ناوەوەی لایەنگیری و بۆماوەیی و کاریگەریی ژینگە و دەوروبەری بەخۆیەوە هەڵگرتووە.
- خەڵکی بەگوێرەی ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی پێشکەشی دەکەیت لەگەڵت کۆك یان ڕاجیا نابن، بەڵکو بەگوێرەی ئەو شتانەیە کە تۆ لە تەمەنی بچووکییەوە لایەنگیریت بۆیان هەیە، هەر بۆیەش پۆلێنکردنی نووسەر و ڕۆشنبیران تەنها بە دوو ڕێگەیە، یان لەگەڵمانن، یان دژمانن.

❊❊❊

## بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانت وەک بەردیان لێ نەیەیت

منـدالْ و گەنجـی پێگەیشـتوو بـە هەمـان ڕێگـە فێـری زمانێکـی بیانـی نابـن..
منـدالْ لـە ڕێگـەی گوتنـەوە و لاساییکردنەوە (وەك ئـەوەی خانەوادەکـەی دەیڵـێ) فێـری زمـان دەبـێ، بەمـەش زۆر بـە باشـی و ڕەوانـی و بەبـێ زۆرلەخۆکـردن شـێوەزار و زمانـی دایکـی فێـر دەبـێ، بـەڵام گەنـج و کەسـی تـازە پێگەیشـتوو وەك چەنـد بنەمایەکـی وەرزشـی فێـری دەبـێ، بـەش بـەش لـە یەکتریـان دەدات و ڕسـتەی تـەواو و بڕگـە دروسـت دەکات (پێـش ئـەوەی دەریانببـڕێ) بەمـەش تایبەتمەنـدی پـاراوی و ڕەوانـی و خۆڕەسـی لەدەسـت دەدات.
هـۆکاری سـەرەکیش کـە دەبێتـە ڕێگـر لـە بـەردەم گەنـج کـە هاوشـێوەی منـداڵ بـە زمانێکـی پـاراو قسـە بـکات، بریتییـە لـە دووچاربوونـی بـە (بەبەردبوونـی زمـان)، کـە لـە دوای تێپەڕانـدی ساڵانی منداڵـی دووچـاری گەنـج دەبـێ.. چونکـە لـە دوای چـواردە سـاڵی مێشـکی ڕەق دەبـێ و شـوێنی دەرچـەی پیتەکانـی لەسـەر زمـان دەچەسـپێن، شـێوازی سـەرەکی خۆشـی بەسـەر زمانیـدا زاڵ دەبـێ، هەرچەنـدە هەوڵـی بـدا ناتوانـێ بیشـارێتەوە و کاریگەرییەکـەی بنبـڕ بـکات.

من باوەڕم وایە کە دیاردەی بەبەردبوونی تەنها زمان و زمانپاراوی و ڕەوانبێژی ناگرێتەوە، بەڵکو چوارچێوەکەی فراوانترە و هەست و سۆز و بیروبۆچوون و باوەڕ و ڕێگاکانی بیرکردنەوە و پێوەرەکانی هەڵە و دابونەریت و بڕیارەکانیش دەگرێتەوە..

چۆن کەسی گەورە و بە تەمەن دووچاری ڕەقبوونی زمان دەبێ و ناتوانێ بە ئاسانی وەك خەڵکە ڕەسەنەکەی خۆی زمانی بیانی بە پاراوی و بێ کێشە دەرببڕێ، بە هەمان شێوە دووچاری بەبەردبوون و ڕەقبوونی فیکری دەبن و ڕێگرییان لێ دەکات لەوەی بیرۆکە و بیری نوێیان بە مێشکدا بێت و بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز لە جاران بیر بکەنەوە.

ئەو بیرکردنەوانەی لە سەردەمی منداڵییەوە بونیادی دەنێن تا گەورەش دەبن پارێزگاری لێ دەکەن، لە دوای ئەوەش لە گەنجیدا شوێن پەنجەی خۆی لە زۆر بیری نوێگەردا جێ دەهێڵێ.

دەکرێ مێشکی منداڵ بە کۆمپیوتەرێکی بەتاڵ بچوێنرێ، دواتر کە سیستەمەکە دەخرێتە سەری دەبێتە بەگەڕخەرێك بۆ هەموو بەرنامەکانی تر، دوای ئەوەش هەر بەرنامەیەك کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەو سیستەمە نەگونجێ، ئەوا لەسەر کۆمپیوتەرەکە کار ناکات، تەنانەت ئەگەر قبووڵیشی بکات یان دەیشێوێنێ، یانیش چەند مەرج و ڕێکارێکی لەسەر دەسەپێنێ، بۆ نموونە: ڕووپەڕی بەرنامەکە دەگۆڕێ، یان ڕەنگ...

بیرکردنەوەکانیش هاوشێوەی زمانەکانن (بەرنامەی مێشکی) زۆر ئەستەمە بە ئاسانی وەربگیرێن و قبووڵ بکرێن، ئەگەر بێتوو بە منداڵی نەخرابنە مێشکمانەوە، هەموو بیرێکی نوێ و بۆچوونێکی جیاواز وەك ئەو بەرنامەیە وایە کە دەخرێتە ناو کۆمپیوتەرەکە و لەگەڵ سیستەمەکەی ناگونجێ، یان ئەوەتا مێشکمان ڕەتی دەکاتەوە، یانیش بە شێوەیەکی شێواو قبووڵی دەکات.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، زۆربەی زۆری مرۆڤەکان ئەو بیرکردنەوە و باوەڕانەیان ناگۆڕن کە لە منداڵییەوە لەسەریان پەروەردە کراون و گەورەبوونە.. تەنانەت ئەو ڕێژە کەمەی کە بیروباوەڕیشیان دەگۆڕن لە بنبڕکردنی کاریگەرییەکان بە شێوەیەکی تەواو سەرکەوتوو نابن، بە بەڵگەی ئەوەی کە (78%) ئەو هیندیيانەی چوونەتە سەر ئایینی نەسرانی گۆشتی مانگا ناخۆن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێستاشی لەگەڵبێ مانگا بە پیرۆز دەزانن و کاریگەریی ئەو باوەڕەیان هەر لەسەر بیرکردنەوەکانیان ماوە.. هەمان شتیش سەبارەت بە گۆشتی بەراز لەسەر ئەو موسڵمانانە جێبەجێ دەبێ کە لە ئایینی ئیسلام لادەدەن، یانیش دەچنە سەر ئایینێکی تر..

لە کتێبی "من یعرف جنیا یتلبسنی" چیرۆکی خۆم لەگەڵ پزیشکێکی هیندی باس کردووە، کە هەوڵ دەدات قەناعەت بە من بکات کەوا "یەسوعی خوا" بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مردووە، پێش ئەوەی هەستێت و سەرلەنوێ سەرپەرشتی جیهان بکات. ئەو پزیشکە نە نەزان بوو نە گەمژەش، بەڵام عەقڵی خۆی ڕەتکردبووەوە و بە زمانی منداڵێکی

زۆر بێگەرد قسەی دەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە لە نێو ئەو ئەفسانەیە گەورە بووبوو، پێم گوت ڕێزم هەیە بۆ هەموو بیروباوەڕەکانت، بەڵام پرسیارێکی زۆر سادەم ئاڕاستەکرد، لێم پرسی: ئەی لەو ماوەیەدا کێ سەرپەرشتی جیهانی دەکرد؟!

عەقڵییەتی لەو جۆرە کە باوەڕی بە خورافە و ئەفسانەی زۆر نامۆ هەبێ لە هەموو کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە، تەنانەت لە هەموو ئاستێکی زانستی و مەعریفیدا، هۆکاری هەموو ئەوانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە لە منداڵیدا تیایدا گەورە بووە. ئەوان خۆیان گومانیان لە ڕاستییەکە نییە، بەڵام ئەو کەسە نامۆیەی دێتە ناویان یان تێکەڵیان دەبێ و لەگەڵیان دەدوێ (کە پێشتر ئاگاداری کولتووری ئەوان نەبووە و لە نێو کۆمەڵگەکەیاندا گەورە نەبووە) زۆر بە سادەیی هەست بە ئەفسانەبوون و هەڵەی بیرکردنەوەکانیان دەکەن.

ئەو کەسە نامۆیە ڕەنگە تۆ بیت، کاتێک دەچیتە نێو کۆمەڵگە و کولتوورێکی نوێ و جیاواز، زۆر بە ئاسانی و سادەیی هەست بە ساویلکەیی و هەڵەکانیان دەکەیت، هەست دەکەیت تۆ تاکە کەسی کە ڕاستییەکە دەبینی و تاکە دژی ئەو بیرکردنەوەیت، چونکە تۆ وەك منداڵێك لە نێو ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەدا گەورە نەبوویت و لەسەری پەروەردە نەکراوی، هەر بۆیەش لەو حاڵەتەدا زۆر بە سەرسورمانییەوە دەپرسی: ئایا نابینن کە بیرکردنەوەکەتان چەندە هەڵە و ساویلکانەیە؟! بۆچی ئێوەش وەك من سەیری ڕاستییەکە ناکەن؟!

لـه بەرامبـەردا، تـۆش لـە ئاسـت خۆتـەوە خاوەندارێتـی چەندیـن بیـری ڕەق و بۆچوونـی بەردیـن دەکەیـت، کـە زۆر بـە توندییـەوە دەسـتت پێیانـەوە گرتـووە و بێئـاگای لـەوەی کـە چەنـدە سـاویلکەن.. ڕەنگـە تـۆ خـۆت هەسـتیان پـێ نەکەیـت (چونکـە تـۆش لـە نێـو داسـتان و ئەفسـانەکە لـە دایـك بوویـت و گـەورەبوویـت) بـەڵام زۆر ڕوون و ئاشـکران و هیـچ گومانێـك لەخـۆ ناگـرن، هـەر کاتێکیش کەسـێکی بێگانە بـە چاویلکەیەکی ڕۆشـنبینی جیـاواز بێتـە کۆمەڵگاکەتـەوە هەسـت بـەو هەڵـە دیـارە و سـاویلکانەیە دەکات کـە دیـد و تێڕوانیـن و بیرکردنەوەکانـی تـۆدا بوونیـان هەیـە، بـۆ ئـەوەش کـە دووچاری شـەرمەزاری و بریندارکردنـت نـەکات بـە ئەدەبـەوە لێـت دەپرسـێ: ئایـا نابینـی چەنـدە هەڵـە و نـا لۆژیکیـن؟ بۆچـی تـۆش ناتوانـی ڕاسـتییەکە هاوشـێوەی مـن ببینـی؟

هەمـوو ئـەو جیاوازییانەش بە هۆکاری ڕەقبوون و بەبەردبوونی مێشـکت و بڕیاردانـت لەسـەر جیهـان بـەو بیروبـاوەڕەی لـە منداڵییـەوە لەسـەری گـەورەبوویـت دروسـت بوونـە، ئـەو دەمـەی عەقـڵ جیـاوازی لـە نێـوان ئەفسـانە و لۆژیکـدا نـاکات، ئـەوا بـەردەوام دەسـت بـەو بیرکردنـەوە و باوەڕانـە دەگـرێ کـە لـە منداڵییـە بیسـتوویەتی و لەسـەریان گـەورەبـووە. بـەم شـێوەیەش لـە تـەواوی تەمەنیـدا دەسـتبەرداری ئـەو بیرکرنەوانـە نابـێ.. خـۆ تەنانـەت ئەگـەر خاوەنـی چەندیـن بڕوانامـەش بـێ، لـە بەرزتریـن زانکـۆی جیهانیـش وانـەی خوێندبـێ، ئـەوا ناتوانـی قەناعەتـی پـێ بکەیـت و تۆزقاڵێـك لـە باوەڕەکـەی بگـۆڕی.. هیـچ بەڵگەیەکـی لۆژیکـی کاریگـەری لەسـەر دروسـت نـاکات، چونکـە پرسـەکە

لای ئەو بووە بە ئینتیما و ناسنامە، مێشکیشی لەسەر ئەو ئینتیمایە ڕەق بووە و هیچیتر قبووڵ ناکات.. وەك ئەو حاخامە یەهوودییەت لێ دێ کە لە زنجیرەی دکتۆر "هاوس"دایە و ڕەتی کردەوە ئەندامەکانی جەستەی کوڕە مردووەکەی ببخەشێ، پەرستارەکەش بە دکتۆر هاوس دەڵێ: هەوڵ دەدەم بە لۆژیك قەناعەتی پێ بکەم، ئەویش بە گاڵتەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: هەرگیز ناتوانی لە ڕێگەی لۆژیکەوە قەناعەت بە پیاوێکی دیندار بێنی.

ئەگەرچی هەموو مرۆڤێك دەتوانێ لە ناخەوە خۆی بگۆڕێ، بەڵام بەبێ بوێرییەکی زۆر بۆ خستنەڕووی پرسیارەکان و بوێرییەکی زیاتر بۆ وەرگرتنی وەڵامەکان و قبوولکردنیان ئەو ئەگەرە نایەتە دی.

بە تەنها تێگەیشتنت لە دیاردەی بەبەردبوون و ڕەقبوونی فیکری، هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی مێشکێکی کراوە هەتا کۆتایی تەمەنت.. بەڵام بەبێ تێگەیشتن لەو دیاردەیە و تێبینینەکردنی کاریگەرییەکەی لەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەکانمان ئەوا ڕۆژ دوای ڕۆژ عەقڵمان زیاتر بەرەو ڕەقی و بیرکردنەوەکانمان بەرەو بەبەردبوون دەچن، تا بەو جۆرە دەگەینە قۆناغی:

((..لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا ۚ.)) [الحج: ٥].

واتە: ((...بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەزانێت دوای ئەوەی جاران دەیزانی...)).

جا بۆ ئەوەی لە هیچ قۆناغێکی تەمەنت بیرکردنەوەکانت نەبنە بەرد، مێشکت دووچاری بەستن و ڕەقبوون نەبێ، ئەوا بەم چەند خاڵەی خوارەوە ئامۆژگاریت دەکەم:

- بەستەڵەکی نێو بیرکردنەوەکانت بشکێنە، دەست بە چەند گفتوگۆیەکی بوێرانە بکە لەگەڵ خودی خۆت.
- کەسێکی کراوەبە و بۆچوونە جیاوازەکانیش ببیستە، ئاگاداری هەموو بیرکردنەوەکان بە، ئامادەشبە بۆ قبوولکردنی هەر ئەنجامێك کە ڕەنگە بە دڵی تۆش نەبێ.
- لە بازنەی منداڵی بڕۆ دەرەوە، لە خۆت بپرسە: من چۆن بڕیارم لەسەر ئەو شتە یان فڵانە شتە یان فڵانە بیرکردنەوەیە دەدا ئەگەر هاتبا و من لە کولتوورێکی جیاواز و کۆمەڵگەیەکی جیاوازدا ژیابام؟!
- هەرگیز بیرکردنەوە باوەکانی کۆمەڵگەکەت بە پیرۆز مەزانە، بۆ گۆڕین و لادانیشیان دەمارگیریت نەبێ.
- کۆتا شتیش، چەند جارێکی تر ئەو بابەتە بخوێنەوە، چونکە بە تەنها دانان و تێگەیشتنت لە دیاردەی ڕەقبوون و بەبەردبوونی فیکری، هۆکارێکە بۆ هاتنە دەرەوە و لادانی چەند وردە بەردێکی بچووك..

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- بەبەردبوونی زمان شێوازێکە لە شێوازەکانی بەبەردبوونی و ڕەقبوونی هزر و بیر، کە لە منداڵییەوە دووچاری کەسەکان دەبێ و بە درێژایی تەمەن لێیان دانابڕێ.
- چۆن قورس و ئەستەمە قەناعەت بە کەسە پێگەیشتووەکان بکەیت سەبارەت بە ئەفسانە و خورافیاتە نوێییەکان، بە هەمان شێوە قورس و ئەستەمە قەناعەتیان پێ بکەیت کە دەستبەرداری ئەو ئەفسانە و خورافیاتانە بن کە لە منداڵییەوە گوێبیستی بوونە و لەسەریان پەروەردە بوونە.
- عەقڵی تۆ وەڵامێکی تەواوی بۆ هەموو پرسیارە قورسەکان لایە، تەنها شەوقێکی سەوزی پێ بدە بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدات.

***

## پرسی بەختەوەری،
## بەشێوەیەکی کاتی لە بیر بکە!

زۆر بوون ئەو شتانەی لە سەردەمی منداڵیدا دەبوونە هۆی بەختەوەری و پێکەنینە پاك و بێگەردەکانمان، هاتنی جەژن و سەردانیکردنی ماڵی داپیرە و باپیرە و سەیرکردنی فیلمە کارتۆنییەکان و کڕینی یارییە پلاستیکییە هەرزانەکان.. هەموو ئەوانە دونیایەك لە بەختەوەری و چێژیان پێ دەبەخشین.

بەڵام هیچ لەمانە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نەدەبوون، چونکە تا چەند تەمەنمان بەرەو سەر هەڵدەکشا، ئەو هۆکارانەش کەمتر دەبوونەوە، تا گەیشتینە سەردەمانێك جگە لە دوو سێیەك هیچی ترمان بۆ نەمایەوە، ئەو دەمەی دەگەینە هەڕەتی پیریش، ئەو چەند دانەیەش نامێنن، ڕێك ئەو دێرە شیعرەی "زوهەیر کوڕی سەلما"مان لەسەر جێبەجێ دەبێ، کە دەڵێ:

سَئِمتُ تَكاليفَ الحَياةِ وَمَن يَعِش
ثَمانينَ حَولاً لا أَبا لَكَ يَسأَمِ

کەواتە بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە هۆکارەکانی بەختەوەری هیچ کات لە تەمەنێکی دیاریکراودا پێکەوە ئامادە نابن و کۆ نابنەوە، لە تەمەنی گەنجیدا بە جۆشوخرۆش و تەندروستین، بەڵام سامان و پارەوپول و توانای داراییمان کەمە، یانیش هەر نییە، لە تەمەنی پێگەیشتندا، سەروەت

و سامان و تەندروستیشمان هەیە، بەڵام کاتمان نییە بۆ ئەوەی چێژ لە ساتەکانی ژیانمان وەربگرین، لە تەمەنی پیری و خانەنشینیدا کات و سامانمان هەیە، بەڵام ئەو دەم تەندروست و جۆشوخرۆش و چالاکیی سەردەمی لاویمان لەدەست دەدەین و ئەو هێزەمان نامێنی کە هەمانبوو، بەمەش رێك ئەوەی زوهەیر دەیڵێ لەسەرمان جێبەجێ دەبێ.

چوارده سەدە دوای مردنی زوهەیر، توێژەرێکی ئەڵمانی کە ناوی «لیا نیکۆلاس»ە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە بەختەوەرترین قۆناغی مرۆڤ ئەنجامدا، تیایدا بۆچوونی چەندین کەسی وەرگرت، ئاخۆ لە کام قۆناغی تەمەنیدا زۆر بەختەوەر بووە؟

دوای هەڵاوێرکردن و لەبێژینگدانی سەرجەم وەڵامەکان دەرکەوت، زۆربەی وەڵامەکان لە چوارچێوەی ئەوەدا دەسووڕێنەوە کە ساڵێك دوای هاوسەرگیری بەختەوەرترین قۆناغی مرۆڤەکانە، سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی سەرجەم قۆناغەکان وەرگیرابوو، بەو کەسانەوەش کە تەمەنیان لە سەرووی پەنجا ساڵییەوەیە، بەڵام بە پلەی دووەم کەسەکان قۆناغی زانکۆیان بە بەختەوەرترین قۆناغی مرۆڤەکان لە ژیان دانابوو.. لە دوای ئەویش قۆناغی پارەداربوون بوون لە دوای تەمەنی چل و پەنجا ساڵی. لە ڕیزبەندی چوارەمیشدا «چاوەڕوانکردنی منداڵ» بوو لەلایەن باوك و دایك (پاش چاوەڕوانییەکی زۆر).

ئەم توێژینەوەیەش لە میانی ئەو توێژینەوانە دێ کە سەبارەت بە تێگەیشتن و زانینی ئەو هۆکارانە ئەنجام دراون

کـە دەبنـە هـۆی بەختـەوەری و کامەرانـی، بێگومـان زۆر ئەستەمیشـە هەموویـان بژمێردرێـن، بـەڵام وەك نموونەیـەك بـاس لـەو توێژینەوەیـە دەکەیـن کـە لـە زانکـۆی «کاردیـف» ئەنجام دراوە، لـەوێ هاوکێشـەیەکی بیرکارییانـەی بـۆ بەختەوەربـوون دانـاوە، کـە دارشـتنەکەی بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

$$o+(N\times S)+Cpm/T+He$$

پیتـی (o) وەك ئاماژەیەکـە بـۆ ئـەو کاتـە بەتاڵانـەی کـە لـە جوانـی سروشـتدا بەسـەری دەبەیـت، پیتـی (N)یـش وەك ئاماژەیـەك بـۆ هەماهەنگی و مومارەسـەکردنی ژیانـی کۆمەڵایەتی هێنـراوە، پیتـی (S) بـۆ یادگارییەکانی سـەردەمی منداڵی، (Cpm) ئاماژەیـە بـۆ جوانـی کەشـوهەوا و پلـەی گەرمـی، پیتـی (T) ئاماژەیـە بـۆ پلـەی جۆشـوخرۆش و چالاکبـوون و چاوەڕوانیـی پێشـوەختە بـۆ گەیشـتن بـەو مۆڵەتـە .(He)

سادەتر بڵێین:

ئـەو دەمـەی مۆڵـەت وەردەگـری لـە لووتکـەی بەختەوەریتـدا دەژی + بـۆ ڕۆیشـتن بـۆ شـوێنێکی جـوان و سـەرنجڕاکێش+ سـەردانیکردنت لـە منداڵیـدا + بـە هاوەڵـی کەسـێك کـە زۆر خۆشـت دەوێ + لـە کەشـێکی ئـارام و خۆشـدا + هەمـوو ئەوانـە لـە کاتێکدایـە کـە تـۆ چەندیـن ساڵە چاوەڕوانـی ئـەو کەشـە دەکەیـت و بـە ئاواتییـەوە ژیـاوی.

ئـەوی سـەرنجی منـی ڕاکێشـا لـەو هاوکێشـەیەدا ئـەو بـوو کـە ($) تێـدا نەبـوو، واتـە سـەروەت و سـامان نەخراوەتـە نێـو هاوکێشـەکە، بەمـەش دەردەکـەوێ کـە لـە توێژینەوەکـەدا

گرنگیی بەو پرسیارە سواو و دووبارەیە نەدراوەکە دەیانگوت: ئایا سەروەت و سامان هۆکارێکە بۆ بەختەوەری؟ یان ئایا پارە بەختەوەری دەکڕێ؟

وەڵامی تایبەتی خۆم: بەڵێ سەروەت و سامان دەتوانێ بەختەوەری بکڕێ، بەڵام وەك هەر هۆکارێکی دەرەکی دوای ماوەیەکی کورت و دیاریکراو بە کۆتا دێ، چونکە سروشتی سەروەت و پارە بە جۆرێکە، یان بە سروشتی خۆی لە ماوەیەکی کەمدا بە کۆتا دێ، یانیش ئێمە بەخێرایی لەسەری ڕادێین و بۆ ڕۆژی دواتر دێینەوە سەر هەمان هەستەکانی پێشوومان، وەك چۆن ئەم دیاردەیە لە کۆتایی هەموو مانگێك لای مووچەخۆران ڕوودەدات.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەرچەندە هەوڵ بدەین و بمانەوێ نموونەیی بین لە ژیانماندا، ناتوانین لە سەروەت و سامان و پارە خۆمان بێنیاز بکەین، ناتوانین ڕۆڵی دیاری سامان لە بەختەوەرکردنی دڵی مرۆڤەکان بشارینەوە.

سامان پێش نەوە و منداڵ خراوە، پەروەردگاری جیهانیان دەفەرمووێ: ((الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا)) [الكهف: ٤٦] واتە: ((ماڵ و سامان و وەچە، زینەت و جوانین بۆ ژیانی دنیا، بەڵام دڵنیابن کردەوە چاکەکان کە بەرهەمیان دەمێنێتەوە پاداشتیان چاکترە لای پەروەردگارت و ئومێد و هیوای چاکتریشی لێ دەکرێت بۆ خاوەنەکانیان)).

لەم فەرموودەی پێغەمبەری خوداشدا (ص) تەواو لەو دڵنیا دەبینەوە کە سەروەت و سامان هۆکارێکە بۆ بەختەوەری،

وەك فەرموویەتی: ((مِنْ سعادَةِ ابنِ آدمَ ثلاثَةٌ ومِنْ شِقْوَةِ ابنِ آدَمَ ثلاثَةٌ مِنْ سعادَةِ ابنِ آدَمَ المرأةُ الصالحةُ والمسْكَنُ الصالحُ والمركبُ الصالحُ ومن شِقْوَةِ ابنِ آدَمَ المرأةُ السوءُ والمسكنُ السوءُ والمركبُ السوءُ)).

بە کورتی واتاکەی ئەوەیە کە سێ شت مرۆڤ بەختەوەر دەکەن و سیانیش بەدبەختی دەکەن و دووچاری ناڕەحەتی دەکەن، ئەو شتانەی بەنی ئادەم بەختەوەر دەکەن سێن، ئەوانیش: ژنێکی باش و ماڵێکی فراوان و سوارێکی باشن، بە پێچەوانەش ژن و ماڵ و سواری خراپ هۆکاری بەدبەختی و ناڕەحەتین.

من خۆم جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە هەستکردن بە بەختەوەری دەکەم، یەکەمیان کتوپڕ و کاتییە و بۆ ماوەیەکی کەم بەختەوەریمان پێ دەبەخشێ، دواتریش دەگەڕێینەوە سەر دۆخی پێشوومان (وەك ئەوەی کە کڕینی موبایلێکی نوێ کەسێك بۆ ماوەیەکی کەم دڵخۆش دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە دۆخی پێش کڕین)...

بەڵام جۆری دووەم بەختەوەرییەکی بەردەوامە و هەمیشە یاوەرتە، هەستکردنێکە ڕەسەنە و لە ناخەوە سەرچاوەی گرتووە، تا ساتی مردنت لەگەڵتدا دەمێنێتەوە.. ئەم جۆرە لە بەختەوەری ڕاستەقینەیە و پشت بە سەرکەوتن و بەدەستهێنان و ڕازیبوون لە خود دەبەستێ، هەروەها پشت بەو بنەمایە دەبەستێ کە لەسەر بێژەی "هەموو شتێك باشە" بونیاد نراوە.

گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە بەختەوەری هۆکار و پێکهاتەی نییە، بەڵکو بریتییە لە گەشتی تەمەن، ئەزموونی

ژیان، بەدەستهێنانێکی لاوەکی بۆ گشت پێکهاتەکانی پێشوو... ئاگاداربە! هەرگیز کەسێك بەوە فریوت نەدات کە تێکەڵەیەکی نهێنی بۆ بەختەوەری لا دەست بکەوێ! چونکە ئەو بەختەوەرییەی ئەو هەیەتی وەدەستهاتووی چەند هەستێکی کەسی خۆیەتی، هەستەکانیش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن!

ئاگاداربە! تەنها بە باوەڕبوونت بەوەی کە (ماڵ و گەشت و دەسەڵات) هۆکارن بۆ بەختەوەریی هەمیشەیی، ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ دووچاری ناڕەحەتی و بەدبەختی و غەمگینی دەبیت، چونکە ئەوانە هۆکارگەلێکی کاتین و لەناو دەچن، هیچ کامێکیشیان لە دوای خۆیان بەختەوەرییەکە جێ ناهێڵن.

لەبری ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە چ شتێك بەختەوەرت دەکات، من پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکەم ئەو پرسە بە شێوەیەکی کاتی لە بیر بکەیت، لە بەرامبەردا کار لەسەر ئەوە بکەیت کە هەستێکی ڕازیبوون لە خود لە لای خۆت دروست بکەیت.. لەبری ئەوەی کە وەك ئامانجێك لە بەختەوەری بڕوانی، من پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکەم وەك خەڵاتێك سەیری بکەی کە لە دوای ئەنجامدانی کارێکی جوان پێی دەگەیت و بەدەستی دەهێنیت...

لەمڕۆوە کار لەسەر ئەوە بکە کە بەیانی بەختەوەرت دەکات، ڕاستە سەردەمی منداڵیت تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوویت بەو هەشتا ساڵانەی کە زوهەیر باسی لێوە دەکات.

## پوختەی تیۆرەکە

- بەختەوەری، کەرستەیەکی دەرەکی نییە تا بتوانی بیکڕیت، بەڵکو ئەزموونگەلێکی خودی و کەسین، دووبارەبوونەوەیان ئەستەمە.
- ئەگەر ئەوەی هەتە بەختەوەرت نەکات، هەرگیز زیادبوونی ئەو شتە بەختەوەرت ناکات.
- پارە و سامان مرۆڤەکان دڵخۆش دەکات، بە بەڵگەی ئەو فەرمانبەرانەی کە سەرە مانگ مووچەکانیان وەردەگرن! بەڵام هەر زوو دەگەڕێنەوە سەر دۆخی پێش هاتنی مووچە.

***

## ئەگەر تەنها نیوساڵ لە ژیانتدا مابێ!

هەمـوو بەنـی ئادەمێـك لیسـتێکی هیـوا و ئارەزووی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، هـەوڵ دەدات لـە ژیانیـدا بەدییـان بهێنـێ و پێیـان بـگات، خەونـی دواخـراو، بیرۆکـەی جـوان، پـڕۆژەی گـەورە.. هەمـوو ئەوانەمـان خسـتووەتە بەرنامـەی کارمانـەوە و هیواخوازیـن بیانکەیـن بـە واقیـع.. ئاواتگەلێـك بیریـان لـێ دەکەینـەوە، وەك بڵێـی بـۆ هەتـا هەتـا لـە زەوی دەمێنینـەوە و ڕۆژێـك لـە ڕۆژان جێـی ناهێڵیـن و نامریـن..

بەڵام ئەو دەمەی هەست بەوە دەکەین کە ئێمە جگە لە ڕێبوارێك هیچیتر نین و لە فەرهەنگی ژینمان "هەتا هەتایی" دەسـڕینەوە، ئـەوا ڕەگوڕیشـەمان و سـەرجەم هیواکانمـان دەگۆڕێـن و لەوانـی پێشـووتر ناچـن!

کەواتـە جیاوازییەکـە لـە نێـوان (دەزانیـن) لەگـەڵ (نازانیـن) دایـە، کاتێـك پزیشـکەکان هەواڵـی ئـەوەت پـێ دەدەن کـە ڕەنگە لە چەنـد مانگـی داهاتـوودا بمریـت، ئەوا تەواوی لیسـتی هیواکانـت دەگـۆڕی، هـەر زوو پەنـا بـۆ لیسـتێکی کـورت و پوخـت دەبەیـت، لـەو مـاوە کەمـەی ژیانـت بتوانـی بەدییـان بهێنیـت.. لەگـەڵ ئەوەشـدا دونیـا لـە پێـش چـاوت بچـووك دەبێتـەوە، هـەوڵ دەدەیـت ئـەو کارانـەی کـە لەبـەر تەمبەڵـی ئەنجامـت نـەداون گرنگییـان پـێ بدەیـت..

ئەوەی سەرەوە تەنها گریمانەیەك بوو!

بەڵام واباشتر نییە کە هەمیشە کارەکانت بەبێ دواخستن ئەنجام بدەیت؟ هەمیشە وا هەست بکەیت کە چەند ساتێکی کەم لە ژیانت ماوە.

ئەگەر زانیت تۆ دوای شەش مانگی تر دەمریت، ئایا ئەمە دەبێتە پاڵنەر و هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی سەرجەم کارە دواخراوەکانت ئەنجام بدەیت؟ ئایا ئەمە دەبێتە هۆکارێك تا لەو هیوایانە دوور بکەیتەوە کە هیچ شتێك لە ژیانت زیاد ناکەن و هیواگەلێکی لاوەکین؟

یانیش بوێری زیاترت پێ دەدات و بەرەو سەرکەشی و ئەزموونی جیاوازتر پەلکێشت دەکات، بۆ نموونە: سەرکەوتنی باڵۆن، خۆهەڵدان بە پەڕەشووت.. کە تۆ پێشتر لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە سەرکێشییانە دەترسایت؟

بە دڵنیایی بوێرتر و ئازاتر دەبیت، چونکە ئەوسا ئەو باوەڕەت لا دروست دەبێ کە تۆ هەر چۆنێك بێت هەر دەمریت..

زۆرێك لە ئێمە فیلمی "buchet list"[9]ی بینیوە، کە باس لە دوو پیاوی بێهیوا دەکات. نەخۆشی، ئەو دوو پیاوەی لە ژوورێکی نەخۆشخانەیەك بەیەکەوە کۆ کردبووەوە، هەردووکیان دووچاری شێرپەنجە بووبوون، یەکەمیان کەسێکی میکانیکی بوو، پێیان دەگوت "کارتەر"، کەسێکی

(9) ئەم فیلمە ساڵی (2007) نمایش کرا، بەگوێرەی «گۆڤاری کۆمەڵەی زانستی دەروونناسی ئەمەریکی «هەر کەسێك سەیری کردبێ گۆڕانکاری تێیدا ڕووی داوە و پێی کاریگەر بووە، خۆشم زۆر پێی سەرسام بووم، بە ئەندازەیەك کە وای لێ کردم وتارێکی لەبارەوە بنووسم، کە لە ژمارە (16311)ی گۆڤاری (ڕیاز) بڵاوکراوەتەوە.

لێهاتوو و ڕۆشنبیر بوو، هیوای ئەوەبوو لە داهاتوودا وانەی مێژوو بڵێتەوە. کەسی دووەمیش پیاوێکی ملیۆنێر بوو، ناوی "ئێدوارد" بوو، دوای تەڵاقدانی چوار ژن بە تەنیا دەژیا، کچە تاقانەکەشی جێهێشتبوو.

ڕۆژێك "کارتەر"ی میکانیك و ڕۆشنبیر دەست دەکات بە نووسینی لیستی ئەو وڵاتانەی کە ئارەزوو دەکات پێش مردنی سەردانیان بکات، قەدەری خودا وا ڕێك دەکەوێت کە "ئێدوارد" ئەو لیستە دەبینێ، لە کۆتایی لاپەڕەکەی (وەك گاڵتەکردنێك لەگەڵ کارتەر) هیوایەتێکی تایبەت بە خۆی بۆ دەنووسێ ئەویش بریتییە لە: ماچکردنی جوانترین ژنی جیهان..

کاتێك کارتەر لە خەو هەڵدەستێ ئیدواردی دەوڵەمەند و زەنگین هانی کارتەر دەدات کە تەواوی لیستی هیواکانی جێبەجێ بکات، بەڵام کارتەر گاڵتەی بە قسەکانی ئێدوارد دێ و دەڵێ: ئەوانە تەنها چەند هیوایەتێکن، کاتی پێگەیشتنیان بەسەر چووە!

بەڵام ئێدوارد لەسەر هەڵوێستەکەی سوورە، بڕە پارەیەکی زۆر دەخاتە بەردەمی کارتەر تا بە هیواکانی بگات و سەردانی سەرجەم ئەو وڵاتانە بکات کە لە لیستەکەدا نووسیوونی.

بەم شێوەیە هەر دووکیان پارەیەکی زۆر بۆ گەیشتن بەو هیوا دواخراوانەیان دابین دەکەن کە بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی دواخراون و ئەنجام نەدراون، پێکەوە دەچن بۆ "تاج مەحەل" و سەرکەوتنی "ئەهرامەکانی میسر" و خواردنی ژەمێك لە "تاوەری ئیڤڵ" و فڕین بەسەر "جەمسەری

باکوور" و گەڕانێك بە وڵاتانی ئەفریقیا و لێخوڕینی پایسکل لەسەر شورای گەورەی چین.. چەندین شوێنی مێژوویی و گەشتیاری تر.. زۆرێك لەو شوێنانەش کە کارتەری ڕۆشنبیری لە کتێبەکاندا دەربارەی خوێندبوونەوە و هیوای بینینیانی دەخواست.

لە میانی گەشتەکەیاندا بە جیهاندا کارتەر قەناعەت بە ئێدوارد دەکات تا سەردانی کچە تاقەنەکەی بکات و ببینێ و لەگەڵیدا چاك بێتەوە و نێوانیان ئاسایی بکەنەوە.

کاتێك لە گەشتەکەیان تەواو دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، کارتەر دەمرێ! ئێدواردیش وەك ڕێز و وەفایەك بۆ ئەو بەڵێنەی کە بە کارتەری دابوو دەچێ سەردانی کچە تاقەنەکەی دەکات، کاتێك دەچێتە ماڵی کچەکەی دەبینێ کە کچەکەی هاوسەرگیری کردووە و کچێکی زۆر جوانیشیان بووە، ئێدوارد نەوەکەی ماچ دەکات، بەمەش هیواکەی ئەویش دێتە دی کە بریتیی بوو لە ماچکردنی جوانترین کچی جیهان.

*** 

بەڵام پێچەوانەی کارتەر و ئێدوارد تۆ ڕێککەوتی مردنی خۆت نازانی، هەر بۆیەش بەردەوام هەستێکی درۆزنانە بۆ خۆت دروست دەکەیت و باوەڕت وایە کە کاتێکی باشت لە بەردەم ماوە تا بە تەواوی بە هیوا و خەونەکانت بگەیت.

ڕاستە لە هەر بارودۆخێکدابێ لە کۆتاییدا هەر دەمرین، بەڵام جوانتر و شیاوتر بە ژیان ئەوەیە کە ئێمەش وەکو ئەو دوانە لیستێکی تایبەت بە خۆمان هەبێ و سەرجەم هیوا و ئاواتەکانمانی تێدا تۆمار بکەین. هەبوونی هیوا و

خەون وەك نەخشەڕێگایەك وایە، هۆكارێكە بۆ سەركەوتن و كۆڵنەدان، بێهیوانەبوون و نەوەستان...

تەنها بە هەبوونی لیستێكی تایبەت بە هیوا و خەونەكانمان ژیانمان ئامانجدار و واتادار دەبێ، ئەمەش بە تەنها لە دۆخی هیوادا نامانهێڵێتەوە، بەڵكو هانمان دەدات تا زوو بە هیواكانمان بگەین، بە جۆرێك كار دەكەین وەك بڵێی تەنها نیو ساڵ لە ژیانماندا ماوە.

حاڵ و ژیان و گوزەرانت هەر چۆنێك بێت، هەرگیز ئامۆژگاری ئەوەت ناكەم كە دەستبەردار خەونەكانت بیت، چونكە مێشكمان جیاوازی لە نێوان خەون و حەقیقەتدا ناكات (بە بەڵگەی ئەوەی كاتێك خەون دەبینین وا دەزانین لە واقیعدا دەژین).

هەرگیز شەرم لەو خەونانە مەكە كە لە كاتی بە ئاگاییتدا دەیانبینیت، چونكە ئەوانە تاكە خەونێكن كە ڕێگەی بیركردنەوەت دیاری دەكەن و دەتگەیەنن بە كەناری ئارامی. هەرگیزیش شەرم لە دركاندیان مەكە، چونكە دركاندنیان بە دەنگێكی بەرز و ئاشكرا و لە دەوروبەرت دەكات كە هانت بدەن و هاوكارت بن (پزیشكێك دەناسم لە دانیشتنێكدا باسی لە ئارەزوویەكی خۆی كرد كە كردنەوەی نۆڕینگەیەكی تایبەت بوو بە خۆی، هەر لەوێ یەكێك لە دەوڵەمەندەكان پێشنیازی كردنەوەی نەخۆشخانەیەكی بۆ كرد).

هەموو ئەوانەش بە واتای ئەوە دێن كە هەر چەندە ئاستەنگەكانی ڕێگەت گەورە و بڕینیان دژوار بێ، ئەوا خەونەكانت نیوەی چێژی ژیانت پێ دەبەخشن، هەبوونی هیواش سێ بەشی چێژەكەت بۆ دەستەبەر دەكات، گەیشتن بە هیواش هەستێكی تەواوت بۆ دروست دەكات و چێژی

تەواوی ژیانت پێ دەبەخشێ.

وا گومان دەبەم کە هەمان شت بەسەر شاعیر "توغرائی" هاتبێ، کە گوتوویەتی:

أعلل النفس بالآمال أرقبها   ما أضيق العيش لولا فسحة الأمل

***

## پوختەی تیۆرەکە

- خەونەکان نەخشەی ڕێگان، هیواکانیش پاڵنەری بەدیهێنانن.
- ئەگەر هاتبا و هەموو کەسێ کاتی مردنی خۆی زانیبایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر جددیتر کاری بۆ بەدیهێنانی هیواکانی دەکرد.
- خەونەکان شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی گەیشتنت دیاری دەکەن و بەرەو ئامانج سەرمەشقیت دەکەن.

***




Description

بسم الله الرحمن الرحیم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " گەزەنگ مام بابۆ " کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ئەو جانتایەی دەیخەیە سەر پشتت

جاران، کاتێک دەچوومە گەشتێک یان سەفەرێک، جانتایەکی قورسم لەگەڵ خۆمدا دەبرد، پڕم دەکرد لە شت، هەندێ جار زۆرێک لەو شتانە لە تەواوی گەشتەکەم کارم پێیان نەدەبوو و بەکارم نەدەهێنان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئەنجامدانی چەند گەشتێك هەستم کرد کە هیچێک لەو شتانەی لە پشتی خۆمیان هەڵدەدەم کارم پێیان نابێ، جگە لە دانەیەك لە هەر شتێکی پێویست. فێربووم کە تەنانەت بۆ شتی دووەم دڵەڕاوکێ نەمگرێ، بەوە خۆم ڕازی کرد کە هەر کات کارم پێی بوو ئەوا لەو شوێنە دەیکڕم کە بۆی دەچم.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا بەبێ جانتا قورسەکەم گەیشتمە "جنێف"، ڕاستە سەرەتا دڵەڕاوکێیەك گرتمی و تووڕەبوونێکم بەرامبەر بە سویسرا لە ڕووخسار بەدی دەکرا، بەڵام هەر زوو خۆم گونجاند، کارەکانم ڕایی کردن، تا گەیشتمە ئەو باوەڕەی تەنانەت هێنانی خودی جانتاکە زیادەیە و بارگرانییە، لەوێ بە دواوە، بۆ هەر سەفەر و گەشتێك چووبام پێداویستی و جلوبەرگی کەمتر، پارەی زیاترم دەبرد، هەموو ئەو شتانەش کە دەمزانی پێویستم نابن بە تەواوی وازم لێهێنان و نەمدەخستە جانتاکەمەوە (تۆش دەتوانی ئەوە ئەنجام بدەیت،

دڵنیابە لە وەرگرتنی ئەم ئامۆژگارییەم پەشیمان نابیتەوە).

ئەگەرچی قسەکردنی ئێمە لەمڕۆدا سەبارەت بە پرسی گەشت و سەفەر نییە، بەڵکو پەیوەستە بە باسی ژیان و پێداویستییەکانمان و پەیوەندیمان بە دەوروبەرەوە.. هەموو ئەوانەش دەشێ بەو جانتایە بچوێنرێن کە لە گەشتێکدا دەیخەیە سەر پشتت، لە ساتی لە دایکبوونەوە دەیخەیە سەر پشتت و لە دوای مردنیشت جێیان دەهێڵیت.

هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە ژیانمانەوە، ئەوانەی خەمیان بۆ دەخۆین و بە گرنگیان دەزانین، ڕێك وەك جانتای گەشتەکەوان، ئەوە ئێمەین کە دەبێ سەنگ و قورسیی جانتاکە دیاری بکەین، ئەوە ئێمەین کە بڕیار دەدەین چی بخەینە نێو جانتاکەوە، ئەگەرچی جۆر و شێوەی شتەکانی نێو جانتاکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەفەر بەبێ جانتا ناکرێ! ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە.

ئەگەر تۆ باوەڕت وایە کە شتانێك لە ژیانتدا هەن ناتوانی لێیان بێ نیاز بیت و لە ژیانی خۆتیان داببڕیتی، ئەوا واتای ئەوەیە کە تۆ بوویت بە بەندەی ئەو شتانە! ئەگەر نەشتتوانی گرنگەکان جیا بکەیتەوە و بە تەرازووی پێداویستی بەکاریان بهێنی، ئەوا تا ماویت لە ناسەقامگیری و پەرشوبڵاوی و دڵەڕاوکێدا ژیانت بەسەر دەبەیت.

سروشتی و ئاساییە گەر بە چەند شتێکی سەرەکییەوە پابەند بیت، وەك کار و پیشە و منداڵ و پابەندییە خێزانییەکان و.. بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە ئەگەر بێتوو چەند شتێکی

لاوەکی و ناسەرەکی و چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ببنە بەشێکی دیاری ژیانت و نەتوانی لێیان بێنیاز بیت.

جانتای ژیانمان ڕێك وەك جانتای گەشت و سەفەرمانە، دەشێ سەنگ و قورسییەکەی کەم بکەینەوە، دەشێ تەنها شتە گرنگەکان بخەینە ناوی، لەبەردەستی خۆمانە، ڕەنگە دەستبەرداربوونی یەکجارەکی ئەستەم و قورس بێ، بەڵام دەشێ جار جارە بەبێ ئەویش گەشت بکەین و ژیانی ئاسایی ڕێ بکەین، لە هەر وێستگەیەکی ژیانیش کە پێویست بوو دەتوانی بیدەینەوە بە کۆڵماندا.

مادام بڕیار نییە کە بە تەنیایی تەواوی ژیانم لە ئەشکەوتدا بەسەر ببەم، ئەوا من یەکەم کەس دەبم کە دان بەوە دەنێم کە ئەستەمە خۆمان لە جانتای ژیان دەرباز بکەین و بۆ هەتا هەتا لێی بێ نیاز بین، بەڵام هەموو کات دەتوانی قورسییەکەی کەمتر بکەیتەوە، ژمارەکان کەم بکەیتەوە، تەنانەت دەشێ بە یەکجاریش لە چەند ناوەڕۆکێك خۆت دەرباز بکەیت، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن:

- وازهێنان لە وابەستەبوون بە کەلوپەلە تەواوکارییەکان (الکمالیات) و بەرهەمە مارکەکان.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانیت کە ئەمە پەیوەندی بە خەرجکردنی پارە و سامانەوە نییە، بەڵکو پارستنی بیر و زیهنە لە ماندوویێتی و سەرقاڵبوون بەو شتانە، بۆیە جانتای ژیانت بکەرەوە و هەموو ئەو شتە لاوەکییانەی تێدا دەربێنە، تەنانەت ئەگەر خۆشیشت بوێن، دڵنیابە ژیانی تۆ بەبێ ئەوان بە کۆتا نایەت.

- هەروەك پێویستە واز لە وابەستبوونت بە دەوروبەر بهێنی، بە تایبەتیش بۆچوونەکانیان سەبارەت بە شتانێك کە تایبەتن بە ژیانی تۆ:

وابەستەبوونت بە دەوروبەر و چەند کەسێکی دیاریکراوی ژیانت و دەرنەچوون لە ڕاوبۆچوونی ئەوان، بە تایبەتیش لە شتانێکدا کە پەیوەستن بە ژیانی خۆت، ئەوا وات لێ دەکات خاوەنی کەسایەتی خۆت نەبیت و بە ناچاری لە ژێر ویستی ئەواندا بجوولێیتەوە، ئاساییە ئەگەر داوای ڕاوێژ و ئامۆژگارییان لێ بکەیت، بەڵام هەرگیز ڕێگە نەدەیت هیچ کەسێك وابەست و کۆتت بکات بە بۆچوونێکی خۆیەوە، سەرنج بدە و بزانە کێ قورسیی جانتای ژیانت لەسەر سووك و ئاسان دەکات.

- هەروەها، بیرکردنەوە نموونەییەکانت کەم بکەرەوە، هەوڵی چاککردنی گەردوون مەدە!

کەمکردنەوەی بیرکردنەوە نموونەییەکان واتای ئەوە نییە کە لەسەر بیرکردنەوەی نانموونەیی هەنگاو بنێی، هەموو کات دەتوانی هاوکاری تاکەکانی دەوروبەرت بکەیت، بەڵام هەرگیز ئەوەت بیر نەچێ کە ئەو تاکە کەسە تاکێکە لە نێوان ملیاران کەس، کاری یەکەم و لەپێشینەی تۆ ئەوەیە خودی خۆت چاك بکەیت و بە شێوەیەکی جوان ڕۆڵەکانت پەروەردە بکەیت، دواتریش یارمەتیدانی ئەوانەی داوای هاوکاری دەکەن، مادام تۆ ئەمینداری وڵاتە یەکگرتووەکان نیت، ئەوا لە خێزان و خانەوادە و عەشیرەت و کەسە نزیکەکانی خۆت دەست پێ بکە و غەمی جیهان

لە کۆڵ مەنێ.

- تەنانەت دەشێ ئەزموونە تاڵ و پڕ ئازارەکانیشت، باری قورسی جانتای ژیانت بۆ کەم بکەنەوە، ئەویش بە نەشکاندنی شکۆی خودی خۆت و لێبوردن لەو کەسانەی کە خراپەت بەرامبەردا دەکەن:

ئەمەش ئەو بیرۆکەیە کە لە بابەتی " فێربە چۆن لەبیر دەکەیت، فێربە چۆن دەسڕیتەوە "بە درێژی باسمان لێوە کردووە"، بە دڵنیایی دەتوانی وەڵامی خراپەکانیان بە چاکە بدەیتەوە، بەڵام گەشتیار تەنانەت کاتی بۆ پێشکەشکردنی چاکەکانیش نییە، بۆیە تا لە گەشتەکەت دوا نەکەویت بیر لە چاککردن و ئامۆژگاریکردنی فەرمانبەرانی فڕۆکەخانە مەکەوە.

- سەرەڕای ئەوەی پارە تاکە شتێکە کە سەنگ و شوێنێکی ئەوتۆ لە جانتاکە داگیر ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا غەم و کێشەکانی خەرجکردن و ڕەفتار لەگەڵداکردنی زۆر جاران لە تەواوی پێداویستییەکانی تری نێو جانتاکە گرفت دروست دەکات:

کۆمەڵە پرسیارێك سەبارەت بە پارە هەن پێویستە بوروژێنرێن، وەك: ئایا ئەوەی دەیخەیتە سەر پشتت لە دوای مردنت جێیان دەهێڵیت؟! ئایا پارە بۆ خۆت کۆ دەکەیتەوە یان بۆ ئەو بانکەی کە بەبێ ئاگاداری تۆ بەرهەمی دەهێنێ؟! ئایا سووربوونت لەسەر پارێزگاریکردن لە پارە و ڕەزیلیکردن تەمەنت درێژتر دەکەن؟ ئایا ئەو دێرە هۆنراوەی شاعیرت لەسەر جێبەجێ دەبێ کە دەڵێ:

يا من تجمع المال خشية الفقر        ما أفنيت فيه عمرك هو الفقر

- پاشـان ئـەوەی گوتـی: ئـەو سـەروەت و سـامانەی لـە بانکـەکان دامانـناوە تاکـە سـامانی ئێمەیـە لـە ژیـان:

بەڵام لـە ڕاستیدا سـامانێکی تریـش هەیـە کـە کۆڵەگەکـەی وەفا و خۆشەویستییە لـە دڵـی خەڵکدا، لـە خانەوادەکـەی ئێمەدا کەسـێکی دەوڵەمەنـد و زەنگیـن هەیـە، سەرپەرشـتی کۆمەڵـە منداڵێکـی هەتیـو دەکات و یارمەتـی هـەژاران و ئـەو ئافرەتانـەش دەدات کـە مێردیـان نەمـاوە.. ڕۆژێکیـان باوکـم پێـی گوتـم ئـەو پیـاوە سـامانێکی گەورەتـری لـەو سـامانە هەیـە کـە دەیبەخشـێ، ڕەنگـە زۆرێـك لـە خەڵکیـش بیریـان لێـی نەکردبێتـەوە، گوتـی: «ئـەو پیـاوە هەرگیـز لـە هـەژاری ناترسـێ، چونکـە هەمـوو ئـەو هەژارانـەی ئـەو یارمەتییـان دەدات ئامـادەن جلوبەرگـی بەریـان لـە پێنـاو ئـەودا بفرۆشـن».. ئـەو قسـەیە زۆر سـەرنجی منـی ڕاکێشـا، بەڕاسـتی ئـەوە سـامانێکی ڕاسـتەقینەیە، مـن دڵنیـام ئـەو جـۆرە جانتایانـە لـە دوای کۆتایـی گەشتەکەشـماندا هـەر دەمێننـەوە!

هەمـوو ئەوانـەی سـەرەوە، شـتانێکن کـە ڕەنگـە لـە هیـچ گەشـتێکدا پێویسـتمان پێیـان نەبـێ و شـیاوی ئـەوە نەبـن ببنـە قورسـییەك بـە سـەر شـان و پشـتمانەوە، دەشـێ بـێ ئەوانیـش بـەردەوام بیـن و نەوەسـتین.

دەخـوازم کەمێـك لەگـەڵ خۆتـدا بدوێـی و بڕیـار بدەیـت لـە سـەنگ و قورسـایی جانتاکـەت کـەم بکەیتـەوە و دەسـتبەرداری بەشـێك لـەو شـتانە بیـت کـە دەشـێ بـێ ئەوانیـش ئاسـایی

بژیت، بەڵکو باشتر و خۆشتریش.. بەم بڕیارەت تەنها هەست بە ئازادی و ڕزگاربوون ناکەیت، بەڵکو ڕووبەر و پانتاییەکی زیاترت پێ دەبەخشێ، تا لە هەر وێستگەیەکی ژیان پێویستیت بە شتێکی تر بوو وەریبگریت و بیخەیتە جانتاکەت.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەر شتێك نەتوانی دەستبەرداری بیت، دەبیت بە بەندەی ئەو.
- پارە تاکە شتە کە قورساییەکی ئەوتۆ لەسەر جانتای کۆڵت دروست ناکات، بەڵام تاکە کێشەی ئەوەیە کە نابێت بە بەردەوامی لەسەر پشتت بێت، هەر کات وابوو، ئەوا جێگەی مەترسییە.
- غەم بۆ هیچ شتێك مەخۆ، جگە لە لەدەستدانی تاکێکی خانەوادەکەت.. لە داهاتوودا دەتوانی بگەیەوە بە هەر لەدەستدراوێك و دۆزینەوەی هەر ونبووێك لە بەشی ونبووەکان.

***

## لە کام ئەشکەوت دەژیت؟!

چەندین ساڵ پێش ئێستا چیرۆکی ژنێکی عەرەبم خوێندەوە، کە بە هۆکاری ئەوەی مێردەکەی ویستبووی کودەتا بەسەر دەسەڵاتداری وڵات بکات زیندانی کرابوو، کاتێك زیندانی کرا دووگیان بوو، هەر لە زیندانیشدا منداڵەکەی دەبێ، منداڵە لە نێو شیشەکانی زینداندا گەورە دەبێ، جگە لەو زیندانە هیچ شوێنێکی تری ئەم گۆی زەوییە نابینێ، تا ئەو باوەڕەی لا دروست دەبێ کە خودی جیهان بریتییە لەم زیندانە، کاتێك ماوەی زیندانییەکەیان تەواو بوو نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگە و خۆرەتاودا بگونجێنێ، هەر بۆیەش تەواوی ژیانی لە تەنیایی و دوورەپەرێزی و ئەو زیندانەدا بەسەر برد کە خۆی بۆ خۆی دروستی کردبوو.

گومان لەوە دانییە کە چیرۆکەکە ناخۆش و خەمهێنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە دەگمەن نییە.

هەموومان یان لە نێو زیندانێکی لەو جۆرەدا لە دایك بووینە، یانیش خۆی زیندانێکی بۆ خۆی دروست کردووە کە تیایدا پشوو دەدات و بە جۆرێك لە جۆرەکان وا هەست دەکات ئاسوودەیە! ڕەنگە ئەو زیندانە زیندانێکی فیکری و

ڕۆشنبیری بێ، یانیش ویژدانی و ئایدۆلۆژی بێ، ئێمەش بە جۆرێك تیایدا دەژین، وەك ئەوەی كە تەواوی جیهان بریتی بێت لەو زیندانە.

پێكهاتەی ناوەوەمان زۆربەی كات دەرئەنجامی چەند زیندانێكی فۆلكلۆرییە و بۆماوەییە، زۆر جارانیش بیروبۆچوونی چەند كەسێكی دیار دەبێتە هۆكاری ئاڕاستەكردنمان، وەك ئەوەی كە بۆچوونی كەسیی خۆمان بێ، هەر بۆیە زۆر كەم هەست بەوە دەكەین كە ئەو بۆچوونەی ئێمە كاری پێ دەكەین و بڕیاری لەسەر دەدەین بۆچوونێكی بۆماوەییە و لە ڕێگەی كۆمەڵگەوە پێمان گەیشتووە، ئێمەش كوێرانە پەیڕەویی لێ دەكەین.

ئەم دیاردەیەش چۆن لە خێزانێكدا ڕوو دەدات، بە هەمان شێوە لە كۆمەڵگەكانیشدا دەبینرێ و پەیڕەو دەكرێ.

زۆربەی گەل و نەتەوەكان لە چوارچێوەی چەند زیندانێكی فیكری و ڕۆشبیریدا دەژین، كە زۆربەی كات بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ و سەدە، هەموو پەیڕەوانیشی باوەڕیان وایە كە ڕاستی جگە لەوە بوونی نییە، هەر بۆیەش بە بیستنی بچووكترین بۆچوونی جیاواز لەم جیهانە گەورەیە تووڕە دەبن و بەرەنگاری دەبنەوە.

تاك هەر كاتێك زانی ئەو بەندكراوێكە زۆر بە ئاسانی دەتوانی لەو زیندانەدا ڕابكات كە خۆی تیادا بەند كردووە، كۆمەڵگەش خودی ئەو زیندانەیە كە تاكەكانی لەسەر چەند بۆچوونێكی كۆن پێگەیاندووە و كردوونی بە بەندەی چەند كەس و بۆچوونێك.

"ئەفلاتـوون" نموونـەی زیندانـی کۆمەڵگـە بـەو کەسـانە دەهێنێتـەوە کـە لـە ئەشـکەوتێکی گـەورە لەژێـر زەویـدا زیندانـی کرابـوون لەوێـدا منداڵیـان بـوو و گەورەبـوون، بەمـەش ژیانیـان لـە تاریکـی و کـۆت و بەنـدی ئەشـکەوتەکەدا بەسـەر دەبـەن، بـێ ئـاگا لـەوەی کـە لـە دواوەی ئەشـکەوتەکەدا دەرچەیـەك هەیـە و دەیانگەیەنێـت بـە جیهانـی فـراوان، جگـە لـە ڕەشـیی تاریکـی نێـو ئەشـکەوتەکە هیچـی تریـان نەدەبینی، جـار جارەش سێبەری ئـەو بەردانەیـان دەبینـی کـە هەتـاو لێـی دەدان..

بـەم جـۆرە لـەو ئەشـکەوتەدا ژیانیـان بەسـەربرد، جگـە لـە خەیـاڵ و بیـری ڕەش هیـچ شـتێکیان بـە بیـردا نەدەهـات، جگـە لـە دیوارەکانـی ئـەو ئەشـکەوتە لـە بـارەی هیچیتریـان نەدەزانـی..

ڕۆژێکیـان یەکێـك لـەو کەسـانە دەپرسـێ: ئاخـۆ ئەگـەر کەمێـك سـەیری دواوە بکەیـن چـی ڕوو دەدات؟!

کاتێـك بـەرەو دەرچەکـە چـوو، بینـی ئەشـکەوتەکەیان فراوانتـرە لـەوەی پێشـتر دەیانبینـی، تیشـکی خۆریش بـە جۆرێکە ناتوانـێ چاوەکانـی بکاتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نەوەسـتا و بـەرەو دەرەوەی ئەشـکەوتەکە هەنـگاوی دەنـا، سەرسـام بـوو! کاتێـك بینـی دونیایەکـی فـراوان لـە دەرەوەی ئەشـکەوتەکەی ئەوانـدا بوونـی هەیـە، چەنـدان جەسـتە، چەنـدان ڕەنـگ و شـێوە! زیاتـر بوێـری دەیگرێـت و کەمێکـی تریـش لـە ئەشـکەوتەکە دوور دەکەوێتـەوە، دەسـت لـە دار و بـەردەکان دەخشـێنێ، لـە گـوڵ و درەختـەکان ڕادەمێنـێ، لـە فڕینـی پەپوولـەکان ڕادەمێنـێ، لـە نـاکاو و بـۆ یەکەمیـن جـار ڕووخسـاری خـۆی لـە ئـاودا دەبینـێ، ئەوسـا هەسـت بـەوە دەکات کـە چ ژیانێکـی

لە نەزانین و بێئاگاییدا بەسەر بردووە، ئەوسا زانی کە ئەو لە زیندانێکی فێلاویدا ژیانی بەسەر بردووە، زیندانێک کە خۆی بە تەواوی جیهان ناساندبوو! ئەوانیش باوەڕیان پێ کردبوو و پێیان وابوو جیهان بریتی بوو لەو ئەشکەوتە..

لەناکاو! ئەو زیندانیانەشی بیر هاتەوە کە لە ئەشکەوتەکەدا لەگەڵی دەژیان و ئەوانیش فریویان خواردبوو، بۆیە بە خێرایی گەڕایەوە لایان، تا هەواڵی ڕاستییەکەیان پێ بدات، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەکرد، چونکە باوەڕیان وابوو جگە لەم ئەشکەوتە هیچ شوێنێکی تر بوونی نییە، باوەڕیان وابوو تەواوی جیهان بریتییە لەم ئەشکەوتە، هەر بۆیە دەستیان کرد بە پێکەنین و گاڵتەکردن بە قسەکانی ئەو کەسە، بە میهرەبانی خۆیان دەیانویست ڕێنوێنی بکەن و بیگێڕنەوە دۆخی ئاسایی پێشووی خۆی! کاتێکیش نەیانتوانی باوەڕی پێ بهێنن و بێهیوا بوون لەوەی ڕازی بکەن تا واز لەو جۆرە هەواڵانە بهێنێ، بە هەڵگەڕاوە و یاخیبوون لە ڕێساکانی ئەشکەوت تۆمەتباریان کرد، کاتێکیش ئەو بە نەزان و بێئاگا وەسفی کردن، ئەوان زیاتر تووڕەبوون و پێکەوە هێرشیان کردە سەری، هێندەیان لێدا تا گیانی لە دەستدا و مرد، دواتریش گەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان و لە تاریکیی جیهانی ئەشکەوتەکەدا دانیشتن!!

ئەم چیرۆکە لەو کاتەوەی کە ئەفلاتوون لە کتێبەکەیدا "کۆمار" هێناویەتی، بە چەندین دارشتنی جیاواز گێڕدراوەتەوە، منیش کە ئێستا دوای (2400) ساڵ لە دوای ئەفلاتوون هێناومەتەوە، دەمەوێ سوودی لێ وەربگری، بەڵام دەبێ

بزانی کە گرنگترین پێکهاتەی ئەم چیرۆکە ئەو وەڵامانەن کە تۆ لە بەرامبەر پرسیارە قووڵەکان دەیاندەیتەوە.

بۆ نموونە، ئایا:

ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندا ڕوو دەدەن شتانێکی ئاسایی و ڕەسەنن، یانیش ڕەنگدانەوەی جیهانەکانی ترن، کە نە بینیومانن و نە شتێکیان لەبارەوە دەزانین؟!

ئایا دەشێ متمانە بە هەستەکانمان بکەین بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕەسەن و ڕەها (بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە)؟!

ئایا ڕۆشنبیرییە مرۆییەکان بەشدارن لە دروستکردنی ڕاستیی ساختە؟!

بۆچی خەڵکی ئەو کەسانە ڕەت دەکەنەوە کە ئامۆژگارییان دەکەن بەرەو ڕاستی و سەرچاوەی ڕووناکی، (بەڵکو تەنانەت دژایەتیشیان دەکەن)؟!

ئایا ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ئاسوودەن لەگەڵ ئەو ژیانە پڕ لە ساختە و خورافیاتەی کە تیایدا لە دایك بوونە و گەورەبوونە؟!

ئایا بە دید و بۆچوونی تۆ، ژیان لە جیهانێکی ساختە (کە هەموان لەسەری کۆك بن) باشترە لە جیهانێکی حەقیقی (کە هەموان بەو هۆکارەوە دژایەتیت بکەن)؟!

... هەوڵ بدە خۆت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە، سا بەڵکو لە ئەشکەوتە تایبەتەکەی خۆت ڕزگارت بێت، بوێر و ئازابە، زۆر پرسیار بکە، هەرگیزیش دوودڵ و بە گومان مەبە لە بەراوردکردن لە نێوان دوو حاڵەتدا.. پێشبینی ئەوە مەکە هەموان لێت تێبگەن، یانیش هەموان هاوڕا و کۆك بن

لەگەڵت، چونکە ئەو کەسەی لە ئەشکەوت لە دایک بێ، باوەڕی وایە کە دەرچوون لێی تاوانە...

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەو گەل و نەتەوانەی لە حاڵەتێکی ڕازیبوونی تەواو لە خوددا دەژین، تا ماون لە حاڵەتی بێئاگایی و خەوێکی قووڵدا دەژین، هیچ کامیشیان هەستی پێ ناکات، تەنها ئەو کەسەی لێیان جیا دەبێتەوە و بەرەو دەرچەی ئەشکەوتەکە هەنگاو دەنێ.
- جیهان دوو کۆپی هەیە، (کۆپییەکی خودی) ئەوەی کە تیایدا گەورەبووین، (کۆپییەکی ڕەسەن)یش ئەوەی کە گرنگی بە بۆچوونی ئێمە و ئەوەی کۆمەڵگەکەمان باوەڕی پێیەتی نادات.
- هەموان لە زیندانێکدا لە دایك دەبین و تیایدا ئاسوودەین، بە ئەندازەیەك خەم بۆ ئەو کەسانە دەخۆین کە تیایدا دەردەچن و جێی دەهێڵن.

❊❊❊

## گرنگترین ئامۆژگاری لە کتێبەکەدا

بڕیارم دا بابەتێك لەسەر ئەم ناونیشانەی سەرەوە بنووسم و تایبەتی بکەم بە کۆتایی ئەم کتێبە، چونکە بەم شێوەیە هەموو ئەو کەسانە دەیخوێننەوە کە دەگەنە کۆتایی کتێبەکە، چونکە ئەمە ئارەزووی خوێندنەوەی زیاتر دەکات..

من نازانم تا ئێستا بۆ چوونی تۆ لە بارەی کتێبەکە چییە(؟!)، بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین کە تۆ سوودت لە کتێبەکە بینیوە، لەم حاڵەتە خەیاڵی قەبارەی ئەو سوودە بکە کە تۆ لە (10) کتێبی هاوشێوەی ئەم کتێبە بە دەستی دەهێنی!

خەیاڵی ئەوە بکە کە چی ڕوو دەدات ئەگەر بێتوو هەمووساڵێ تۆ بیست یان سی، تەنانەت چل کتێب لە چەند بوارێکی جیاواز بخوێنیتەوە..

بیربکەوە و خەیاڵ بکە، چەندە ژیانت دەگۆڕێ، چەندە بیرکردنەوەکانت بەرەو پێش دەچن، چەندە پێگەت بەرز دەبێتەوە... ئەگەر بێتوو بۆ ماوەی چل ساڵ لەسەر ئەم نەریتە بەردەوام بیت؟!

هەر لەبەر ئەم هۆکارە؛ ئەگەر داوام لێ بکەیت باشترین ئامۆژگاریت بکەم لەم کتێبەدا، ئەوا بەبێ دوو دڵی پێت دەڵێم: ((هەموو مانگێك کتێبێکی نوێ بخوێنە)).

تەنانەت ئەو کتێبەش کە هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنێ و هیچ شتێ لە کەسایەتیت ناگۆڕێ، تەنانەت ئەو کتێبەش کە تەواوی دەکەیت و نازانی باسی چی کردووە!

سەرەڕای گرنگیی سەرجەم کتێبەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك دەبینی و هەواڵی بێسوودی کتێبێك لە کتێبەکانت پێ دەدەن، ئەمەشیان هەر ڕاستە، چونکە کتێبەکان نهێنیی خۆیان نادەن بە کەسانێك ئەگەر تا کۆتایی نەیانخوێندبێتەوە و تەواویان نەکردبێ (هەمیشە چیرۆکی "ناپلیۆن هێل"تان بیر بێ، کە سەرەڕای دیراسەکردنی نهێنییەکانی سەرکەوتن لای کەسە دەوڵەمەندەکان، بەڵام خۆی نەیتوانی دەوڵەمەند بێ).

دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی کتێبی "تیۆری فستق" چەندین نامە و پەیامم لەلایەن کەسانێکەوە پێگەیشت، کە بە پەیڤ و پەیامەکانیان سەبارەت بە گرنگی و پڕ بایەخیی بابەتەکانی کتێبەکەم دڵخۆشیان کردم، یەکێکیش لەو ئیمەیلانەی کە پێم گەیشتووە نووسیویەتی:

(سەرەڕای گرنگیی ئەو بابەتانەی لە کتێبەکەتدا تاوتوێت کردوون، ئەمە دوایین کتێبە کە من لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی دەیکڕم، چونکە بۆم دەرکەوتووە کە سەرجەم کتێبەکانی ئەو بوارە تیۆری و بێسوودن و ژیانی خەڵك ناگۆڕن).

ڕاستەوخۆ لە مەبەستی تێگەیشتم، چونکە منیش بە هەمان قۆناغی ئەودا ڕۆیشتووم و زۆرێك لەو کتێبانەم خوێندوونەتەوە، دوای ئەوەش گەیشتمە قۆناغێك و پرسیم: پاشان چیتر؟! ئەوانە چییان لە ژیانم گۆڕی؟! چ سوودێکم

لەو تیۆر و ئامۆژگارییە جوانانە بینی کە لە گەشەپێدانی مرۆییدا هەن؟! ئەگەرچی من بە شێوەیەکی پلەبەندی گەیشتم بە دوو ڕاستیی گرنگ:

- یەکەم: ڕۆڵی نووسەر بریتییە لە نووسینی کتێب، نەوەك ناچارکردنی خوێنەر بە جێبەجێکردنی هەرچی لە نێو کتێبەکانیدا هاتووە، (ئەو کاتەی کە ئیرادەیەکی باشت نەبێ بۆ دابەزاندنی کێش، دڵنیابە هیچ کتێبێکی بوار ڕێجیم سوودت پێ ناگەیەنن).

- دووەم: عەقڵی ناوەکیم بەبێ ئاگاداری خۆم پڕ دەبێ لە بیرکردنەوە و بنەمای جوان کە لەو جۆرە کتێبانەدا هاتوون، بەڵام خۆم هەستم بە گۆڕانکارییەکان نە دەکرد، تا ساڵان تێپەڕین و بەرهەمەکەیانم بینی.

سا بە گوێرەی ئەو دوو ڕاستییە گرنگە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئێمە کاتێك کتێبەکانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی دەخوێنینەوە، ڕاستە (100%) ئەوەی تیایاندا هاتووە جێبەجێی ناکەین، بەڵام دڵنیام لەوەی تەنها بە خوێندنەوەیان دەبینە تاکێك زۆر باشتر لەو کەسانەی کە بە هیچ جۆرێك ئەو بابەتانە ناخوێننەوە.

پرسیاری ڕاستەقینە لێرەدا ئەوە نییە کە ئایا ئێمە سوود لە خوێندنەوەی کتێب دەبینین یان نا؟

بەڵکو؛ ئایا ئامادەییەکی تەواومان هەیە بۆ جێبەجێکردن و سوودلێبینین یاخود نا؟ ( ئەمەش ئەو خاڵەیە کە لە بابەتی "تەنها خوێندنەوە بەس نییە" باسمان لێوە کرد).

کێشەکە ئەوەیە کە لە ئێستادا ئوممەتی بخوێنە (اقرأ)

ناخوێننەوە، لە هەمان کاتدا (ئەهلی کتاب) بوونە بە تامەزرۆ و ئەهلی کتێب... زۆر بە ئاسانی بڕێکی زۆر لە بەرامبەر کڕینی پیتزایەك خەرج دەکەین، بەڵام ئامادە نین هەمان بڕ بۆ کڕینی کتێبێك خەرج بکەین، کە عەقڵمان دەوڵەمەند دەکات و ماڵەکانمان ڕووناك و نەوەیەکی نموونەییشمان بۆ بەرهەم دێنێ..

دێمەوە سەر باسەکە و دڵنیات دەکەمەوە کە هیچ شتێك وەك خوێندنەوەی کتێب ناتوانێ ژیانت بەرەو باشتر ببات..

باشترین شت کە بۆ بەهێزکردنی کەسایەتیت ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە خۆت پابەندی بەرنامەیەك بکەیت، لانی کەم هەموو مانگێك کتێبێك بخوێنیتەوە.. تەنها بە خۆپابەندکردنت بەو بەرنامە و نەریتە دڵنیابە گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانی خۆت بەدی دەهێنی، جیاکاری خۆت دەسەلمێنی، پەروەردگار دەفەرمووێ: أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ [الزمر: ٩]

واتە: ((ئەی موحەممەد (ص) بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟)). ئاشکرا و دیارە کە هەرگیز یەکسان نین.

لە کۆتاییدا سوپاست دەکەم کە کتێبەکەت تەواو
کرد، داوای لێبووردنیش دەکەم لە بەفیڕۆدانی کاتت، لە
حاڵەتێکدا ئەگەر تۆ خواردنی پیتزات لا باشتر بێ لە
خوێندنەوەی کتێب...

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەو دەمەی لاپەڕەی کتێبێکی نوێ دەکەیتەوە، واتای ئەوەیە تۆ پەڕەیەکی نوێ و بەشێکی نوێ لە مێشك و ژیانتدا دەکەیتەوە.
- کتێب ئەزموونگەلێکت پێ دەبەخشێ کە تیایاندا ڕۆنەچوویت، کۆمەڵێ شارەزایی کە ئەنجامت نەداون، تەمەنگەلێك کە یەکسانن بە ژیانی نووسەرەکانیان.
- جێگەی داخە کە ئوممەتی بخوێنە (اقرأ)، ئێستا ناخوێنێتەوە، لە بەرامبەردا (ئەهلی کیتاب-مەبەست مەسیحی و جوولەکە و خاوەن کتێبەکانی دیکەیە-وەرگێڕ) بوونە بە تامەزرۆ و ئەهلی خوێندنەوەی کتێب.

❊❊❊

چاپی دووەم





- PISTACHIO THEORY
- FAHD AMIR AL-AHMADI
- BOOK 02

# تیۆری فستق 02

کتێبێکە، بەردەوام دەبێت لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەسەر شتەکان.


نووسینی
فهد عامر الاحمدي

لە عەرەبییەوە
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی




Description

بسم الله الرحمن الرحیم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " گەزەنگ مام بابۆ "**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link